# لێکۆڵینەوەیەک
# لە مێژووی سیاسیی دەوڵەتی سەفەوی
# ١٥٠١-١٧٣٦


## مصطفى محمد كريم

**مامۆستای کۆلێژی ئەدەبیات / بەشی مێژوو**

**زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر**



**چاپی یەکەم**

**هەولێر** **٢٠١٨**



**نـــاوی کـتێب: لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی سیاسیی دەوڵەتی سەفەوی ١٥٠١–١٧٣٦**
**نووســینی: مصطفی محمد کریم**
**تــایپ: ڕەوەند مصطفی**
**دیزاینی ناوەوە: بەهارە عەبدوڵڵا عەلی**
**بەرگ: هەژار مصطفی**
**نۆرە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٨**
**شوێنی چاپ: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین**
**تیراژ :٣٠٠ دانە**
**نرخ: (٦٠٠٠) دینار**
**ئەم بەرهەمە لەسەر ئەرکی بەڕێز مامۆستا فوئاد ڕەوەند بەسوپاسەوە چاپکراوە**
**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٠) ی ساڵی ٢٠١٨ پێ دراوە

## پێرست


پێشەکی ٥
شیکردنەوەی سەرچاوەکان ٩
**بەشی یەکەم : تەریقەتی سەفەوی و هەنگاونان بەرەو بنیادنانی دەوڵەت ٢٥**
تەوەری یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی سەرهەڵدانی تەریقەتی سەفەوی ٢٧
تەوەری دووەم : شا ئیسماعیلی سەفەوی و بنیادنانی دەوڵەت ٤٤
تەوەری سێیەم : شا ئیسماعیلی سەفەوی و جەنگی چالدێران ٥٨
**بەشی دووەم : ئێران لە سەردەمی فەرمانڕاوایەتی شا تەهماسبی یەکەم ٧٣**
تەوەری یەکەم : فەرمانڕاوایەتی و باڵادەست بوونی قزلباشەکان ٧٥
تەوەری دووەم : شا تەهماسبی یەکەم و مەترسیەکانی دەرەوە ٨١
تەوەری سێیەم : ڕووداوە گرنگەکانی تایبەت بەشا تەهماسب ٩٨
تەوەری چوارەم : بارودۆخی سیاسیی ئێران لە دوای شا تەهماسبی یەکەم ١٠٤
**بەشی سێیەم : بارودۆخی سیاسی ئێران لەماوەی فەرمانڕاوایەتی شا عەباسی یەکەم ١١٣**
تەوەری یەکەم : ململانێی نێوان میرانی خۆراسان ودەسەڵاتی ناوەندی ١١٥
تەوەری دووەم : ڕۆڵی مورشید قولی خان لە گەیاندنی شا عەباسی یەکەم بەدەسەڵات ١٢٣
تەوەری سێیەم : شا عەباسی یەکەم و پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد و ئەرمەن ١٢٩
تەوەری چوارەم : شا عەباسی یەکەم و دوورخستنەوەی هەرەشە دەرەکییەکان ١٣٧
**بەشی چوارەم: سەردەمی لاوازی و داگیرکاری ئەفغانەکان ١٦٢٩– ١٧٢٩ ١٥٩**
تەوەری یەکەم : بارودۆخی سیاسی ئێران لە نێوان سالانی ١٦٢٩– ١٦٦٦ ١٦١
تەوەری دووەم : کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دەسەلاتی سەفەوی بەسەر هۆزە ئەفغانەکان ١٧٣
تەوەری سێیەم : داگیرکردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان ١٨٥
تەوەری چوارەم : کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەفغانەکان لە ئێران ٢٠٤

بەشی پێنچەم : نادر خان و کۆتایی هێنان بەفەرمانراوایەتی سەفەوی ٢٢٥
تەوەری یەکەم : دورخستنەوەی شا تەهماسبی دووەم لەدەسەلاّت ٢٢٧
تەوەری دووەم : لەشکرکێشیەکانی نادر خان بەئاراستەی عێراق ٢٤٣
تەوەری سێیەم : کۆنگرەی موغان و کۆتایی هێنان بە فەرمانراوایەتی بنەماڵەی سەفەوی ٢٥٩
پاشکۆ ٢٦٩
لیستی سەرچاوەکان ٢٧٥

## پێشەکی بە پێنووسی پ.د. سەعدی هەروتی

مێـژووی کـورد و کوردسـتان تێکەڵاوییـەکی زۆری هەیـە لەگـەڵ مێـژووی وڵاتـانی دراوسـێمان، لەبەرئـەوەی میللـەتی کـورد لـەرووی ئـەرێنی و هـەروەها نەرێنی هەمیشە لەکارلێکردن دابووە لەگەڵ میللەتانی دەوروبەر ، بۆیـە ئاشـنا بـوون بەمێـژووی وڵاتـانی دراوسـێ بـۆ ئێمـەی کـورد زۆر پێویسـتە، نەخاسـمە وڵاتی ئێران کە دەتوانین بڵێین لەهەندێ قۆناغدا مێژوویەکی هاوبەشمان هەیـە لەگەڵیـدا، بـەجۆرێك کـە هەنـدێ کەسـایەتی وەك ( ئەردەشـێری بابـەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی ) و هەندێ یاد و جەژنی دیرۆکی وەك (نەورۆز) تائێستا بەتەواوی ساغ نەبۆتـەوە کە ئایا هـی کوردن یـان بۆ فارس و وڵاتـی ئێران دەگەرێنەوە .

لەسـۆنگەی ئـەم راسـتیەی سـەرەوە ئـەم کتێبـەی مامۆسـتا ( مـستەفا محەمـەد کـەریم ) کەناونیـشانی( لێکۆلینەوەیـەك لەمێـژووی سیاسـی دەوڵـەتی سـەفەوی ١٥٠١-١٧٣٦ز) هـەڵگرتووە، فـرە گـرنگ و بەبایەخـە. بەتایبـەتی کەسەردەمی سـەفەوی لەمێـژووی ئێـران و تەنانـەت رۆژهـەڵاتی ناوەراستیش ، سەردەمێکی پر لەرووداو وپێشهاتی کاریگەرە، لەوانەیە دیارترین بایـەخی ئـەم دەوڵەتە بۆ ئێران لەوەدابێ کەدوای چەندین سەدە لەپەرتـەوازەیی و حـوکمرانی بیـانی ، ئـەم وڵاتـە لـەژێر سـایەی حـوکمرانی سـەفەویدا (١٥٠١ - ١٧٣٦ز) یـەکخراو دەسـەڵاتێکی خۆمـاڵی ئێرانـی تێـدا دامـەزرا. دواتـریش ئـەم دەوڵەتـە یەکێك لە زلهێزەکانی ناوچەکەو ئەمەش دەرفەتی بۆ ئێران رەخساند کە پێگەو رۆڵی خـۆی لـە شارستانی مرۆڤایـەتی بەدەست بێنێتـەوە. لـەئێران بایـەخێکی زۆر بەمێـژووی سـەفەوی دراوە و دەیـان بگـرە سـەدان کتێـب و ووتـاری لەسـەر نووسـراوە، لەسـەر ئاستی جیهـان و هـەروەها وڵاتـانی عـەرەبیش تارادەیـەکی بـاش ئـاوەر لـەم دەوڵەتـە دراوەتـەوە و لاپـەرەکانی هەلدراوەتـەوە، بـەڵام ئێمـەی

کورد کە تائێستا تێنووی نوسینەوەی مێژووی میللەتی خۆمانین، زۆر بەکەمی لامـان لەمێـژووی سـەفەوی کردۆتـەوە هەرچـەندە کوردسـتان و میرنیـشینە کوردیـەکان لـە سـەدە نوێیـەکان بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ کەوتونەتـە ژێـر کاریگەری ئەم دەوڵەتە.

تائێـستا ئـەوەی بـەزمانی کـوردی لـەبارەی مێـژووی سـەفەوی لەبـەردەسمان دایـە زۆر کەمـەو زیـاتریش لەزمانـەکانی تـر وەرگێـردراون کەبەداخەوە هەندێکیشیان لەرووی زانستیەوە لەئاستێکی بەرزدانین،بۆیـە ئـەم کتێبـەی مامۆسـتا ( مـستەفا محەمـەد) لـەکات و سـاتی خۆیـدا نووسـراوە ومـن گومـانم لـەوەدا نیـە کەسـوودێکی زۆری دەبێـت بـۆ خوێنـەران بەگـشتی و بـۆ قوتابیانی مێژووش بەتایبەتی. هەروەها کەلێنێکی گەورە لەکتێبخانەی کوردی پـر دەکاتـەوە . ئـیتر دەسـت خۆشـی لێدەکـەم و هیـوادارم بـەردەوام بێـت لـە توێژینەوەو نوسینی مێژوویی و هەر بەرهەم داربێ.

پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی

هەولێر ٢٠١٥/٣/٨

## پێشەکی بە پێنووسی د. موسا محەمەد خضر

ولأتی ئێران بە درێژایی مێژووی چەندین هەزار ساڵەی خۆی هە وراز ونشیوی زوری بریوون، بە دریژایی ئەم رۆژگارانەش چەند زنجیرەیەك لە ماوە جیا جیادا فەرمانڕەوایان کردووە،کە یەکێك لەوانە رۆژگاری سەفەوەیەکانە. لە راستیدا سەردەمی ئەوان ودامەزراندنی زنجیرە پادشایەتیان کەزیاتر لە دوو سەدەی خایاند ( ٩٠٧–١١٣٥ك/ ١٥٠١–١٧٢٢ز ) بە یەکێك لە روداوە هەرە گرنگە کانی مێژووی نویٚ و پر لە کاریگەری ئەو ولأتە دادەنرێت، کە کاریگەری زۆریشی کردۆتە سەر میللەتو نەتەوەکانی دەوروبەری خۆشی لە مێژووی هاوچەرخی رۆژهەلأتی ناوین.

لە بەر هەندێ توێژینەوەو پرژانە سەر بابەتی سەفەویە گرنگیوبایەخێکی زۆری هەیە، کە ئاشنا بوون بە قۆناغەکانی ئەو مێژووە بەتایبەت بۆ ئیمەی نەتەوەی کورد پێویستە چونکە لە دێر زەمانەوە یەکترمان ناسیوەو تێکەلی یەکتر بوینەو بوینەتە خاوەن مێژوویەکی هاوبەشی دورودرێژ،کە بە پێی بارودۆخو قۆناغەکان گۆرانی بەسەر دا هاتووە. راستە کە سەفەوەیەکان لە ماوەی دەسەلأتیاندا دەوڵەتێکی بە هێزیان پێك هێناکە سنورو قەلەمرەوێکی بەر فراوانی لە خۆ دەگرت بەلأم ئەوەی زیاتر سەفەویەکانی بەر جەستە کردبوو جیا لەسنوری فراوان بە فەرمی کردنێکی نوی ئایینیوسیاسی واتە سەپاندنی مەزهەبی تەشەیوع وەکو باوەری فەرمی ولأت، کە ئەوە بایەخو کاریگەرێکی زۆری بووە دوای هەلوەشانەوەو لێك ترازانیشیدا لەرۆژگاری ئێساش هەر ماوە، گەشتەوەرە رۆژئاواییەکان کە بە ئامانجی جۆراوجۆری ئایینی، سیاسی، بازرگانی.. سەردانی ئێران لە سەردەمی سەفەویان کردووە باسی هەندێك لەو بوارانەیان کردووە.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستمان دایە وێنەیەکی روونمان لەبارەی مێژووی سیاسی دەوڵەتی سەفەوی پیشان دەدات ، لیتۆژ تەقەلایەکی زۆری داوە لە بەدواداچوون بۆ ووردەکارییەکانی بابەتەکە ئەویش بەپشت بەستن بەژمارەیەکی زۆر سەرچاوە و ژێدەری فارسی ، کوردی ، عارەبی ، ئینگلیزی ، بەرهەمی ئەم هەوڵ و تەقەلایەش ئەم تویژینەوە زانستیە پوختەیە لەبەر رۆشنایی ئەو هەڵسەنگاندنەدا دەتوانین بلێین پەرتووکێکی گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی لەبواری مێژووی نوێی ئێراندا. هیوادارم مامۆستای هێژا (مستەفا محەمەد کەریم) بەردەوام بێت لە تویژینەوەکانی لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێراندا ... ، جێگەی رێزو دەست خۆشی لێ کردنە هاوشێوەی زیاد بێ ، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم.

د. موسا محەمەد خضر

پیرمام – نیسانی ٢٠١٥

# پێشەکی

سەردەمی سەفەوی بەیەکێك لەگرنگترین و کاریگەرترین ماوە لەمێژووی ئێران دادەنرێت، کەکاریگەری قول و گرنگی مەعنەوی لەفەرهەنگی ئێراندا بەجیٚ هێشتووە، بەتایبەتی دەرکەوتنی دەوڵەتێکی شیعەگەرایی لەسەر شانۆی سیاسی وولاّتێکی پان و بەرین وەك گەورەترین رووداوی مێژوویی و سیاسی ئەم وولاّتە هەژمار دەکرێت، بەپێی بیروبۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری گەورە توێژەرانی ئێرانی و بیانی بەدیارکەوتنی ئەم دەوڵەتە لەسەر شانۆی سیاسی ئێراندا، دەگەرێتەوە بۆ ئەو زریانە بەهێزەی کە قزلباشەکان لەدوای خۆیاندا هەڵیانکرد یەکێك لە گەورەترین رووداوە مێژوویی و سیاسیەکانی مێژووی دوور و درێژی وولاّتی ئێرانە کە پێویستە زۆر بە ووردی بخرێتە بەرباس و لێکۆلینەوەیەکی بابەتیانە.

سەبارەت بەم کتێبە کەلەژێر ناونیشانی (کورتەیەك لە مێژووی سیاسی دەوڵەتی سەفەوی ) گرنگیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەم قۆناغە مێژووییەی ئێران، کە بەبەشێکی گرنگی مێژووی رۆژهەلاّت هەژماردەکرێت، لەلایەکی دیکەوە سەفەویەکان دوای نزیکەی نۆسەد ساڵ توانیان دەسەلاّتێکی بەهێز لەئێرانی ئاڵۆز و پەشۆکاوی ئەو کاتەدا دابمەزرێنن بەدرێژایی زیاتر لەدوو سەدە تێکۆشانی بەردەوام وهەوڵ و تەقەڵلاّیەکی زۆر وێرای سەقامگیرکردنی دەسەلاّت و دابین کردنی ئارامی و ئەمنیەت و یەکێتی جوگرافیایی و چەسپاندنی بیروباوەرێکی تازەی ئایینی (شیعەگەرایی دەمارگرژانە)تەنانەت هەندیٚ جاریش سنووری فەرمانراوایەتی خۆیان بەرفراوان تر بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن کە فەرمانرەوایەتیەکی بەهێزو بەرفراوان و پرشکۆ و دامەزرێنن، لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتێکی تازە دروست بوو وەك دەوڵەتی سەفەوی توانی تەنگ هەڵچنێت بە زلهێزێکی سەردەم کە خۆی دەنواند لە دەوڵەتی عوسمانی،

کە فراوانخوازییەکانی لەناو دڵی ئەوروپا بوو، بەلاَم دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە زەنگێکی مەترسیداربوو بۆی ، بۆیە گۆرانکاریەك لە فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاتە ئاراوە ئەویش دەست هەڵگرتن لە فراوانخوازییەکان رۆژئاواو رووکردنە بەرەی رۆژهەلاَت ، بەشێوەیەکی گشتی دورست بوونی دوو بەرە لەجیهانی ئیسلامی ( دەوڵەتی عوسمانی – سوننە ئاینزا و دەوڵەتی سەفەوی – شیعە ئاینزا )و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ جیهانی رۆژئاوا لەپێناو پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیەکانیان دژ بە یەکتر، هەر هەمووی بەیەکەوە هۆکار بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

کتێبەکە لەپێشەکی و پێنچ بەش پێك هاتووە و بەلیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت، بەشی یەکەم (تەریقەتی سەفەوی و هەنگاونان بەرەو بنیادنانی دەوڵەت) کە لە سێ تەوەر پێك دێت، تەوەری یەکەم کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی سەرهەڵدانی تەریقەتی سەفەوی بەتیشك خستنە سەر ڕۆڵی شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی لەدامەزراندنی تەریقەتی سەفەوی و دواتر ڕۆڵی نەوەکانی لەپەرەدان بەو تەریقەتەو گۆرانکاری لە تەریقەتێکی خاوەن مۆرکێکی ئاینی بۆ بزوتنەوەیەکی ئایینی – رامیاری و رکابەری و ململانێ لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە بە تایبەتی قەرەقۆینلو و دوای مردنی ئۆزۆن حەسەنیش لەگەڵ ئاق قوینلو هەتاکو گواستنەوەی رابەرایەتی بزوتنەوەی سەفەوی بۆ شا ئیسماعیلی سەفەوی ، تەوەری دووەم خستنە رووێکە دەربارەی شا ئیسماعیلی سەفەوی و بنیادنانی دەوڵەت ، کە تێیدا باس لەهەوڵەکانی شا ئیسماعیل دەکات بۆ توندوتۆل کردنی پێگەی دەسەلاَتی، دوای سەرکەوتنی بەسەر فەرمانرەوایانی ئاق قوینلو گرتنی تەورێز، بەگەرخستنی هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی لەناوەوەو دەرەوەی ولاَت، تەوەری سێیەم باس لەشا ئیسماعیلی سەفەوی و جەنگی چالدێران دەکات کە تێیدا هەوڵەکانی شا

ئیسماعیل دەخاتە روو بۆ بلاۆکردنەوەی هزرەکەی لەدەرەوەی سنووری ولاّتەکەی و دواتر پەیرەوکردنی سیاسەتی توندوتیژ بەرامبەر بەناوچە کوردنشینەکان و دواتریش رووبەرووبونەوەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی چالدێران.

سەبارەت بەبەشی دووەم تیشك خراوەتەوە سەر (ئێران لەسەردەمی فەرمانراوایی شا تەهماسبی یەکەم) کە دابەش دەبێتە سەر چوار تەوەر ، تەوەری یەکەم باس لەبارودۆخی ناوخۆیی ئێران لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم دەکات بەتایبەتی بالاّ دەست بوونی سەرانی قزلباش و ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوانیان لەسەر کێشەی چاودێری کردنی شا تەهماسب و دواتر زاڵ بوونی شا تەهماسب بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی ، تەوەری دووەم دەرخستنێکە لەبارەی شا تەهماسب و مەترسیەکانی دەرەوە کەخۆی دەبینێتەوە لەمەترسیەکانی ئوزبەك لەرۆژهەلاّت و دەوڵەتی عوسمانی لەرۆژئاوا و گرنکترین رووداو لەو سەردەمە کە هاوکات بووە لەگەڵ سوڵتان سلێمان قانوونی کە بەهێزترین سوڵتانی عوسمانی ناوزەد دەکرێت، لەگەڵ خستنە رووی رێکەوتننامەی ئەماسیاو بەندەکانی لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا ، تەوەری سێیەم بریتیە لەگرنگترین رووداوەکانی تایبەت بەشا تەهماسب کە زیاتر تیشك دەخاتە سەر هەڵوێستی شا تەهماسب لەرادەستکردنەوەی بایەزیدی کوری سوڵتان سلێمان و هەروەها بەدەرخستنی هەڵوێستەکانی شا تەهماسب لەبەرامبەر پەناهەندە بوونی هەمایونی کوری بابەر، تەوەری چوارەمیش بریتیە لەبارودۆخی ئێران لەدوای مردنی شا تەهماسبی یەکەم ، ئەو گۆرانکارییانەی لەدوای مردنی شا تەهماسب هاتنە ئاراوە کە بریتی بوو لەدووبارە گەرانەوەی هێزو دەسەلاّتی سەرانی قزلباش و دورست بوونی ناکۆکی لەنێوان نەوەکانی تەهماسب بۆ وەرگرتنی تەختی دەسەلاّت و کوژرانی نەوەکانی شا لەلایەن

هۆزەکان ، سەرەرای ئەوانەش تیشك خراوەتە سەر ماوەی فەرمانراوایەتی شا ئیسماعیلی دووەم ، کەناسراوە بە سەردەمی توند و تیژی و خراب بوونی باردۆخی سیاسی ئێران ، لەگەڵ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەرەشەکانی دەرەوە لەسەر ئێران و بالاٌ دەست بوونی خێزانی شا بەسەر دەسەلآتی ئێران و پەراوێزخستنی شا محەمەد خودابەندە لەکاروباری حکومەت، تاکو هاتنی شا عەباسی یەکەم بۆ سەر دەسەلآت.

بەشی سێیەم بەناونیشانی (بارودۆخی سیاسی ئێران لەماوەی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم ١٥٨٧- ١٦٢٩)، کە دابەش دەبێتە سەر چوار تەوەر، سەبارەت بە تەوەری یەکەم باس لە ململانێی نێوان میرانی خۆراسان ودەسەلآتی ناوەندی لەقەزوین دەکات ، بەتیشك خستنە سەر هۆکارەکانی دروست بوونی ئەو ململانێیەی نێوانیان ، بەتایبەت دوای چرکردنەوەی هەوڵەکانی میرانی خۆراسان بەتایبەت هەریەکە لە عەلی قولی خانی فەرمانراوای هەرات و مورشید قولی خان فەرمانراوای خۆراسان لە پێناو گلدانەوەی عەباس میرزای شازادە( شا عەباسی یەکەم)، کەوەك ئامرازێك بەکاردەهێنرا لەبەرامبەر هەژموون و بالاٌ دەست بوونی سەرانی تورکمان و هۆزی تەکەلۆ لە قەزوینی پایتەخت ، لەبەرامبەریشدا گشتاندنی بریارێکی بالاٌ لە قەزوین بەمەبەستی دورخستنەوەی زۆربەی فەرمانراواکانی خۆراسان لە پۆستەکانیان ، بێگومان ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی دروست کرد لەسەر هەڵوێستی میرانی خۆراسان و بۆ خۆ دوورگرتن لە جێبەجێ کردنی بریاری ناوەند ، بەمەش هاوسەنگی هێز لەخۆراسان گۆرانکاری بەسەردا هات، بەشێوەیەك لەپشتگیری کردن لەدەسەلآتی ناوەندی گۆڕدرا بۆ نارەزایەتی و یاخی بوون. هەرچی تەوەری دووەمە بریتیە لەرۆڵی مورشید قولی خان لە گەیاندنی شا عەباسی یەکەم بەدەسەلآت، کە تێیدا جەخت کراوەتەوە لە سەر

هەنگاوەکانی مورشید قولی خان لەسەپاندنی هەژموونی بەسەر تەواوی خۆراسان، پاشان چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ زاڵ بوون بەسەر عەلی قولی خانی فەرمانراوای هەرات و وەرگرتنی ئەرکی سەرپەرشتی کردنی عەباس میرزای شازادە( شا عەباسی یەکەم)، دواتر ئەنجامدانی کودەتا بەسەر میرانی قزلباش لە قزوین و گەیاندنی ( شا عەباسی یەکەم) بەدەسەلات، سەبارەت بە تەوەری سێیەم تیشك خراوەتە سەر پیادەکردنی سیاسەتی راگواستنی کورد و ئەرمەن لەلایەن شا عەباسی یەکەم، بەجەخت کردنەوە لەگرنگترین هۆکارەکانی پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن شا عەباسی یەکەم و دیاریکردنی قۆناغەکانی راگواستن و دەرئەنجام و کاریگەریەکانی لەرووی سیاسی و سەربازی و ئابووری ئێراندا.تەوەری چوارەم و کۆتایی بەشەکە دەرخستنێکە لەبارەی ڕۆڵ و هەوڵەکانی شا عەباسی یەکەم لەدوورخستنەوەی هەرەشە دەرەکییەکانی سەر ئێران، دیارترینیان جەخت لەباردۆخی ناوخۆیی ئێران و مەترسی ئۆزبەکەکان و ململانێی نێوان سەرانی قزلباش کراوە، هەروەها تیشك خراوەتە سەر شا عەباس و ململانێیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و پورتوگالییەکان ، بەتایبەتی دەست بەسەرداگرتنی بەغداو کەمکردنەوەی دەسەلأتی پورتوگالەکان لەکەنداوی فارس و پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەریتانیا. بەشی چوارەم بەناونیشانی (سەردەمی لاوازی و داگیرکاری ئەفغانەکان ١٦٢٩– ١٧٢٩) کە دابەش دەبێتە سەر چوار تەوەر ، تەوەری یەکەم تیشك دەخاتە سەر بارودۆخی سیاسی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٦٢٩– ١٦٦٦ بەتایبەت لەدوای مردنی شا عەباسی یەکەم چەند شایەکی لاواز دەسەلأت لە ئێران وەردەگرن ، کە دەرخەری نیشانە سەرەتاییەکانی لاوازی دەوڵەتی سەفەوی هەژماردەکرێن، سەبارەت بە تەوەری دووەم جەخت کراوەتەوە لەسەر کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دەسەلأتی سەفەوی بەسەر هۆزە ئەفغانەکان،

کەباس لەململانێی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی سەفەوی ئیمپراتۆریەتی تەیموری هیندی لەسەر ئەفغانستان و هەروەها هۆزە ئەفغانەکان کە لەژێر فەرمانڕاوایەتی دەوڵەتی سەفەوی دابوونە هەردەم تووشی چەوسانەوەی ئاینزای بوونەتەوە لەلایەن سەفەویەکان بۆ گۆڕینی ئاینزاکانیان، بەلاّم دەوڵەتی سەفەوی لەم سیاسەتە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لەبەرامبەریشدا هۆزە ئەفغانەکان لەدەرفەتێکی زێڕین دەگەڕان بۆ دەرچوون لەژێر شکۆی دەوڵەتی سەفەوی و دواتر تۆڵەسەندنەوە لێیان و هەروەها شۆڕش و ڕاپەرینەکان کەلەلایەن هۆزە گەورەکانی ئەفغانی دژ بەدەسەلاّتدارانی سەفەوی ئەنجام دراوە و دواتریش یەکگرتنی هەموو هۆزەکان و دەرپەراندنی سەفەوییەکان لەئەفغانستان، تەوەری سێیەم دەرخستنێکە لەبارەی داگیرکردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان، بە تیشك خستنە سەر ڕەوت و پەرەسەندنەکانی داگیرکردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان ، هەروەها بارودۆخی ئێران لەماوەی حوکرانی میر مەحمودی ئەفغانی لەکاتی داگیرکردنی ئەسفەهان و لادانی شا حوسێنی سەفەوی لەدەسەلاّت و ناوزەد کردنی میر مەحمود وەك شا لەئێران، هەروەها پەیرەوکردنی سیاسەتی نەرم ونیان لەلایەن میر مەحمود لەسەرەتادا، بەلاّم هێرشەکانی رووسیای تەزارو دەوڵەتی عوسمانی دەبێتە هۆکار بۆ پەیرەوکردنی سیاسەتی توندوتیژ بەرامبەر ئێرانیەکان، تەوەری چوارەم و کۆتایی بەشەکە بەناونیشانی کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەفغانەکان لە ئێران کەتێیدا باس لەماوەی حوکمڕانی ئەشرەف شا دەکات دوای کوژرانی میر مەحمودی ئەفغانی، هەروەها تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی ئێران، بەتایبەتی دوای بەستنی ڕێکەوتننامەی نێوان رووسیاو دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی دابەشکردنی ئێران و هەروەها شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەفغانەکان لەنزیك هەمەدان و دواتر بەستنی ڕێکەوتننامەیەك کەتێیدا ئەشرەف

شا لەلایەن عوسمانیەکان وەك( شا)ی ئێران دانی پێندرا، لەلایەکی دیکەوەش مەترسیەکانی شا تەهماسبی دووەم و دەرکەوتنی نادر خان و هەنگاوی کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەفغانەکان لەئێران دەست پێدەکات، کەلەچەند زنجیرە شەڕێك نادر خان دەتوانێ کۆتایی بەفەرمانڕاوای ئەفغانەکان بهێنێت لەئێران .

بەشی پێنجەم بەناونیشانی( نادر خان و کۆتایی هێنان بەفەرمانڕاوایەتی سەفەوی ) کە دابەش دەبێتە سەر سێ تەوەر، تەوەری یەکەم خستنە ڕوویێکە دەربارەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ عوسمانیەکان و دورخستنەوەی شا تەهماسبی دووەم لەدەسەلأت (١٧٣٠-١٧٣٢) ،سەرەتا تیشك خراوەتە سەر هەنگاوەکانی نادر خان لەدەرکردنی سوپای عوسمانی(جەنگی ئازادی) و سەرکوتکردنی ڕاپەرینی ئەبدالیەکان لەهەرات ، هەروەها ناچار کردنی تەهماسب میرزا(شا تەهماسبی دووەم) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی دوای شکست خواردنی لەجەنگی کردخان بەبەستنی پەیماننامەیەك کەتێیدا ئێران دەست بەرداری زۆربەی ناوچەکانی بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی ،بەستنی ئەو پەیماننامەیەش بووە هۆکارێك بۆ دوورخستنەوەی تەهماسب میرزا لەدەسەلأت و دانانی عەباس میرزا وەك (شا)ی نوێی ئێران لەلایەن نادر خان ، تەوەری دووەم دەرخستنێکە لەبارەی لەشکرکێشیەکانی نادرخان بەئاراستەی عێراق ونزیك بوونەوەی لەدەسەلأتی ڕەها(١٧٣٢ - ١٧٣٦ن) کە تێیدا تیشك خراوەتە سەر دوو لەشکرکێشی نادر خان لەماوەی ساڵانی ١٧٣٢-١٧٣٣،هەرچەندە لەهەڵمەتی یەکەم نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت،بەلأم دوای سێ مانگ هەڵمەتی دوەمی دەست پێکرد توانی بەسەر توبال عوسمان پاشا سەرکەویت و بەغدا گەمارۆبدات، بەلأم بەهۆی هەڵگەڕانەوەی محمەدخان بلوج پرۆژەکەی سەری نەگرت و لەڕێگای

ڕێکەوتننامەیـەك لەگـەڵ ئەحمـەد پاشـا کۆتـایی بەلەشکرکێـشیەکەی هێنـاو گەڕایـەوە ئێـران، لـەکۆتایی ئـەم تـەوەردا جـەخت کراوەتـەوە لەسـەر دوا پەرەســـەندنەکانی ســـاڵانی ١٧٣٣-١٧٣٥ ،ســـەرەتا ســـەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەکەی خان بلوج لەشیرازو لەیەك نزیك بوونەوەی نادرخان لەڕوسیای تـەزاری و بەستنی هـەردوو پەیماننامـەی دەربەنـد و گەنجە،هـەروەها دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی جـەنگ لـەنێوان ئێـران و عوسمـانی و دەسـتگرتنی نـادر خـان بەسـەر تـەفلیس و گەنجـەو یـەریڤان ناچـارکردنی سـوڵتانی عوسمـانی بـەڕازی بـوون بەرێکەوتننامـەی بەغـدا.سـەبارەت بـە تـەوەری سـێیەم و کۆتـایی بەشـەکە جەخت کراوەتەوە لەسەر کۆنگرەی موغان و کۆتـایی هێنـان بـە فەرمانراوایـەتی بنەماڵەی سەفەوی، کە تێیـدا تیشك خراوەتـە سـەر گەڕانـەوەی نـادر خـان دوای سـەرکوتکردنی هەڵگەڕانـەوەکانی داغـستان بـۆ موغـان ئەنجامـدانی کـرداری تاجگوزاری بۆ نادرشاو دەستنیشانکردنی وەك شا (١٧٣٦-١٧٤٧ز).

تویـژەر پـشتی بەسـتووە بەژمارەیـەکی زۆری سەرچـاوەی جۆراوجـۆر بەچەندین زمانی جیاواز لەسەرووی هەمووشیانەوە:

١- بەڵگەنامە(بڵاوکراوەکان)

یـــەکێك لـــەگرنگترین بەڵگەنامـــە بڵاوکراوەکـــان بریتیـــە لەپـــەرتوکی بەڵگەنامەیی (عبدالحسین نوائی) لـەژێر ناونیشانی (اسـناد ومکاتبـات سیاسـی ایـران) کەجـەخت دەکاتـەوە لـەو فـەرمان و نامـە فەرمیانـەی کەلەسـەردەمی شـا حوسێنی سـەفەوی دەرچـووە، هـەروەها لەپەرتوکە بەڵگەنامەییەکـەی (ثابتیـان) بەناونیشانی ( اسـناد و نامـەهای تـاریخی و اجتمـاعی دوره صـفویە) گرنگـی و تایبـەتی خـۆی هەیـە لەخـستنە رووی بەلگەنامـە فەرمیـەکانی فەرمانراوایـەتی سەفەوی .

سەبارەت بەپەرتووكی بەڵگەنامەیی( Diplomacy in the Near and Middle East ) كەلەلایەن(J.C. Hurewitz) نووسراوە بریتیە لەدوو بەش ،كەگرنگترین ئەو پەیماننامانە لەخۆدەگرێت لەنێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی دیكە لەماوەی نێوان سەدەكانی (١٦ –٢٠)، توێژەر سوودی وەرگرتووە لەزۆربەی زانیارەكانی بەشی یەكەم كەپەیوەستە بەوپەیماننامانەی كەبەستراون لەنێوان ساڵانی (١٥٣٥–١٩١٤ز).

لەلایەكی دیكەوە سەرچاوە بەڵگەنامەیەكەی (حسین داودی) لەژێر ناونیشانی (اسناد خاندان كلانتری سیستان) كەلە گۆڤاری (بررسیهای تاریخی) ژمارە ٥–٦ ی ساڵی ١٣٤٨ه.ش لەتهران بلاْوكراوەتەوە،كەنزیكەی ١٠ فەرمان و نامەی فەرمی لەسەردەمی شا تەهماسبی یەكەم(١٥٢٤–١٥٧٦ز) تاكو نادر شا(١٧٣٦–١٧٤٧ز) لەخۆ دەگرێت،بەلاْم تەنها سوود لەو بەڵگەنامەیە وەرگیراوە كەپەیوەندی بەشا عەباسی یەكەم هەیە سەبارەت بەهاندانی سەربازان بۆ جەنگ كردن دژ بە ئۆزبەكەكان لەسنوورەكانی رۆژهەڵاتی ئێران.

هەروەها توێژەر پشتی بەستووە بەبەڵگەنامەیەكی مێژوویی لەژێر ناونیشانی (فتحلی خان قاجار از شا سلطان حسین تا نادرشا) كەلەلایەن مهری ادریسی اریمی لە(فصلنامەی گنجینەی اسناد) بەژمارەی ١٥ی ساڵی ١٣٧٢ه.ش لەتهران بلاْوكراوەتەوە،كەزیاتر جەخت دەكاتەوە لەژیانی فتح علی خان قاجار و بارودۆخی ئێران لەسەردەمی داگیركاری ئەفغانەكان،لەگەڵ دیاریكردنی بارودۆخی خۆراسان لەسەردەمی مەلیك مەحمود سیستانی دەركەوتنی نادرخان و ململانێیەكانی لەگەڵ مەحمود سیستانی.

٢– گەشت نامە

بێگومان گەشت نامەكان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە بەگوێرەی پێویست لەم توێژینەوەدا سوود لە هەندێكیان وەرگیراوە لەسەرووی

هەموویانەوە گەشت نامەکەی گەریدەی ئیتالی پیترۆدلاوالە( ١٥٨٦ – ١٦٥٢) ، ناوبراو لەساڵی ١٦١٧ لەرێگای هەمەدانەوە روویکردە شاری ئەسفهان، گرنگی گەشتنامەکەی دەگەرێتەوە بۆ هاودەم بوونی لەگەڵ شا عەباسی یەکەم ، رووداوەکانی سەردەمی ئەو شایە بەتایبەت هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی دەسەلأتی پورتوگالەکان لەدوورگەکانی کەنداوی فارس.

هەروەها گەریدەی فەرەنسی ژان پاتیست تاورنیە( ١٦٠٥ – ١٦٨٩ن) کە بەدیارترین گەریدەی ئەوروپایی هەژماردەکرێت، بەمەبەستی بازرگانی کاری سیاسی کارەکانی لەرۆژهەلأت دەست پێکردووە، بەتایبەت ئێران کە چەندین بار سەردانی کردووە، توانیوەتی لەو ماوەیەدا دیدار لەگەڵ هەریەکە لە شا عەباسی دووەم و شا سلێمانی سەفەوی ئەنجام بدات، گرنگی گەشت نامەکەی تاوەرنیە لەوەدایە وەسفێکی زۆر ووردی شاری ئەسفهان و رێگا و بانەکانی و هەروەها باس کردنی شاری جلفا و دیدار کردن لەگەڵ کەسایەتیە دیارەکانی ناو دەسەلأتی سەفەوی لەگەڵ تیشك خستنە سەر رووداوەکانی سەردەمی شا عەباسی دووەم و شا سلێمانی سەفەوی.

سەبارەت بە گەشتنامەکەی ژان شاردن ( ١٦٤٣– ١٧١٣ ز )گەریدەی فەرەنسی، کە کارەکەی بەیەکێك لەدیارترین کار دادەنرێت لە نێو ئەوروپاییەکان تایبەت بە ئێران  و رۆژهەلأت، شاردن لەماوەی ژیانیدا دووجار گەشتی کردووە بۆ ئێران ، گەشتی یەکەم لەساڵی ( ١٦٦٤ تاکو ١٦٧٠) ، گەشتی دووەمیشی لەساڵی ( ١٦٧١ تاکو ١٦٧٧) خایاندووە، زۆربەی کاتەکانی گەشتەکەشی لەئێران بەسەر بردووە، کە هاوکات بووە لەگەڵ دەسەلأتداریەتی بنەماڵەی سەفەوی، زۆر بەووردی تیشك دەخاتە سەر ئەو رووداوانەی کە خۆی بینیوەیەتی  بۆیە سەرچاوەکەی جێگایەکی بالأی هەیە لەمێژووی دەوڵەتی سەفەوی، چونکە لە سەفەرنامەکەی شیکردنەوەی وورد

دەربارەی تایبەتمەندیەکانی تاکی ئێرانی و بارودۆخی ژنان و جەژنی نەورۆز و جوگرافیا و مێژووی ئازربایجان و لەگەل باسکردنی جوگرافیای سیاسی و دابەشکردنی ئیداری و پلەو پۆستەکانی دەوڵەت و دەسەلاتی سیاسی ولات لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەوی، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەیە زیاتر سوود وەرگیراوە لە بەرگی سێیەم و چوارەم ، بەتایبەت بەرگی چوارەم کەباس لە وەسف کردنی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی سەفەوی و هێزە چەکدارییەکەی و داب و نەریت و یاساکانی دەوڵەت. لەگەشتی دووەمدا لەلایەن شا عەباسی دووەم نازناوی بازرگانی شای پێدراوە.

٢- کتێب

أ- کتێبە فارسی و وەرگێردراوە فارسیەکان

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نوسینی ئەم کتێبە سوودی لیٚ وەرگیراوە ، زیاتر جەخت لەسەر سەرچاوە رەسەنە فارسیەکان کراوە، بەتایبەت ئەو سەرچاوانەی کە هاودەمی رووداوە مێژوویەکانی ماوەی فەرمانراوایەتی دەوڵەتی (سەفەوی)ین ، وەك سەرچاوەکەی ئەمیر محمودخواندامیر لەژێر ناونیشانی (تاریخ شاه اسماعیل و شاه طهماسب صفوی) .

هەروەها سەرچاوەی (عالم ارای شا اسماعیل ) کە تاکو ئێستا توێژەرانی ئێرانی نەگەیشتوونەتە دیاری کردن و ساخکردنەوەی نووسەری سەرچاوەکە، گرنگی ئەو سەرچاوەیە لەوەدایە کە زۆر بە ووردی تیشك دەخاتە سەر ژیاننامەی بنەماڵەی سەفەویەکان، بەتایبەت کەسایەتی شا ئیسماعیل سەفەوی.

جگە لەمانەش یاداشتنامەکەی شا تەهماسبی یەکەم (شا طهماسب بن اسماعیل بن حیدری الصفوی) بەناونیشانی (تذکره شاه طهماسب )، کە تێیدا ناوبراو تیشکی خستۆتە سەر گرنگترین رووداوەکانی ماوەی

فەرمانراوایەتیەکـەی (١٥٢٤-١٥٧٦ز)، زۆرێـك لـە رووداوە شـاراوەکانی ئـەو ماوەیەی ئاشكرا كردووە.

هەروەها سەرچاوە پر بایەخەکەی (اسكندر بيگ تركمان) مێژوونوسی سەردەمی شا عەباسی یەکەم بەناونیشانی (تاريخ عالم ارای عباسی) كە تێیدا رووداوەکانی سەردەمی شا عەباسی یەکەم دەخاتە روو،کە لە سێ بەرگدا رێکخراوە، بەرگی یەکەم تیشك دەخاتە سەر سەرەتاكانی زنجیرە بنەماڵەی سەفەوی و سەڵتەنەتی شا ئیسماعیلی یەکەم و شا تەهماسبی یەکەم، لەبەرگی دووەمی سەرچاوەکە جەخت کراوەتە سەر کارو هەنگاوەکانی شا عەباسی یەکەم لەماوەی سی ساڵەی دەسەڵاتی، هەرچی بەرگی سێیەمە باس لەرووداوەکانی ساڵی ١٠٢٦کۆچی تاکو مەرگی شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٦٢٩ز، نووسەر لەسەرچاوەکەی سوودی لەسەرچاوەکانی (احسن التواريخ و حبيب السير و نزهه القلوب) وەرگرتووە.

سەبارەت بە سەرچاوەی ( تاريخ ايلچى نظام شا) ی خورشا بن قباد الحسينى ، کەلە شەش گوتار پێك هاتووە، بە سەرچاوەیەکی پر بایەخ لە مێژووی سەفەوی هەژمار دەکرێت، بەتایبەت گوتاری شەشەم کەباس لەفەرمانراوایەتی قەرەقوینلۆ و ئاق قوینلۆ و دەرکەوتنی شا ئیسماعیلی یەکەم و سەڵتەنەتی شا تەهماسبی یەکەم، لەهەمان كاتدا نووسەر هاودەمی شا تەهماسبی یەکەم بووە.

هەرچی سەرچاوەکەی حسن بیگ روملو ( احسن التواريخ) کە گوایە دوانزە بەرگە بەلاَم ئەوەی لەبەر دەست دایە تەنها بەرگی ( ١١،١٢)، لەبەرگی یازدەهەم باس لەرووداوەکانی ساڵانی ٨٠٧کۆچی تاکو ٩٠٠ کۆچی واتە رووداوەکانی سەرەتای حوکمرانی شاهرخ کوری تەیمور ، عوسمانیەکان و فەرمانراوایەتی قەرەقوینلۆ و ئاق قوینلۆ و بنەماڵەی سەفەویەکان و

ئۆزبەکەکان، لەبەگی دوازدەهەم نووسەر تیشك دەخاتە سەر سەردەمی شا ئیسماعیل و شا تەهماسبی یەکەم و شا ئیسماعیلی دووەم ، لەگەل باسکردنی بارودۆخی سوڵتان و خانەکانی عوسمانی و ئۆزبەك ،تاکو هاتنی محەمەد خودابەندە بۆ دەسەلآت لەساڵی ۹۸۵کۆچی.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی (خلاصه التواریخ)ی قاضی احمد منشی قمی ، لە سەرچاوە دیار و بەرچاوەکانی ئەو ماوە مێژوویە دادەنرێن ، کە لە زۆر شوێنی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە، چونکە نووسەر هاودەمی شا تەهماسبی یەکەم و سەرەتاکانی حوکمرانی شا عەباسی یەکەم بووە، هەروەها سەرچاوەکە باس لە سەدەی هەشتی کۆچی دەکات کە رۆژگاری شێخ سەفیەدین  تاکو کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمی کۆچی کە دەکاتە سەرەتاکانی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم.

هەردوو سەرچاوەکەی میرزا مەهدی خان ئەستەرئابادی ( ۱۷٦۱ یاخود ۱۷٦٦ز کۆچی دوایکردووە) کەبریتین لە(جهانگشای نادری) و( درە نادرە تاریخ عصر نادر شا) بەگرنگترین دوو سەرچاوەی سەرەکی فارسی هەژمار دەکرێن،لەکۆی گشتی لێکۆلینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە،چونکە خاوەنی ئەم دووسەرچاوەیە نووسەری دیوانی نادرشا بووە،واتە بەتێروانینی ئێرانی نووسراوە بەهۆی نزیك بوونی لەدەسەلآت ،هەروەها زۆر  بە وردی ژیان و تەواوی ڕووداوەکانی تایبەت بەنادرشا دەخاتە ڕوو هەر لەسەرەتای ژیانی و جەنگی ئازادی لەگەلْ (ئەفغانەکان و دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیای تەزاری) هەروەها ئامازەی تەواو دەداتە ئەو ڕووداوانەی کەخودی نادرشا بەشداری تێدا کردووە،هیچ کەم وکورتیەکی ئەم کەسایەتیە باس ناکات،تەنها ئەوە نەبێت لەدوای کوژرانی نادرشا لەکۆتایی بەشی (جهانگشا) باس لەیاخی بوون و ڕاپەرینەکانی ناو ئێران دەکات، بەلأم بەشێوەیەکی زۆر کورت.

تویێژەر پشتی بەستووە بە(عالم ارای نادری) کەلەلایەن محمد کاظم مروی وزیر مرو نوسراوە، گرنگی ئەو سەرچاوەیەش لەوەدایە کەنووسەر هاودەمی نادرشا بووە،زۆر بە وردی پرژاوەتە سەر دیاریکردنی رووداوەکان،هەروەها نووسینەکان بەزمانێکی سادە نووسراوە کەهیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەمرۆدا نیە،بەوەش جیا دەکرێتەوە لەمیرزا مەهدی خان کەلەدەرخستنی رووداوەکان بێ لایەنی پێوە دیارە.

لەلایەکی دیکەوە وەرگێردراوە فارسیەکان لەلایەن تویێژەر گرنگی زۆری پێدراوە، بەتایبەت هەردوو سەرچاوەکەی لورانس لۆکهارت (انقراض سلسله صفویه) و(نادرشا) ،کە ناوبراو لەسەرچاوەکانیدا پشتی بەستووە بەژمارەیەکی زۆر لەسەرچاوەی فارسی و بیانی و عەرەبی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی ئینگلیزی.

ب– کتێبە عەرەبی و وەرگێردراوە عەرەبیەکان

لێکۆلینەوەکە پشتی بەستووە بەکۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگ کەهەریەکەیان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی تویژینەوەکە،لەسەرووی هەموویانەوە سەرچاوەکەی( الشیخ رسول الکرکوکلی) لەژێر ناونیشانی ( دوحة الوزراء في تاریخ وقائع بغداد الزوراء) کەلەبنچینەدا تورکیە بەلأم لەلایەن (موسی کاظم نورس) وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی،کەتێیدا تیشك دەخاتە سەر ڕووداوەکانی عێراق لەنێوان ساڵانی(١٧١٩–١٨٢١) ،جگە لەمەش چەندین سەرچاوەی ناسەرەکی لەکۆی گشتی لێکۆلینەوەکە سوودیان لێ وەرگیردراوە لەوانە عباس العزاوی ( تاریخ العراق بین احتلالین) بەشی پێنجەمی کەنووسەر لەسەرچاوەکەیدا سوودی وەرگرتووە لەسەرچاوە سەرەکیەکانی عوسمانی و فارسی و عەرەبی،هەروەها سەرچاوەکەی ستیفن هیمسلی لونکریك، اربعە قرون من تاریخ العراق

الحدیث،لەسەرچاوە گرنگەكان هەژماردەكرێت،چونكە لەنوسینەكەی بێ لایەنی پێوە دیارە،رووداوە مێژوویەكانی ٤٠٠ ساڵی عێراقی دیراسە كردووە ، هەریەكە لەسەرچاوەكانی علاء نورس ،العراق في العهد العثماني دراسة في العلاقات السیاسیة (١٧٠٠ –١٨٠٠) و علی شاكر علی ، تاریخ العراق فی العهد العثمانی ( ١٦٣٨ – ١٧٥٠م ) لەلێكۆلینەوەكەدا گرنگی تایبەتیان پێدراوە بەهۆی دیاریكردنی پەیوەندیەكانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لەو ماوە مێژوویەدا كەبەشێوەیەكی بابەتیانە شرۆڤەیان كردووە.

ج– كتێبە بیانیەكان (الاجنبیە)

سەبارەت بەسەرچاوە ڕۆژئاواییەكان،توێژەر پشتی بەستووە بەسەرچاوەكەی (Krusinski 1675-1756) لەژێر ناونیشانی The History of the Late Revolutions of Persia ، هەردوو بەشی یەكەم و دووەم، خاوەنی سەرچاوەكە بەرەگەز پۆلەندیەو لەنێوان ساڵانی (١٧٠٧–١٧٢٥) لەئێران كاری موژدەدەری ئاینی مەسیحی كردووە،لەكاتی داگیركاری ئەفغانەكان لەئەسفەهان بووە،بەچاوی خۆی ناخۆشیەكانی ڕۆژانی گەمارۆدانی ئەسفەهانی لەلایەن ئەفغانەكان بینیوە، هەروەها سەرچاوەی (The Revolutions of Persia) كەلەلایەن (Jonas Hanway 1712-1786) نووسراوە گرنگی وبایەخی تایبەتی هەیە،بۆیە توێژەر نابێت رەچاوی ئەم سەرچاوەیە نەكات،ناوبراو لەساڵی ١٧٤٣ز لەلایەن كۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی ئینگلیزی رەوانەی ئێران كرا بەمەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كەكۆمپانیاكە لەئێران تووشی دەبۆوە، گرنگی سەرچاوەكە لەوەدایە كەریزبەندی ساڵی كردووە بۆ رووداوەكان،ئەمەش ئاسانكاریەكی زۆر پێشكەش بە توێژەر دەكات بۆ كاركردن لەسەر بابەتەكان

بەگوێرەی کاتی ڕووداوەکان، هەروەها سەرچاوەی A HISTORY OF PERSIA کەلەلایەن (P. SYKES 1867-1945) نووسراوە،گرنگی تایبەتی خۆی هەیە،چونکە تیشك دەخاتە سەر زۆر لەڕووداوەکان کە ئێران ڕووبەڕووی بۆتەوە لەسەردەمی نوێ.

بەشێوەیەکی گشتی سەرەرای ئەو سەرچاوانەی کەباس کران،کتێبەکە پشتی بەستووە بەچەندین سەرچاوەی دیکە کەبەزمانە جیاوازەکانی (فارسی و عەرەبی ،ئینگلیزی و کوردی) نووسراوە،بەڵام بەپێویست نەزانرا لێرەبخرێتە ڕوو، بۆیە دەکرێت بگەڕێنەوە سەری لە لیستی سەرچاوەکان لەکۆتایی لێکۆلینەوەکە.

نووسینی کتێبێك لەم جۆرەش هەرچەندە هەوڵێکی زانستیە و هەوڵی زۆری بۆ دراوە ، بەڵام بێ کەم وکورتی نابێت ، هیوادارم بە چاوێکی زانستیانە وەربگیرێت و تێبینیەکان ببنە هۆی دەوڵەمەند کردنی زانستیانەی کتێبەکە .

نووسەر

هەولێر – شوباتی ٢٠١٥

# بەشی یەکەم

# تەریقەتی سەفەوی و هەنگاونان بەرەو بنیادنانی دەوڵەت

**تەوەری یەکەم:**

**کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی سەرهەڵدانی تەریقەتی[1] سەفەوی**

دیارە ئەم تاج و تەختە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی ژمارەیەك لە کەسایەتیە دەروێش و سۆفیەکانی تەریقەتی سەفەوی بوو، کەلەسەردەمی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی (١٢٥٢ – ١٣٣٤ز) سەردەستەو دامەزرێنەری ڕێبازی دەروێشی سەفەوی هەر لەسەرەتای سەدەی (١٤ز) دەستی بەبڵاوکردنەوەی ڕێبازە تایبەتیەکەی خۆی کردووە[2]، شێخ سەفیەدین نەك تەنیا دامەزرێنەری ڕێبازێکی فکری یاخود ئاییني بووە، بەڵکو وەك کەسایەتیەکی خاوەن ئەزموون و دەست ڕۆیشتوو لە مێژووی سیاسی ئێرانی سەردەمی خۆی کاریگەریەکی زۆری هەبووە ، لەگەڵ ئەوەشدا شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی بە یەکێك لە زاناو موریدو قوتابی شێخ زاهیدی گەیلانی هەژمار دەکرێت ، لەبەر لێهاتووی بەرزی کەسایەتی بیبی فاتیمەی دەدات بە شێخ سەفییەدین کچی دەدات بە شێخ سەفییەدین[3] .

---

[1] تەریقەت لە ووشەی ( الطريق ، الطريقة ) لەسەر شێوازی ( سنن و سنة و حجة و محجة ) لەزمانی عەرەبیدا هاتووە بەواتای ئادابی زیکرکردن لەپێناو بیروباوەری خودا، کە ڕێبازی سۆفیەکانە ، بەگوێرەی ئەرکەکانی ( خۆبرسیکردن ، گۆشەگیری و زیکرکردن و کەم دواندن ) هروەها سۆفی خۆی بە شێخەوە دەبەستێتەوە، بەم جۆرە هەموو جەستەی سۆفی لەلایەن شێخەوە بەڕێوەدەبردرێ، لەلایەکی دیکەوە شێخەکان زۆرجاران بە هەزاران سۆفیان هەبووە . بۆزیاتر زانیاری بروانە : عبدالوهاب الشعراني ، الانوار القدسية في معرفة قواعد الصوفية ، بيروت ، ١٩٦٢م ، ص ٥٦.

[2] لارنس لاكهارت، انقراض سلسله صفويه، ترجمه: اسماعيل دولتشاهی، چاپ دوم، انتشارات علمی و فرهنگی،تهران،١٣٨٠هـ.ش،ص١٥.

[3] حسن كريم جاف ، الوجيز في تأريخ ايران ، ط٢ ، ج٣ ، مطبعة مؤسسة ئاراس ، أربيل، ٢٠٠٨ ، ص ص١٤ –١٥ .

لە دوای مردنی شێخ زاهیدی گەیلانی ، شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی پایەکی بەرز وەردەگرێت و بە هۆی بوونی ئەو زانستەی کە هەیبووە بۆتە جێگای متمانەو رێز لێنان لەلایەن ئەبو سعید بهادرخانی ئیلیخانی وەزیرەکەی رەشیدەدین و میر ئولوس چوپان سەرۆکی هۆزی سەلدوزی مەغۆلی، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو هیچ پۆستێکی سیاسی وەربگرێت ، بەڵکو وەك پیاو چاکێکی خودایی ناوبانگی دەرکردبوو[1]، هەرچەندە بەگوێرەی خاوەن پەرتووکی عالم ارای عباسی رەگ و ریشەو بنەچەی سەفەوییەکان لە رێگەی رێکخستنی شەجەرەیەك دەیانگەرێنێتەوە بۆ سەر ئیمام عەلی ( ر. خ ) لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە مێژوونوسان کۆکن و لەو باوەرەدان کە شێخ سەفییەدین سوننە ئاینزا بووەو لەسەر ئاینزای شافیعی ، هیچ کاتێك لەسەر ئاینزای شیعە نەبووە[2].

لەدوای کۆچی دوایی شێخ سەفییەدین لە ساڵی ١٣٢٨ ز ، کورە گەورەکەی بە ناوی سەدرەدین جڵەوی ئەم رێنمایی و بنەمایانە دەگرێتە ئەستۆ ، هەر لە دوای باوکی دەبێتە سەر دەستەی موریدەکانی و شوێنکەوتووانی ، چونکە کەسێکی زۆر لێهاتوو بووەو هیچی لە باوکی کەمتر نەبووە لە پێناو

(1) عبدالحسين زرين كوب ، روزگاران تاريخ ايران از اغاز تا سقوط سلطنت پهلوى ، چ٥ ، انتشارات سخن ، تهران ، ١٣٨٣ ه.ش ، ص ٦٤٢

(2) امير محمود خواندامير ، تاريخ شاه اسماعيل و شاه طهماسب صفوى ، تصحيح و تحشيه : محمد على جراحى ، چ١ ، نشر گسترده ، تهران ، ١٣٧٥ ه.ش ، ص ١٠ ؛
Peter Jackson and Lauraence Lockhart (eds.), The Cambridge History of Iran, Volume.6, The Timurid and Safavid Periods( U.K – Cambridge University, Press-1986 ), P. 125.

بڵاوكردنەوەی ڕێچكەو ڕێنماییە ئایینیەكان[1]، بە مردنی سەدرەدین ئیمامەت دەگوازرێتەوە بۆ كورەكەی بە ناوی خواجە عەلی ، گرنگترین تایبەتمەندی لەو كەسایەتیە بریتی بوو لە هەڵگرتنی نازناوی سوڵتان ، بە واتایەكی دیكە سوڵتانی پیاو چاكەكان[2]، خواجە عەلی لە ماوەی ژیانیدا توانی سێ جار دیدار لەگەڵ (تەیمورلنگ)[3] ئەنجام بدات و لە گرنگترین كارەكانی كە ئەنجامی دا لە ماوەی ژیانیدا توانی باوەر بە تەیمورلنگ بێنێت كە لێبوردن دەربكات بۆ ئەو دیلانەی كە لە (جەنگی ئەنقرە)[4] ١٤٠٢ ز كەوتبوونە دەست تەیمورلنگ

---

[1] عبدالعزیز سلیمان نوار ، تاریخ الشعوب الاسلامیة ، ج١ ، دار النهضة العربیة ، بیروت ، ١٩٧١ م ، ص ٢٢ .

[2] حسن كریم جاف ،المصدر السابق ، ص١٥

[3] لە دوای كوژرانی ئەمیر حوسەین ، گەورەكانی ئۆلۆس و جەغتای و پشت رووبار ( ما وراو النهر ) لە دەوەرەی تەیموور كۆبونەوەو بە ڕێكەوتن وەك گەورەی خۆیان لە ساڵی ٧٧١ كە تەمەنی ٣٤ ساڵ دەبوو دەست نیشان كرد، و لەقەبی ساحێبقەرانیان پێدا ، دوای وەرگرتنی دەسەڵات ، پایتەختی گواستەوە سەمەرقەندو دەستی گرت بەسەر خەزێنەی چەندین ساڵەی میر حوسەین و دابەشی كردە سەر سەركردەكانی ، لە سەرەتاكانی فەرمانرەوایدا زۆر بە توندی كەوتە گیان نەیارەكانی و بە پێچەوانە زۆر نەرم و نیان بوو لەگەڵ هەواداران و لایەنگرانی ، بۆ زیاتر زانیاری بروانە : حسین میر جعفری ، تاریخ تحولات سیاسی اجتماعی اقتصادیو فرهنگی ایران در دوره تیموریان و تركمانان، چ٥ ،انتشارات دانشگاه اصفهان ، سازمان مطالعه وتدوین سمت، تهران ، ١٣٨٥هـ.ش، ص ٢١

[4] هۆكاری سەرهەلدانی ئەوجەنگە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەستنەكردنەوەی ئەحمەد جەلایری میری عێراق لەلایەن سولتان بایەزیدی یەكەم ، كە تەیمورلەنگ داوای لێكردبوو بە ڕادەستكردنەوەی ئەمەش وای لەتەیمورلنگ كرد بە هێزێكی زەبەلاحەوە هێرش بكاتە سەر ئاسایی بچوك و دەست بگرێت بەسەر سیواس ئۆرتەغول كوری بایەزید بەدیل بگرێت، دوای سەربرینی ڕەوانەی كردەوە بۆسولتان بایەزید ، ئەمەش هۆكارێك بوو كە سولتان بایەزید سوپاكەی كۆبكاتەوە دژ بە تەیمورلەنگ لە دەستی ئەنقرە لەساڵی ١٤٠٢ز، لەئەنجامدا

**دوای شکست خواردنی بایەزیدی سوڵتانی عوسمانی، کاتی گەرانەوەی بۆ سەمەرقەند لە ئەردبیل دیدار لەگەڵ خواجە عەلی ئەنجام دەدات و داوای ئازادکردنی دیلەکانی لێکرا لە لایەن خواجە عەلییەوە، دواتر ئەوانە دڵسۆزی خۆیان بۆ خواجە عەلی راگەیاند و نەوەکانیان لە دواتر رۆڵی سەرەکی دەگێرن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی و پتەوکردنی پێگەی دەوڵەتەکە[(١)].**

**تەریقەتی سەفەوی لەناو ئێلە تورکمان و ئازەرییەکان و ئازەربایجان و ئەنادۆڵ پەرەی دەسەند ، رۆژ لەدوای رۆژ دەسەڵاتی ئایینی ودونیاییان بەهێزتر دەبوو، بۆ ئەم مەبەستە موریدەکانی سەفەوی لەسەردەمی سوڵتان حەیدەر بۆجیاکردنەوەی خۆیان لە خەڵك كلاوێکی سووریان لەسەر دەنا، خەڵك پێیان دەگوتن( قزڵباش)[(٢)]، بەلاّم خۆیان پێیان دەگووت تاجی حەیدەری[(١)].**

---

رووبەرووی یەکتر بوونەوە بەلاّم زۆر لە سەربازانی عوسمانی کە لە میرنشینەکانی ( مەنتشا ، ئایدین ، صاروخان ، کرمیان ) بوون خۆیان دایە پال هێزی تەیمورلەنگ ، چونکە سەرکرەکانیان لە هێزی تەیمورلەنگدا بوون بەمەش هاوکێشەی شەرەکە گۆرانکاری بەسەردا هات و بایەزید شکستی خواردو کەوتە دەست تەیمورلەنگ ، هەرچەندە بایەزید لەسەرتادا مامەلەی باشی لەلایەن تەیمەلەنگەوە لەگەڵ کراوە، بەلاّم دواتر کە سێ جار هەولی راکردنی داوە بۆیە زیندانی کرا لە ناو قەفەزێکی ئاسنی تاکو مردنی لەساڵی ١٤٠٣ز . بۆ زیاتر زانیاری بروانە : محمد فرید بگ المحامی ، تاریخ الدولة العلیة العثمانیة ، تحقیق : احسان حقی ،ط١٠ ، دارالنفائس ، بیروت ، ٢٠٠٦ ، ص ص ١٤٦-١٤٧ .

(1) مستەفا محەمەد کەریم، تەریقەتی سەفەوی و هەنگاونان بەرەو بنیادنانی دەوڵەت، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٢١)،ساڵی شەشەم، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، زستانی ٢٠١٢ز،ل ل ٢٨٨-٢٨٩.

(2) قزلباش بە مانای کلاو سوور دێت ئەمانە چەند هۆزێکی تورکی شیعە مەزهەب بوون کە لە ناوچەکانی قەوقاز و کەنارەکانی باشوری دەیارەی خەزەر رۆژئاوای خۆراسان نیشتەجێ بوون و بەحەوت هۆزەکە ناسراون کە ئەمانەن( ئۆستاجلو ، شاملو ، تەکالو ، بەهارلو،

هەرچەندە شێخ سەفیەدین كەسایەتییەكی سونە ئاینزا بووە لەسەر رێچكەی شافیعی، دواتر یەكێك لە نەوەكانی بە ناوی خواجە عەلی دێتە سەر ئاینزای شیعە گەری دوانزە ئیمامی ، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتادا تەریقەتی سەفەوی مۆركێكی ئایینی پێوە دیار بووەو دوور بووە لە سیاسەت ، بەلأم لەسەردەمی یەكێك لە نەوەكانی دیكەی شێخ بە ناوی جونەید موریدەكانی خۆی رێكخست لە شێوەی یەكەی سەربازی[٢]، دیارە شێخ جونەید لەماوەی ژیانیدا هەوڵی دەدا پەرە بە ئاینزای شیعەگەرایی بدات، دواتر ئەو تەریقەتە سۆفیگەریەی مۆركێكی ئایینی پێوە دیاربوو گۆرانكاری بەسەردا هێنا كە بووە هێزێكی ناوخۆیی بەهێز كە بتوانێت هەركارێك ئەنجام بدات لەكاتی گونجاندنی بارودۆخدا[٣]، دیارە بەهێز بوونی شێخ جونەید و فراوانبوونی دەسەڵاتی، بووە هۆكارێك كە فەرمانرەوای (قەرەقوینلو)[٤] لێی بكەوێتە گومان لەرەفتارەكانی، بۆیە بریاری دوورخستنەوەی دا بۆ دەرەوەی وڵات[١].

---

زولقەدر، قاجار، ئەفشار ) ئەمانە دواتر بوونە كۆڵگەی بنیادنانی دەوڵەتی سەفەوی. بۆ زانیاری زیاتر بروانە : عبدالعزیز سلیمان نوار ، ص ص ٢٤-٢٥.

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، كوردو عەجەم ، چ٣ ،چاپخانەی روون ،سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤.

(2) عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص ص ٦٥٨ – ٦٥٩.

(3) مؤلف ناشناخته ، عالم اراي شاه اسماعیل ،با مقدمه و تصحیح و تعلیق : اصغر منتظر صاحب ، چ٢ ،انتشارات علمی فرهنگی ، تهران ،١٣٨٤ ه.ش، ص٢٤.

(4) زاراوەی توركیە بە واتای ( مەری رەش ) بەلأم تاكو ئێستا لەنێوان مێژوونوسان راڤەی جیاوازی بۆ دەكرێت ، هەندێك پێیانوایە سەرەتای ئەو ناوە دەگەرێتەوە بۆ بەخێوكردنی مەری رەش ، هەندێكی دیكە پێیانوایە ئەو ناوە زیاتر لەوە هاتووە چونكە ئاڵاكەیان وێنەی مەری رەشی لەسەر نەخشێندراوە ، هەندیك بۆچوونی دیكە هەیە كە وشەی قەرە بە زمانی كۆنی ئازەربایجان بە واتای گەورە هاتووە وەك سەركردەكانیان قەرە مەحەمەد و قەرە یوسف

**دەرکردن و دوورخستنەوەی شێخ جونەید لە ئەردەبیل، دەگەڕێتەوە بۆ خراپی پەیوەندی نێوان شێخ جونەید و شێخ جەعفەری مامی کە داوای ڕێبەرایەتی تەریقەتی سەفەوی دەکرد، لەئەردەبیل و هەڵقۆستنەوەی ئەو ناکۆکیە لەلایەن (جیهانشا کوری قەرە یوسف[٢]) فەرمانرەوایی قەرەقۆینلو و زۆر بە وردی چاودێری ئاڵۆزی و گرژییەکانی نێوانیانی دەکرد، زیاتریش پاڵپشتی شێخ جەعفەر دەکات بەهۆی ئەو پەیوەندیە خێزانییەی نێوانیان،**

---

سەبارەت بە بنەچەشیان زانیاری کەم هەیە ، تەنها ئەوە نەبێت کە مێژوونوسێکی عوسمانی لە سەدەی پانزە بە ناوی مەولانا شوکوروللا دەلێت(( قەرەقۆینلوەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەسێك بەناوی دەنیزخان بەلگەش بۆ ئەمە دەهێنێتەوە کە لە خودی جیهانشاه فەرمانرەوای قەرەقۆینلو گوێی لێبووە ، قەرەقۆینلوەکان چەندین ناوی تریان هەبووە وەك باران ، بارانلو، بارانلی ، بۆ ئەم مەبەستەش مینۆرسکی تێروانینێکی هەیە دەلێت (( بارانی ناوی هۆز نیە بەلکو ناوی ناوچەیە ، هەربۆیەش هەندێك لە مێژوونوسان لەباوەڕەدان گەورەی قەرەقۆینلو فەرمانرەوای ئەو ناوچەیە بووە یاخود هەر لەوێ لەدایك بوبێت .بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : حسین میر جعفری، ص ص٢٢٦-٢٢٧.

(1) مؤلف ناشناخته ، منبع پیشین، ص٢٤

(2) یەکێك لە کورەکانی قەرە یوسف و کۆتا فەرمانراوایی قەرەقۆینلو بووە ، سەرەتا ناوی ماردین شاه بوو ، بەلاّم لەسەر ڕاسپاردەی باوکی ناوی گۆڕاوە بۆ جیهانشاه ، چونکە لەو ناوچەیە وا باوبووە کە کچەکانیان بەم ناوە لێبنرێت ، لە ماوەی فەرمانرەوای خۆشیدا دووجار لە ساڵانی ٨٤٤ ، ٨٤٧ هێرشی کردۆتە سەر گورجستان ، دواتریش لەبەرامبەر ئۆزۆن حەسەنی فەرمانرەوای ئاق قۆینلو دەکوژرێت و کۆتایی بە دەسەلاّتی قەرەقوینلو هات. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ : مکرمین خلیل ینانچ ، جهانشاه قراقوینلو، ترجمە: وهاب ولی ، مجلە بژوهشگاه علوم انسانی مطالعات فرهنگی ، شمارە (١٩) ، تهران ،پایز ١٣٧٥ه.ش، ص ص ٢٤٧،٢٨٦.

لەرێگای پێدانی کچێکی جیهانشا بە کورێکی شێخ جەعفەر لەلایەك و مەترسیەکانی جیهانشا لە فراوان بوونی دەسەلاتی شێخ جونەید[1].

دوای دورخستنەوەی شێخ جونەید تووشی سەخترین ژیان دەبێتەوە ، تەنانەت وەك رەوەندێکی لێدێت لە شوێنێك بۆ شوێنێك دەروات ، بەلام لە کۆتایدا لە چیاکانی ئارسوس لە کەنداوی ئەسکەندەرونە لە یەکێك لەقەلا کۆنەکانی خاچ هەڵگرەکان نیشتەجێ دەبێت لەگەڵ شوێنکەوتووانی، سەرەرای ئەوەش لەکارکردنی بێ وچان دەبێت لە پێناو گەشە پێدانی ئاینزای شیعەگەرایی ، ئەم هەولانەشی دووبارە دەبێتە هۆکار کە (سولتان زاهیر جقمق)[2]سولتانی مەمالیك لێی بکەوێتە گومان و هەولی دەستگیرکردنی دەدات، بەلام دەتوانێ خۆی رزگار بکات و پەنا بباتە بەر ئۆزۆن حەسەن دوژمنی سەر سەختی دەوڵەتی عوسمانی لەدیاربەکر ئەمەش رێگای لەبەردەم شێخ جونەید والاکرد بۆ بلاوکردنەوەی هزرەکەی بێ ئەوەی دژایەتی بکرێت[3].

---

[1] والتر هینتس، تشکیل دولت ملی ایران، ترجمە: کیکاووس جهانداری، چ٣، انتشاراتی خوارزمی، تهران ، ١٣٦٢ ﻫ.ش ، ص ١٨.

[2] سولتان زاهیر جقمق ( ١٤٣٨ – ١٤٥٣ز ) سولتانی مەملوکی ، لەسەردەمی فەرمانراوایی ئەو سولتانە کە هاوکات بووە لەگەڵ سولتان مورادی دووەمی عوسمانی پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکتردا بووە، بەشێوەیەك لەکاتی هاتنە سەردەسەلاتی (جقمق) سولتانی عوسمانی پیرۆزبای هاتنە سەردەسەلاتی لێکردووە، تەنانەت چەندین نامەو دیاری لە نێوانیان ئالوگۆر کراوە . بروانە : صلاح احمد هریدی ،دراسات في تاریخ العرب الحدیث ،عین للدراسات والبحوث الانسانیة الاجتماعیة ، اسکندریة ، ٢٠٠٨م ، ص١٣٢ – ١٣٣ .

[3] کارل بروکلمان ، تاریخ الشعوب الاسلامیة ، ترجمة : نبیة امین فارس ، منیر البعلبکی ، الدار العلم للملاین ، بیروت ، ٢٠٠٥ م ، ص٤٩٤.

شێخ جونەید لەلای فەرمانڕەوای (ئاق قۆینلو)[1]مایەوە، دواتر پادشای ئاقوینلو لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە خزمایەتی دامەزراند ، ئەوەبوو خەدیجەی خوشکی خۆیدا بەشێخ جونەیدی نەوەی شێخ سەفییەدین ئەردەبیلی، هەواڵی خواستنی خوشکی ئۆزۆن حەسەن لەلایەن شێخ جونەید بە هەموو لایەکەوە بڵاوبۆوە، تەنانەت جیهانشا فەرمانڕەوای (قەرەقوینلو) ئەو پەیوەندییەی بەمەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی داناو شێخ جونەیدیشی بە دوژمنی سەرسەختی خۆی ئەژمارکرد[2].

بوونی ڕکابەرییەکی توند لەنێوان هێزەکانی (قەرەقوینلو) بەسەرکردایەتی سوڵتان جیهانشا کە ئەوکات فەرمانڕەوای ئازەربایجان بووە، کە لەقۆناغی لاوازی و ڕووخان بووە بەرامبەر بەهێزیکی دیکە بەناوی (ئاق قوینلو) بەسەرکرایەتی ئۆزۆن حەسەن، هەرچەندە شێخ جونەید لە رووی هێزەوە زۆر بە توانا بووەو سەرەرای پاڵپشتییەکانی ئۆزۆن حەسەن، بەلاّم

---

(1) ناوێکی لێکدراوە لەسێ بەش پێکهاتووە ، ( ئاق ) بەواتای سپی دێت ، ( قۆین ، قۆیون) بەواتای مەر دێت ، هەمووی بەسەر یەکەوە واتای مەری سپی دەگەیەنێ ، لەگەڵ داگیرکردنی ئەنادۆل لەلایەن مەغۆلەکان ، ئەوانیش لەرۆژهەلاتی ئەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون ، دواتر لەگەڵ لاوازی مەغۆلەکان لە ئاسیای بچوك لە سەدەی هەشتەم بە شێوەیەکی چالاك هاتنە ناو گۆرەپانی سیاسی و دەسەڵاتێکیان بۆخۆیان دامەزراند، کە پەیوەندیان لەگەڵ عوسمانیەکان باش نەبووە . بۆ زیاتر زانیار بروانە : سرجان ملکم ، تاريخ ايران ، ترجمە: ميرزا حيرت،جلد اول،كتابفروشى سعدى، تهران ،١٨٧٦م ، ص١٦١ " حسين مير جعفرى ، منبع پيشين، ص٢٧٩

(2) حسن بيك روملو، احسن التواريخ ،جلد ١٢ ،تصحيح: عبدالحسين نوائى، انتشارات بابك، تهران، ١٣٥٧هـ.ش، ص ٩٠ ؛

Birol Baskan, from religious empires to secular states: state secularization in Turkey,Iran,and Russia, new york, 2014, P.76.

نەیتوانی ئەردەبیل لەسوڵتانی قەرەقوینلو وەربگرێتەوە، هەربۆیە بەناچاری رووەدەکاتە (شێروان)[1] بۆ جەنگ کردن دژی (چەراکس)[2]ە، بەڵام رووبەڕووبونەوەی لەلایەن میر خەلیل شێروانشا فەرمانڕەوای شێروان لەساڵی ١٤٦٠ز دوای شەڕێکی توند شێخ جونەید لەگۆڕەپانی جەنگ لە دۆڵی قەرەسوو دەکوژرێت [3].

دوای ئەم ڕووداوەش بەیەك ساڵ شێخ حەیدەر لە ئامەد لە دایك دەبێت و لەلایەن ئۆزۆن حەسەنەوە چاودێری دەکرێت و گەورە دەبێت ، تا ئەوکاتەی فەرمانڕەوای ئاق قوینلو دەتوانێ کۆتایی بەدەسەڵاتی قەرەقوینلو بێنێت و جیهانشا بکوژێت،پایتەختەکەی لە ئامەدەوە بگوازێتەوە تەورێز، کە ئەوکات حەیدەر تەمەنی تەنها نۆ ساڵانەو دەگەڕێتەوە ئەردبیل بۆ ئەوەی ببێتە جێنشینی باوکی بۆ رێبەرایەتی تەریقەتی سەفەوی[4].

شێخ حەیدەر بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێچکەی باوکی و یارمەتیدانی بەردەوامی لەلایەن ئۆزۆن حەسەن، هەروەها پەیوەندیە خزمایەتیەکەیان زیاتر پتەوتربوو، دوای ئەوەی ئۆزۆن حەسەن هەڵسا بەپێدانی کچەکەی خۆی بە

---

[1] ویلایەتێکە سەر بە هەرێمی ئازەربایجان دەکەوێتە باکوری روباری ئاراس لەرۆژئاوای دەریای خەزەر.

[2] نەتەوەیەکی کریستانین لە ناوچەی رۆژهەلاتی دەریای رەش کە هاوسێی گورجستان و رۆژئاوای داغستانە، بەشێوەیەکی بەردەوام هێرشکراوەتە سەر ئەو نەتەوەیە، چونکە کچ و کوری ئەم نەتەوەیە زۆر جوان بوونە لەبازارەکانی فرۆشتنی کۆیلە نرخێکی زۆر گرانبەهایان هەبووە . بۆ زانیاری زیاتر بروانە : امیر حسین خنجی ، نقش قزلباشان صفوی درتاریخ ایران زمین ، کتابخانه وی کیو ، تهران ، ١٣٩١هـ.ش،ص ٤٨.

[3] حسین میر جعفری ، منبع پیشین ، ص ص٢٩٠-٢٩١ ؛

Birol Baskan, Op.Cit, P.76.

[4] والتر هینتس ، منبع پیشین ، ص ص ٥٣ – ٥٤

ناوی مارتا بەشێخ حەیدەر، کە ئیسماعیل میرزای سەفەوی یەکێك لە نەوەکانی شێخ حەیدەرە و لە دواتردا بناغەی دەوڵەتی سەفەوی بە شێوەی پڕاکتیکی لە سەر دەستی بنیاد دەنرێت، هەروەها دوای سەرکەوتنی ئوزۆن حەسەن بەسەر جیهانشا کوڕی قەرە یوسف میری قەرە قوینلو وسوڵتان (ئەبو سەعید)[1]ی میری تەیمور ڕێگای والاّ کرد بۆ ئۆزۆن حەسەن ببێتە فەرمانڕەوای زۆر لەویلایەتەکانی ئێران[2].

کاتێك ئۆزۆن حەسەن کۆچی دوایی دەکات لەساڵی ١٤٧٨ز هێشتا شێخ حەیدەر تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵی و هەوڵی زۆری داوە تا مەرامەکانی باوکی بهێنێتە دی و تۆڵەی خوێنی باوکی لە شێروانشا بکاتەوە[3]، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە هەوڵی جدی دەدا بۆ چەکدارکردنی هەوادرو لایەنگرانی ، تا کار گەیشتبۆوە ئەو رادەیەی کە ماڵەکەی ببێتە ئەنباری چەك،

---

[1] ئەبو سەعید دوا سولتانی تەیمووریە ، ئەوکات لە خۆراسان بوو، پایتەختەکەی لە هرات و ئەویش خۆی بە پادشای ئێران دەزانی بەلاّم لە ڕووبەڕووبونەوەکانی لەگەڵ ئۆزۆن حەسەن لە دەشتی مغان بەدیل دەگیرێت و دواتر دەکوژرێت .بۆ زانیاری زیاتر بروانە: امیر حسین خنجی، منبع پیشین ،ص٥٠.

[2] خورشاه بن قباد الحسینی، تاریخ ایلچی نظام شاه، چ١ ، تصحیح و تحشیة و توضیح و اضافات : محمد رضا نصیری ، گولیچی هانەدا ،انجمن اثار و مفاخر فرهنگی ،تهران ، ١٣٧٩ه.ش ، ص ص٢ – ٣ " میشل م . مزاوی ، پیدایش دولت صفوی ،چ٢، ترجمە : یعقوب اژند ، نشر گسترده، تهران، ١٣٨٨ه.ش ، ص ص ٤٧–٤٨.

[3] هاشم حجازی فەر ، شا ئیسماعیلی یەکەم و جەنگی چالدێران، وەرگێران: کەمال ڕەشید شەریف،چاپخانەی ئۆفیسی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ز، ل ٤٢.

مێژوونوسێکی ئێرانی بەسەر سوورمانەوە دەنوسێت "لەئەردەبیل[1] لەجێی قەلەم نرەی شمشێرەکان دەبیستران"[2].

له یەکەمین هەنگاویدا شێخ حەیدەر لەساڵی ١٤٨٣ز بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی جەنگی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی شێروانشا فەرمانڕەوای ناوچەکە توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ بەسەر چەرکسەکان، دوای ئەم سەرکەوتنانە حەیدەر بیری لە پەلاماردانی شێروانشا فەرخ یەسار کردەوە، تاوەکو تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە[3] ، بۆیە لەساڵی ١٤٨٨ز ڕوودانی شەڕێکی لێکەوتەوە لە نێوان شێروانشا و شێخ حەیدەر کە سەرکەوتن بۆ هێزەکانی شێخ حەیدەر بوو تەنانەت بارودۆخی شەڕەکە وایکرد کە شێروانشا ڕوو لە قەڵای گوڵستان بکات و پاشان داوای یارمەتی لە میر یەعقوب کوڕی ئۆزۆن حەسەن کرد بۆ بەهانەوە چوونی، میر یەعقوب بێ دوو دڵی داواکەی ناوبراوی پەسند کرد، چونکە مەترسی و دڵەڕاوکێی زۆری لەسەر بووە بەرامبەر فراوان بوونی هەژموون و دەسەڵاتی شێخ حەیدەر لەناوچەکە، بۆیە کەوتە یارمەتیدانی شێروانشا و لە ئاکامدا شەڕێکی خوێناوی لە تەمموزی ساڵی١٤٨٨ز لە سنوری تەبەرستان لە دامێنی چیاکانی ئەلبورز ڕویدا کە تێیدا شێخ حەیدەر کوژرا [4].

---

[1] دەکەوێتە هەرێمی ئازەربایجانی ئێرانی ، باشوری ڕۆژئاوای دەریای قەزوین

[2] والتر هینتس ، منبع پیشین ، ص ٩٠

[3] کارل بروکلمان ، المصدر السابق ، ص ٤٩٥

[4] محمد محسن مستوفی ، زبده التواریخ ،به کوشش : بهروز گودرزی ، مجموعه انتشارات ادبی و تاریخی ،تهران ،١٣٧٥ه.ش ،ص٤٥ " خورشاه بن قباد الحسینی، منبع پیشین، ص ص٣-٤ .

دوای ئـەو رووداوە سـوڵتان یـەعقوب نامەیـەكی ئاراسـتەی سـوڵتان بایەزیدی[1] عوسمانی كرد، تێیدا جەختی دەكردەوە لەسەر لەناوبردنی شێخ حەیدەر كە بەسەردەستەی گومراكان و دوژمنی پێغەمبەر و ئاینی ئیسلامی دانابوو، هەروەها كوژرانیشی وابەستە كردبوو بە گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی لە نێو موسڵمانانندا[2]، سوڵتانی عوسمانی لە وەڵامدانەوەی نامەكەی سوڵتان یەعقوبی ئاق قوینلو، پیرۆزبایی لەو سەركەوتنە دەكات و دەڵێت" سەركەوتنی بایەندەریەكان بەسەر دەستەو كۆمەڵەی حەیدەری ، خۆشیەكانی جیهان زیادی

---

[1] بایەزیدی دووەم ١٤٨١ز لەدوای مردنی مەحەمەد فاتح فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی دەگرێتە دەست لەساڵی كە ئەوكات تەمەنی سی و پێنج ساڵان بوو، دوای ركابەری وململانێی توند لەگەڵ ( جم ) ی برای لەسەر دەسەلات ،بەلام ئەنكشاریەكان ئارەزووی هاتنە سەردەسەلاتی بایەزدیان دەكرد كەلەئاكامدا لەنزیك شاری ( یەنی شەهر) سوپای جم لەبەرامبەر بایەزید شكست دەخوات و رووەدەكاتە تخوبەكانی میسر و لەساڵی ١٤٨٢ز دوبارە دەگەرێتەوە ئەنادۆل بەیارمەتی مەمالیكەكان ، شەری ناوخۆ دەست پێدەكاتەوە و جارێكی دیكە شكست دەخوات و رووەدەكاتە دورگەی رودس و دواتر لەساڵی ١٤٩٥ز كۆچی دوایی دەكات ، لەكۆتاییەكانی سەردەمی فەرمانڕەوایی بایەزید بەتایبەت بارودۆخی ناوخۆ روو لەپەشێودی دابووە، بەتایبەت یاخی بوونی كورەكانی و دواتر سەلیمی یەكەم توانی لەسەر دەسەلات لایبدات و لەساڵی ١٥١٢ز كۆچی دوای دەكات هەندێك لە مێژوونوسان لەباوەرەدان كەلەلایەن سەلیمی كوریەوە ژەهر خوارد كرابێت لەترسی گەرانەوەی بۆ دەسەلات . بروانە : ودیع ابو زیدون ، تاریخ الامبراطوریة العثمانیة من التاسیس الی السقوط ، ط١ ،الاهلیة، عمان، ٢٠٠٣م ، ص ص٦٨ – ٧٦.

[2] سید حمید حسینی ، عوامل سیاسی – اجتماعی تنش میان صفویه و عثمانی ،فصلنامه (سخن تاریخ) علمی – تخصصی مجتمع اموزش عالی امام خمینی، شماره(٩)، تابستان ١٣٨٩هـ.ش،قم،ص ٣٤.

کرد، دەرەوشانەوەی مۆمی ئەو سەرکەوتنە رۆم و شامی گرتەوە"[١]، ئەمەش بەڵگەو دەرخەری ئەو راستیەن کە هیچ کات سوڵتان بایەزیدی عوسمانی لەدەرکەوتنی هزرێکی نوێ لە رۆژهەلاّتی جیهانی ئیسلامی بێ دەنگ نەبووە، کە هەندێك پیانوایە سیاسەتی نەرمی پەیرەو کردووە بەرامبەر بەوجولانەوە ئاینی – سیاسیە.

دوا بەدوای کوژرانی شێخ حەیدەر، سەریان لەلاشەی جیاکردەوە و سەرە براوەکەشیان لە مەیدانێك لە (تەورێز)[٢] بەدارەوە هەڵواسی، پاشان سوڵتان یەعقوب فەرمانیدا هەرسێ شازادە (عەلی،ئیسماعیل،ئیبراهیم) لەگەڵ مارتای دایکیان ببرێنە لای مەنسور بەگی حاکمی شیراز لە ویلایەتی فارس تا لە ئەستەخر زیندانی بکرێن[٣]، سەبارەت بەموریدەکانی سەفەوی دوای کوشتنی شێخ حەیدەر، هەڵسان بەدانانی عەلی لەجێگای باوکی وەك رێبەرو (مرشد) سوڵتانیان[٤].

دووبەرەکی و ململانێ لە دوای مردنی سوڵتان یەعقوب لە ساڵی ١٤٩٠ز، باڵ دەکێشێت بەسەر بنەماڵەی ئاق قوینلو لەئاکامدا (بایسەنقەر) لە

---

[1] ثابتیان، اسناد و نامەهای تاریخی و اجتماعی دوره صفویه ، ابن سینا ، تهران، ١٣٤٣هـ.ش، ص ص ٧٦-٧٧ " نەسروڵلا فەلسەفی ، جەنگی نیشتمانی ئێرانییەکان لە چاڵدێران، وەرگێران: ئەردەلاّن مام وسو دزەیی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە ، هەولێر، ٢٠١٤ز ، ل١٣.

[2] بەناوبانگترین شارە لە هەرێمی ئازەربایجان و مەلبەندی هەرێمەکەیە و شارێکی جوان و ئاوەدان و دلگیرەو خاوەن شورەی بەتینە .بروانە: شهاب الدین ابی عبدالله یاقوت بن عبدالله الحموی الرومی البغدادی،معجم البلدان، المجلد الثاني، دار صادر،بيروت،١٩٩٣م.ص ١٣.

[3] هاشم حجازی فەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥ " عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص٦٦٢.

[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥

ساڵی١٤٩٠ز توانی دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرێت ، بەلام هەرزوو رۆستەم میرزای ئامۆزای رووبەرووی دەبێتەوە و دان بەدەسەلاتەکەی دانانێت ، چونکە خۆی ئارەزووی وەرگرتنی دەسەلاتی هەبوو، هەر بۆ ئەم مەبەستەش سوڵتان بایسەنقەر داوای لە حاکمی (شێروان) کرد بۆ لێدانی ئامۆزاکەی، لەبەرامبەردا رۆستەم میرزا هەستی کرد ناتوانی رووبەرووی ئەم هێزە و هاوپەیمانەکەی ببێتەوە، بۆیە پەنای بردە بەر ئازادکردنی نەوەکانی شیخ حەیدەر لە ئەستەخر و داوای کۆکردنەوەی هێزی لێکردن بۆئەوەی رووبەرووی بایسنقەر بێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (عەلی) کوڕە گەورەی شێخ حەیدەر توانی ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی کۆ بکاتەوە و پاڵپشتی لە میرزا بەگ بکات لە ئاکامدا لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا لە نزیك (ئاهر) ڕوستم میرزا توانی بایسنقر بکوژێت و زاڵ بێت بەسەر هێزە رکابەرەکانی[1].

جەنگی ئاهر هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی سوڵتان عەلی کوڕە گەورەی شێخ حەیدەر لەجاران بەهێزتر دەرکەوێت، بەشێوەیەك ناوبرا و لەگەڵ موریدەکانی بەردەوام بوو لە بەرەوپێشچوون بۆئەوەی سەرکردایەتی سەفەوی بکات لەئەردەبێل، دیارە ئەم هەنگاوەی سوڵتان عەلی وفراوان بوونی دەسەلاتی بووە مایەی دروست بوونی مەترسی لەسەر پێگەی ڕوستەم میرزا ، بۆیە هەوڵیدا بە هەر شێوەیەك بێت ئەو مەترسیە لەسەر خۆی دووربخاتەوە ئەویش لەرێگای لە ناوبردن و کوشتنی، بۆیە بەر لە گەیشتنی بە ئەردەبێل ڕووبەڕووی هێزەکانی رۆستەم میرزا دەبێتەوە و دەکوژرێت[2].

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەکوژرانی سوڵتان عەلی لەنێوان مێژوونوسان راڤەی جیاوازی بۆ کراوە ، هەندێك پێیانوایە کە خنکا بێت، لەلایەکی تر دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەڕێگای داوەتکردنیان لەلایەن ڕوستەم میرزا بۆ تەورێز،

---

(1) حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص١٦ .

(2) محمد محسن مستوفی، منبع پیشین، ص ٤٦.

هەر لەوێ (عەلی) دەست بەسەر كرابێت و دواتریش فەرمانی كوشتنی دەركرابێت[1].

موریدە دڵسۆزەكانی تەریقەتی سەفەوی پاش كوژرانی سوڵتان عەلی لەساڵی ١٤٩٤ز هەوڵی زۆریاندا بۆ پارێزگاریكردن لە هەردوو براكەی دیكەی سوڵتان عەلی ( ئیسماعیل و ئیبراهیم ) توانیان لەسەرەتادا بیانگوازنەوە شاری ئەردەبیل و لەوێش پەناگەیەكیان بۆ فەراهەم بكەن بەمەبەستی شاردنەوەیان لەنێردراوانی رۆستەم میرزا، پاشان لەدەرفەتێكدا توانیان لەو شارە دووریان بخەنەوە بە ئاراستەی گەیلان، ئەم ئاوارەییەی و دەربەدەری كورانی شێخ حەیدەر بەردەوام دەبێت تا دوا قۆناغ ( ئیسماعیل) لەگەڵ موریدەكانی روودەكاتە (لاهیجان) لەوێش لەژێر چاودێری كاركیا میرزا عەلی بۆماوەی چەند ساڵێك دەمێنێتەوە، هەرچەندە كاركیا میرزا عەلی لەدەست و پەیوەندەكانی ئاق قوینلو بووە[2].

لەماوەی ساڵانی ١٤٩٥ز بەدواوە میرەكانی ئاق قوینلو بەربوونە گیانی یەكتری بەتایبەتی لەنێوان ئەحمەد بەگ كوری ئۆغرلوی نەوەی ئۆزۆن حەسەن و رۆستەم میرزای ئامۆزای، لەئاكامی ململانێیەكە رۆستەم میرزا لەساڵی ١٤٩٦ز دەكوژرێت، هەرچەندە بەمەش ناكۆكییەكان كۆتایی نەهات، بەڵكو تا دەهات ناكۆكییەكان چڕتر دەبۆوە، لەئەنجامدا لەنزیك ئەسفەهان ساڵی ١٤٩٧ز ئەحمەد بەگ دەكوژرێت ، دواتر دووبەرەكی و ناكۆكی لەسەر دەسەڵات دابەش دەبێتە سەر سێ بەرە كە هەر یەكەیان خۆیان بەشایەنتر دادەنا بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی رەها لەولاتدا، لەوانە موراد كوری یەعقوب میرزا و محمد میرزای كوری یوسف بەگ و براكەی بە ناوی ئەلوەند میرزا، لە كۆتایدا ئەلوەند میرزا توانی زاڵ بێت بەسەر ركابەرەكانی و فەرمانراوایی تاكە كەسی پیادە بكات ،

---

[1] مستەفا محەمەد كەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤.

[2] كارل بروكلمان ، المصدر السابق ، ص٤٩٦ .

هەرچەندە یەکگرتنی سوڵتان موراد و ئەلوەند میرزا هیچ سودێکی بەدەسەڵاتی ئاق قوینلو نەگەیاند[1].

سەرەرای ئەوەش سوڵتان بایەزیدی عوسمانی کە لە ساڵی ٩٠٧کۆچی/١٥٠١ز لەرێگای نامەیەك ، داوا لە یەکگرتنی خانەدانانی ئاق قوینلو دەکات دژ بە شا ئیسماعیلی یەکەم و قزلباشەکان، هەروەها جەخت لە یارمەتی و کۆمەکی عوسمانیەکان دەکات بۆیان[2]، بەلاًم هەوڵەکان بێ ئاکام بوون، چونکە ململانێی دوورو درێژی نێوان بنەماڵەکەیان هۆکارێك بوو بۆ لاوازبوونی دەوڵەتەکەیان و دواتر روخانی بەدەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی[3].

دەکرێت بڵێین تەریقەتی سەفەوی وەك بزوتنەوەیەکی ئایینی – رامیاری ئەوەندە بەهێز رەگی داکوتابوو ، بۆیە بەکوژرانی یەك لەدوای یەکی سەرکردەکانی نەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەیان، بەڵکو زەمینەی خۆشکرد دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، لەلایەکی دیکە بارودۆخەکە بواری رەخساند بۆ کەسایەتی شا ئیسماعیلی یەکەم دوای کوژرانی عەلی برای ببێتە رێبەری (مرشد) تەریقەتی سەفەوی و هەلومەرجی نالەباری باردۆخی سیاسی لەنێوان بنەماڵەی ئاق قوینلو هەموو بەیەکەوە رێگایان خۆش کرد بۆ شا ئیسماعیلی تەمەن سێزدە ساڵ کە بکەوێتە خۆ ئاشکرا کردن لە لاهیجان دواتر بەرەو ئەردەبیل کەوتە رێ، تا دەهات ژمارەی لایەنگرانی روو لەزیادبووندا بوون، دوای روبەروو بونەوەیەکی خوێناوی شاری تەورێزی گرت بەمەش کۆتایی

---

[1] فاروق سومر ، نقش ترکان اناطولی در تشکیل و توسعه دولت صفوی ، چ١ ،ترجمه : احسان اشراقی ، محمد تقی امامی ، نشر گسترده ، تهران ، ١٣٧١هـ.ش ، ص٢٤.

[2] سید حمید حسینی ، منبع پیشین ، ص٣٤.

[3] فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص٢٤.

بە فەرمانراوایی ئاق قوینلو هێناو بەردی بناغەی دەوڵەتێکی نوێی ئایینی شیعەگەرایی سیاسی لەئێران هێنا کایەوە .

**تەوەری دووەم :**

## شا ئیسماعیلی سەفەوی و بنیادنانی دەوڵەت

شا ئیسماعیلی یەكەم ساڵی ١٤٨٦ز نزیكەی یەك ساڵ پێش كوژرانی حەیدەری باوكی لەمەیدانی جەنگدا لەدایك بووە، دوای ئەم رووداوە مارتای دایكی شا ئیسماعیل لەگەل براكانی بەفەرمانی سوڵتان یەعقوب لە ئەستەخر زیندانی دەكریت، تاكو ئەوكاتەی رۆستەم میرزا لە پێناو بەرەنگاربونەوەی نەیارەكانی رزگاریان دەكات، بەلاّم دواتر لەریگای فێل و تەلەكەوە دەتوانێت زالٚ بێت بەسەر (علی ) لەئاكامدا مارتاو منداڵەكانی روو لەگەیلان دەكەن كە ئەوكات تەمەنی شا ئیسماعیل سەفەوی تەنها ١٣ساڵ دەبیت، هەروەك لە پێشودا باسمان كرد كە حاكمی لاهیجان زۆر بەرێزەوە پاریزگاری لیٚ دەكات تا ئەكاتەی بارودۆخ لە باردەبیت، گۆرانكاریەكی گرنگ لە مێژوی ئێران دێتە ئاراوە، ئەویش بریتی بوو لە كۆتایی هێنان بەفەرمانرەوایی ئاق قوینلو و دامەزراندنی دەوڵەتێكی خاوەن مۆركی ئاینی سیاسی شیعەگەرایی بەسەركردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی.

دامەزراندن و سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی لەسەر دەستی شا ئیسماعیلی یەكەم لە ئێران، كاریگەریەكی گشتگیری هەبوو لە هەموو بوارەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئاینی نەك تەنها لەسەر ئێران، بەڵكو لەسەر عیراق و توركیا و ئەفغانستان و هیند، بەتایبەتی دوای سەپاندنی ئاینزای شیعەگەرایی (دوانزە ئیمامی)[1] بەزۆری لەسەرئێرانیەكان و كردنی بەئاینزایەكی فەرمی حكومەتی ئێران[1].

---

[1] پێیانوایە تەنها دوانزە ئیمامی پارێزراو ( معصوم ) مەرجی ئەوەیان تێدایە كە ببنە پێشەوای موسلمانان ، ئەوانیش عەلی كوری ئەبو تالیب ، حەسەن كوری عەلی ، حوسێن كوری عەلی ، عەلی زەینەلعابدین كوری حوسێن ، مەحەمەد باقر كوری عەلی ، جەعفەر سادق

هەروەها ئەم سەردەمە بریتی بوو لەسەردەمی دەمارگیری هۆزایەتی وئاینزای شیعەگەرایی کە دەستیکردبوو بەبڵاوبونەوە لەوڵات ، لەلایەکی دیکەوە ئیسماعیلی یەکەم بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستبوو بە هۆزە تورکەکان کە پەیوەست بوون بە دەمارگیری هۆزایەتی و ئاینزای شیعەگەرایی، بەتایبەتی ئەو هۆزانەی ناسراون بە (حەوت هۆزەکە) کە ئەوانیش بریتی بوون لە (ئۆستاجلو ، شاملو ، تکالو ، بهارلو ، زولقەدر، قاجار ، ئەفشار ، کە دواتر رۆلی سەرەکی دەبینن لە بنیادنانی پیگەو دەسەلاتی دەولەتی سەفەوی لەئێران[٢] .

ئیسماعیلی یەکەم دەستی کرد بەکۆکردنەوەی هێز و لەیەکەم چالاکی پەلاماری باکو شماقەی دا مەبەستی ناوبراو لەم چالاکیەدا چەندین ئامانجی لەخۆ دەگرت لەوانە دابینکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ تاکو لە داهاتودا بتوانێت لەوێوە دەست بکات بەهەلمەت و هێرشەکانی بە مەبەستی دەست گرتن بەسەر عەرشی فارس[٣]، هەروەها یەکێك لە ئامانجە کۆنەکانی ئیسماعیلی یەکەم تۆلەکردنەوەی خوێنی باوکی بوو لەحاکمی شێروان ، جگە لەمانەش هۆکاری ئابووری لەپشت ئەنجامدانی ئەو چالاکیە هەبووە ئەویش بە داگیر کردنی ناوچەی دەوڵەمەندی شێروان دەتوانێت پێداویستی ئابوری بۆ لایەنگرانی

---

کوری مەحەمەد ، موسا کازم کوری جەعفەر ، عەلی رەزا کوری موسا ، مەحەمەد جەواد کوری عەلی ، عەلی هادی کوری مەحەمەد ، حەسەن عەسکەری کوری عەلی ، مەحەمەد مەهدی کوری حەسەن . بۆ پتر زانیاری بروانە : عبدالقادر صالح ، العقائد والادیان ، دارالمعرفة ، بیروت ، ٢٠٠٦م ، ص ١٠ .

(1) حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ١٨ .

(2) عبدالعزیز سلیمان نوار ، المصدر السابق ، ص ص ٢٤ – ٢٥.

(3) المصدر نفسه ، ص ٢٥.

دابین بکات، پاش بەرنگاربوونەوەی هەردوو هێز ئیسماعیلی یەکەم و هێزەکەی دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر لەشکری شیروانشا، خودی شیروانشا بەدەسی شاگولدی ئاغا دەستگیرکراو کوژرا، بەم جۆرە قەلای گولستان لەساڵی ١٥٠٠ز لەلایەن هێزەکانی تەکیەی ئەردەبێل داگیرکرا[١].

لەوکاتەدا ناکوکی و شەرەکانی نێوان محمد میرزا و ئەلوەند میرزا ،کورانی یوسف میرزای بایندەری[٢] بەسودی ئیسماعیل کوری شێخ حەیدەر گەرایەوە بەجۆرێك ناوبراو توانی لەماوەی یەك ساڵدا باکور کۆنترۆڵ بکات و سنوری حکومەتەکەی بگەیەنێتە سنوری جورجیا[٣]،سەبارەت بەئەلوەند میرزای ئاق قۆینلو بەهێزێکی نزیکەی سی هەزاریەوە رووبەرووی هێزیکی پێکهاتوو لە حەوت هەزار کەس بە سەرکردایەتی ئیسماعیلی یەکەم دەبێتەوە، لەدەوروبەری نەخچەوان لەشوێنیك بەناوی (شوورو) کەتیایدا سوپای میرزا ئەلوەند بەسەختی تێکشکاو ئەمەش بووە هۆکاریك کە ئازەربایجان بکەوێتە ژێر کۆنترۆلی ئیسماعیل کوری شێخ حەیدەر[٤]، دواتر بەرەو تەورێزی پایتەختی ئاق قوینلو لەشکرکێشی کرد و پێشوازی شایستەی لیکرا لەلایەن خەڵکی شارەکە، بەکۆنترۆڵ کردنی تەوریز لەلایەن ئیسماعیلەوە وەچەرخانیکی گەورە لەمێژووی ئێران هاتەئاراوە، کە بریتی بوو لەپاشایەتی بنەماڵەی سەفەوی[٥].لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، یەکیك لە گرنگترین فاکتەری

---

[1] هاشم حجازی فەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦١.

[2] بایەندەر بە واتای زەوی هەمیشە بەپیت و بەرەکەت دێت.

[3] میشیل م . مزاوی ، منبع پیشین ،ص ص ١٦٤-١٦٦ .

[4] مؤلف ناشناخته ، منبع پیشین ، ص ص٥٨ – ٥٩ .

[5] Alexander Mikaberidze , Conflict and Conquest in the islamic world: Ahistorical encyclopedia, Volume.1, U.S.A,2011,P.431.

شكستخواردنی هێزیكی خاوەن چەكی بەهێز و تەكنیكی بەرامبەری بەهێزیكی هۆزگەری وكەم ئەزمون دەگەڕێتەوە بۆ بێزار بوونی خەڵك لە جەوروستەمی فەرمانرەوای ئاق قوینلو لەلایەك و خراپی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و كۆمەلأیەتی كە هەموو ناوچەكانی ژێر دەسەلأتی ئاق قۆینلی گرتبۆوە لەلایەكی دیكەوە.

دوابەدوای دانیشتنی شا ئیسماعیل لەسەر تەختی شاهانە لە ساڵی ١٥٠١ز لە تەورێز هەڵسا بە جێگیركردنی پایەكانی شاهانەی لەسەر چوار بناغەی پتەو،كە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە :

١- سیادەت : شا ئیسماعیل بەگویرەی شەجەرەیەك كە یەكێك لە باپیرانی سازی كردبوو خۆی بە نەوەی ئیمام عەلی دادەنا .

٢- تەریقەت : شا ئیسماعیل خۆی بە ڕێبەری تەواوی (مرشدی كامل) تەریقەتی سەفەوی دادەنا و لە راستیشدا نەوەی شیخ سەفیەدینی ئەردەبیلی دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە بوون[١] .

٣- تەشەییوع : شا ئیسماعیل لە یەكەم ڕۆژی راگەیاندنی شاهانەی خۆیەوە ئاینزای شیعەی كردە ئاینزای فەرمی دەوڵەتەكەی و لەوتاری هەینیدا ناوی دوانزە ئیمامەكە بگوترێت و نەفرەتی سێ خەلیفەكەش بكرێت، هەرچەندە لەلایەن راوێژكارانەوە ئامۆژگاری كرا ئەم كارانە نەكات، چونكە سێ بەشی خەڵكەكە سونە ئاینزان وناكرێت گۆتەی ناشیرین بە سێ خەلیفەكە بگوترێت لەمینبەری مزگەوتەكان، بەلأم وەلأمی شا ئیسماعیل بۆ ئەم مەبەستە بریتی بوو لەوەی (( ئەو راسپاردراوە بۆ ئەم كارە و خوداو ئیمامەكان لە گەڵیدان و لەهیچ كەسێك ناترسێت، ئەگەر هاتوو لە ناو خەڵكدا وشەی

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پیَشوو ، ل١٦.

نارەزایی هەبێت،ئەوە شمشێرەکەی لە کالآن دەردەکات و نایەڵێت هیچ یەکێکیان بە زیندویی بمێنێتەوە ))[١].

٤- ئێرانی بوون :شا ئیسماعیل لە هەوڵی ئەوە دابوو کە سەرزەمینی دێرینی ئێران لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا یەك بخات و فەرهەنگی ئێرانی زیندوو بکاتەوە[٢].

لێرەدا دەکرێت بڵێین سەرزەمینی ئێران بەرێژەیەکی بەرز سونە ئاینزا بوونە ، بەلآم پەیرەوکردنی سیاسەتی توندو تیژی وسەپاندنی ئاینزای شیعەگەری بە زۆری هۆکارێك بووە بۆ چاوترسانی خەڵکی سادە،چونکە شا ئیسماعیل زۆر دڕندانە کەوتە گیانی زانایانی سونە ئاینزا، هەر لە ڕێگای ئەم سیاسەتە توانی پێگەی دەسەلآتەکەی کە مۆرکی ئاینی و ئاینزای شیعەگەری هەبووە بیسەپێنێت.

لەلایەکی دیکە شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ بەهێز کردنی پێگەی دەوڵەتەکەی پێویست بوو ناکۆکی و رکابەرەکانی لەناوەوەی شکست بدات، چونکە ئێران لەم سەردەمەدا دابەش ببوە سەر چەند هەرێمێك کە خاوەن فەرمانراوایی تایبەتی خۆیان بوون، وەك بنەماڵەی گورگانی لەهەرات و موراد میرزا سوڵتانی ئاق قۆینلۆ لە عێراق و فارس[٣]، هەروەها حەسەن کیا فەرمانراوایی رەها لەناوچەکانی فێروزکوە و غورو(سمنان)[٤] و رۆژئاوای

---

[1] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص١٨.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦.

[3] یحیی بن عبداللطیف، لب التواریخ ، بە خط محمد باقر نیرومند، انتشارات بنیادوگویا، تهران، ١٣٦٣ه.ش،ص٣٠٧.

[4] شارێکە کەوتۆتە باکوری بیابانی کوپر و رۆژئاوای دامغان . بروانە : لسترنج ، سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمە : محمود عرفان ، تهران، ١٣٧٣ه.ش ، ص ٣٩١.

خۆراســان، عەلائەلدولــە زولقــەدر لــە میرنــشینی زیلقــەدر لــەنێوان ســنوری عوسمــانی و مەمالیکــەکان ، چــەندین مــیری تــر کــە فــەرمانراوایی چــەندین ناوچەیان کردووە، لە ئێران بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەکو موراد بەگ بایندەر لەیەزد، باریل بگ برناك لە بەغدا و قازی محمد لەکاشان وسوڵتان حسین میرزا تەیموری لە بەشێك لە خۆراسان و میر زولنون لە قەندەهار و بدیعولزەمان میرزا تەیموری لە بەلخ و ئەبولفەتح بەگ بایندەری لە خۆراسان[1].

سەرەڕای ئەم هێزانەش چەندین هێزی دەرەکی تر کە مەترسی بوونە بۆ سەردەسەڵاتە تازەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی، لەوانە لە باکوورو خورئاواوە دەوڵـەتی عوسمـانی سـونە ئـاینزا کـە رووبـەڕوی هێزەکـانی ئـەوروپا دەبـۆوە لەبــەلقان، لەلایــەکی تــر لــەئاوەکانی کەنــداوی فارســی (عــەرەبی) بەتایبــەتی لەباشــووری رۆژئــاوای وڵاتەکــەی دەرکــەوتنی کەشــتیگەلی پروتوگــالی دوای دۆزینــەوەی رێگــای (رأس رجـا و الـصالح)[2] وەك هێزێـك کـە دەتـوانێ دەسـت بەسەر تواناکانی کەنداو بگرێت بەتـەواوەتی، هـەروەها لـەباکوری رۆژهـەلاٌتیش بوونی ئۆزبەکەکان بەسەرکردایەتی محمد شیبەك خان کە کۆنترۆڵی خۆراسانی کردبـوو، لەگـەڵ بەشـێك لـە بـاکوری رۆژهـەلاٌتی فـارس، سـەرەرای بـوونی هـۆزە

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

[2] (راس ئـەجولهاس)ی پـێ دەوترێـت و دەکەوێتـە ئەوپـەری بەشـی باشـوری کیـشوەری ئـەفریقیا و لەبازنـەی پـانی ( ٣٥)ی باشـوور نزیـك شـاری کیـپ تـاون ، لەسـاڵی ١٤٨٨ز بۆیەکـەمین جـار دۆزەرەوەی پرتوگـالی بـەناوی دیـاز نـاوی لێنـا سـەری گەردەلولـەکان لەبـەر بوونی گەردەلولی زۆر لـەو ناوچـەیەدا ، هـەروەها مـەلیکی پورتوگـالی جۆنی دووەم نـاوی لێنا (راس رجاء الصالح) لەبەر خۆشیەکانی لەدۆزینەوەی رێگایەکی دەریای نوێ بۆ هیند .

ئەفغانەکان لەرۆژهەلأت بەتایبەتی ناوچە بیابانە سەختەکان، لەرۆژئاواشی عێراق بوو، کە موراد کوڕی یەعقوب دوا میری ئاق قۆینلۆ رووی تێکردبوو[1].

لەساڵی ١٥٠٨ز شا ئیسماعیلی یەکەم لەرێگای هێزیکەوە روویکردە شاری بەغدا ، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەفەرمانراوایەتی موراد کوڕی یەعقوب، هەرچەندە دوا میری ئاق قۆینلۆ هەوڵەکانی چڕکردبۆوە بۆ پەیداکردنی هاوپەیمانیەتی دژ بە فراوانخوازیەکانی شا ئیسماعیلی یەکەم ، سەرەتا لەگەڵ عەلائەلدەولەی (ذوالقدر)، بەلأم ئەم هاوپەیمانەتیە نەیتوانی بەربەست لەبەردەم هەژموونی شاهی سەفەوی دابنێت[2].

سوڵتان موراد پاش بێ ئومێد بوونی لە هێز ودەسەلأتی عەلا ئەلدەولە ، داوای یارمەتی لە قانسوای غۆری دوا فەرمانراوای مەمالیك كرد بۆ بەهانا چوونی، بەلأم نەیتوانی هیچ هاوکارییەك پێشکەش بە سوڵتان موراد بکات، چونکە بارودۆخی سیاسی مەمالیکەکان ئاستەنگ بوون لەبەردەم پێشکەشکردنی هەر جۆرە هاوکارییەك دژ بەدەوڵەتی سەفەوی[3].

دیارە سوڵتان موراد کوڕی یەعقوب دوای جێهێشتنی بەغدا لەساڵی ١٥٠٧ز روویکردە شاری حەلەب[4]،بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی شارەکەی خستە ئەستۆی یەکێك لە سەرکردە تورکمانەکان بەناوی (باریل بگ برناك)، هەرچەندە ئەو سەرکردەیە سەرەتا هەوڵەکانی چڕ

---

[1] عبدالعزیز سلیمان نوار ، المصدر السابق ، ص ص٢٦ – ٢٧ .

[2] عماد الجواهری ، صراع القوی السیاسیة في المشرق العربی من الغزو المغولی حتی الحکم العثمانی ، مطابع التعلیم العالي، الموصل، ١٩٩٠م،ص ٥٤.

[3] المصدر نفسه، ص٥٥.

[4] عباس سرافرازی، نقش طایفه اق قویونلو در تثبیت و تضعیف خاندان صفوی تا ظهور شاه عباس اول، مجله ( شناخت) ، شماره (٥٢) ، زمستان ١٣٨٥ه.ش، ص ٢٣٩.

کـردەوە لـەرێگای دانوسـتاندن رێگـا لـەداگیرکردنی بەغـدا بگرێـت، هەرچـەندە زۆر بـەرێزەوە پێـشوازی لـە نێـردەی تایبـەتی شـا ئیـسماعیل کـرد و مـل کـەچ بوونی خۆی بۆ شا راگەیاند، چەندین دیاری لەرێگای ئەبو ئیسحاق سیرجی رەوانە کرد بۆ شا، بەڵام ئەم دیاریانە نەبووە هۆی نواندنی نەرمی لەلایـەن شـای ئێران، چونکە پێوابوو فەرمانراوای بەغدا دەبێت خۆی بێت بۆ لای و ملکەچی گوێرایەڵی خۆی بسەلمێنێت[1].

دوابـەدوای گەرانـەوەی نێـردە تایبەتیەکـەی فـەرمانراوای بەغـدا، کـە هـەڵگری کۆمـەڵێك پـەیامی هەرەشـە ئـامێزی شـا ئیـسماعیل بـوو بـۆ(باریـل بـگ برنـاك)، بـەڵام ئـەم هەرەشـانە نەبوونـە هۆکـاری رووخـانی بـاری دەروونـی فـەرمانرەوای بەغـدا، بـەڵکو هەوڵیـدا توانـەکانی یـەك بخـات بـۆ بـەرگریکردن لەشارەکە دژ بە سەفەویەکان ئەویش لەرێگای کۆکردنەوەی چەك و قایم کردنی شورای شارەکەو پرکردنی عەمبارەکانی دانەوێلە...هتد[2].

دیارە گرتنەبەری ئەم رێو شوێنانە نەبوونە بەربەست لەبەردەم سوپای سەفەوی، بەتایبەت دوای ئەوەی فەرمانرەوای بەغدا بیٚ هیوا بوو لە گەیشتنی یارمەتیـەکان کەلەلایـەن سـوڵتان مـوراد هـەوڵی بـۆ دەدرا، نـەیتوانی بەرامبـەر هێزەکـانی سـەفەوی خـۆی بگرێـت، بۆیـە لەهەلومـەرجێکی نادیـار شـارەکەیان جێهێـشت[3]، بـەم شـێوەیە لەسـاڵی ١٥٠٨ز شـا ئیـسماعیلی یەکـەم چـووە نـاو بەغـدا[4]، سـەرەتا کوشـتارگەیەکی گـەورەی لەبەغـدا دروسـت کـرد، تێیـدا ژمارەیـەکی زۆر لەخـەڵك بوونـە قوربـانی، بەتایبـەت کەسـایەتیە دیارەکـانی

---

[1] عماد الجواهری ، المصدر السابق، ص ٥٥.

[2] المصدر نفسه، ص٥٥.

[3] عباس سرافرازی، منبع پیشین، ص ٢٣٩.

[4] باقر امین الورد، حوادث بغداد في ١٢ قرن، مكتبة النهضة ، بغداد، ١٩٨٩م، ص ١٨٠.

ئاینزای سوونە[١]، تەنانەت ئێسقانی ئەبو حەنیفەی لەگۆڕ دەرکرد و سەگێکی لەجێگای ناشت[٢].

بێگومان شا ئیسماعیل بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانی ئەوپەڕی دەڵرەقی و توندوتیژی ودرندایەتی بەکارهێنا، بۆ نمونە لەشەڕی شێرواندا دوای کوشتنی فەرخ یەسار، ئێسك و پروسکی خلیل ئەڵلای باوکی فەرخ یەساری لەگۆڕ دەرهێناو سوتاندی، لەتەورێزیش هەمان رەفتاری دووبارە کردەوە، ، هەروەها دوای بەدیل گرتنی محمد کەرهی لەگەڵ حەوت کەسی تر لەناو قەفەزێك داینان و دواتر لەمەیدانێکی گشتی ئەسفەهان سوتاندنی[٣].

سەبارەت بە ململانێی و گرژی پەیوەندییەکانی نێوان خانەکانی ئۆزبەك و بنەماڵەی سەفەوی لەئێران مێژوویەکی تاڵ دوور و درێژی هەیە، کە سەرتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی حوکمرانی شا ئیسماعیلی یەکەم، چونکە ئەو کات محەمەد شیبك خانی ئۆزبەك دەسەلاَتی بەسەر ناوچەیەکی پان و بەرینی لێوارەکانی رووباری جیحۆن و تا دەگەیشتە سنووری ئێران لەسەر هێلی تەریبی سمنان لە خۆراسان و لە رۆژئاواش تاکو بەدەخشان و لە خوارووش تا دەگاتە ناوچەکانی کاخیندار، بەمەش دەرگاکانی رۆژهەلاَتی ئێران لەژێر دەسەلاَتی خانی ئۆزبەك دابوو[٤].

---

(1) باقر یاسین ، مێژووی خوێناوی عێراق، وەرگێران: حەمە صالح گەلاَلی ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ز، ل١٢٩.

(2) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨.

(3) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨.

(4) مەحەمەد سهێل تەققوش ، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێرانی: شاخەوان مەحەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر،٢٠١٠ز ، ل ٧٥.

هۆكاری رووبەڕووبونەوەكانی نێوان هەردوولا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ كێشەی ئاینزای، چونكە شا ئیسماعیلی یەكەم لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بەزۆر ئاینزای شیعە بسەپێنێ، لەبەرامبەریشدا خانی ئۆزبەك داوای لێكردووە واز لە ئاینزای شیعە بهێنێت و كاری باوك و باپیرانی( دەروێشایەتی) ئەنجام بدات و لەمزگەوتەكانیش وتار بەناوی ئەو بخوێندرێتەوە، هەروەها ناویشی لەسەر پارەو پول بێت[1]،لەلایەكی دیكەوە خانی ئۆزبەك دەیویست دەسەڵاتداریەتی خۆی بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، چونكە رۆژانێك خاكی ئێران لەژێر فەرمانراوایی باوك و باپیرانیان بووە، محەمەد شەبیك خان بەرەچەلەك راستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر (جەنگیزخان)[2]ی مەغۆلی[3].

محەمەد شەبیك خان دەستی بەچالاكییەكان كردن لەناو خاكی ئێران بەتایبەتی دوای قۆستنەوەی هەلێكی زێرین، كاتێك شا ئیسماعیلی یەكەم

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی ، اقتصادی فرهنگی ایران در دوران صفویه ، چ٤ ، سازمان مطالعه و تدوین كتب علوم انسانی دانشگاها ( سمت ) ، تهران ،١٣٨٦ ه.ش ، ص٧٧.

[2] بە گوێرەی بۆچوونی زۆربەی مێژوونوسان جەنگیز خان لەساڵی ١١٥٥ز لەنزیك زێی ئونون لەدایك بووە ، لەماوەی فەرمانراواییەكەی توانی هەموو هۆزەكانی مەغۆل لەژێر چەتری یەك سەركردایەتی كۆبكاتەوەو فرەوانخوازیەكانی رۆژهەلات و رۆژئاوای گرتەوە ، لەساڵی ١٢٢٧-١٢٢٩ز مردووە. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی جەنگیزخان بروانە: سەید باز ئەلعرینی ، مەغۆلەكان ، وەرگێران : شاخەوان محەمەد ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠٠٨ز .

[3] ادوارد براون ، تاریخ ادبیات ایران ، ترجمه : بهرام مقدادی ، چ٢ ، انتشارات مروارید ، تهران،١٣٧٥ه.ش ، ص١٠٢ "حمید حاجیان پور، روابط ایرانیان و اوزبكان در دوره شاه طهماسب صفوی، مجله علمی- پژوهشی دانشكده ادبیات و علوم انسانی اصفهان، شماره(١٨-١٩)،پاییز و زمستانی١٣٧٨ه.ش،ص٤١.

خەریکی جەنگەکانی بوو لەگەڵ حاکمی شێروان، خانی ئۆزبەك توانی دەست بگرێت بەسەر کرمان لە ساڵی(١٥٠٧ ) [١] ، سەرەرای ئەوەش شا ئیسماعیلی یەکەم لەرێگای ناردنی نێردراوەکانی داوای لە محەمەد خان کرد کێشەکانیان بەرێگایەکی ئاشتی چارەسەر بکەن، بەلاّم هەولەکان هیچ ئەنجامێکی نەبوو[٢] . دەکرێت بلێین شا ئیسماعیلی یەکەم کەسێکی توند و دڵ رەق بووە بەرامبەر بە نەیار و دوژمنەکانی، بەلاّم بەرامبەر بە خانی ئۆزبەك نەرمی نواند ، رەنگە هۆکارەکەی بگەرێتەوە بۆ تەواو جێگیر نەبوونی پایەی دەسەلاّتی لە تەواوی ئێران .

شا ئیسماعیلی یەکەم لەساڵی (١٥١٠) بە هێزێکی گەورە رێگای گرتەبەر بەرەو خۆراسان بە مەبەستی رووبەڕووبونەوە لەگەڵ خانی ئۆزبەك، ئەوەی یارمەتی (شا ئیسماعیلی یەکەمی)دا بریتی بوو لەچەندین هەڵگەرانەوە و شۆرش دژ بەخانی ئۆزبەك، لەوانە شۆرشەکانی فەیروز کوە، هەروەها هەڵگەرانەوەی (بیونسز حەسەن) لە حوکمرانی محەمەد تەیمور لەنزیك روباری سیحۆن[٣]، لەلایەکی دیکەوە زیرەکایەتی و فێلەکانی شا ئیسماعیلی یەکەم لەتەکتنیکی جەنگی توانی هێزەکانی ئۆزبەك بخاتە ناو بۆسەیەکەوە، کە تێیدا

---

(1) مریم میر احمد، منبع پیشین ، ص٥١.

(2) حسن کریم جاف ،المصدر السابق ، ص٢٥.

(3) محمدیار بن عرب قطفان ، مسخرالبلاد( تاریخ شیبانیان ) ، تصحیح : نادره جلالی ، چ١ ، مرکز پژوهشی میراث مکتوب ، تهران ، ١٣٨٥ ه.ش ، ص ص ١١٠-١١١.

زۆرێك لەسەركردەكانی ئۆزبەك كەوتنە تەلەو كوژران[١]، لە نێویاندا مەحەمەد خانی شەیبانی سەركردەو رابەری ئۆزبەكەكان[٢].

سەبارەت بە محەمەد شەبیك خانی ئۆزبەك، دوای كوژرانی لەمەیدانی جەنگ، بەناشرینترین شێوە مامەلە لەگەڵ لاشەكەی كراوە لە لایەن موریدەكانی شا ئیسماعیلی یەكەم، بەشێوەیەك گۆشتەكەیان بەكاڵی خوارد[٣]،دواتر پێستی سەریان پڕ لەكا كرد بۆ سوڵتان بایەزیدیان ناردو پەلەكانیان بۆ حوكمڕانی ناوچەكان نارد[٤]. هەرچەندە كوژرانی خانی ئۆزبەك نەبووە هۆی كۆتایی هێنان بەهەرەشەكانی ئۆزبەك لەبەرەی رۆژهەلات، بەڵكو ململانێیەكەی زیاتر قووڵكردەوە، لە هەمان كاتیشدا درێژەی كێشا تاوەكو رووخانی دەوڵەتی سەفەوی بەدەست ئەفغانەكان .

شیاوی باسكردنە گرنكترین كێشە كە رووبەرووی شا ئیسماعیل بۆتەوە لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتیەكەیدا بریتی بووە لە گرنگیدا بەئازەرییەكان و پشت پێ بەستنیان لەلایەكی دیكەوە خۆشی هەر ئازەری بووە، بۆیە هەموو پلەو پایە گەورەكانی دەوڵەتەكەی دابوو بەئازەرییەكان، ئەمەش بووە هۆكارێك كە دەنگی نارەزایی لەرەگەزی فارس هەلبستێت بەرامبەر بەم رەفتارە، چونكە لە مێژووی كۆنی ئێراندا خاوەن دەسەلات بوونە وەك ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی

---

(1) عبدی بیگ شیرازی ( نویدی) ، تكملە الاخبار ،تصحیح ، عبالحسین نوایی ، نشر نی ، تهران ، ١٣٦٩ ه.ش،ص٤٩.

(2) جیمس داون ، شاه اسماعیل صفوی ، ترجمە و اقتباس : ذبیح الله منصوری ، چ١٤ ، انتشارات زرین ، تهران ، ١٣٨٤ه.ش ،ص ٦٤٩ ؛

Gabor Agoston and Bruce Masters , Encyclopedia of the ottoman Empire, p.280.

(3) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨ .

(4) حسن بیك روملو ، منبع پیشین ، ص١٢٢.

و ساسانی، هەربۆیەش فارسەکان حەزیان نەدەکرد خەڵکێکی تر فەرمانرەوایان بکات، چونکە پێیان وابوو ئازەرییەکان خێڵەکین و شارستانیەت لە رەگەزی فارسیەوە بووە، هەرچەندە شا ئیسماعیل بیری لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کردەوە بەدانانی کەسێکی رەگەز فارس لە دەرباری سەفەوی، بەلاّم پلەوپایە بەرزەکان هەر لەدەست ئازەرییەکان بوو، بۆیە هەرزوو کێشە لە سەر پلەو پایەکان دروست بوو ، جگە لەمەش پایتەختی دەوڵەت لەتەوریز بوو، کە شارێکی ئازەریە ، لەلایەکی دیکەوە بەبارودۆخی ئابووری ولاّت لەو سەردەم تووشی قەیرانێکی دارایی زۆر ببۆوە ، بۆیە بۆ رزگار بوون لەم قەیرانە هەستان بە سەپاندنی باجی زۆر ئەمەش کێشەکەی زیاتر قووڵ کردەوە ، سەرەرای کێشە دەرەکییەکانی بەتایبەت دوای رووبەروو بونەوەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ، وایکرد شا ئیسماعیلی یەکەم بیر لە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ هێزە ئەوروپاییەکان بکاتەوە بە تایبەتی لەگەڵ پورتوگالییەکان کە دوای دۆزینەوەی (رأس رجاء الصالح) هاتبونە کەنداوی فارسی ،بەلاّم ئەم هاوپەیمانیەتە سەری نەگرت[١]، هەروەها هاندانی ئەوروپاییەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی شا ئیسماعیل بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی کە ببێتە هۆکارێك بۆ لابردنی پاڵەپەستۆی عوسمانییەکان لەبەرەی رۆژئاوا ، بۆئەم مەبەستەش چەندین بەرنامە هەبووە بۆ لێك نزیك بوونەوە لە هێزە ئەوروپاییەکان بەلاّم دووری رێگا بەربەست بووە لە بەدیهێنانی ئەم مەبەستە[٢].

سەرەرای ئەوانەش شا ئیسماعیل لە هەموو لەشکرکێشیەکانیدا لە هەر چوار لای قەلمرەوەکەیدا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا توانی

---

[1] عبدالعزیز سلیمان نوار ، المصدر السابق ، ص٣٣.

[2] حسن کریم جاف ،المصدر السابق ، ص ٢٥.

ئیمپراتۆریەتیەكی فراوان دابمەزرێنێت كە سنورەكەی دەگەیشتە سنوری كۆنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ئەمەش بووە هەرەشەیەكی مەترسیدار لەسەر دەوڵەتی عوسمانی [١]، بۆیە فەرمانرەواكانی عوسمانی فراوانخوازییەكانیان لە ئەوروپا راگرت و كشان بۆ رۆژهەڵات بەمەبەستی رووبەرووبونەوە لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی لە ئاكامدا لە ساڵی١٥١٤ز لە چالدێران[٢] توانیان شكستی سەخت بە شا ئیسماعیل بگەیەن و شاری تەورێزیش داگیر بكەن، بەلآم ئەم شەرە دەوڵەتی تازەی سەفەوی لە ناونەبرد، بەڵكو ئەم دەوڵەتە هەر ماوە و لە ململانێ دابوو لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێكانی لەلایەك و گەلە نا ئازەرییەكان لەلایەكی دیكەوە ، هەر ئەم شكستەش بوو وایكرد شا ئیسماعیلی سەفەوی تووشی گۆشە گیری ببێت و لە ئاكامدا لە ساڵی ١٥٢٤ز لە تەمەنی گەنجی سەری نایەوە ، بەلآم دوژمنایەتی قوڵی بە میرات بۆ جێنشینەكانی لە دوای خۆی جێهێشت[٣].

---

[1] مستەفا محەمەد كەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢. سەبارەت بەقەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی شا ئیسماعیلی یەكەم بگەرێوە بۆ نەخشەی پاشكۆی ژمارە (١).

[2] دەشتی چالدێران نزیكەی هەشتا كیلۆمەتر چوارگۆشەیە ، دەكەوێتە باكوری رۆژئاوای تەورێز بە دووری بیست فەرسەخ.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨.

**تەوەری سێیەم :**

## شا ئیسماعیلی سەفەوی و جەنگی چالدێران

دەوڵــەتی عوسمــانی بــە ســەرکردایەتی ســوڵتان (مەحەمــەد فــاتح)[1] بەدرێژایی سەدەی پانزدەهەم سەرقالی داگیر کردنی ئەوروپای کریستیانی بوو ، تا رادەیـەك عوسمانییـەكان توانیـان زۆربـەی ناوچـەكانی رۆژهـەلاتی ئـەوروپا بخەنە ژێر ركێفی خۆیان ، ئەوكات ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەوپـەری بـەهێزی هـەژمار دەكـرا لـە رووی سیاسـی و سـەربازی بـە شـێوەیەك كـە بـە بـەهێزترین دەوڵەتی سەدەی پانزدەهەم ئەژمار دەكرا[2].

لە دوای مردنی مەحەمەدی فاتح ، (بایەزیدی دووەم) دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمـانی دەكەوێتـە ژێـر دەسـتی ، هـەروەك بـاوكی لـە فراوانخوازییـەكانی لـە ئـەوروپا بـەردەوام بـوو ، بـەلام لـە كۆتاییـەكانی حوكمرانیـدا، بـارودۆخی ولات بەرەو ئاڵۆزی و گرژی رۆیشت ، بە تایبەتی كێشەی منداڵەكانی بایەزید لە سەر

(1) مەحەمـەدی دووەم ناسـراو بـە ( فـاتح )لـە تەمـەنی نـۆزدە سـاڵیەوە لـەدوای فـەرمانراوایی باوكی مورادی دووەم ، دەبیتە سولتانی عوسمانی ماوەی فەرمانراواییەكەی سی ساڵ بوو ( ١٤٥١ – ١٤٨١ز ) كـە تێـدا تـوانی دەسـت بگرێـت بەسـەر قوسـتەنتینە لەسـاڵی ١٤٥٣ز ناوەكەشـی گـۆری بـۆ ئیـستانبول بـەواتای شـاری ئاشـتی دێـت ، لەگـەڵ ئـەوەش فرەوانخوازیەكانی رووی لە بەلقان كردوو هەریەكە لە سربیا و بۆسنەو هەرسكی خستە ژێر دەسەلاتی خۆی، لەبـەرەی ئاسیاوە لـە سلی ١٤٦١ز میرنشینی تـەرابزۆن و لەساڵی ١٤٦٨ز میرنـشینی كرمـانی خـستە ژێـر دەسـتی ، هـەروەها لەسـاڵی ١٤٧٥ز هـەژموونی خـۆی بەسەرنیمـچە دورگـەی قـەرم سـەپاند ، چـەندین پـرۆژەی دیكـە لەبەردەسـتی دابـوو بـەلام بـەهۆكاری مەرگیـەوە لەسـاڵی ١٤٨١ز نـەتوانرا پرۆژەكـانی تـەواو بكـات . بۆ زیـاتر زانیـاری بروانە : مفید الزیدي ، موسوعة التاریخ الاسلامي ، دار اسامة ، عمان ، ٢٠٠٣ ، ص ص ١٩ – ٢٣.

(2) ژان پل رو ، تركیه ، ترجمه : خانبابابیانی ، نشركتاب ، تهران ، ١٣٧١هـ.ش ، ص ١٧٢.

دەسەڵات ، کەنەیتوانی وەکو پێویست چارەسەری کێشەکان بکات[1]، لەلایەکی دیکەوە بەشێك لەماوەی حوکمرانی بایەزید هاوکات بووە لەگەڵ شا ئیسماعیل سەفەوی بە شێوەیەکی گشتی سوڵتان بایەزیدی عوسمانی پەیرەوی دوو جۆر سیاسەتی کردووە بەرامبەر سەفەویەکان ، لەسەرەتای سەرهەڵدانی جولانەوە ئاینیەکەی بنەماڵەی سەفەوی هەردەم لەهەوڵی بنبرکردنی ئەو جولانەوە بووە، بەتایبەت لەسەردەمی فەرمانرەوایانی دوای سوڵتان یەعقوبی ئاق قوینلو کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە ، بەلام لەکاتی بەهێز بوونی شا ئیسماعیلی یەکەم ، سوڵتان بایەزیدی عوسمانی پەیرەوکردنی سیاسەتی نەرم و ئامۆژگاری گرتۆتەبەر[2].

سەبارەت بەپەیرەوکردنی سیاسەتی توندوتیژی لەلایەن شا ئیسماعیلی یەکەم بەرامبەر بە سوننە ئاینزاکان لەسەرووی هەمووشیانەوە شەبیك خانی ئوزبەك، سوڵتان بایەزیدی عوسمانی نامەیەك ئاراستەی دەکات و دەڵێت" شا ئیسماعیلی یەکەم گەنجێکی بێ ئەزموونە، پێویستە گوێرایەڵی ئامۆژگاریەکانم ببیت وەك باوکێك، بەمەبەستی سەپاندنی ئاینزا نوێیەکەت خوێنی موسڵمانان نەرێژیت، چونکە کوشتنی موسڵمانان سزاکەی دۆزەخی هەتاهەتاییە، بەناردنی پێستی سەری شەبیك خانی ئوزبەك بەهیچ شێوەیەك سوڵتانی عوسمانی گیرۆدەی ترس ناکات [3].

---

[1] اسماعیل اوزون حقی چارشلی ، تاریخ عثمانی ، جلد دوم ، نشر کیهان ، تهران ، ١٣٦٩ه.ش ، ص٢٠٨.

[2] سید حمید حسینی ، منبع پیشین ، ص٣٣.

[3] محمد عارف اسپناقچی پاشا زاده ، انقلاب الاسلام بین الخواص والعوام ( تاریخ زندگانی و نبرد شاه اسماعیل صفوی و شاه سلیم عثمانی)، بەکوشش: رسول جعفریان، انتشارات دلیل ، قم ، ١٣٧٩ه.ش، ص٢٧. سەبارەت بە دەقی ناوەڕۆکی نامەکەی سولتان بایەزیدی

**شـــا ئیـــسماعیلی ســـەفەوی ( ١٤٨٥ – ١٥٢٤ ز ) لـــە دوای ئـــەوەی دەوڵـەتێکی شـیعە ئـاینزا لـە ژێـر نـاوی دەوڵـەتی سـەفەوی لـە سـاڵی ١٥٠١ز دامەزرانـد، سـەرهەڵدانی ئـەم دەوڵەتـە تازەیـە ئـاگری شـەری لـە ناوموسـلمان هەڵگیرساند، ئاگرێك کە بە درێژایی چوار سەدە هەردوو دەوڵـەتی عوسمـانی و سـەفەوی داگرتـەوە ، چـونکە پەرەسـەندنی ئـاینزای شـیعەگەرایی لـە ئێـران و ئـەنادۆل ،جگـە لـەوەی مەترسـیەکی گـەورەی سـەربازی بـوو ،لەهـەمان کاتـدا پەیامی ئاینزایەکەش بەهەرەشەیەکی سیاسی لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانی لێکدرایەوە[1] بەتایبەت ( سوڵتان سەلیم)[2] ی عوسمـانی کـە سـوننە ئـاینزاێکی دمـارگرژ بـوو، داوای خەلافـەتی جیهـانی ئیـسلامی دەکـرد ، لەبـەر ئـەوە هەڵـسا**

---

عوسمانی بۆ شا ئیسماعیلی سەفەوی بگەرێوە بۆ: نەسروڵلا فەلسەفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤–٢٥.

[1] استانفورد جی شاو،تاریخ امبراطوری عثمانی و ترکیه جدید،ترجمه: محمود رمضان زاده، انتشارات استان قدس رضوی،مشهد،١٣٧٠هـ.ش،ص١٤٥.

[2] سـولتان سـەلیمی یەکـەم ( ١٤٧٠ – ١٥٢٠ ز ) دوای ئـەوەی تـوانی لـە رێگـای هێـزی ئینکشاری تەنازول بە بایەزید بکات بۆ جێهێشتنی دەسەلات ، لەماوەی حوکمرانیەکەیدا کە تەنها نۆ ساڵ بووە توانی زال بێت بەسەر رکابەرەکانی و لە ناویان ببات، لەسەر دەسەلات بە تایبەتی براو نەوەکانیان ، و هەروەها لەسەردەمی فەرمانرەوایدا گۆرانکاریـەکی ریشەیی لە فرەوانخوازییـەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی هاتـە ئـاراوە ، ئـەویش بـرییتی بـوو لـە راگـرتنی فرەوانخوازییەکانی لە بەرەی رۆژئاواو رووکردنە رۆژهەلات بە مەبەستی دانانی بەربەستێك لەبەردەم سەفەوییەکان بۆ زانیاری زیاتر بروانە: محمد علي عامر ، الدولة العثمانية – تاريخ ووثائق ، ط١ ، دار الرحاب ، دمشق ، ٢٠٠١ م ، ص ص ١٤٤–١٤٦.

بە پەیرەوکردنی سیاسەتێکی توندو تیژ بەرامبەر بە شیعە ئاینزاکانی ئەنادۆڵ و کە لە هێرشێکدا نزیکەی چل هەزار کەسی لێکوشتوون[١].

شا ئیسماعیل دوای دەست بەسەردا گرتنی تەورێز لە ساڵی ١٥٠١ز هاتە سەر تەختی شایەتی و بریاریدا بە سەپاندنی ئاینزای شیعە وەك ئاینزای رەسمی وڵات ، بەرامبەر بەمەش بۆ سەپاندنی سیاسەتەکەی هیچ بەزەیی بەکەسدا نەدەهاتەوە زۆر بە توندی کەوتە گیانی خەڵکی شارەکان و ئامادە نەبوو یەك هەنگاو پاشەکشە بکات لە بریارەکانی خۆی [٢]، لەلایەکی دیکەوە هەوڵیداوە پەرە بە ئاینزای شیعە بدات لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات[٣]، لەم رووەوە مەڵبەندی ئەنادۆڵ بۆ شا ئیسماعیل لە هەموویان گرنکتر بوو ، چونکە خەڵکێکی زۆر عەلەوی بوون و لەلایەکی دیکە پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتە زیاتر بۆ تەنگاوکردنی سوڵتانی عوسمانی بوو[٤].

پیادەکردنی ئەو سیاسەتانە لەلایەن شا ئیسماعیل وای لە سوڵتانی عوسمانی کرد چەند نامەیەکی توند ئاراستەی شا ئیسماعیل بکات و داوای لێبکات واز لە دەسەڵات بهێنێت و بگەرێتەوە بۆ ناو تەکیەکەی خۆی ئەگینا وڵاتی لێ داگیر دەکات[٥].

---

(1) هامر پوور گشتال ، تاریخ امبراطوری عثمانی ،جلد اول ،نشر زرین ، تهران ، ١٣٦٧ه.ش ، ص٨٢٣.

(2) نظام الدين مجير شيبانی، تشكيل شاهنشاهی صفويه( احيا و وحدت دينی)، انتشارات دانشگاه تهران، تهران،١٣٤٦ه.ش،ص٨٩.

(3) Divid commins, The Gulf states: Amodern history , (London - 2012) , P.39.

(4) علی شريعتی ، تشيع علوی و تشيع صفوی ، نشر ازادی ، تهران ، ١٣٦٣ه.ش ، ص٥٨.

(5) هامر پوور گشتال ، منبع پيشين، ص ٨٢٣ .

**دیارە شای ئێران دوای دەست بەسەرداگرتنی تەورێز و نەخجەوان لە ساڵی ۱۵۰۱ز دواتریش ناوچەکانی ئەرمینیای داگیر کرد و رۆژ دوای رۆژ سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوانتر دەکرد[(1)] ، سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستانیش لەم هێرشانە بێ بەش نەبوونە ، لەوانە هەردوو شاری دیاربەکر و وان ، هەروەها میرنشینەکانی چمشگزك[(2)] وئەگیل[(3)] و پازوکی[(4)] و پالنگان، بەڵام نەیتوانی موکری و جەزیرە داگیر بکات ، هەروەها سیاسەتی توندوتیژی سەفەویەکان لە ناوچە کوردنشینەکان لە تالان و کوشتارو سەپاندنی بەزۆری ئاینزای شیعە بەسەر خەڵکەکەدا بووە هۆکارێك کە کوردەکان خۆیان دووربگرن لە ستەمی دەسەڵاتدارانی سەفەوی[(5)].**

---

(1) John M. Flannery, The Mission of the Portuguese Augustinians to Persia and Beyond (1602-1747) , (U,S.A- 2013),P.21.

(2) ئەو میرنشینە دەکەوێتە باکوری مەلاتیە ، و ناوچەی دەرسیم لەژێر فەرمانراوایی ئەو میرنشینەدا بوو ، ئێستاش ( چمشگزك ) دەکەوێتە ویلایەتی تونجلی کوردی لە تورکیا . سعدي عثمان هروتی ، کوردستان والامبراطورية العثمانية ، ط۱ ، مطبعة خاني ، دهؤك ، ۲۰۰۸م ، ص ۲۱.

(3) شاروچکەیەکی بچوکە لە هەرێمی ئەرغنی سەر بەدیاربەکر کە دەکەوێتە دووری ۳۲ کم لەباکوری رۆژئاوای دیاربەکر .

(4) ئەو میرنشینە دەکەوتە باکوری دەریاچەی وان و مەلبەندی میرنشینەکە لەشاری مەلازگرد بووە ، ئەوکات دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەرجیش و عادجوازز لەشگرد و کیغی، لەوماوەیەدا خالید بەگ کوری شەهسوار بەگ فەرمانرەوای دەکرد.

(5) سعدی عثمان هروتی ، المصدر السابق ،ص ص۳۱-۳۲ " شمسی محمد ئیسکەندەر، مێژووی کورد لە سەدەی شانزەنزەهەمدا ، وەرگێران : شوکور مستەفا ، هەولێر ، ۱۹۹۸ز ، ل۷۱ .

سەبارەت بەسیاسەتی شا ئیسماعیل بەرامبەر بە كورد بریتی بووە لە پیادەكردنی سیاسەتێكی دوو جەمسەری، بەشێوەیەك لەلایەك سیاسەتی بێ لایەنی پەیرەو دەكرد وەك دەست نەخستنە ناوكاروباری ناوخۆیی میرنشینە كوردیەكان ، لەوانە میرنشینی هەكاری كاتێك میر زاهید بەگی كوری عزەدین شێر ملكەچ بوونی خۆی بۆ شا راگەیاند، لەبەرامبەردا شای سەفەوی فەرمانیدا بەهێشتنەوەی دەسەڵاتەكەی لەسەر میرنشینی هەكاری[1]، هەروەها هەمان رەفتاری ئەنجام دا لەگەل سەرداری میرنشینی برادۆست كە ناوچەكانی تەرگەوەرە و شوما و هەموو زەوی و قەڵاكانی پێ بەخشیەوە و فەرمانی والیەتیشی بۆ مۆر كرد[2]، لەلایەكی دیكەوە شا ئیسماعیلی سەفەوی پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی پێشوو بەرامبەر بەكورد رەفتاری كردووە، لەوانە حاجی رۆستەم میری چەمشگەزگ بەبێ هیچ رووبەرووبونەوەیەك ناوچەكانی دایە دەست دەوڵەتی سەفەوی كەچی لەبەرامبەردا میری چەمشگەزگ لەدەسەڵات دوورخستەوە، لەجێگای ئەودا نور عەلی خەلیفەی سەركردەی قزلباشی دانا[3].

---

[1] میر شەرەف خانی بدلیسی ، شەرەفنامە (( مێژووی ماله میرانی كوردستان ) ، وەرگێرانی : ماموستا هەژار ، چاپی شەشەم، پەخشانگای پانیز ، تهران ، ٢٠١٠ز، ل١٥٠.

[2] جەمال مەجید ، كوردستان و هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە( ١٧)، ساڵی پێنجەم ، سلێمانی، ٢٠٠١ز،ل٧٦.

[3] میر شەرەف خانی بدلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٢٥–٢٢٦.

سەرەرای ئەوانەش شا ئیسماعیل سەفەوی لە ساڵی ١٥٠٥ز هێرشی کردە سەر (سارم کوری سەیفەدین) فەرمانرەوای ناوچەی موکری[١] لە هەمان ساڵدا ، سی و چوار میرو بەگی کورد بە نیازی دەربرینی وەفاداری چوون بۆ تەوریز ، بەڵام بەبێ هیچ بیانوویەك فەرمانی کۆت و بەندیان درا لەلایەن شا ئیسماعیل و خرانە بەندیخانە و دواتریش خاکی کوردستان بەسەر سەرکردە قزلباشەکان دابەشکرا [٢].

شیاوی باسکردنە ئەنجامدانی لەشکرکێشیەکەی شا ئیسماعیلی یەکەم بۆ کوردستان لە ئەرزنجانەوە بۆ دیاربەکر و لەوێشەوە بۆ موسل و بەغدا و لورستان ئەوپەری توندو تیژی تێدا بەکار هاتووە بەتایبەت ئێلی چەمشگەزگ[٣]، پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتانەی شا ئیسماعیل وایکرد کوردەکان ئەوپەری بێزاری دەربرن لەدەسەلاَت و شێوازی فەرمانراوایی سەفەوییەکان بەتایبەتی دوای لەناوبردنی دەسەلاَتدارانی کورد لەسەر پۆستەکانیان و دانانی سەرکردە قزلباشەکان لەشوێنی ئەوان[٤].

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی لەشکرکێشیەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ سەر سارم خانی کوردی موکری بگەرێوە بۆ :کلیم الله توحدی، حرکت تاریخی کرد بە خراسان، جلد اول ، سازمانی چاپ مشهد ، مشهد، ١٣٧١هـ.ش ، ص ص ٢٣–٢٤.

(2) حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، بەرگی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٠ز، ص٩١ .

(3) ساڵح محەمەد ئەمین ، کورد و عەجەم (مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)، چاپی دووەم، ١٩٩٢ز، ل٢٥.

(4) سعد بشير اسكندر ، قيام النظام الاماراتي في كردستان وسقوطه مابين منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر، الطبعة الثانية، مطبعة شفان ، السليمانية، ٢٠٠٨م، ص ٥٠.

ئەمەش ڕێك پێچەوانەی سیاسەتی عوسمانییەكان بوو كە توانیان زۆر زیرەكانی مامەلە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بكەن بەشێوەیەك جۆرە سەربەخۆییەك بەكورد بدەن و بیانكەنە لایەنگری خۆیان لەهەمان كاتیشدا لەرووی مادیەوە سوودیان لێ وەربگرن[١].

لەلایەكی دیكەوە سیاسەتەكانی شا ئیسماعیلی سەفەوی وایكرد كوردەكان داوای هاوكاری و یارمەتی لە عوسمانییەكان بكەن بەمەبەستی خۆدوورگرتن لەستەمی سەفەویەكان، بێگومان ئەمەش بەیەكەمین هەنگاوی دیاردەی پاشكۆیەتی هەژمار دەكرێت[٢]، كە لەهەمان كاتدا ئەم هەل ومەرجەش بە قازانجی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەواو بوو، چونكە كوردەكان لە داهاتوودا دەبنە هێزێكی كاریگەر لە شەرەكانی عوسمانی و سەفەوی[٣].

سوڵتان سەلیمی یەكەم بە چاكی بارودۆخی خراپ و نالەباری سیاسەتی شا ئیسماعیل سەفەوی دژ بە كوردەكان قۆستەوە و هەستا بە ناردنی (مەلا ئیدریسی بەدلیسی)[٤] بۆ ناوچەكانی كوردستان ، بە مەبەستی راكێشانی

---

[1] شەمسی محەمەد ئەسكەندەر، سەرچاوەی پێشوو، ٩٨.

[2] نەجاتی عەبدوللا، كوردستان و كێشەی سنووری عوسمانی و سەفەوی، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ز، ل٩١.

[3] حوسێنی مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

[4] لەساڵی ١٤٥٢ز لەدایك بووە و لەساڵی ١٤٧٨ز پەیوەندی بە سولتان یەعقوب فەرمانراوایی ئاق قوینلو كردووە ، لەساڵی ١٥٠١ز چۆتە ئیستانبول و دوای ئەوەی دەسەلاّتی ئاق قوینلو بەدەستی شاە ئیسماعیل دەروخێت و لەلایەن سولتان بایەزید پێشوازێكی گەرمی لێكراوە ، دواتر لەسەردەمی سولتان سەلیمی یەكەم بەشداری جەنگی چالدێرانی كردووەو لەساڵی ١٥١٧ز بەشداری شالاوی عوسمانی كردووە بۆ سەر میسر دژ بە مەمالیكەكان و لەساڵی ١٥٢٠ز لە ئیستانبول دوای ماوەیەكی كەم لە مردنی سولتان

میرانی كورد بەلای سوڵتانی عوسمانی ، مەلا ئیدریسی بەدلیسی خاوەن دەسەلاَت وریزیكی تایبەت بوو لە ناو كوردانداا ، بە گوێرەی شەرەف نامە لەو سەردەمەدا پتر لە بیست میری كورد بە هۆی كاریگەری ئیدریس بەدلیسیەوە نامەیان بۆ سوڵتان سەلیم ناردو ئامادەیی و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ سوڵتان سەلیم راگەیاند دژ بە دەوڵەتی سەفەوی ، لە بەرامبەریشدا سوڵتانی عوسمانی بەلێن و گفتی پارەو پول و پلەو پایەی پێبەخشین[1]، پاش جەنگی چالدێرانیش مەلا ئیدریس بەدلیسی وەك نوێنەری رەسمی سوڵتان سەلیم ناسرا لە ناوچە كوردیەكاندا ، توانی لەگەڵ میرە كوردیەكان پەیمانێك ببەستێ كە بە پەیمانی ١٥١٤ز دەناسرێت لە مێژوودا[2].

سەبارەت بە بەندەكانی ئەو پەیماننامیە ، مانەوەی میرنشینە كوردییەكان و پارێزگاریكردن لە سەر ئازادی و سەربەخۆییان و دانپێدانانی دەوڵەتی عوسمانی بە ماڤی میرەكان لە فەرمانرەوایكردنی پشتاوپشت لە میرنیشینەكانیان و هەروەها پێوستە لەسەر میرانی كورد یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەن لە جەنگەكانی لە كاتی پێویستدا و لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی هاوكاری كوردەكان دەكات لە هەر رووداو مەترسیەكی دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا میرنیشینەكان و میرە كوردییەكان وەك بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی پێویستە باجی ساڵانە بدەن بە دەوڵەت[3].

---

سەلیم كۆچی دوایی دەكات . بۆزیاتر زانیاری بروانە : سعدی عثمان هروتی ، المصدر السابق،ص ص ٤٩ – ٥٢ .

(1) شمسی محمد ئیسكەندەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٢.

(2) محمد رسول هاوار ، كوردو باكوری كوردستان لە سەرەتای مێژووە تا شەری دووهەمی جیهان ، ب١ ، سلیمانی ، ٢٠٠٠ز ، ل ١٩٣ .

(3) سعدی عثمان هروتی ، المصدر السابق ، ص ص ٦٥–٦٦.

بە شێوەیەکی گشتی فراوانخوازیەکانی دەوڵەتی سەفەوی و هەوڵدانیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینزای شیعە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی عوسمانی ، بووە هۆکارێك کە سوڵتانی سلیمی یەکەم واز لە فراوانخوازیەکانی لە بەرەی رۆژئاوا بێنێت و سنورێك بۆ فراوانخوازییەکانی سەفەوی لە رۆژهەلاٚت دابنێت ، کە وردە وردە دەبووە ئاستەنگ لە بەردەم دەوڵەتی عوسمانی ، سەرەتا توانی سوود وەربگرێت لە فەتوایەکی (شەیخولئیسلام)[1] بۆ جیهاد کردن دژ بە دەوڵەتی سەفەوی کە وەك ئەرکێکی ئاینی هەژمار کرا ، دواتریش ململانێی عوسمانی – سەفەوی پێی نایە قۆناغی دەستپێکردنی یەکەمین جەنگ لە نێوانیادا لە ساڵی ١٥١٤ز کە ناسراوە بە جەنگی چالدێران[2] .

بەر لە باسکردنی رەوت و رووداو پەرەسەندنەکانی جەنگی چالدێران ، پێویستە هۆکارو پاڵنەرەکانی جەنگەکە روون بکرێتەوە لە نێوان هەردوو ولاٚتدا ،کە خۆی لە چەندین هۆکاری جۆراوجۆردا دەبینێتەوە ، بە گوێرەی ئاماژە کردنی زۆربەی هەرە زۆری مێژوونوسان هۆکارەکەی دەگەرێنەوە بۆ هۆکاری ئاینزایی ، بە تایبەتی سیاسەتەکانی شا ئیسماعیل وهەوڵدانی بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینزای شیعە لە ناوچەکە و دروستکردنی کوشتارگەیەك بۆ سوننە ئاینزاکان لە بەغدا[3] .

---

[1] گەورەترین پایەی ئاینیە لە دەوڵەتی عوسمانی، چونکە سەرۆکایەتی دەزگای ئاینی دەکات لە دەوڵەت ، کە هێزێکی سەربەخۆیە لە دەوڵەت دوور لە دەسەلاٚتی سەدرولئەعزەم بەشێوەیەك هەریەکە لە قازی عەسکەری رۆملی و قازی عەسکری ئەنادۆل بەرپرسی حکومەتن لە پارێزگاریکردن و جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: خليل اينالجيك، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار، ترجمة: محمد.م.الارناؤوط ، ط١ ، دار المدار الاسلامي ، بيروت ، ٢٠٠٢م ، ص ١٥٤ – ١٥٨ .

[2] ويل دورانت ، تاريخ تمدن ،جلدششم ، نشر فرهنگی ، تهران ، ١٣٧٣ هـ.ش، ص٨٠١.

[3] مستەفا محەمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠٦-٣٠٧.

لەلایەکی دیکەوە پاڵنەری دیکە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی چالدێران ، دورست بوونی مەترسی لە ناوچوونی شوێنە پیرۆزەکان ( مەککە و مەدینە ) و هەروەها لایەنی ستراتیژی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئیسلامی لە رووی ئابووری و سیاسی و سەربازی کە رۆژ دوای رۆژ دەکەوتنە ژێر قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی[1]، هەندێك سەرچاوەی مێژوویی ئاماژە بە بابەتی کێشەی شەخسی دەکەن لە نێوان سوڵتان سەلیم و شا ئیسماعیل ، کە رەق و کینەی لە مێژینەیان بەرامبەر بە یەکتر هەبووە ، هەروەها ئالوگۆرکردنی نامەکانی هەردوولا بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگەکە کە پر بوو لە هەرەشەو قسەی نابەجێ رێگا خۆشکەر بوو بۆ قولکردنەوەی ململانێی و ناکۆکیەکان[2].

هەروەها پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و مەمالیکەکان لە شام و میسر ، بەردەوام مەترسیان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد ، بە تایبەتی دەرباری مەمالیکەکان وەك پەناگەیەك بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەسەلاتی عوسمانی یاخی دەبوون و سەرەرای دەرکەوتنی پورتوگالەکان لە کەنداوی فارس زالْ بونیان بەسەر ناوچەکە[3].

سەبارەت بە رەوت و پەرەسەندنەکانی نێوان عوسمانی و سەفەوی ، لە ٢٣ی ئابی ساڵی ١٥١٤ز سوڵتان سەلیم بەرەو چالدێران ئاراستەی گرتەبەر بەمەبەستی رووبەروو بوونەوەی سوپای سەفەوی ، هەرچەندە شا ئیسماعیل هەوڵی زۆریدا بۆ راکێشانی ڤینیسیا و ئەوروپا بۆ ناو شەرەکە ،بەلاّم هەوڵەکانی بێهوودە بوو ، چونکە ڤینیسیا لە شەرێکی دۆراو بەرامبەر بە عوسمانییەکان هاتبووە دەرەوە ، کە ئاکامەکەی روخانی ژێرخانی ئابووری

[1] راجر سیوری ، ایران عصر صفوی ، ترجمه : کامبیز عزیزی ، چ١ ، نشر مرکز ، تهران ، ١٣٧٢ ه.ش ، ص٤٢.

[2] Alexander Mikaberidze, Op.Cit, P.432.

[3] هامر پوور گشتال ، منبع پیشین ، ص ٨٢٥.

ڤینیسیای لێکەوتبۆوە ، لەلایەکی دیکەوە ئەوروپاییەکان بە هۆی سەرقاڵ بونیان بە کێشەی ناوخۆییەوە نەیانتوانی هیچ یارمەتییەك بە دەوڵەتی سەفەوی پێشکەش بکەن[١].

بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگەکە شا ئیسماعیل سەفەوی دوو فەرماندەی بە هێزی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی کردە سەربازییەکان بەناوی ( مەحەمەد خان ئۆستاجلۆ)[٢] و (نور عەلی خەلیفە)[٣] هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەو دوو کەسە دەگەڕێتەوە بۆ ئاگاداربونی تەواویان لەسەر شێوازەکانی جەنگی عوسمانی هەبووە ، بەلاّم زۆری سوپای عوسمانی لە رووی ژمارە و پێشکەوتوویی پێداویستیەکانی جەنگی لە تۆپخانەوەو چەکی بەهێز ، لە بەرامبەر چەکە کۆنەکانی سەفەوی ، بوونە هۆکار بۆ شکست خواردنی سوپای سەفەوی لەم شەرەدا لە ٢٨ی ئابی ١٥١٤ز و سەرکەوتنی یەکجارەکی عوسمانیەکان وبریندار بوونی شا ئیسماعیلی سەفەوی [٤]، لەم جەنگەدا لەگەڵ کوژرانی مەحەمەد خان ئۆستاجلۆ فەرماندەی سوپای سەفەوی ، پاشان سوڵتانی عوسمانی روویکردە تەورێز و دەستی گرت بەسەر گەنجینەی شا ئیسماعیل و رەوانەی ئیستانبولی کرد[٥].

---

(1) مستەفا محەمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠٧-٣٠٨.

(2) والی دەوڵەتی سەفەوی بووە لە دیاربەکر .

(3) والی دەوڵەتی سەفەوی لە ئەزرنجان .

(4) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ٣٩-٤١" سەبارەت بەزیانی گیانی هەردوو لایەنی شەرکەر بە (٥) هەزار کەس مەزەندە کراوە، دوای ئەم رووداوەش سولتانی عوسمانی بەهۆی ئاژاوەو یاخی بوونەکانی یەنی چەری پاش دوو هەفتە شاری تەبریزی جیهێشت ، دواتر شا ئیسماعیلی سەفەوی گەرایەوە شاری تەبریز. بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەو بابەتە بگەرێوە بۆ : یحیی بن عبداللطیف، منبع پیشین، ص ص ٤١٥-٤١٧.

(5) محمد فرید بیك المحامی ، المصدر السابق ، ص ١٩٠.

سەبارەت بە تاجلی خانم و بەدیل گیرانی لەلایەن عوسمانیەکانەوە، تاکو ئێستا لەلایەن مێژوونوسە ئێرانیەکان پشت راست نەکراوەتەوە، ئەوەی باسی لێوە دەکرێت بەگشتی لە مێژونوسانی عوسمانی وەرگیراوە کە هەندێکیان هاوچەرخ بوونە لەگەڵ سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم، کەباس لە دەستگیرکردنی تاجلی خانم دەکەن لەلایەن مەسیح پاشا زادەی سەرداری تورکەکان، دوای مانەوەی دوو شەو لەخێوەتگای عوسمانیەکان، توانیوەتی لەرێگای پێدانی هەردوو گوارە گرانبەهاکانی بە مەسیح پاشا رێگای هەڵاتنی دەسکەوێت و رووبکاتەوە تەبرێز[1]، لەلایەکی دیکەوە هەندێکی دیکە پێیانوایە تاجلی خانم دەستگیر کراوە،دواتریش سوڵتانی عوسمانی وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە شا ئیسماعیل ژنەکەی لە یەکێك لە نووسەرەکانی مارەکردووە[٢].

سەرچاوە فارسیەکان رەتی دەکەنەوە کە تاجلی خانم بەدیل گیرابێت، بەڵکو جەخت لەوە دەکەنەوە لەدوای هەلاتنی شا ئیسماعیل لە گۆرەپانی جەنگ لەبەر چاوان بزربووە، پاشان بەبرینداری خۆی گەیاندۆتە مەراغە لەرێگادا گەیشتۆتە شا حوسێن ئەسفەهانی و پێکەوە گەراونەتەوە بۆ لای شا ئیسماعیلی یەکەم، لەبەرامبەر ئەو کارەی شا حوسێن ئەسفەهانی لەلایەن شا ئیسماعیلەوە پۆستی وەزارەت و چاودێری دیوانی باڵای شای وەك پاداشت پێ بەخشیووە[٣] ، دەکرێت بڵێین بۆچوونی دووەم لەراستی نزیکترە، ئەویش بەپشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ، کەتێیدا جەخت کراوەتەوە لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەکی بەدواداچوون لەسەر خشل و

---

[1] نەسروڵڵا فەلسەفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٨ ، ٩٨.

[2] محمد فريد بيك المحامى ، المصدر السابق ، ص ١٩٠.

[3] حسين مير جعفرى، تاجلى خانم زن ستيهنده چالدران ، نشريه دانشكده ادبيات علوم انسانى تبريز، شماره (١١٢)، تبريز، زمستان ١٣٥٣هـ.ش، ص٤٧٣.

**گەوهەرەکانی تاجلی خانم لەدوای مردنی مەسیح پاشا زادە، لەوبارەیەوە ئەگەر تاجلی خانم بەدیل گیرابێت و دواتر لەیەکێك لە نووسەرەکانی سوڵتانی عوسمانی مارە کرابێت، چ پێویست دەکات لێژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت، خۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم راستەوخۆ دەتوانێت راستی کارەکە لەخودی تاجلی خانم بزانێت[١].**

**جەنگی چالدێران چەندین دەرئەنجامی لەسەر هەردوو دەوڵەت دروستکرد، سەبارەت بە دەوڵەتی سەفەوی و شا ئیسماعیل بەر لە جەنگی چالدێران، لە جەنگەکانی هیچ شکستێکی نەخوارد بوو ، بەڵکو ئەم شکستە کاریگەریەکی یەکجار خراپی دروست کرد لەسەر دەوڵەتی سەفەوی بە شێوەیەکی گشتی و خودی شا ئیسماعیل بە تایبەتی[٢]، لەلایەکی دیکەوە سوڵتان سەلیم چل کەسی شارەزا و بازرگان و هونەرمەند و دەست رەنگینی لە تەورێزەوە گواستەوە بۆ ئیستانبوڵ[٣]، سەبارەت بە ئێرانیەکانیش جەنگی چالدێران سەرەرای شکست خواردنیان لە جەنگەکە بەڵام دوو گرنگی زۆری هەبووە بۆیان لە داهاتوودا، لەوانە سوپای ئێران تێگەیشتن لەوەی کە سوپای (یەنی چەری)[٤] ئەو سوپایە نیە کە لە سەرووی هەموو شتێك بن ، چونکە تا**

---

**(1) سەبارەت بەدەقی گزارش نامەکەی لێژنەی بەدواداچوون لە خشل و گەوهەرەکانی تاجلی خانم بگەرێوە بۆ پاشکۆی ژمارە (٢).**

**(2) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ٤٤.**

**(3) محمد فريد بيك المحامي ، المصدر السابق ، ص ١٩٠.**

**(4) یەنی چەری بەواتای سوپای نویێ دێت ، بەڵام ئەوروپیەکان جانیساری یاخود یانیساری پیێ دەڵێن ، دواتر ئەم ناوە بوو بە ئینکشاری ، کەلە نوسینی تورکی کۆنەوە بە یکی شار هاتووە .بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئینکشاری بروانە : هاملتون جیب و هارولد بوين ، المجتمع الاسلامي والغرب، ترجمة : عبدالمجيد حسيب القيسي ، الجزء الأول ، الطبعة الاولى ، دارالمدى ، دمشق،بيروت،١٩٩٧م، ، ص ص ١٠٣ – ١١٥ .**

ئەوكاتیش لە رۆژئاوا بەبیستنی ئەو ناوە خەڵكی تووشی لەرزین دەكرد، لە دوای ئەم جەنگە سوڵتانەكانی عوسمانی لە دوای سوڵتان سەلیم حیسابێكی تایبەتیان بۆ ئێران كرد[١] .

شیاوی باسكردنە جەنگی چالدێران ، جەنگێكی یەكلاكەرەوە نەبوو ، چونكە دوای گەرانەوەی سوڵتان سەلیم دووبارە شا ئیسماعیل هەڵسایەوە بە رێكخستنی سوپاو هەرەشەی دروست كرد لەسەر تخوبەكانی دەوڵەتی عوسمانی ، لەلایەكی دیكەوە سەركەوتنی عوسمانییەكان لەم جەنگە سەرەرای بە هێزبوونی سوپای عوسمانی بەلاَم رۆلی كورد لە بەشداریكردن شان بەشانی عوسمانیەكان هاوكێشەی جەنگەكەی بە قازانجی عوسمانی تەواو كرد ، هەرچەندە دەرئەنجامی ئەو جەنگە بووە هۆی دابەش بوونی كوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەت ، ئەمەش نەبووە مایەی سەرفرازی و بەدیهێنانی هێمنی و ئاسایش بۆ كورد ، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە ماوەی ئەم سێ سەد ساڵەی دوای جەنگی چالدێران كوردستان بووە گۆرەپان و مەیدانی شەری نەپساوەی نێوان ئەم دوو ولاَتە ، كە لە كۆتایدا دەبێتە هۆی لێكترازان و روخانی میرنیشینە سەربەخۆكان و دواتر بەستنەوەیان به دەسەلاَتی ناوەندی[٢] .

---

(1) جیمزداون ، منبع پیشین ، ص٨٠٣.

(2) مستەفا محەمەد كەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠٩-٣١٠.

# بەشی دووەم

# ئێران لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شا تەهماسبی یەکەم

**تەوەری یەکەم :**

**فەرمانڕەوایەتی و باڵادەست بوونی قزلباشەکان ١٥٢٤ – ١٥٣٣**

دوا بە دوای مردنی شا ئیسماعیلی یەکەم (١٥٠١–١٥٢٤) کوڕە گەورەکەی بە ناوی شا تەهماسبی یەکەم هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی لە ئێراندا، لەتەمەنی دە ساڵیدا، نزیکەی پەنجاو دوو ساڵ و نیو فەرمانڕەوای ئێران بووە[1]، ئەم ماوەیەش پڕە لە ڕووبەڕووبوونەوەو کێشمەکێشمی ناوخۆیی لە لایەن سەرۆك هۆزەکان، کە چاویان بڕیبووە دەرباری سەفەوی[2]، هەروەها مەترسیەکانی دەرەوە کە خۆی لە هێرشەکانی ئۆزبەکەکان[3] لە ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژئاوا دەبینیەوە[1].

---

(1) Gene R. Garthwaite, the Persian, Cowley Road, Oxford, UK, 2005, P.172.

(2) مریم میر احمد ، تاریخ سیاسی ،اجتماعی ، اقتصادی و فرهنگی در عصر صفوی ، انتشارات امیر کبیر ، تهران ، ١٣٧١هـ.ش،ص ٥٨.

(3) ئۆزبەکەکان رەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ ئۆزبەك خانی نۆیەمین فەرمانڕەوایی بنەماڵەی جوحی، ناسراو بە شێخ سەید ئەتای تورکستانی ( ٧١١هـ –٧٣٩هـ ) ،زێدیان بەرزاییەکانی تورانە ، لەسەرەتادا بریتی بوون لەکۆمەڵێك هۆزی کۆچەر لەناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی فارس، دواتر محەمەد خان دوای ئەوەی توانی بەشێکی زۆر لەهۆزە کۆچەریە ئوزبەکەکان لەژێر فەرمانراوایی خۆی لە ساڵی ١٥٠٠ ز یەکبخات و خۆی بکاتە پادشای سەمەرقەند، کە ئێستا شارێکی ئوزبەکستانە،هەروەها دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی پان و بەرینی لێوارەکانی ڕووباری جیحۆن و تا دەگەیشتە سنووری ئێران لەسەر هێڵی تەریبی سمنان لە خۆراسان و لە ڕۆژئاواش تاکو بەدەخشان و لە خوارووش تادەگاتە ناوچەکانی کاخیندار، بەمەش دەرگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لەژێر دەسەڵاتی خانی ئوزبەك دابوو. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : و. بارتلد ، تاریخ الترك في اسیا الوسطی، ترجمة : احمد السعید سلیمان ، الهیئة المصریة العامة للكتاب، القاهرة،١٩٩٦م، ص ص١٩٧ –١٩٨ ؛ مەحەمەد سهێل تەققوش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٥ .

تەمەن بچووکی شا تەهماسب لەو کاتەی وەك شای ئێران جڵەوی دەسەلاّتی گرتەدەست، بووە هۆکارێك کە زۆرێك لە سەرکردە و سەرۆك هۆزەکان و پیاوماقولاّنی ولاّت چاو ببڕنە دەرباری سەفەوی، بە مەبەستی پارێزگاریکرن لە بەرژەوەندیەکانیان[٢]، ئەوەش بارودۆخەکەی زیاتر قوولّ کردەوە، چونکە سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی توندی لێکەوتەوە لە نێوان سەرۆك هۆزە قزلباشەکان بە مەبەستی چاودێری و سەرپەریشتیکردنی شا تەهماسبی تەمەن دە ساڵان ، زیاتر لە نێوان هەردوو هۆزی ئۆستاجلو و تەکەلو تیژ ببۆوە[٣].

لەم بارودۆخەدا دەسەلاّتی شا تەهماسبی یەکەم بۆ ماوەی دە ساڵان قۆرخکرا لە لایەن سەرکردە قزلباشەکان، لەو بارەیەوە دێو سوڵتان سەرۆك هۆزی رۆملۆ بانگهێشتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزەکان بە مەبەستی ئاشکرا کردن و نیشاندانی وەسیەتنامەی شا ئیسماعیلی یەکەم، بە گوێرەی ناوەرۆکی وەسیەتنامەکە ماف درابوو بە دێو سوڵتان، ئەرکی چاودێری و سەرپەریشتیکردنی( شا ) ی بچووك بگرێتە ئەستۆ و لە هەمان کاتیشدا وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەستنیشان کرابوو[٤].

---

[1] محمود طلوعی ، خواندنیهای تاریخی ، چاپ چهارم ، نشر علم ، تهران ، ١٣٧٧ ه.ش ،ص٢٥ ؛ بهنام محمد پناه ، ترکان در کذر تاریخ ، انتشارات سبزان ، تهران ، ١٣٨٧ ه.ش ، ص ١٧٠ .

[2] خورشاه بن قباد الحسینی ، منبع پیشین ، ص٨٨ ؛
Divid commins, Op.Cit, PP.39-40.

[3] عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ،ص٦٧٢.

[4] راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص٤٩.

بانگهێشتەكانی دێوسولّتان بۆ سەرپەریشتیكردنی شا تەهماسب هەرزوو لە لایەن كۆپەك سولّتانی ئۆستاجلو رەتكرایەوە و بەرەنگاری وەستا، لە ئاكامدا هەریەكە لە ( نائیب سەڵتەنەت) بە یارمەتی چوهاسولّتانی تەكەلو توانیان لە شەڕێكدا لەساڵی ( ١٥٢٦ ) نزیك سولّتانییەی ئازەربایجان شكست بە هێزی كۆپەك سولّتانی ئۆستاجلو بهێنن[١]، پاشەكشەیان پێبكەن بۆ گەیلان، ساڵی دواتر هێزەكانی ئۆستاجلو توانیان هێرش بكەنە سەر ئەردەبیل و دوای كوژرانی ( بادنجان ) فەرمانڕەوای شارەكە، كە سەر بە هۆزی رۆملو بوو شارەكەیان داگیر كرد[٢]، ئەمەش كێشەو ململانێیەكەی زیاتر قووڵ كردەوە و شەڕەكەی زیاتر درێژ كردەوە، تاكو روودانی شەڕێك لەناوچەی ( شەڕوور )، كە تێدا ئۆستاجلویەكان شكستیان خوارد و كۆپەك سولّتانیش كوژرا[٣].

بەكوژرانی كۆپەك سولّتان بەهێزترین ڕكابەر لە گۆڕەپانی ململانێیەكان كۆتایی پێهات، بەڵام زاڵ بوونی بەرژەوەندییە تایبەتییەكان بەسەر كەسایەتی سەرۆك هۆزە قزلباشەكان دووبارە دۆستایەتی نێوانیانی تێكدا، بە تایبەتی نێوان دێو سولّتانی رۆملو و چوها سولّتانی تەكەلو، سەرەرای بوونی پەیوەندیان دژ بە كۆپەك سولّتانی ئۆستاجلو، بەڵام دواتر چوهاسولّتان دەتوانێت باوەڕ بە شا تەهماسبی یەكەم بێنێت، كە هۆكاری ململانێ و دروست بوونی ناكۆكییەكان لە نێو سەرانی قزلباش بە پلەی یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ دێو سولّتان و پێشنیاری لە ناوبردنی دێو سولّتانی بۆ شا تەهماسبی یەكەم كرد[٤]،

---

(1) مستەفا محەمەد كەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران لەنێوان ساڵانی ( ١٥٢٤ – ١٥٨٧ز)، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (٣٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤ز، ل ٢٢٩.

(2) عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ١٠٧.

(3) فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص ص٧٤-٧٥.

(4) عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص١٠٧.

وەك چارەسەر بۆ نەهێشتنی كێشەكان ، سەرئەنجام دێو سوڵتان لە ساڵی(١٥٢٧ ) بە دەستی شا تەهماسب بە پیلانی چوهاسوڵتان لەناوبردرا [1].

بەم شێوەیە ڕێگا والآبوو بۆ چوهاسوڵتان كە ببێتە (نائیب سەڵتەنەت) بەبێ ركابەر، بەلاّم ئەم پلەوپایەیە تەنها سێ ساڵی خایاند و حەز و ئارەزووەكانی چوهاسوڵتانی زیندە بەچاڵ كرد[2]، چونكە لە ساڵی (١٥٢٨) ئۆزبەكەكان توانیان شاری هرات لە باكوری رۆژهەلآتی ئێران گەمارۆ بدەن، كە ئەو كات حوسێن خانی شاملو فەرمانڕەوای ناوچەكە بوو، نەنواندنی هیچ هەڵوێستێك لە لایەن چوهاسوڵتان لە (شەڕی جام)[3] بەرامبەر بە ئۆزبەكەكان و دواتر ساردی نواندن لە ناردنی كۆمەك بۆ حوسێن خانی شاملو كە بووە هۆكاری لە دەست دانی شاری هرات و داگیر كردنی لە لایەن ئۆزبەكەكان ئەمەش بووە هۆكارێك بۆ لە ناوبردنی چوها سوڵتان و كوشتنی بە فەرمانی شا

---

[1] عباس سرافرازی، نقش طايفه تكلو در تثبيت و تضعيف دولت صفوی تا پايان دوره شاه عباس اول، دانشكده ادبيات و علوم انسانی(دانشگاه اصفهان) ، شماره (٤٠) ، بهار ١٣٨٤ه.ش،ص١١٤.

[2] ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد ، ايران وتركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر ، دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢م ، ص٢٥.

[3] جەنگی جام لەساڵی ١٥٢٨ز لە نێوان سەفەویەكان و ئوزبەكەكان رویدا ، كە ئوزبەكەكان ماوەی هەژدە مانگ گەمارۆی شاری (هرات )یان دابوو ، دواتر سەفەویەكان بەسەركردایەتی شا تەهماسبی یەكەم توانیان سەركەوتن بەدەست بهێنن و ژمارەیەكی زۆر لە سەربازانی ئوزبەك كوژران و تەنانەت عوبەیدوللا خانی ئوزبەك فەرمانرەوای ئوزبەكەكان لەو جەنگە بریندار كرا، دوای ئەم جەنگە مەترسی ئوزبەكەكان لەرۆژهەلاتی ئێران تا رادەیەك نەما، تاكو مردنی شا تەهماسب لەساڵی ١٥٧٦ز. بۆزیاتر زانیاری سەبارەت بەو جەنگە بگەرێوە بۆ: حسن بيك روملو ، منبع پيشين ، ص ص ٢٨٣–٢٨٨ ؛ يحيى بن عبداللطيف قزوينی، منبع پيشين،ص ص ٤٢٧–٤٢٨.

تەهماسبی یەكەم، كە لە لایەن هەریەكە لە هۆزی شاملو و زولقەدر جیٚ بەجیٚ كرا، بە كوژرانی چوها سوڵتان و دواتر لە ساڵی (١٥٣٠) لە شەڕێكی یەكلاكەرەوە لە نزیك هەمەدان تەكەلویەكان شكستیان خواردو و بەمەش لە شانۆی سیاسیی ئێران كۆتاییان هات [1].

دوای ئەم رووداوە زۆربەی تەكەلوەكان روویان لە بەغداد كرد، چونكە حاكمی ئەو كاتی بەغداد لە تەكەلوەكان بوو، هیچ هەڵوێستێكی نەنواند بەرامبەر بەم رووداوە ، بەڵكو دەستی كرد بە گەڕاندنەوەی ژمارەیەك لە خانەوادە تەكەلوەكان بۆ ئێران وەك دووپاتكردنەوەی وەفاداری بۆ شا تەهماسبی یەكەم، بەشێكی دیكە لە خانەوادەكانی تەكەلو روویان لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی كرد، ئەم رووداوەش لە مێژووی نوێی ئێران بە (ئافاتی تەكەلو)[2] ناسراوە[3].

لە دوای كوژرانی چوهاسوڵتان وبەرزبوونەوەی پایەی حوسێن خانی شاملو لە دەرباری سەفەوی ، لە یەكەمین هەنگاوی دەستی كرد، بە پەراوێزكردنی شا تەهماسبی یەكەم لەكاروباری حكومەت ، ئەو كات تەمەنی شا لە نێوان شانزدە تاكو حەڤدە ساڵان دەبوو، بەڵام ئەم كارەی زۆر درێژەی نەكێشا، چونكە شا تەهماسبی یەكەم سنورێكی بۆ دەست رۆیشتووی حوسێن خانی شاملو دانا، بە تایبەت دوای ئەوەی لە رێگای پیلانێكەوە توانی ئەمیر جەعفەرساوجی وەزیر،كە لە كەسایەتیە خۆشەویست و نزیكەكانی شا بوو

---

[1] عباس سرافرازی، نقش طایفه تكلو .....،ص ص ١١٦-١١٧.

[2] لە هەندێك شوێن بە (فاجعه)ی تەكەلو هاتووە.

[3] اسكندر بیگ تركمان ، تاریخ عالم ارای عباسی ،جلد اول و نیمی از جلد دوم ، با اهتمام و تنظیم : ایرج افشار، چ٤ ، انتشارات امیر كبیر ، تهران ، ١٣٨٧ه.ش ، ص ٤٢.

بکوژێت، لـە جێگـای ئـەویش کەسـێکی نزیکـی خـۆی دابنێـت، هـەروەها هەوڵدانەکانی بۆ دانانی سام میرزای برای شا بۆ تەختی دەسەڵاتی سەفەوی[1].

لەلایـەکی دیکـەوە تۆمـەتی هەڵگەڕانـەوەی دژ بـە دەوڵـەتی درایـە پـاڵ و بەپاڵپشتی کەری دوژمنانی دەوڵەت لە قەلەمیاندا، هەموو ئەو کارانەی حوسێن خان بوونە هۆکار، کە متمانەی خۆی لای شا تەهماسبی یەکەم لەدەست بدات، بـە شـێوەیەك شـا تەهماسـب گەیشتە ئـەو بـاوەڕەی کـە حوسـێن خـانی شـاملو دەوێـت رابکاتـە ژێـر رکێفـی دەوڵـەتی عوسمـانی و لەوێـشەوە هانیـان بـدات بـۆ پـەلاماردانی ئێـران[2]، بۆیـە شـا تەهامـسب لـە سـاڵی (١٥٣١) دەسـتووری کوشتنی دەرکرد، بە کوژرانی حوسێن خانی شاملو نیشانەی کۆتایی هاتنی دە ساڵەی فـەرمانراوایی قزلباشـەکان ( ١٥٢٤ – ١٥٣٣ ) و گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی شا بوو بۆ فەرمانراوایی کردنی ئێران[3].

---

(1) عبدی بیگ شیرازی ( نویدی) ، منبع پیشین ، ص ٧١.

(2) عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص١٠٩.

(3) مستەفا محەمەد کەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٣١.

**تەوەری دووەم :**

## شا تەهماسبی یەکەم و مەترسییەکانی دەرەوە

### أ- هەرەشە و پەلامارەکانی ئۆزبەك لە رۆژهەلأت

لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم دووبارە ئۆزبەکەکان لەبەرەی رۆژهەلأت هەرەشەیان لەئێران کردەوە، بەشێوەیەك لەساڵی (١٥٢٤) تاکو مردنی عوبەیەدوڵلا خان لەساڵی (١٥٣٩) بەردەوام هەرەشەیان لەسەر دەوڵەتی سەفەوی هەبووە[١].

عوبەیدوڵلاخان کوری شیبك خانی ئۆزبەك بە گۆتەی خاوەنی کتێبی( ئەحسەن ئەلتەواریخ ) حەوت جار پەلاماری کردۆتە سەر ئێران ، تەنها لەیەك پەلامار شکستی خواردووە ، زۆربەی پەلامارەکانیش ناوچەی توس و مەشهەد و هراتی گرتۆتەوە، دوای هەرپەلامارێکیش تووندوتیژی ئاینزای هاتۆتە ئاراوە[٢].

ئۆزبەکەکان دوای ئاگادار بوونەوەیان لە خراپی رەوشی سیاسی دەوڵەتی سەفەوی بەتایبەت پاش مردنی شا ئیسماعیلی یەکەم لەساڵی ١٥٢٤ ، قوولبونەوەی کێشەکان لەنێوان سەرانی قزلباش کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە، لەسەر بابەتی چاودێری کردنی شا تەهماسبی یەکەم، دووبارە هەرەشەکانیان بۆ سەر خۆراسان چر کردەوە[٣].

---

[1] عبدالرضا هوشنگ مهدوی،تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی(١٥٠٠-١٩٤٥)، چاپ دوم، انتشارات امیر کبیر ،تهران ،٢٥٣٥ شاهنشاهی، ص٣١.

[2] ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص١٠٢ "حمید حاجیان پور،منبع پیشین،ص ص ٤٣-٤٤.

[3] عبدی بیگ شیرازی ( نویدی) ، منبع پیشین ، ص ٦٤ " عباس حسن الموسوی و کمال السید، نشوء و سقوط الدوله الصفویه دراسة تحلیلیه، الطبعة الثانیه، قم ، ١٩٨٥،ص٥٨.

دوا بەدوای مردنی شا ئیسماعیلی یەکەم ، یەکێتیەك لەنێوان خان و سەرکردەکانی ئۆزبەك پێکهێنرا بەسەرکردایەتی عوبەیەدوڵلا خانی ئۆزبەك لە بوخارا، دەرئەنجامی ئەو یەکێتیە بریتی بوو لە چرکردنەوەی شالاوەکانی ئۆزبەك بۆ داگیر کردنی هەرێمی خۆراسان ، هەرچەندە سەفەویەکان هەولیاندا بۆ ناردنی هێز لە پێناو رێگا گرتن لە شالاوی ئۆزبەکەکان، بەلام ململانێیە ناوخۆیەکان رێگر بوون لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو کارە[1].

لەو بارەیەوە دێو سولتان سەرۆك هۆزی رۆملۆ بە بیانووی لابردنی مەترسیەکانی شالاوی ئۆزبەکەکان لە سنوورەکانی رۆژهەلات روویکردە "لار"، بەلام ئەو هێزە لەو ناوچەیە هیچ هەنگاوێکی کرداری نەهاوێشت بۆ دوورخستنەوەی ئۆزبەکەکان ، بەلکو زیاتر بۆ ململانێیە ناوخۆییەکان بەکار هات، جگە لەمەش ململانێی توندی نێوان هەردوو تیرەی تەکەلۆ و ئۆستاجلۆ لەسەر فەرمانراوایەتی و بەرێوەبردنی هەرێمی خۆراسان، دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ عوبەیەدوڵلا خانی ئۆزبەك کە دەست بگرێت بەسەر شاری مەشهەد، پاش ئەوەی ماوەیەك گەمارۆیدا، بەلام بەهۆی کەمی ئازووقەو بلاوبونەوەی برسیەتی دەستی هەلگرت لەگەمارۆدانەکە و پاشەکشەی کرد[2].

لەساڵی ١٥٢٦ عوبەیەدوڵلا خانی ئۆزبەك دووبارە روویکردە هەرێمی خۆراسان و شاری "توس"ی داگیرکرد، پاشان روویکردە ئەستەرئاباد، دیارە بلاوبوونەوەی دەنگۆی شالاوەکانی ئۆزبەك، "زینەل خان" فەرمانرەوای ئەستەرئاباد نامەیەکی ئاراستەی شا تەهماسبی یەکەم کرد، بەمەبەستی ناردنی کۆمەکی سەربازی،بەلام بەر لەگەیشتنی کۆمەکی سەربازی سەفەوی

---

(1) حمید حاجیان پور،منبع پیشین، ص ٤٣.

(2) همان، ص ٤٣.

ئەستەر ئاباد لەلایەن عوبەیەدوڵلا خانی ئۆزبەك  داگیرکرا، دواتر خانی ئۆزبەك فەرمانراوایەتی شارەکەی رادەستی یەکێك لەکورەکانی بەناوی "عەبدولعەزیز سولتان" کرد و خۆشی گەرایەوە بەلخ[1].

شیاوی باسکردنە گەرانەوەی خانی ئۆزبەك بۆ بەلخ، دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ زینەل خانی فەرمانرەوای ئەستەر ئاباد، کە توانی بەهاوکاری هەریەکە لە "ئاخی سولتان" فەرمانرەوای بەستام و "دمری سولتان" فەرمانرەوای دامغان، دەست بگرێتەوە بەسەر شاری ئەستەرئاباد، پاش وەدەرنانی عەبدولعەزیز سولتان فەرمانرەوای ئۆزبەکی لە شارەکە، بە ئەنجامدانی ئەو کردە سەربازیە لەلایەن زینەل خان و هاوکارەکانی، جارێکی دیکە خانی ئۆزبەکی هاندا هێرش بکاتەوە سەر خۆراسان، بەلاٌم ئەم جارەیان شالاٌوەکە شاری "بەستام"ی گرتەوە، هەرچەندە "ئاخی سولتان" فەرمانرەوای شارەکە هەولی زۆریدا بۆ بەرگریکردن، بەلام ناهەوسەنگی لەرووی ژمارەی هێزەکانی هەردوولا، تەرازووی شەرەکە بە سوودی خانی ئۆزبەك تەواو بوو[٢]، پاش ئەوەی هەردوو سەرکردەی قزلباش "ئاخی سولتان" و "دمری سولتان" کوژران[٣] ، سوپای سەفەوی بەسەرکردایەتی زینەل خان بەبێ جەنگ شاری "ئەستەر ئاباد"یان جێ هێشت و روویان کردە "فەیروز کوە"لەنزیك شاری هەرات[٤].

عوبەیەدوڵلا خانی ئۆزبەك، دوای ئەو سەرکەوتنە، "زینش بەهادر"ی راسپارد بۆ فەرمانراوایەتی کردنی ئەو ناوچانە، خۆشی گەرایەوە بۆ گوندی

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین، ص١١٠.

[2] همان،ص١١٠

[3] عباس حسن الموسوی و کمال السید، المصدر السابق،ص٥٩.

[4] حمید حاجیان پور،منبع پیشین، ص ٤٣.

"شادمانە"ی نزیك هەرات، دیارە "زینش بەهادر" لەماوەیەکی کەم توانی لەرووبەروبونەوەیەك لەگەڵ زینەل خان بەسەریدا سەرکەوێت و بیکوژێت[1]، بەمەش تارادەیەك مەترسی سەفەویەکان لەناوچەکە رووی لەکەمی کرد، تەنها شوێنێك کە لەژێر شکۆی دەولەتی سەفەوی مابوویەوە شاری هەرات بوو کە لەلایەن "حوسێن خانی شاملۆ" فەرمانراوایەتی دەکرا،بەلام ئەویش لەهەر چوار لاوە لەلایەن هێزەکانی ئۆزبەك گەمارۆ درابوو، بەلام بەهۆی ساردی نواندن لە ناردنی کۆمەك لەلایەن چوهاسوڵتانی تەکەلو کە ئەوکات "بریکاری سەلتەنەت"بوو بۆ فەرمانرەوای شارەکە، ئاکامەکەی بە لەدەست دانی شاری هرات و داگیر کردنی لە لایەن ئۆزبەکەکان کۆتایی پێهات [2].

دیارە ئەنجامدانی توند وتیژی لەلایەن ئۆزبەکەکان لەناوچەی خۆراسان ، وایکرد شا تەهماسبی یەکەم خۆی سەرکردایەتی سوپای سەفەوی بکات، بەمەبەستی دانانی بەربەستێك لەبەردەم هەرەشەکانی ئۆزبەك، بۆیە لەساڵی ١٥٢٨ روویکردە خۆراسان، لە ناوچەی سولتان مەیدان، هەوالی ئامادەکاریە سەربازیەکانی "زینش بەهادر" ی پێگەیشت لە دامغان [3].

هەر زوو بۆ رووبەرووبونەوەی هێزەکانی ئۆزبەك لەدامغان هەریەکە لە چوها سولتان و ئولامە تەکەلۆ و محەمەد خان زولقەدری راسپارد ، دوای گەیشتنی ئەو هێزە بە دامغان توانیان قەلای دامغان گەمارۆ بدەن و پاش

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین، ص ص ١١٠-١١١.

[2] عباس سرافرازی، نقش طایفه تکلو .....،ص ص ١١٦-١١٧.

[3] عباسقلی غفاری فرد، سه جنگ بزرگ صفویه با اوزبکان، فصلنامه تاریخ ، شماره (٣)، دانشگاه ازاد اسلامی محلات- تهران، زمستان ١٣٨٥هـ.ش،ص١٤٢.

شــەڕێکی تونــد فــەرمانڕەوای ئۆزبــەك کوژرا،بەمــەش دەســەلاتی ســەفەوی گەڕایەوە بۆ شاری دامغان [1].

دوا بـەدوای بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆی پێشڕەوی کردنـی سـوپای سـەفەوی بەسـەرکردایەتی شـا تەهماسـبی یەکـەم بـە ئاراسـتەی خۆراسـان و کـوژرانی زیـنش بـەهادر لـە دامغـان، بـووە هۆکارێـك کـە عوبەیـەدوڵلا خـانی ئۆزبـەك راسـتەوخۆ رووبکاتـەوە بوخـارا بەمەبەسـتی ئامـادەکردنی سـوپایەکی گـەورە بەمەبەسـتی بەرنگاربوونـەوە لەگـەڵ "شـا"ی ئێـران، پـاش تـەواو کردنـی ئامادەکاریـەکانی سـوپا، خـانی ئوزبـەك روویکـردە سـنوورەکانی رۆژهـەلاتی دەولەتی سـەفەوی [2]، لـە نیوەی یەکـەمی مـانگی موحـەرەمی سالی ٩٣٥کۆچی/ ئـەیلولی ١٥٢٨ هـەردوو هێـز لـە ناوچـەی جـام کـە ناسـراوە بـە "سـاروقمش" رووبەرووی یەکتر بوونەوە [3].

لەبـەر سـەختی شـەڕەکە لەسـەرەتادا زۆرێـك لەسـەرانی قزلبـاش مەیـدانی جەنگیان جێ هێشت لە سەرووی هەموویانـەوە چوها سولتانی تەکـەلو [4]،بـەلام دواتر شا تەهماسبی یەکەم پارێزگاریکردن لە هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی بەستەوە بــە لایــەنی بــاوەڕی( عقیــدە ) بــە مەبەســتی هانــدانی ئێرانیــەکان دژ بــە دوژمنـەکانیان کـە سـوننە ئاینزا بـوون [5]، بێگومـان ئەمـەش کاریگـەری گـەورەی

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین، ص١١١.

[2] همان، ص١١١.

[3] یحیی بن عبداللطیف، منبع پیشین، ص٤٢٧.

[4] عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین، ص١٤٢.

[5] بهنام محمد پناه ، منبع پیشین ، ص ٦٩ ؛ امیر محمود خواندامیر ، منبع پیشین،ص١٤٩ ؛ قاضـی احمـد بـن شـرف الـدین الحسین حسـینی القمی،خلاصـه التواریخ،تـصحیح:احـسان اشراقی،جلداول،انتشارات دانشگاه تهران، تهران،١٣٥٩ه.ش،ص١٨٣.

هەبوو لەسەر گۆڕینی بالانسی جەنگە بە سوودی سەفەویەکان، سەرەڕای ئەوەش سوپای سەفەوی لە ڕێگای بەکارهێنانی تۆپی ئاگرین توانی شکست بە سوپای ئۆزبەك بگەیەنێت[1].

عوبەیەدوڵلا خانی ئۆزبەك بە بریندداری لەمەیدانی جەنگ دەرچوو، ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی ئۆزبەك بوونە قوربانی لەو شەرە، تەنانەت ئەو چل زانا ئاینیەی ئاینزای سوننە کە خانی ئۆزبەك لە ناوچەکانی ئەوبەر ڕووبار و تاشکەند لەگەڵ خۆی هێنابوونی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی وورەی سەربازانی ئۆزبەك و شەرعیەت دان لەڕووی ئاینیەوە بەو هەڵمەتە، بەدەر نەبوون و کوژران[2]، لەو بارەیەوە "حەسەن بیك روملۆ" باوەری وایە لەبەرئەوەی نزای ئەو زانا ئاینیانە لەسەر ڕێرەوێکی ڕاست نەبووە، بۆیە نزاکە گیرا نەبوو، بەلکو هەلگەڕایەوە بە ڕووی خۆیان و هەموویان سەریان تیاچوو[3].

سەبارەت بەشاری هەرات پاش هەژدە مانگ لە گەمارۆدانێکی سەخت، توانرا لە لایەن سوپای سەفەوی بە ڕابەرایەتی شا تەهماسبی یەکەم ڕزگار بکرێت[4]، دواتر هێزەکانی سەفەوی لە ئامادەباشی دابوون بۆ ڕاوەدوونانی ئۆزبەکەکان لە ئەوبەر ڕووبار ( ماوراء النهر )[5]، بەلاّم هەرەشەکانی عوسمانی لە بەرەی ڕۆژئاوا بووە بەربەست لەبەردەم سوپای سەفەوی بە مەبەستی

---

[1] ن.و.بیکولوسکایا و دیگران، تاریخ ایران از دوران باستان تاپایان سده هیجدهم میلادی، انتشارات پیام،تهران،١٣٥٤هـ.ش، ص٤٨٥.

[2] حمید حاجیان پور،منبع پیشین، ص٤٦.

[3] حسن بیك روملو ، منبع پیشین ، ص٢٨٨.

[4] عبدالرضا هوشنگ مهدوی، منبع پیشین ، ص٣١.

[5] ئەو ناوچانە دەکەونە نێوان هەردوو ڕووباری جیحۆن و سیحۆن کە سەمەرقەند و بوخاراو خوارزم و چەند ناوچەیەکی دیکە دەگرێتەوە .

کۆتایی هێنان بەهەرەشەکانی ئۆزبەك، بەلکو مەترسی و هەرەشەکانی ئۆزبەکی لەبەرەی رۆژهەلأت درێژکردەوە[1].

**ب- هەرەشە و مەترسییەکانی دەوڵەتی عوسمانی**

شا تەهماسبی یەکەم سەرقالییەکانی سوڵتان سلێمان قانونی(١٥٢٠ – ١٥٦٦) لەساڵی (١٥٢٩) بەگەمارۆی ڤییەننا قۆستەوەو لەرێگای هێزێکەوە هێرشی کردە سەر تەورێزو دەستی بەسەردا گرت، ئولامە تەکەلوی فەرمانڕەوای شارەکە رایکردە ژێر دەسەلأتی عوسمانی، دواتر ئەم هێزەی سەفەوی رێچکەی گرتەبەر بەرەو بەغدا و لەساڵی (١٥٣٠) دەستی بەسەردا گرت و محەمەد خانی تەکەلو وەك والی بەغدا لە لایەن دەوڵەتی سەفەوی دانرا[2].

دوا بە دوای داگیرکردنی بەغدا لە لایەن سەفەویەکان کە لەژێر دەسەلأتی زولفەقار خانی کوردی سەرۆك هۆزی کەلهور سەربەدەسەلأتی عوسمانی[3]، بووە هۆکاری دەستپێکی ململانەیەکی توونـد جارێکی دیکە لەسەر عێراق لە نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی، بەتایبەتی دوای کوژرانی زولفەقار خانی کوردی لە لایەن براکانی بە پیلانی شا تەهماسبی یەکەم[4] .

ئەم رووداوەش کاریگەری زۆری کردە سەر سوڵتان سلێمان قانونی، چونکە خۆی وادادەنا کە پارێزەری ناوچە پیرۆزەکانە لە عێراق و لە هەمان کاتدا رۆڵی دەرباری عوسمانی لە هاندانی سوڵتان سلێمان و باسکردنی رۆڵی

---

(1) عبدالحسين زرين كوب ، منبع پيشين ، ص ٦٧٤.

(2) مستەفا محەمەد کەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٣١.

(3) میر شەرەف خانی بدلیسی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١٨.

(4) مستەفا محەمەد کەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٣١.

باوکی لە رووبەڕووبونەوەکانی بەرامبەر بە ئێرانیەکان[١]، لەلایەکی دیکەوە شا تەهماسبی یەکەم کە لە ساڵی (١٥٢٤) وەك (شا) ی ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست، رەتی کردەوە کە دان بنێت بە دەسەڵاتی سوڵتان سلێمان قانونی وەك خەلیفەی موسڵمانان، هەروەها داگیرکردنی (بەغدا)ش لە لایەن سەفەویەکان بەهانەیەکی باشی دایە دەست سوڵتانی عوسمانی کە هێرش بکاتە سەر ئێران[٢].

هیزەکانی عوسمانی وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەسەفەوییەکان لەساڵی (١٥٣٣) هێرشیان کردە سەر ئازەربایجان لەرێگای یارمەتی و هاندانی ئولامە تەکەلوی حاکمی ئازەربایجان کە یەکێ لە گەورە سەرکردەکانی قزلباش بوو ، ئەو کات لە شا تەهماسبی یەکەم یاخی ببوو ، پەنای بردبووە لای سوڵتان سلێمان قانونی[٣].

لەو هەلٚ ومەرجەدا ئولامە تەکەلو توانی هەریەکە لە (ئیبراهیم پاشا)[٤]ی سەدری ئەعزەم و سوڵتان سلێمان قانونی رازی بکات لەسەر پەلاماردانی ئێران، ئەم لەشکرکێشییەش بەناو خاکی کوردستاندا گوزەری کردو دواتر

---

[1] حسن كريم جاف ،المصدر السابق ، ص٣٠.

[2] كارل بروكلمان ، المصدر السابق، ص ٤٥٢.

[3] عبدالحسين نوايي ، عباسقلي غفاري فرد ، منبع پيشين ، ص١١٨.

[4] ئیبراهیم پاشا سەرکردایەتی سوپای عوسمانی کردووە لە ساڵی ١٥٢٤ز وە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی کردووە لە میسر و ئەنادۆل و هەنگاریا ، پۆستی سەدری ئەعزەمی وەرگرتووە، لەساڵی ١٥٣٦ز، سەرەرای خزمەتەکانی کەپێشکەشی دەوڵەتی عوسمانی کردبوو،بە فەرمانی سوڵتان سلێمان قانونی بە هاندانی روکسلانا لە سێدارە درا. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە: الامير شكيب ارسلان، تاريخ الدولة العثمانية، جمع اصوله وحققه وعلق عليه: حسن السماحي سويدان،الطبعة الأولى،دار ابن كثير، دمشق،٢٠٠١م،ص ص١٥٢ – ١٥٧.

هێرشی كردە سەر ئازەربایجان، بەڵام ناكرێت رۆڵی ئۆلامە سوڵتانی تەكەلو پشت گوێ بخرێت كە وەك چاوساغێك و یارمەتییەكانی توانرا پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی داگیر بكرێت[1].

بێگومان هەڵگەرانەوەی ئولامە تەكەلو و چونە ژێر ركێفی دەوڵەتی عوسمانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستە توندەی شا تەهماسبی یەكەم كە لە ساڵی (١٥٣٠) بەرامبەر بەخێلی تەكەلو ئەنجامی دابوو ،هەروەها دەكرێت پاڵنەری بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی ئۆلامە تەكەلو بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵا لە جێگای چوهاسوڵتان وەك هۆكارێكی دیكە هەژماربكرێت بۆ ئەو یاخی بوونە[2].

لە كاتی دەستپێكردنی پێشڕەوییەكانی سوپای عوسمانی بۆ ئازەربایجان ، شا تەهماسبی یەكەم لە بەرەی رۆژهەلأت لەدژی ئۆزبەكەكان دەجەنگا، ، بەڵام گەیشتنی هەواڵی پێشڕەوی عوسمانییەكان جارێكی دیكە بووە هۆی درێژكردەوەنەوەی هەرەشەی ئۆزبەكەكان لەرۆژهەلأت تاكو مردنی (عوبەیدوللاّ خان)[3]ی رێبەری ئۆزبەكی لەساڵی ١٥٤٠ز[4].

سوڵتان سلێمان قانونی لە ساڵی ١٥٣٤ز بۆ جێگیركردنی ئەم سەركەوتنە بە هێزێكی گەورەوە بەناو كوردستاندا روویكردە تەورێز و لەوێشەوە بە هۆی نالەباری كەش و هەواو سەختی زستان و كەمی ئازوقە تەورێزی چۆل كردوو

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢.

[2] فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص ص ٧٨-٧٩.

[3] برازای محەمەد خانی ئۆزبەكە،دوای كوژرانی خانی ئۆزبەك رابەرایەتی ئۆزبەكەكانی گرتەدەست و لەهێرشەكانی بۆسەر ئێران بەردەوام بوو تاكو مردنی لەساڵی ١٥٣٩ز . عبدالرضا هوشنگ مهدوی ،منبع پیشین، ص٣١.

[4] عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص٦٧٤.

گەڕایەوە هەمەدان، دواتر دووبارە بە کوردستاندا گوزەری کردو روویکردە بەغدا[1]، پاش نزیك بوونەوەی لە بەغدا ترس و دڵەراوکێ لە نێو سەفەویەکان بڵاو ببۆوە، بەبێ بەرگریەکی ئەوتۆ سوڵتان سلێمان قانونی چووە نێو بەغدا و داگیری کرد، ئەوەی زانراوە کە سوڵتانی عوسمانی ڕێگەی بەتاڵانکاری و ئازاردانی خەڵك نەداوە[2].

لە دوای گەیشتنی هەواڵی لەشکرکێشیەکەی عوسمانی بۆ ئازەربایجان ، شا تەهماسبی یەکەم بریاری وەستاندنی هێرشەکانی بۆ سەر مۆڵگەکانی ئۆزبەك راگەیاند، پاشان گەڕایەوە بەرەو ئازەربایجان بۆ بەرنگاربوونەوەی سوپای عوسمانی و دانای سنورێك بۆ هێرشەکەیان، بەڵام تەورێز لە لایەن سوپای عوسمانی چۆڵکرابوو[3]، هەر بۆیەش شا تەهماسبی یەکەم لە بریارێکی بوێرانە پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی لە تەورێز گواستەوە بۆ قەزوین[4].

هێزەکانی سەفەوی لەساڵی (١٥٣٨) بەردەوام لەرووبەڕووبونەوە دابوون لەگەڵ پاشماوەی هێزەکانی عوسمانی لەسەرووی هەمووشیانەوە ئولامە تەکەلو، کە رووی کردبووە قەلاًی وان ئەمەش جارێکی دیکە بەهانەی دایە دەست سوڵتان سلێمان قانونی لەساڵی (١٥٣٨) هێرش بکاتە سەر

---

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢.

(2) علی وردی ، لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث ، ج١ ، المطبعة اسوة ، قم ، ٢٠٠٤م ، ص ٥٦.

(3) محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص٢٥.

(4) فریدون اسلام نیا ، نگاهی به تاریخ ایران بعد از اسلام ، چ٢ ، حسین اصل ، اورومیه ، ١٣٨٢ ه.ش ، ص ١٧٠ ؛

Gabor Agoston and Bruce Masters , Op.Cit,P.280.

ئازەربایجان[1]، چونکە هێزەکانی سەفەوی لەپێشڕەوی دابوون و تەنانەت توانیان قەڵای شێروانە گەمارۆ بدەن ، لە ئاکامی بەگژداچوونی هەردوو سوپا لە نزیك گوندی (دمە) لە ناوچەی درگزین[2] ، سوپای عوسمانی تووشی شکست هات ، بە تایبەتی دوای ئەوەی میر سوڵتان رۆملو توانی زەبرێکی کوشندە لەهێزەکانی عوسمانی بدات، هاوکات (سینان پاشا) ی فەرماندەی هێزی عوسمانی بەدیل بگرێت ، ئەم رووداوە بووە هۆکارێك، کەسوڵتانی عوسمانی پێشڕەوی هێزەکانی، سەرەرای توندی شەڕەکان بۆ ناو قووڵایی خاکی ئێران رابگرێت[3].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە سوڵتان سلێمان قانونی لە شەڕە یەك لە دوا یەکەکانی ئێران ، نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك سەرەرای ئەو راستیە حاشاهەڵنەگرە سەبارەت بەسوڵتان سلێمان کە چەندین سەرکەوتنی لەبەرەی رۆژئاوا تۆمارکردبوو، بەڵام پەیرەوکردنی سیاسەتی پاشەکشێی سوپاو ئەنجامدانی جەنگی ئیستفزازی لە لایەن شا تەهماسبی یەکەمەوە هۆکار بوون بۆ یەکلانەبوونەوەی جەنگەکە.

پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی رۆژ بە رۆژ لەگرژی و ئالۆزیدا بوو، تا ئەو کاتەی (ئەلقاس میرزا)[4]ی برای شا تەهماسبی

---

[1] عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین ، ص ٣٢ .

[2] دەکەوێتە باکوری ئێران.

[3] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٣١.

[4] بۆزیاتر زانیاری دەربارەی ئەلقاس میرزا و پەیوەندیەکانی لەگەڵ شا تەهماسب بروانە : شا طهماسب بن اسماعیل بن حیدری الصفوی ، تذکره شاه طهماسب ، با ممقدمه و فهرست اعلام : امر الله صفری ، چ٢ ، انتشارات شرق ، تهران ، ١٣٦٣ هـ.ش ، ص ٤٢ .

یەکەم یاخی بوونی خۆی راگەیاند، دژ بە دەسەڵاتی براکەی، کە ئەو کات حاکمی شێروانە بوو[1].

دیارە ئەم رووداوە رەوشەکەی نێوان هەردوو دەوڵەتی زیاتر ئالۆزتر کرد، هەرچەندە سەرکردەکانی قزلباش هەوڵێکی زۆریاندا بۆ بۆ باشکردن و هێورکردنەوەی ئالۆزیەکانی نێوان شا تەهماسبی یەکەم و ئەلقاس میرزای برای، بەڵام نەگەیشتنە هیچ چارەسەرێك، هەربۆیە شا تەهماسبی یەکەم بریاری رەوانە کردنی هێزێکی گەورەی دا بۆ شێروانە بە مەبەستی دامرکاندنەوەی یاخی بوونی ئەلقاس میرزا[2]، لەبەرامبەر ئەم کارەی شا تەهماسب ، ئەلقاس میرزا کاردانەوەیەکی توندی وەرگرت و پەنای بردە بەر دەوڵەتی عوسمانی و لەوێشەوە دەستیکرد بەهاندانی سوڵتان سلێمان قانونی بۆ هێرشکردنە سەر ئێران[3].

سەرەرای هەموو ئەو بەربەستانەی کە شا تەهماسبی یەکەم لە بەرامبەر لەشکرکێشیەکەی سوپای عوسمانی داینابوو وەك پەیرەوکردنی سیاسەتی زەوی سوتاندن و تێکدانی هەموو کەناڵ و سەرچاوە ئاوییەکان ، سوپای عوسمانی لە ساڵی (١٥٤٨) جارێکی دیکە لەشکرکێشی کردە سەر ئێران و تەورێزی داگیرکرد[4] ، لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا سوپای عوسمانی نەیتوانی پارێزگاری لە شارەکە بکات ، بە هۆی کەمی ئازوقەو ئەو هێرشە لەناکاوانەی

---

(1) امیر محمود خواندامیر ، منبع پیشین ، ص ص ٢٢٤-٢٢٥.

(2) ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص١٠١.

(3) مریم میر احمد، منبع پیشین،ص٦٤.

(4) عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص١١٩.

سوپای سەفەوی کە دەکرایە سەریان، وای لەسوڵتان سلێمان قانونی کرد تەورێز جێبهێلێت و پاشەکشە بکات بەرەو دیاربەکر[١].

سوڵتان سلێمان قانونی گەیشتە ئەوباوەڕەی کەقسەکانی ئەلقاس میرزا پوچەڵ و بێ ناوەرۆکە،بە تایبەت دەربارەی یارمەتییەکانی خەڵکی ئێران بۆ ئەلقاس میرزا و سوپای عوسمانی دژ بەشا تەهماسبی یەکەم، بۆیە سوڵتانی عوسمانی داوای لە ئەلقاس میرزا کرد پێویستە رووبەڕووی ئەوهێزە (سەفەوی)ە ببێتەوە کە لەکاتی پاشەکشێی سوپای عوسمانی هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ پەلاماردانی هێزەکانی عوسمانی[٢].

ئەم داوایەی سوڵتانی عوسمانی ، ئەلقاس میرزای خستە ناو داوێکی کوشندە، چونکە لەپێشڕەویەکانی ئەلقاس میرزا بۆ ناوەوەی ئێران بە تایبەتی بۆ قوم و لەوێشەوە بەرەو کاشان[٣] وئەسفەهان خەڵکەکە دەرگایان لەسەرداخست و دواتر هەوڵیدا بچێتە شیراز، بەڵام بێ ئومێد بوو لەراکێشانی سەرنجی خەڵك[٤] لەئاکامدا لەخوزستانەوە روویکردە بەغدا لەوێش وەدەرنرا، بۆیە بە ناچاری روویکردە کوردستان و پەنای بردە لای سرخاب بێگ کوری

---

(1) شا طهماسب بن اسماعیل بن حیدری الصفوی ، منبع پیشین، ص ص ٥١-٥٣.

(2) kaya sahin , empire and power in the reign of suleyman: narrating the sixteenth – century ottoman world, (united states of America-2013), p.120.

(3) شارێکە کەوتۆتە باشوری رۆژئاوای قوم .

(4) محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٢٥.

مەئمون بێگی یەکەم لە قەڵای مەریوان ، لەوێشەوە وەك دەست بەسەرکراوێك رادەستی شا تەهماسبی یەکەم کرایەوە [١].

دوای رادەستکردنەوەی ئەلقاس میرزا ، لە لایەن شا تەهماسبی یەکەم سەرکۆنە کرا، بەڵام لە گیانی خۆشبوو تەنها زیندانی کرد لە قەڵای دوورە دەستی(قەهقەهە)[٢]، پاشان ئەلقاس میرزا لەو قەڵایە لە لایەن دوو پاسەوانی زیندانەکە دەکوژرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنەوەی تۆڵەی خوێنی باوکیان کە لەسەر دەستی ئەلقاس میرزا کوژرا بوو[٣].

شا تەهماسبی یەکەم، دوای دەستگیرکردنی ئەلقاس میرزا، یەکێ لەکوڕەکانی بەناوی ئیسماعیل، کە دواتر بە ( شا ئیسماعیلی دووەم ١٥٧٦ – ١٥٧٧) دەناسرێت، دەکاتە حاکمی شێروانە، لەساڵی ١٥٥١ز چەند هێرشێکی کردە سەر ئەرزەرووم وئەرمنستان چەندین ناوچەی داگیرکرد، لەبەرامبەریشدا

---

(1) میرزا شکرالله سنندجي (فخر الکتاب) ، تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان ، مقابلة و تصحیح :حشمت الله طبیبی ، مؤسسة انتشارات امیر کبیر ، تهران ، ١٣٦٦ه.ش ، ص ٩٨ ؛ خورشاه بن قباد الحسینی ، منبع پیشین ، ص ص١٧١-١٧٢.

(2) لەسەردەمی سەفەوی ئەو قەڵایە شوێنی زیندانی کردنی شازادەکان وئەمیرە یاخی بووەکان لەدەسەڵات بوو، لەسەردەمی شاه تهماسب ئەم قەڵایە هەریەکە لە ئیسماعیلی دووەمی سەفەوی کوری شا تهماسب والقاس میرزاو سام میرزای برایی وخان احمدگەیلانی فەرمانرەوای گەیلانی تێدا زیندانی کراوە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە قەڵایەکەو گرنگی لەدولەتی سەفەوی بگەرێوە بۆ: حسین میر جعفری، قلعه قهقهه و اهمیت ان در عصر صفویه، مجله علمی– پژوهشی دانشکده ادبیات و علوم انسانی اصفهان، شماره(١٨-١٩)،پاییز و زمستانی١٣٧٨ه.ش ص ص ١-١٣.

(3) منشی بوداق قزوینی ، جواهر الاخبار ، مقدمه وتصحیح و تعلیقات : محسن بهرام نژاد ، میراث مکتوب ، تهران ، ١٣٧٨ ه.ش ،ص ص ٢٠٤-٢٠٥ ؛ امیر محمود خواندامیر ، منبع پیشین ، ص ص ٢٥٨-٢٥٩ .

چـەندین پـەلاماری سـوپای عوسمـانی تێكـشكاند[١]، ئازایـەتی ودلاوەری (ئیسماعیل) بووە مایەی ئیرەیی باوكی ،چونكە (شا) ی سەفەوی لەوە دەترسا ئەو ئازایەتیەو فرەوانخوازیانەی لەداهاتوودا ببێتە هۆكارێك بۆدەست گرتن بەسەر دەرباری سەفەوی، هەربۆیە زوو بریاری دەستگیركردنی بۆ دەركرد و لەقەلأی (قەهقەهە) زیندانی كرد[٢].

لە دواین قۆناغی جەنگی بیست ساڵەدا شا تەهماسب لەچوار قۆڵەوە هێزەكانی خۆی نارده سەرئاوایی و قەلأكانی (ئەرجیش)[٣] وبارگیری وپاسین و موش و پەندماهی و (عادلجوان)[٤] سەرانسەری ئەوناوچانەیان لەئاگر و خوێن نقوم كرد، لەلایەكی دیكەوە بۆدووەمین ساڵ لەسەریەك هەمووناوچەكانی (وان ، ستان،ئاموك،كواش،ئەلباق،خوشاب)یان تالأنكردو ئاگریان لە دانەوێلەو پوش وپاوانیان بەردا[٥].

لە دوای ئەم هێرشانەدا سوڵتان سلێمان قانونی هێزەكانی عوسمانی ئامادەكرد، بە مەبەستی هێرشكردنە سەر ئێران، لەساڵی (١٥٥٣) گەیشتن بۆ نەخچەوان، دوای ئەوەی شا تەهماسبی یەكەم هەستی كرد سوپای عوسمانی لە توخوبەكانی ئێران نزیك بۆتەوە، بریاریدا باڵوێزی خۆی بەناوی (فەرخ زادە) بە مەبەستی بەستنی پەیماننامەی ئاشتی بنێرێتە دەرباری عوسمانی، لەبەرامبەردا سوڵتان سلێمان قانونی بە پێشنیارەكەی شا تەهماسبی یەكەم

---

[1] محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٢٦.

[2] عبالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص ٦٧٦.

[3] دەكەوێتە كەنارەكانی باكوری دەریاچەی وان .

[4] دەكەوێتە كەنارەكانی دەریاچەی وان ، بەشێكە لە ویلایەتی ( بەدلیس )ی كوردی لە توركیا.

[5] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٣.

قایل دەبێت و پەیماننامەی ئاشتی (ئاماسیا)[1] لەساڵی ١٥٥٥ز لە نێوان هەردوولادا بەسترا[٢].

پەیماننامەی ئەماسیا کە لە ساڵی ١٥٥٥ز مۆرکرا لە نێوان هەردوو دەوڵەت ، بووە هۆکارێك بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە نێوانیان، لەمیانەی مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئێرانیەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە گرتنی بەغداد و گەڕانەوەی بۆ ژێر دەسەڵاتی سەفەوی کارێکی ئەستەمە و لە بەرامبەریشدا سوڵتان سلێمان قانونی گەیشتە ئەو بڕوایەی لەشکرکێشیەکانی بۆ ناو خاکی ئێران بە هیچ جۆرێك ناتوانێت جێ پێی خۆی لەم ولآتەدا قایم بکات ، هەر بۆیەش هەردوو لایەنی ناکۆك بڕیاری بەستنی پەیماننامەی ئاشتیان قبوڵکرد،کەبووە هۆکارێك بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە نێوان هەردوو دەوڵەت،تاکو مردنی شا تەهماسبی یەکەم لە ساڵی ١٥٧٦ز[٣].

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی ئەماسیا کە خۆی لە چەند بەندێکی کەم دەبینێتەوەو بەپێی تەرازووی هێزەکانی هەردوولا ئەرمەنستان و گورجستان و کوردستان و بەشێکی عەرەبستان بەسەر هەردوو دەوڵەتدا دابەشکران و ناوچەی قارس بە بێلایەن و قەڵاکانی بەخاپوری بهێلێرێتەوە، هەردوو لایەنیش بڕیاریاندا کاربەدەستانی سنوور کێشەو ئاژاوە دروست نەکەن و داڵدەی راکردووەکانی یەکتر نەدەن[٤].

---

[1] شاروچکەیەکە لە باکوری ئەنادۆل.

[2] فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص ص٨٤-٨٥ " اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص٧٩؛

John M. Flannery, Op.Cit, P.22.

[3] مستەفا محەمەد کەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٣٦.

[4] سەبارەت بەزانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکەوتننامەی ئەماسیا بگەڕێوە بۆ :

دەکرێت بڵێین بەستی پەیماننامەی ئاشتی ئەماسیا پێویستیەکی لە رادەبەدەر بوو بۆ هەردوو وڵات، چونکە ئەم رێکەوتنە بووە مایەی بەرقەرارکردنی ئاشتی لە نێوانیان ، لەلایەکی دیکەوە سوودێکی گەورەی هەبوو بۆ هەردوولا، چونکە توانیان لەو ماوەیەی کە ئاشتی بەرقەرارە، بپرژێنە سەرکێشە گەورەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیان .

لەکۆتاییەکانی حوکمرانی شا تەهماسبی یەکەم ئێران جۆرە سەقامگیریەکی سیاسی لە خۆ دەگرێت ، کە مێژووی ئێران هیچ کات ئەو پەیوەندیە باشەی نێوان هەردوو دەوڵەتی بەخۆوە نەبینیبوو، چونکە لەو ماوەیەدا ئاڵوگۆری شاندەکان و ناردنی نامەو دیاری بە بەها لە نێوان هەردوو فەرمانڕەوای عوسمانی و سەفەوی لە ئارادابووە[١] .

لەساڵی (١٥٥٦) شاندێکی دەوڵەتی سەفەوی بەسەرکردایەتی ئیسماعیل بیگ چووەتە دەرباری عوسمانی لە ئیستانبول زۆر بەرێزەوە پێشوازیان لێکراوە ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لە سەر نیەت پاکی هەردوو دەوڵەت و پابەند بوونیان بەرێکەوتننامەی ئاشتی ئەماسیا[٢] .

---

Sabri Ates, ottoman – Iranian borderlands: making a boundary 1843 – 1914 , (cambirdge university press - 2013 ), P.20.

(1) حسن كريم جاف ، المصدر السابق ، ص ٣٥.

(2) عبدالرضا هوشنگ مهدوی، منبع پیشین ، ص ٣٥.

**تەوەری سێیەم :**

## ڕووداوە گرنگەكانی تایبەت بەشا تەهماسبی یەكەم

### أ – رادەستكردنەوەی بایەزید كوری سوڵتان سلێمان قانونی

ماوەی حوكمرانی شا تەهماسبی یەكەم بە درێژترین ماوەی فەرمانراوایەتی ئەژمار دەكرێت لەنێو بنەماڵەی فەرمانڕەوایی سەفەویدا، هەرچەندە لە ماوەی كۆتاییەكانی حوكمرانی شا تەهماسبی یەكەم ئێران جۆرە سەقامگیرییەكی سیاسیی لە خۆدەگرێت، بەلاّم پەڵەیەكی رەشیش دەخاتە سەر مێژووی ئەو بنەماڵەیە[1] ، ئەویش بریتییە لەرادەستكردنەوەی بایەزیدی كوری سوڵتان سلێمان، پاش ئەوەی لە باوكی یاخی دەبێت و رووەدەكاتە ئێران لەساڵی (١٥٥٩)، هەرچەندە شا تەهماسبی یەكەم لە سەرەتادا بەڕێزەوە لە قەزوین پێشوازی و مامەڵەی لەگەڵ كرد[2]، بەلاّم دواتر لە ساڵی(١٥٦١) رادەستی شاندی عوسمانی دەكاتەوە لە بەرامبەر چوارسەد هەزار سكەی زێر[3].

لەو ماوەیەی (بایەزید) لە دەرباری سەفەوی بوو، هەوڵیدەدا هانی شا تەهماسبی یەكەم بدات بۆ هێرشكردنە سەردەوڵەتی عوسمانی، بە مەبەستی بە دەستهێنانی ئامانجەكانی، بەلاّم (شا)ی سەفەوی ئەم پێشنیارانەی رەتكردەوە، چونكە پابەند بوو بە رێكەوتننامەی ئەماسیا[4]، لە هەمان كاتدا سوڵتان سلێمان قانونی بۆ درێژە پێدانی ئاشتی و پابەند بوون بە

---

[1] محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٢٦.

[2] قاضی احمد غفاری قزوینی، تاریخ جهان ارا، كتابفروشی حافظ، تهران، ١٣٤٣ﻫ.ش، ص ص٣٠٤-٣٠٥.

[3] همان ، ص ص ٣٠٧-٣٠٨ ؛ عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ،ص ص ٦٧٥-٦٧٦.

[4] اسكندر بیگ تركمان ، منبع پیشین ، ص ١٠٣-١٠٤.

ڕێکەوتننامەی ئەماسیا، ڕادەستکردنەوەی بایەزید و کوڕەکانی کردە مەرج لەسەر شا تەهماسبی یەکەم[1]،هەرچەندە ڕادەستکردنەوەی بایەزید و کوڕەکانی لە لایەن شا تەهماسبی یەکەم بۆ دەرباری عوسمانی ، بۆتە مایەی ڕەخنە و تانە لێدان لەسەر کەسایەتی (شا)ی سەفەوی ، لە لایەن هەندێك لە مێژوونوسان، هەرچی مێژوونوسە ئێرانیەکانە لەرووی مرۆڤایەتیەوە پۆزش بۆ ئەم کارەی شا تەهماسبی یەکەم دەهێننەوە و دەلێن "مردنی کەسێك باشترە لەمردن و کوژرانی چەندان کەس" لەلایەکی دیکەوە ئەگەر شا تەهماسب داواکەی سوڵتان سلێمان قانوونی لە ڕادەستکردنەوەی بایەزیدو کوڕەکانی ڕەتبکردبایەوە، بێگومان دەبووە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی ئەماسیا و دووبارە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ و ئاشوب[2].

جێی ئاماژە پێکردنە لە کۆتاییەکانی ماوەی حوکمرانی سوڵتان سلێمان قانوونی ، حەریمی سوڵتان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دروستکردنی ئاشوب و نانەوەی دووبەرەکی لەناو دەرباری عوسمانی، بەشێوەیەك هەریەك لەژنەکانی سوڵتان سلێمان قانونی لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە کوڕەکانیان بکەنە جێنشینی سوڵتان، لەو ململانیەشدا (ڕۆکسلانە خوررەمی)[3] خێزانی سوڵتان سلێمان قانونی بەیارمەتی (ڕۆستەم پاشا)ی سەدری ئەعزەم توانیان ململانییەکە بەقازانجی خۆیان تەواو بکەن ، بەشێوەیەك وایان لەسلێمان قانونی کرد

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین ، ص١٢٣.

[2] مستەفا محەمەد کەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٤٠.

[3] ڕۆکسلانە لەلایەن سولتان سلێمان قانونی جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە، لە تەواریخی عوسمانی بە خرم سولتان هاتووە ، بەلام لەسەرچاوە بیانیەکان بە ڕۆکزالان هاتووە . اسماعیل حقی اوزون چارشی لی ، منبع پیشین ، ص ٤٣٢.

لـەرێگای فێـڵ و تەلەكەیەكـەوە مـستەفای كـوری لـە ناوببـات[1]،دواتـریش كوڕەكـانی دیكـەی، بۆئـەوەی سـەلیمی دووەمـی كـوری رۆكـسلانە ببێتـە جێنشین[٢].

هەر لە میانەی پیلانەكەیاندا، بریاری ئالوگۆكردنی شوێنەكانی هەریەكە لـە بایەزیـد و سـەلیمی دووەم درا كـە تێیـدا فـەرمانڕەوا بـوون ، بەشـێوەیەك بایەزید كە ئەوكات والی (قونیە) بوو لەسەری پێوستكرا ئەو شوێنە جێبهێلێت و ببێتە والی (ئەماسیا)، لە بەرامبەریشدا سلیمی دووەم (مغنسیە) جێبهێلێت و بچێتە (كوتاهییە)، بەلاّم بایەزید بەم ئالوگۆریـە رازی نابێـت[٣]، دیارە ئاكامی ئـەو نـارازی بوونـە بەشـەڕێك كۆتـای هـات لەسـاڵی (١٥٥٩) ، كـە تێیـدا بایەزیـد شكست دەخوات و روو دەكاتە ئێران و لە لایەن شا تەهماسبی یەكەم بـەرێزەوە پێـشوازی لێكـرا لـە قـەزوین ، بـەلاّم دواتـر لەبـەر هەوڵـەكانی بایەزیـد بـۆ لەناوبردنی شا تەهماسبی یەكەم و ئاشكرابوونی بووە هۆكارێك كە بایەزیدو كوڕەكانی زیندانی بكرێن[٤]، پاشان لەساڵی (١٥٦١) رادەستی نێردەی سوڵتان سـلێمان قـانونی دەكـرێن و كۆتـایی بـەگیانی هەریەكـە لەبایەزیـد و كوڕەكـانی هێنرا[٥] ، بەمەش سەلیمی دووەم بەبێ ركابەر مایەوە بـۆ جێنـشینی سـوڵتانی عوسمانی.

---

[1] مستەفا محەمەد كەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٤١.

[2] محمود شاكر ، الخلفاء العثمانیون ، ط١ ، المكتب الاسلامي، بیروت ، ٢٠٠٣ ، ص١٤١.

[3] محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٢٦ .

[4] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، منبع پیشین ، ص١٢٣ .

[5] سـەبارەت بـە كوژرانی هەریەكـە لـە بایەزیـد و كوڕەكـانی، دوای ئـەوەی نێـردەی تایبـەتی دەرباری عوسمانی كەپێك هاتبوون لە خسرۆ پاشا حاكمی وان ، عەلی ئاغاو سینان بیگ ، گەیـشتنە دەربـاری سـەفەوی لەقـەزوین دوای وەرگرتنـەوەی هەریەكـە لەبایەزیـد وكوڕەكـانی لەمەیـدانی ئەسـب لەقـەزوین خنكێنـدران، ئەمـەش بەلگەیـە لەسـەر ئـەوەی كـە بایەزیـد و

**ب- دەمارگیری ئاینزایی لەبەرامبەر (هەمایونی کوری بابەر)[(١)]**

پەیوەندیەکانی شا تەهماسب لەگەڵ خانی تەیموری هیندی دەگەڕێتەوە ئەو کاتەی کە ململانێی توونـد لـە نێوان هـەمایونی بابـەر دەسـەڵاتداری هیندستان و شیرشا دەسەڵاتداری ئەفغانستان هاتە ئاراوە[(٢)]، لە ساڵی (١٥٣١) هەمایونی کوری بابەر لەشوێنی باوکی دەسەڵاتی دلهی گرتە دەست، هەوڵیدا هەردوو میرنیشنی گجرات و مالوە یەکبخات، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت[(٣)].

لەبەرامبەریشدا شـیرخان کەسـەرکردایەتی ئەفغانـستانی دەکـرد، بـە دەسەڵاتی هەمایون رازی نەبوو ، بۆیە هـەردوولا لـە کەنارەکانی رووباری گنگ لە ساڵی (١٥٤٠) رووبەرووی یەکتر بوونەوە، کە تێدا هەمایون تووشی شکست هات[(٤)]،دیارەشکست خواردنی هەمایون لەشەڕی گنگ (قەننوج) بووە، هۆکارێك کە تەوای هیندستان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شیرخان و محەمەد هەمایونیش

---

کوڕەکانی رەوانەی ئیستانبول نەکراونەتەوە، بەڵکو تەنها لاشەیان گەیاندراوەتەوە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: مریم میر احمد، منبع پیشین، ص٦٢.

(1) هەمایون لە ساڵی ١٥٠٨ لە ئەرگی کابول لەدایك بووە، لەمەنی ٢٣ ساڵیدا لەدوای مردنی باوکی دەسەلاتی وەرگرتووە، بەلام بەهۆی کەم ئەزموونی لەبەرێوەبردنی ولات و خوگرتنی بەترياك نەيتوانی پارێزگاری لە ئیمپراتۆریەکەی باوکی بکات، لەساڵی ١٥٥٦ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بگەرێوە بۆ : سید هیدایت علی شاه رضوی ، تاريخ سياسی اجتماعی بابریان هندوستان، فصلنامه ( سخن تاریخ)، شماره(٣)، قم،تابستان ١٣٨٧هـ.ش،ص ص ٧٩-٨١.

(2) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص٦٤.

(3) امیر محمود خواندامیر ، منبع پیشین ، ص ٢٥٧-٢٥٨ .

(4) Paddy Docherty, the Khyber Pass: Ahistory of empire and invasion, New York, 2008, p.174.

تووشی سەرگەردانی و ئاوارەیی هات، بۆیە سەرەتا روویکرد سند و لەوێشەوە رێگای گرتە بەر بە ئاراستەی سنورەکانی دەوڵەتی سەفەوی [١].

کاتێك هەمایۆن گەیشتە سنورەکانی ئێران، زۆر بەگەرمیەوە لە لایەن سەفەوییەکان پێشوازی لێکرا تاکو گەیاندیانە قەزوین[٢]، لەکاتی دیدارەکەشیدا لەگەڵ شا تەهماسب ، زۆر بەزەقی دەمارگیری ئاینزای لەخودی شا تەهماسب بەدیار دەکەوێت، چونکە داوا دەکات لەمیوانەکەی کەسوننە ئاینزاە ئامادەیە یارمەتی پێشکەش بکات بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆ دلهی، بەمەرجێك ئاینزاەکەی بۆ شیعەبگۆرێت[٣].

لە لایەکی دیکەوە شا تەهماسبی یەکەم ئەو هەلەی قۆستەوە کە هەمایون وەك پەناهەندە لەدەرباری سەفەوی بوو، مەرجێکی دیکەی بەسەردا سەپاند، ئەویش داوای قەندەهاری لێکرد، چونکە ئەو ناوچەیە کێشەی زۆری لەسەر بوو لە نێوان هەردوولادا[٤]، سەرەتا هەمایون ئەم پشنیارانەی شا تەهماسبی بەلاوە پەسند نەبوو، بەلاّم بەئامۆژگاری (پیرەمخان)ی راوێژکاری کە لەسەر ئاینزای شیعە بوو ، رەزامەندی نواند لەسەر گۆرینی ئاینزاەکەی و لە دوایشدا بە مەرجی دووەمیش رازی دەبێت، دیارە قایل بوونی هەمایۆن زیاتر بۆ ئەوەیە شا تەهماسبی یەکەم نەرمی بنوێنێ لە یارمەتیدانی[٥].

---

(1) خورشاه بن قباد الحسینی ، منبع پیشین ، ص ص ١٤٧ – ١٤٨.

(2) محمد علي سلطانی ، قیام و نهضت علویان زاگرس یا تاریخ تحلیلی اهل حق ، ج٢ ، مؤسسه فرهنگی نشر سها ، کرمانشاه ،١٣٧٦-١٣٧٧ ه.ش ، ص ٥٢ .

(3) مریم میر احمد، منبع پیشین ، ص٦٣.

(4) بهنام محمد پناه ، منبع پیشین ، ص ص ٦٩-٧٠ ؛

Paddy Docherty, Op.Cit, P.174.

(5) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ص٦٤-٦٥.

دوای پانزە ساڵ مانەوە لە ئێران ،همایون زۆر بەوردی چاودێری باردودۆخی هیندستان و ئەفغانستانی دەکرد،پاش ئەوەی شیرخان دەمرێت، بارودۆخ رەخسا، چونکە ململانێ لە نێوان جێنشینەکانی لەئارادابوو ، بۆیە هەمایون بەیارمەتی سوپای سەفەوی لەساڵی (١٥٥٦) ، سەرەتا لەئەفغانستان و دواتر دەسەلاتی بۆ دلهی گەڕاندەوە[1].

[1] امیر محمود خواندامیر ، منبع پیشین ، ص ص ٢٥٧-٢٥٨ .

**تەوەری چوارەم :**

## بارودۆخی سیاسیی ئێران لە دوای مردنی شا تەهماسبی یەکەم

سەرەرای بوونی چەندین ئاکاری نابەجێ لە خودی شا تەهماسبی یەکەم وەك حەزکردن لە کۆکردنەوەی پارەو باوەرکردنی بەخورافات و راڤەکردنی خەونەکان و هەروەها بوونی دەرمارگێری ئاینزای شیعەگەرای، بەلأم ناکرێت دەست بەرداری ئەو راستیە بین کە شا تەهماسب لە ماوەی حوکمرانی توانی پارێزگاری لە یەکێتی سیاسی ئێران بکات [1]، هەروەها ئێران رزگار بکات لە پەلامارەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئۆزبەکەکان و زاڵ بوونی بەسەر هەموو شۆرش و کێشە ناوخۆییەکانی ولأت ، لە ساڵی (١٥٧٦) کۆچی دوایی دەکات ، دووبارە ململانێی و ناکۆکی لە نێو نەوەکانی شا تەهماسبی یەکەم دەست پێدەکات، لەپێناو دەستگرتنیان بە سەر تەختی شاهێتی دەوڵەتی سەفەوی[2].

بارودۆخی سیاسیی دەوڵەتی سەفەوی کەوتە قەیران و گێژاوی ململانییە نێو خۆییەکانی ناو بنەماڵەی سەفەوی بە تایبەت لە نێوان نەوەکانی شا تەهماسبی یەکەم بە مەبەستی وەرگرتنی دەسەلأت و تاج گوزاری سەفەوی، هەرچەندە محەمەد میرزا ، کە ئەو کات حاکمی فارس بوو جێنشینی شەرعی (شا) بوو، بەلأم نەهاتە ناو ململانێیەکە [3]،ئیسماعیل میرزا (ئیسماعیلی دووەم)

---

[1] ابو القاسم طاهری، تاریخ سیاسی و اجتماعی ایران ، تهران، ١٣٤٩هـ.ش،ص٢٠٠.

[2] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص٣٦.

[3] محمد جواد مشکور ، تاریخ ایران زمین ، چ٤ ، انتشارات اشراقی ، تهران ، ١٣٧٢ هـ.ش، ص ٢٧٢.

لە قەڵای قەهقەهە زینندانی کرابوو[1]، بۆیە بارودۆخ بۆ حەیدەر میرزا رەخسا، بەتایبەت لە دوا ساتەکانی ژیانی شا تەهماسبی یەکەم، زۆربەی کارەکانی دەربار بەو راسپێردرابوو ، بەیارمەتی هۆزی ئۆساجلو توانی لەدوای مردنی باوکی دەسەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات[٢].

لە کۆتاییەکانی ماوەی حوکمرانی شا تەهماسبی یەکەم ، حەریمی شا رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دروستکردنی ئاشوب و نانەوەی دووبەرەکی لە ناو دەرباری سەفەوی ، بەشێوەیەك هەریەك لە ژنەکانی شا تەهماسبی یەکەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە کوڕەکانیان بکەنە جێنشینی شا ، ئەمەش کاردانەوەیەکی نەرینی هەبووە لەسەر ئالۆزی و ناکۆکی لەناو بنەماڵەی دەسەڵاتداریەتی سەفەوی ، لەلایەکی دیکەوە بوونی رەگەزی چەرکەسی و گورجی لەناو دەرباری سەفەوی ، کە وەك هێزی سێیەم لە ئێران دەرکەوتن بە هەمان شێوە رۆڵیان هەبووە لە دروست کردنی ناکۆکیەکان[٣].

قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن حەیدەر میرزا بووە مایەی نارەزایی لە لایەن سەرکردەی هۆزەکانی ئەفشارو رۆملو و بەیات[٤] ،سەرەرای سەرکەوتنی ئۆستاجلو و گورجییەکان لەهەوڵەکانیان بۆ دانانی حەیدەر میرزا لەدەسەڵات، بەڵام دواتر لەرێگای دارشتنی پیلانێك لە لایەن پەریخانی خوشکی ئیسماعیل

(1) Colin P. Mitchell, New Perspectives on Safavid Iran: Empire and Society, New yourk- 2011), P.36.

(2) عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٦٧٩ .

(3) Lois Beck, Guity Nashat, Women in iran from the rise of islam to 1800, University of Illinois (U.S.A – 2003), PP.146-147.

(4) مریم میر احمد، منبع پیشین ، ص٦٥.

میرزا و سەرکردەی ئەو باڵەی قزلباشەکان ، کە دژ بەحەیدەر میرزا بوون ، توانیان شاهی تازە لەهەوادارانی دووربخەنەوە و بیکوژن[١].

پاش کوژرانی حەیدەر میرزا لە قەزوین ، هەواداران و لایەنگرانی ئیسماعیل میرزا توانیان لەزیندانی قەهقەهە ئازادی بکەن و دوای نۆ رۆژ لە مردنی باوکی لە تەمەنی چلْ ساڵیدا تاج گوزاری پاشایەتی تەختی ئێرانی پێدرا، لەمزگەوتی قەزوین ووتاری (شا)یەتی بەناوی ئیسماعیلی دووەم خوێندرایەوە[٢]، سەردەمی فەرمانراوایی ئیسماعیلی دووەم بە سەردەمی خوێناوی لە مێژووی ئێران دادەنرێت ، چونکە کەسێکی زۆر دڵ رەق و بێ بەزەیی بووە تەنانەت بەرامبەر بە باوکی کۆچکردوو و کەسە نزیکەکانی و هەڵگەرانەوەشی لەئاینزای شیعەگەرایی، رەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە نزیکەی بیست ساڵ زیندانی کرابوو لەقەڵای قەهقەهە، کاردانەوەیەکی خراپی لە سەر ئاکارو هەڵسوکەوتی ئیسماعیلی دووەم دروست کردبێت[٣].

ئیسماعیلی دووەم نەك تەنها زۆربەی لایەنگرانی حەیدەر میرزا بەتایبەتی ئۆستاجلویەکانی قەلاچۆکرد، بەڵکو لەگەڵ لایەنگرانی خۆشی کەوتە توندوتیژی ، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەسەردەمی باوکی بالادەست بوونە،هەروەها کەوتە گیانی کەسە نزیکەکانی خۆی لەبنەماڵەکەیدا ، کە

---

[1] محمود بن هدایت الله افوشتەای نطنزی ، نقاوه الاثارفی ذکر الاخبار در تاریخ صفویه، به اهتمام احسان اشراقی ، چ٢ ، انتشارات علمی و فرهنگی ، تهران ، ١٣٧٣ هـ.ش ، ص ص ٢٠ – ٢١ ؛حسن بیگ روملو ، منبع پیشین ،ص ١٧ .

[2] ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١٠٦.

[3] عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٦٨٠.

گومانی نزیك بوونەوەی لەناوەندی دەسەڵات لێبکردبایە ،ئەوە دەیکوشت یاخود کوێری دەکرد[1].

لە ساڵی (١٥٧٧) شا ئیسماعیلی دووەم کوشتارگەیەکی بۆ براکانی دانا، کە تێدا هەڵسا بەکوشتنی شەش لەبراکانی لەوانە ئیبراهیم میرزا ، مەحمود میرزا ، ئیمام قووڵی میرزا و سوڵتان ئەحمەدمیرزا و بەدیعولزەمان میرزا و عەلی میرزا و نەوەکانیان [2]، هەروەها نزیکەی هەڤدە کەس لە سەرانی (قزلباش)یش کەوتنە بەرشاڵاوی تورەیی شا ئیسماعیلی دووەم و چارەنوسیان وەك براکانی شا بوو [3].

سەرەرای ئەو کارەی کە ئیسماعیلی دووەم ئەنجامیدا دڵی ئاوی نەخواردەوە ، بەڵکو عەلی قووڵی خان شاملوی نارده هرات بە مەبەستی کوشتنی عەباس میرزا ، بەلاّم بەهۆی مردنی ئیسماعیلی دووەم ، عەباس میرزا لەکوشتنێکی حەتمی رزگاری بوو[4].

پەیرەوکردنی سیاسەتی توندوتیژی و بەئاشکرا دژایەتیکردنی ئاینزای شیعە و لابردنی دروشمەکانیان لەسەر پارەو پولیان و قەدەغەکردنی جنێودان بەهەرسێ خەلیفەی راشیدین بە دیارترین سیماکانی سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم دادەنرێن[5].

---

(1) بهنام محمد پناه ، منبع پیشین ، ص ٧٠ .

(2) ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ص ١٠٦-١٠٧ .

(3) محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٢٨ .

(4) ایران میر عابدینی، پریخان دختر شاه تهماسب، مجله (رشد اموزش تاریخ- وزارت اموزش و پرورش)، شماره (٨)،تهران،زمستان ١٣٨٠ه.ش، ص٤٠.

(5) اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص ص ٢١٣ – ٢١٤ ، ٢١٧.

بەڵام ئەوەی جێی گومانە هۆكار چین بۆ گرتنەبەری ئەم جۆرە سیاسەتانە لە لایەن ئیسماعیلی دووەم ، ئایا بۆ رازیكردنی دوژمنە تەقلیدیەكانیەتی كە خۆی دەبینێتەوە لەدەوڵەتی عوسمانی و ئۆزبەكەكان كە سوننە ئاینزا بوونە ، یاخود وەك كاردانەوەیەك لەدژی باوكی كە كەسایەتییەكی توندرەوی شیعە ئاینزا بووە ، یان وەك قەرەبووكردنەوەی ژیانیەتی كە بۆ ماوەی نزیكەی بیست ساڵ لەزیندان نابود كرابوو[١].

شیاوی باسكردنە پەیرەوكردنی ئەمجۆرە سیاسەتانە لە لایەن ئیسماعیلی دووەم بوونە هۆكار بۆ تووڕە بوونی سەركردە قزلباشە توندرەوەكانی ئاینزای شیعە و گەیشتنە ئەو رایەی كە شا ئیسماعیلی دووەم ئەو شاهە نیە كە لێی دەگەران و هیوایان پێ بوو، بۆیە بریاریاندا لەرێگای پیلانێكەوە لەناوی بەرن ، بەهانەشیان بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە ، گوایە ئیسماعیلی دووەم شیعەیەكی زۆر بە باوەڕ نیە[٢]، چونكە هەر لەمنداڵیەوە لەهرات لە لایەن مامۆستایەكی سوننە ئاینزا پەروەردە كراوە[٣].

ماوەی حوكمرانی ئیسماعیلی دووەم ساڵێك و سێ مانگ درێژەی كێشا و لە تشرینی دووەمی ساڵی( ١٥٧٧) دەكوژرێت [٤]، سەبارەت بە كوژرانیشی چەندین راڤەی جیاوازی بۆ كراوە ، هەندێك پێیان وایە بەهۆی خواردنەوەی زۆر و بەكارهێنانی بێ سنووری تریاك هۆكار بووە بۆ مەرگی ، هەندێكی تر لەو

---

(1) كارل بروكلمان ، المصدر السابق ، ص ٥٠١.

(2) عبدالحسين زرين كوب ، منبع پيشين ، ص ٦٨١.

(3) فريدون اسلام نيا ، منبع پيشين ، ص ١٧١ .

(4) محمود طلوعی ، منبع پيشين ، ص ٢٨ .

باوەڕەدان کە پانزە کەس لە ڕێگای پۆشینی جلوبەرگی ئافرەتان لەناو کۆشکەکەی خۆیدا توانیان بیکوژن[١].

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی تایبەت بەو سەردەمە باس لەهەوڵەکانی پەریخانی خوشکی دەکەن بەهاندانی سەرکردە قزلباشە توندڕەکانی شیعە لەڕێگای ژەهراوی کردن، کۆتایی بە ژیانی ئیسماعیلی دووەم هێناوە ، ئەوەی جێی سەرنجە دەربڕینی خۆشحالی خەڵك لەکاتی بیستنی هەواڵی مەرگی ئیسماعیلی دووەم بووە هۆکارێك کەپرسیارکردن دەربارەی کوشتنی ئەو شاهە بەشاراوەیی بمێنێتەوە[٢].

ئەنجومەنی باڵای سەرانی قزلباش و پیاوماقووڵانی دەربار لە دوای کوژرانی شا ئیسماعیلی دووەم بڕیاری دانانی (مەحەمەد خودابەندە)یان دا وەك شاهی نوێی ئێران[٣] ، هەرچەندە محەمەد خودابەندە ، ئارەزووی دەسەڵاتی نەبووە، چونکە کەسێکی نەخۆش و کەم بینا بوو،بەڵام سەرانی قزلباش بەزۆری رازیانکرد ، زیاتر لەبەر مەترسی رووخانی دەوڵەتی سەفەوی[٤].

دوای ئەوەی محەمەد خودابەندە بەبڕیاری ئەنجومەنی باڵای سەرانی قزلباش وەك شاهی ئێران دانرا ، هەرزوو لەبەر لاوازی و نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز و دوودڵی لەوەرگرتنی بڕیارە چارەنووسازەکاندا ، وەك بووکە شوشەیەك

---

(1) اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص ص ٢١٨-٢١٩.

(2) عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٦٨١ .

(3) ایران میر عابدینی، منبع پیشین، ص ٤٠.

(4) فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص ١٤٥.

کەوتە دەست مەهدی عولیای خێزانی[١] ، بەشێوەیەك بەناو شاهی ئێران بوو، بەڵام کاروباری دەوڵەت لەدەست خێزانەکیدا بوو[٢].

محەمەد خودابەندە پاش ماوەیەکی کەم لەوەرگرتنی دەسەڵات، کەوتە نێوان رق بە رقەی دوو ژنی خۆ بەزلزان و بێ بەزەیی ، کە هەریەکە لەمەهدی عولیای خێزانی و پەریخانی خوشکی بوون ، هەرچەندە پاش کوژرانی ئیسماعیلی دووەم ، پەریخان کاروباری وڵاتی لە رێگای ئەنجومەنێکی باڵای قزلباشەوە هەڵدەسوراند[٣]، بەڵام مەهدی عولیا بەم کارە رازی نەبوو بۆیە بریاری دوورخستنەوەی بەریخانیدا لەو مەیدانە ، لەسەرەتادا توانی لەقەزوین سەرکردە قزلباشەکان لە پەریخان دووربخاتەوە و دوای گەیشتنی بە قەزوین خەلیل خانی ئەفشاری راسپارد بە کوشتنی پەریخان[٤]، هەروەها شەمخال خان کە یەکێك بوو لەمەزنەکانی چەرکەس و تەنانەت شا شوجاع کوڕە بچووکەکەی شائیسماعیلی دووەم لەو پیلانە بەدەر نەبوون و کوژران[٥].

تاکرەویی لەدەسەڵات و بەلاوەنانی مەحەمەد خودابەندە و پشتگیرکردنی لەتاجیکەکان و دژایەتیکردنی قزلباشەکان وایکرد ململانییەکی توندوتیژ لە لایەن سەرانی قزلباش و مەهدی عولیا بێتە ئاراوە، چونکە سەرانی قزلباش گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە مەهدی عولیا دەسەڵاتی شاهی بۆخۆی قۆرخ کردووە، دواتریش هەلدەستێ بە ئەنجامدانی رەفتاری نەشیاویش بەرامبەر

---

[1] عبدالرضا هوشنگ مهدوی، منبع پیشین ، ص٤٥.

[2] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٣٨ .

[3] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، منبع پیشین ، ص١٥٢.

[4] ایران میر عابدینی، منبع پیشین، ص ٤١.

[5] راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ٦٨.

بەسەرکردە قزلباشەکان [1]، سەرەرای ئەوەش سەرانی قزلباش چەندین جار هۆشداریان دا بە شاژن دەست لە کاروباری ولآت وەرنەدات، بەلآم بێ هوودە بوو ، لەئەنجامدا سەرانی قزلباش یەکیان گرت و لەساڵی (١٥٧٩) لەناو حەرەمی خۆی خنکاندیان[2] .

خراپی و ناهەمواری بارودۆخی سیاسی ئێران جاریکی دیکە رێگای خۆشکرد بۆ سوپای عوسمانی لەسەردەمی مورادی سێیەم لەساڵی (١٥٧٨) بە سەرکردایەتی عوسمان پاشا هێرش بکاتە سەر ئێران بەتایبەت دوای پشت گوێ خستی رێکەوتننامەی ئاماسیا و دەستی گرت بەسەر تەورێز و تەفلیس و داغستان [3] .

جوامێری و دلاوەری هەمزە میرزای کوڕە گەورەی محەمەد خودابەندە توانی سنورێك بۆ پێشڕەویەکانی سوپای عوسمانی دابنێت ، بەتایبەت دوای مردنی فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی (عوسمان پاشا) لەساڵی (١٥٧٩) ناوچە داگیرکراوەکانی گەڕاندنەوە ژێر رکێفی دەوڵەتی سەفەوی و پاشەکشەشی بە سوپای عوسمانی کرد[4]، لەساڵی (١٥٨٥) هێزەکانی عوسمانی جارێکی دیکە توانیان تەورێز داگیر بکەن و ساڵێك دواتر هەمزە میرزا لە کاتی پێشرەوەیەکانی بۆ قەرەباغ لە هەڵومەرجێکی نادیار دەکوژرێت[5] .

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم،بارودۆخی سیاسی ئێران....، ل٢٤٧.

[2] بهنام محمد پناه ، منبع پیشین ، ص ٧٠ .

[3] مریم میر احمد، منبع پیشین ، ص٦٩.

[4] فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص ١٤٨ .

[5] اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص ص ٣٤٢-٣٤٧ .

دوای ئەم رووداوە بارودۆخی سیاسی دەولەتی سەفەوی رۆژ لەدوای رۆژ روو لە ئالۆزی دەکات، بەتایبەت بارودۆخی ناوخۆی ولات بەهۆی ململانێی توند لەنێوان سەرانی قزلباش لە هەرێمی خۆراسان و قەزوین لەسەر دیاریکردنی جێنشین بۆ شا محەمەد خودابەندە، لەهەمان کاتدا هەرەشە دەرەکیەکان بەتایبەت لەلایەن دەولەتی عوسمانی لە رۆژئاواو باکوری رۆژئاوا کە چەندین مەلبەند و ناوچەیان داگیر کردبوو، هەروەها لەسنورەکانی رۆژهەلات جارێکی دیکە ئۆزبەکەکان هەرەشەکانیان چرکردبووە بۆ داگیرکردنی هەرات و ناوچەکانی خۆراسان.

# بەشی سێیەم

# بارودۆخی سیاسی ئێران لە ماوەی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم ١٥٨٧- ١٦٢٩

تەوەری یەکەم :

## ململانێی نێوان میرانی خۆراسان ودەسەڵاتی ناوەندی لەقەزوین

سەردەمی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم(١٥٨٧ – ١٦٢٩ ) بەیەکێك لە کاریگەرترین ماوە لە مێژووی ئێران دادەنرێت، بێگومان دەرکەوتنی ئەو کەسایەتیە لەسەر شانۆی سیاسیی ولاتێکی پان و بەرینی وەك ئێران کاریگەری گشتگیری هەبووە لەسەر هەموو بوارەکانی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەلایەتی ، سەربازی. لەکاتی هاتنە سەر دەسەلات، شا عەباسی یەکەم تووشی بارودۆخێکی نالەبارو ناهەموار بۆوە، چونکە لەبەری رۆژئاوا و باکوری رۆژئاوا زۆربەی ناوچەو مەڵبەندەکان لەلایەن سوپای عوسمانیەوە کۆنترۆڵ کرابوو، هەرچی بەرەی رۆژهەلاتیشە نیوەی مەڵبەندی خۆراسان لەلایەن ئۆزبەکەکان تووشی پەلامارو داگیر کردن هاتبوون ، بێگومان شا عەباسی یەکەم توانی دەسەلاتێکی بەهێز لە ئێرانی ئالۆز و پەشۆکاو دابمەزرێنێت، ئەویش لەرێگای گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست ، سەرەتا سەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوخۆو رێکخستنی سوپاو چاکسازی لایەنی دارایی، دواتریش هەنگاونان بۆ دەرپەراندنی ئەم دووهێزە دەرکییەی کە هەرەشەی گەورەبوون لەسەر ئێران.

عەباس میرزای شازادە(شا عەباسی یەکەم) لە هەرات لەلایەن عەلی قولی خان شاملۆ بیگلربیگی شارەکە سەرپەرشتی دەکرا، هەرچەندە محەمەد خودابەندە و مەهد علیای خێزانی بەمەبەستی بینینی عەباس میرزای کوڕیان کەسێکیان نارد بۆ هەرات بە ناوی ئاغا نەزەر بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا شازادە بگەرێنێتەوە قەزوین ، بەلام ئەم داواکاریە لەلایەن فەرمانراوای هەرات رەتکرایەوە، بەبیانووی ئەوەی بوونی شازادەیەك لەو ناوچەیە دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك و سەربازان لەپێناو پارێزگاریکردن لەو شارە دژ بە

هەرەشەكانی ئۆزبەك، لەهەمان كاتدا مورشید قولی خان فەرمانراوای خۆراسان هەمان هەڵوێستی نواند و هاورا بوو لەگەڵ فەرمانراوای هەرات[1].

دیارە دوای شكست خواردنی هەنگاوەكانی ئاغا نەزەر لە هێنانەوەی شازادە بۆ قەزوین، دووبارە لەلایەن مەهد عولیای خێزانی شا محەمەد خودابەندە یەكێك لەدیارترین سەرانی قزلباش بەناوی ئیراهیم بیك توركمانی نارد بۆ هەمەمان مەبەست، بەڵام هەوڵەكانی ئەویش بێ ئاكام بوو، رەتكردنەوەی داواكاریەكەی دەسەڵاتی ناوەندی لەقەزوین لەلایەن فەرمانراوای هەرات، بووە هۆكاری بێزاری و نارەحەت كردنی مەهد عولیا، بۆیە لەدەرئەنجامی رەفتارەكانی عەلی قولی خان ، مەهد عولیا لەناو دەربار دەستی كرد بەسەرزنشت كردنی سوڵتان حوسێن خانی شاملۆ باوكی عەلی قولی خان و داوای لێكرد پێویستە بەهەرشێوەیەك بێت عەباس میرزای شازادەی بۆ بگەرێنێتەوە، بەپێچەوانەوە بە توندی سزای دەدات[2].

سوڵتان حوسێن خانی شاملۆ بەمەبەستی گەراندنەوەی شازادە روویكردە هەرات، توانی تارادەیەك كوڕەكەی رازی بكات لە دەست بەرداربوون لە شازادەی سەفەوی، بەڵام پاش ئاگاداربوونەوەی مورشید قولی خان لە بابەتەكە، پەیامێكی ئاراستەی عەلی قولی خان كرد، پێی راگەیاند ئەگەر گەورەكانی شاملۆ بەم كارە رازی بوون، ئەوە بەهیچ شێوەیەك ئەو رازی نابێت

---

[1] نسا باقری، نقش مرشد قلی خان چاوشلوی استاجلو در به سلطنت رسیدن شاه عباس، فصلنامه تاریخ پژوهی ( مجله انجمن علمی گروه تاریخ دانشگاه فردوسی مشهد)، شماره (٤٦-٤٧)، بهار و تابستان ١٣٩٠هـ.ش، مشهد،ص١٩٤.

[2] محمد یوسف واله اصفهانی، خلد برین، بەكوشش میرهاشم محدث ، مجموعه انتشارات ادبی و تاریخی بنیاد موقوفات دكتر محمود افشار یزدی، تهران، ١٣٧٢هـ.ش،ص ص ٥٧٨-٥٨٣.

و لە ناوچەی سبزوار لەگەڵ میرانی خۆراسان كۆدەبنەوەو رێگا نادەن ئەو كارە ئەنجام بدرێت، بۆیە عەلی قولی خان لەبەرامبەر دورست نەبوونی ئاژاوە لەنێوان میرانی خۆراسان داواكەی باوكی رەتكردەوە[١].

جێگای ئاماژە پێكردنە میرانی خۆراسان بەتایبەت هەریەكە لە عەلی قولی خانی فەرمانراوای هەرات و مورشید قولی خان فەرمانراوای خۆراسان هەوڵەكانیان چڕ كردبووە لە پێناو گلدانەوەی عەباس میرزای شازادە، زیاتر وەك ئامرازێك بەكاردەهێنرا لەبەرامبەر هەژموون و باڵادەست بوونی سەرانی توركمان و تەكەلۆ لە قەزوینی پایتەخت، چونكە بە لەدەست دانی ئەو كەسایەتیە ناتوانن بە هیچ شێوەیەك ئەو هاوسەنگیە رابگرن لەبەرامبەر هەژموونی سەرانی پایتەخت[٢].

كۆبوونەوەكەی سبزوار لەلایەن مورتەزا قولی خان پرناك توركمان فەرمانراوای مەشهەد بەخیانەت و دوژمنكاری لە قەلەم درا، بۆیە هەر لەدوای گەرانەوەی سوڵتان حوسێن خان باوكی فەرمانراوای هەرات لەساڵی ٩٨٨كۆچی بۆ قەزوین و بڵاوەكردنی میرانی خۆراسان كە لە سبزوار كۆببونەوە، دەرفەتێكی باشی دایە دەست فەرمانراوای مەشهەد هێرش بكاتە سەر سبزوار بە بیانووی ئەوەی قوباد خانی حاكمی سبزوار خۆی وابەستە كردووە بە هەردوو فەرمانراوای یاخی( عەلی قولی خان و مورشید قولی خان) لەدەسەڵاتی ناوەندی[٣].

---

(1) لویی بلان لوسین، زندگی شاه عباس ، ترجمه: ولی الله شادان، انتشارات اساگیر، تهران، ١٣٧٥هـ.ش، ص٤٨.

(2) نسا باقری، منبع پیشین ، ص ١٩٥.

(3) همان ،ص ١٩٥.

دیارە قوباد خانی حاکمی سبزوار بەر لەوەی بکەوێتە ژێر چنگی فەرمانراوای مەشهەد، لەرێگای نێردراوێك پەیامێکی ئاراستەی مورشید قولی خانی ئۆستاجلۆ کرد، تێیدا بەپەلە داوای یارمەتی سەربازی کردبوو، لەهەمان کاتدا جەختی لەوە کردبۆوە کە پێویستە سنورێك بۆ هەڵمەتە سەربازیەکانی مورتەزا قولی خان پرناك تورکمان فەرمانراوای مەشهەد دابنرێت، هەرچەندە مورشید قولی خانی ئۆستاجلۆ هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ گەیاندنی کۆمەکی، سەرەتا دەستیکرد بە ئاگادارکردنەوەی عەلی قولی خان فەرمانراوای هەرات لەو پێشهاتانەی کە لەناوچەکە روویان دابوو[١].

شیاوی باسکردنە دوای ئەو ئاگادارکردنەوە هێزە سەربازیەکانی فەرمانراوای هەرات بە ئاراستەی سبزوار بەرێکران بە یاوەری عەباس میرزای شازادە، بەڵام بەر لەگەیشتنیان فەرمانراوای مەشهەد توانی بووی کردە سەربازیەکە بەقازانجی خۆی تەواو بکات و فەرمانراوای سبزوار بە دیل بگرێت و لەگەڵ خۆی بیبات بۆ شاری مەشهەد، پاش کوێر کردنی چاوەکانی، لەو بارودۆخەدا عەلی قولی خان لە پەیامێکدا داوایکرد لەهەریەکە لەمەحمود خان سۆفی ئەغلی و فولاد خەلیفە شاملو وئیبراهیم خان و وەلی خان چەرخچی و گشت میرانی کۆبونەوەکەی سبزوار لە ناوچەی "ئەلەنگ مالان " خۆیان بگەیەننە عەباس میرزای شازادە بەمەبەستی ئەنجامدانی جەنگ دژ بە فەرمانراوای مەشهەد[٢].

لەلایەکی دیکەوە گشتاندنی بریارێکی بالاّ لە قەزوین، زیاتر بارودۆخەکەی ئالۆزتر کرد، چونکە بەگوێرەی بریارەکە، زۆربەی

---

[1] ملا جلال منجم یزدی، تاریخ عباسی یا روزنامە ملا جلال، بە کوشش: سیف اللە وحیدنیا، انتشارات وحید، تهران،١٣٦٦ه.ش،ص ص ٥٠-٥١.

[2] همان ، ص ص ٥٢-٥٣.

فەرمانرەواکانی خۆراسان لە پۆستەکانیان دوورخرابوونەوە، بێگومان ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی دروست کرد لەسەر هەڵوێستی میرانی خۆراسان و بۆ خۆ دوورگرتن لە جێبەجێ کردنی بریاری ناوەند خۆیان وابەستەی هەریەکە لە( عەلی قولی خان و مورشید قولی خان) کرد، بەمەش هاوسەنگی هێز لەخۆراسان گۆرانکاری بەسەردا هات، بەشێوەیەك لەپشتگیری کردن لەدەسەلاتی ناوەندی گۆردرا بۆ نارەزایەتی و یاخی بوون[1].

دوای بلاوبوونەوەی هەواڵی لەشکرکێشی میرانی خۆراسان بەیاوەری عەباس میرزای شازادە به ئاراستەی شاری مەشهەد، مورتەزا قولی خان پرناك تورکمان فەرمانراوای شارەکە، سوپایەکی ئامادە کرد کە پێك هاتبوو لە ٦ هەزار سەرباز بەمەبەستی بەرنگاربوونەوەی هێزەکانی میرانی خۆراسان ، بەلاّم لەجەنگەکەدا تووشی شکست هات و بەناچاری روویکردەوە شاری مەشهەد[2].

پاش ئەم رووداوە بۆ ماوەی چوار مانگ شارەکە لەلایەن میرانی خۆراسان گەمارۆدرا ، دیارە ئابلوقەدانی شاری مەشهەد لەلایەن هێزەکانی میرانی خۆراسان بۆ ماوەی چوار مانگ هیچ ئەنجامێکی دلخۆشکەری نەبوو، بۆیە هەریەکە لە( عەلی قولی خان و مورشید قولی خان) گۆرانکاریان ئەنجام دا لە نەخشەکەیان لەرووی سەربازیەوە، ئەویش لەبری داگیرکردنی شاری مەشهەد بیریان لەداگیرکردنی شاری نیشاپور کردەوە، کە لەلایەن دەرویش محەمەد خان رۆملو بەرێوە دەبردرا ،کە لایەنگر و پالپشتیکەری سەرسەختی فەرمانراوای مەشهەد بوو[3].

---

[1] محمد یوسف واله اصفهانی، منبع پیشین ، ص ٦٠٣.

[2] ملا جلال منجم یزدی، منبع پیشین ، ص٥٣.

[3] نسا باقری، منبع پیشین ، ص ١٩٦-١٩٧.

شـیاوی باسـكردنە پـاش ئەنجامـدانی كـردە سـەربازیەكەی میرانـی خۆراسـان ، تـوانرا شـاری نیشاپوور لـەژێر دەسـەڵاتی دەرویـش محەمـەد خـان رۆملـو دەربهێـنن و نـاوبراویش وەك دیـل دەسـت بەسـەر بكەن،شـارەكەش وەك دیـاری لەلایـەن علـی قـولی خـان شـاملۆ پێـشكەش بـە مورشـید قـولی خـان كرا،ئـەویش ئـەركی بـەڕێوەبردنی شـارەكەی بەخـشیە كەسـێكی نزیكـی خـۆی بەناوی میرزا ئەحمەد وەزیر[1].

سەبارەت بەدەرویش محەمـەد خـان رۆملـو، هـەر لـەدوای دەسـتگیركردنی پـەیمانی وەفـاداری دووپـاتكردەوە بـۆ عـەلی قـولی خان،ئەمـەش وایكـرد ببێتـە جێگـای بـاوەڕی فـەرمانڕاوای هـەرات، بۆیـە لەگـەڵ خـۆی بـردی بـۆ داگیركردنـی شـاری "توربـەت حەیـدەری"،دوای دەسـت بەسـەرداگرتنی شـارەكە، عـەلی قـولی خان ئەركی فەرمانڕاوایەتی كردنی شارەكەیدا بەدەرویش محەمەد خـان رۆملـو، خۆشی بەیاوەری عەباس میرزای شـازادە ڕێگـای گرتەبـەر بـە ئاراسـتەی شـاری هـەرات، بـەڵام دەرویـش محەمـەد خـان رۆملـو هـەر زوو لەبەڵێنەكـەی پەشـیمان دەبێتــەوە، هەوڵــەكانی چــڕ دەكاتــەوە بــۆ داگیركردنــەوەی شــاری نیــشاپور، دەتوانێت لەماوەیەكی كورت پیاوانی مورشید قولی خان لەشارەكە وەدەرنێـت و دەسەڵات بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە[2].

لـە میـانی ئـەو بارودۆخـەدا فـەرمانڕاوای مەشـهەد نێردراوێكـی تایبـەتی ڕەوانــەی قــەزوین كــرد، بەمەبەســتی ئاگاداركردنــەوەی دەســەڵاتی ناوەنــدی لەبارودۆخی هەرێمی خۆراسان و هەوڵـەكانی میرانـی خۆراسـان دژ بەدەسـەڵاتی ناوەندی، بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بوونی میرانـی قـەزوین بەجەنگـەكانی عوسمـانی

---

[1] ملا جلال منجم یزدی، منبع پیشین ، ص٥٣.

[2] اسكندر بیگ تركمان ، منبع پیشین ، ص ٢٥٧.

نەتوانرا بەگوێرەی پێویست خۆیان یەکلابکەنەوە بۆ بارودۆخی خۆراسان، تەنها ئەوە نەبێت کە شا محەمەد خودابەندە لەرێگای فەرمانێکەوە داوا لەمحەمەد خان تورکمان بکات سەرکردایەتی هێزێك بکات بەرەو خۆراسان بۆگفتوگۆکردن لەگەڵ میرانی خۆراسان بەمەبەستی دەست هەڵگرتن لەیاخی بوون[1].

دوابەدوای گەیشتنی محەمەد خان تورکمان بەشاری مەشهەد، لەیەکەم هەنگاویدا دەستیکرد بەپەیوەندی کردن لەگەڵ فەرمانراوای هەرات لەرێگای گۆرینەوەی نامە، بەلاَم ئەو هەنگاوانە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چونکە میرانی خۆراسان دورخستنەوەی مورتەزا قولی خان پرناك تورکمان فەرمانراوای مەشهەدیان وەك مەرج خستە بەردەم محەمەد خان تورکمان بۆ ئاشتەوایی کردن، قبول نەکردنی ئەو مەرجە لەلایەن سەرکردە سەربازیەکەی شا محەمەد خودابەندە بووە هۆکاری ئاڵۆزکردنی بارودۆخی خۆراسان، چونکە میرانی خۆراسان خۆیان ئامادە کرد، بۆ هێرشکردنە سەر شاری نیشاپور بەمەبەستی داگیرکردنی و سزادانی فەرمانرەواکەی لەبەرامبەر خیانەت کردن لەبەڵێنەکەی[2].

لەو هەلومەرجەدا محەمەد خان تورکمان بەمەبەستی رێگا گرتن لەنەخشەکانی میرانی خۆراسان، لەمەشهەدەوە سەرکردایەتی سوپاکەی کرد، بۆ رێگا گرتن لە داگیرکردنی شاری نیشاپور، لە دەوروبەری شارەکە رووبەرووی هێزەکانی میرانی خۆراسان دەبێتەوە، کە ئەنجامەکەی بەشکست

---

[1] فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص١٥٧.

[2] نسا باقری، منبع پیشین ، ص ١٩٨.

خواردنی سوپای قەزوین کۆتایی دێت و محەمەد خان تورکمانیش بەناچاری بەرەو مەشهەد پاشەکشە دەکات[١].

ئەم رووداوەش دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ میرانی خۆراسان، لەسەرووی هەمووشیانەوە مورشید قولی خان ئۆستاجلۆ، چونکە گەیشتە ئەو بروایەی کەناوبانگی هۆزەکەی لەلایەن شا و دەرباریانی دەسەڵاتی ناوەندی بە خراپ و یاخی لەدەسەڵات ناوزەد کراوە، بۆیە بیری لەوە کردەوە باوەر بە فەرمانراوای هەرات بهێنێت، کە عەباس میرازای شازادە وەك شای ئێران ناوزەد بکەن[٢] .

دیارە دوای رازیکردنی عەلی قولی خان لەساڵی ٩٨٩ کۆچی لەتەنیشت قەلای نیشاپور نازناوی شا درا بە عەباس میرزا، پاشانیش لێدانی پارەو وتاری هەینی بەناوی شای نویێ خوێندرایەوە[٣]، هۆکاری هاویشتنی ئەم هەنگاوە مەترسیدارانە لەلایەن میرانی خۆراسان زیاتر دەگەرایەوە بۆ مەترسیەکانی مورشید قولی خان لە کاردانەوەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بەرامبەر بەهۆزەکەی، لەهەمان کاتیشدا رازی بوونی فەرمانراوای هەرات لەسەر ئەو هەنگاوە زیاتر وەك کاردانەوەیەك بوو بۆ تۆلەکردنەوە لە میرانی قزلباش لەقەزوین لەبەرامبەر کوژرانی دایك و باوکی [٤].

---

[1] اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص ٢٧٧.

[2] محمد یوسف واله اصفهانی، منبع پیشین ، ص ص ٦٥١-٦٥٢.

[3] فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص١٦١.

[4] قاضی احمد بن شرف الدین الحسین حسینی القمی، منبع پیشین ، ص٧١١.

**تەوەری دووەم :**

**رۆڵی مورشید قولی خان لە گەیاندنی شا عەباسی یەکەم بەدەسەڵات**

دوای شکست خواردنی محەمەد خان تورکمان سەرکردەی سوپای قەزوین بەرامبەر بە هێزەکانی میرانی خۆراسان، دەگەرێتەوە بۆ قەزوین، بەووردی بارودۆخی سیاسی و سەربازی خۆراسان دەخاتە بەردەم شا محەمەد خودابەندە[1]، بۆیە دوای تاوتوێکردنی بارودۆخەکە، لەساڵی ٩٩٠ کۆچی بریار لەسەر ئامادەکردنی سوپایەك دەدرێت بەسەرکردایەتی خودی شا محەمەد خودابەندە بەمەبەستی سەرکوتکردنی میرانی یاخی بوو لەخۆراسان[2].

شیاوی باسکردنە نزیك بوونەوەی شا محەمەد خودابەندە لەسنوورەکانی هەرێمی خۆراسان، وایکرد میرانی خۆراسان بەسەرکردایەتی فەرمانراوای هەرات لەسبزوار خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرنگاربوونەوەی سوپای قەزوین کە پێك دەهات لە ٨٠ هەزار سەرباز، بەڵام نەبوونی بالانس لەنێوان ژمارەی هێزەکانی هەردوولا، عەلی قولی خان بریاریدا بۆ بەرنگاربوونەوەی سوپای شا محەمەد خودابەندە پێویستە هەر میرێك لەناوچەی خۆی بەرگریەکانی توند بکات، خۆشی لەگەڵ شای نوێ گەرایەوە هەرات[3].

سەرەتای دەستپێکی هەڵمەتە سەربازیەکانی شا محەمەد خودابەندە بە ئاراستەی شاری "توربەت حەیدەری" بوو، کەمورشید قولی خان بەرگرییەکانی خۆی لەو شارە توند کردبوو، چونکە شا محەمەد خودابەندە

---

[1] محمد یوسف واله اصفهانی، منبع پیشین ، ص٦٥٧.

[2] قاضی احمد بن شرف الدین الحسین حسینی القمی، منبع پیشین ، ص٧٢٦؛ فاروق سومر ، منبع پیشین ، ص١٦٢.

[3] محمود بن هدایت الله افوشتەای نطنزی، منبع پیشین ، ص ص ١٣٧-١٣٩ ؛ لویی بلان لوسین، منبع پیشین، ص٥٠.

گەیشتبووە ئەو بڕوایەی بەدەستگیرکردن یاخود کوژرانی مورشید قولی خان کارەکەیان ئاسانتر دەبێت بۆ زاڵ بوون بەسەر یاخی بووانی خۆراسان، چونکە ناوبراو بەدیارترین سەرانی یاخی بوو دژ بەدەسەڵاتی ناوەندی هەژماردەکرا[1].

هەرچەندە هەوڵەکان لەماوەی شەش مانگ چڕ کرانەوە بۆ داگیرکردنی شارەکە، بەڵام بێ ئاکام بوون بەهۆی بەرگریە توندەکانی هێزەکانی مورشید قولی خان لەلایەك و هاتنی وەرزی زستان و پەلاماردانە یەك لەدوایەکەکانی کاروانی ئازووقەی سوپای قەزوین لەلایەن فەرمانڕاوای هەرات لەلایەکی دیکەوە هۆکاربوون بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ناوەند ڕوو بکەنە ئاشتی لەگەڵ مورشید قولی خان[2].

سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی ئاشتی ،شا محەمەد خودا بەندە شاندێکی دانوستکاری ڕەوانەی قەڵای توربەت حەیدەری کرد بەسەرۆکایەتی میرزا سلمان وەزیر ، دوای ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان، پێویست کرا لەسەر مورشید قولی خان سوێندی وەفاداری بۆ هەریەکە لە شا محەمەد خودابەندە و هەمزە میرزای شازادە بخوات لەبەرامبەردا شا محەمەد خودابەندە لەهەموو کەم و کوریەکانی خۆش دەبێت و مافی چەند ساڵەی باوکی (شاهقلی سوڵتان یکان) بۆ دەگەڕێنێتەوە، لەگەڵ پێدانی ناوچەی توربەت حەیدەری بەفەرمی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی[3].

---

[1] محمود بن هدایت الله افوشتەای نطنزی، منبع پیشین ، ص۱۳۹.

[2] قاضی احمد بن شرف الدین الحسین حسینی القمی، منبع پیشین ، ص۷۳٤ ؛ لویی بلان لوسین، منبع پیشین، ص۵۰.

[3] ن صرالله فلسفی، چند مقاله تاریخی و ادبی از نصرالله فلسفی، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ۱۳٤۲ه.ش، ص ص ۱۰۳– ۱۰٤ ؛ ملا جلال منجم یزدی، منبع پیشین ، ص٦۲.

دوای رازی بـــوونی مورشـــید قـــولی خـــان بەرێكەوتننامـــەی ئاشـــتی، گـــەمارۆدانی ســـەر شـــارەكە كۆتـــایی هـــات، پاشـــان شـــا محەمـــەد خودابەنـــدە روویكردە شاری مەشهەد و لـەوێش رێكەوتننامـەی ئاشتی لەگەڵ فەرمانراوای هەرات كرد، هۆكارەكەشی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ بەهێز بوونی قەڵاكانی هەرات كەزۆر ئەستەم بوو بتوانرێت داگیر بكرێت، هەروەها و پەلامارەكانی سوپای عوسمـانی بەسـەركردایەتی فـەرهاد پاشـا بـۆ هـەرێمی ئازربایجـان، وایكـرد بەهەرشێوەیەك بێت ئەو كارە ئەنجام بدات، سەرەرای ئەوانەش بۆ رازیكردنی هـەردوو سـەركردەی یـاخی لـە خۆراسـان و دەربرینـی نیـەت پـاكی بۆیـان فەرمانراوای مەشهەدی لەپۆستەكەی دوورخستەوە لەجیاتی ئەو سەلمان خان نەوەی عەبدوڵڵا خانی ئۆستاجلوی كردە فەرمانراوای شارەكە[1].

شیاوی باسكردنە مانـەوەی سـەلمان خـان ئۆسـتاجلۆ وەك فـەرمانراوای مەشـــهەد مـــاوە كـــورت بـــوو، چـــونكە نـــەیتوانی خـــۆی بگرێـــت لەبەرامبـــەر ئارەزووەكـــانی مورشـــید قـــولی خـــان، كـــە هـــەرزوو لەرێكەوتننامـــەی ئاشـــتی پاشگەزبۆوە، سەرەتا بەبیانووی زیارەتكردنی مەزارگەی ئیمام رەزا روویكردە شاری مەشهەد، پاش مانەوەی چەند رۆژێك لەو شارە توانی خاڵە لاوازەكانی فـەرمانراوای شـارەكە بـۆ خـۆی بقۆزێتـەوە، تـا كـار گەیـشتە ئـەو رادەیـەی لەكۆشـكی فەرمانرەوایەتیـدا بەراشـكاوانە داوا لـە سـەلمان خـان بكـات دەسەڵاتەكەی بۆ جێبهێڵێت[2].

سـەلمان خـان تـا ئـەوكات پایـەی دەسـەڵاتەكەی بەتـەواوەتی جـێگیر نەبوو،كەچی مورشید قولی خان دەسەلاتی بالأی هەبووە، بۆیە بەناچاری قبولی

---

[1] اسكندر بیگ تركمان ، منبع پیشین ، ص ۲۹۰ ؛ محمد یوسف واله اصفهانی، منبع پیشین ، ص٦٧٨.

[2] قاضی احمد بن شرف الدین الحسین حسینی القمی، منبع پیشین، ص ص ۷۵۸-۷۵۹.

دەکـات، لەبەرامبـەر ئـەو رازی بوونـە فەرمانراوایـەتی ناوچـەی خـەوافی پێـدا، دیارە کارەکانی مورشید قولی خان وایکرد سەلمان خان خۆی بگەیەنێتە قەزوین بەمەبەسـتی دەربرینـی نارەزایـەتی ، بـەڵام بـەهۆی هەرەشـەکانی عوسمـانی و داگیرکردنی یەریڤان گویێ بە سکاڵاکانی نەدرا، دوای گەرانەوەشـی بەفـەرمانی مورشید قولی خان کوژرا[١].

مورشـید قـولی خـان دوای قـۆرخکردنی دەسـەڵات لـە شـاری مەشـهەد بـۆ خۆی، هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ دەست گرتن بەسـەر ناوچـەکانی دەوروبـەری ، پاشان کەسانی نزیك لەخۆی کردە فەرمانراوای ئەو ناوچانە[٢]، جگـە لەمانـەش نێـردەی تایبـەتی خـۆی نـاردە هـەرات بەمەبەسـتی ئاگادارکردنـەوەی عـەلی قـولی خان لـەو پێشهاتانەی کـە روویانـداوە لەگـەڵ نـاردنی چـەندین دیـاری گرانبـەها بۆ شای نوێ( عەباس میرزا)[٣].

سـەرانی قزلبـاش لـە قـەزوین دوای کـوژرانی هـەمزە میرزا و داگیرکردنـی تــەورێز لــە لایــەن عوسمانیــەکان ، داوایــان لەمحەمــەد خودابەنــدە کــرد کــە ئـەبوتالیب کـوڕە بچووکی وەك جێنشینی خـۆی دەسـت نیـشان بکـات[٤]، بـەڵام ســەرانی قزلبــاش لەخۆراســان بەپێــچەوانەی قــەزوین لەهــەوڵی ئــەوەدا بــوون، عەباس میرزا بخەنە سەر دەسەڵات و کودەتا لەسەر مەحەمەد خودابەندە بکەن ، هەرچەندە ئەنجامدانی ئەو کارە ئاسان نەبوو، چونکە هەریەك لەمورشید قوولی خان حاکمی مەشهەد و عەلی قوولی خان حـاکمی هـرات لەرکابـەری و ململانێـی

---

[1] محمـود بـن هـدایت الله افوشـتەای نطنـزی، منبـع پیـشین ، ص ص ٢٥١ – ٢٥٢ ؛ محمـد یوسف واله اصفهانی، منبع پیشین ، ص٦٨٨.

[2] اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص٢٩٥.

[3] قاضی احمد بن شرف الدین الحسین حسینی القمی، منبع پیشین ، ص٧٩٥.

[4] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، منبع پیشین ، ص١٦٥.

توونـد دابـوون سـەبارەت بـە چـاودێریکردنی عـەباس مـیرزا ، بـۆ ئـەوەی لەداهاتوودا پۆستی باڵا وەربگرن[١].

هەرچەندە لەسەرەتادا عەباس میرزا لەژێر چاودێری عەلی قوولی خان بووە، بەڵام دواتر لەرێگای فێل و پلانێکەوە مورشید قوولی خان دەتوانێت بۆ لای خۆی رایبکێشێت، ئـەم کـارەش بـووە هـۆی روودانـی شـەڕێك لـە نێـوان هـەردوولا، ئاکامەکـەی بـە قـازانجی مورشـید قـوولی خـان کۆتـایی هـات، دوای سـەرکەوتنی لـە جەنگێکـدا بەرامبـەر بەرکابەرەکـەی و دواتـر هـەر لەمەشـهەدەوە عەباس میرزای وەك شاهی ئێران ناوزەدکرد[٢].

مورشـید قـوولی خـان و عـەباس مـیرزا بـە هێزێکـی گـەورەوە لـە مەشـهەد بەرەو قەزوین بەرێکەوتن[٣] ، دوای گەیشتنیان بە پایتەخت لەساڵی (١٥٨٧) لـە مەراسـیمێکدا محەمـەد خودابەنـدە تـاجی شـاهێتی خسـتە سـەر عـەباس مـیرزا، کەئەو کات تەمەنی هەڤدە ساڵان دەبوو، بە وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن عەباس مـیرزا جـارێکی دیکـە ئێـران دەگاتـە پەرپەرۆچـکەی دەسـەڵات و سـەقامگیری یەکێتی سیاسی[٤].

لەکاتی هاتنە سەر دەسەڵات لەساڵی ١٥٨٧، شا عەباسی یەکەم تووشـی بـارودۆخێکی نالـەبارو ناهـەموار بـۆوە، چـونکە لەبـەرەی رۆژئـاوا و بـاکوری رۆژئاوا زۆربەی ناوچەو مەڵبەنـدەکان بەدرێـژایی سنووری دەوڵـەتی عوسمـانی لەلایـەن سـوپای عوسمانیـەوە کـۆنترۆڵ کرابـوو، هەرچـی بـەرەی رۆژهەڵاتیـشە

---

(1) محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٣٠ .

(2) محمود بن هدایت الله افوشتەای نطنزی ،منبع پیشین، ص ص٢٦٠ – ٢٦٢.

(3) کارل بروکلمان ، المصدر السابق ، ص ٥٠٢.

(4) ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١١١ .

نیوەی مەڵبەندی خۆراسان لەلایەن ئۆزبەكەكان تووشی پەلامارو داگیر كردن هاتبوون[1].

بارودۆخی ناوخۆ باش تێپەرینی دوانزە ساڵ بەسەر مەرگی شا تەهماسبی یەكەم، كەچی شكۆو دەسەلاّتی شا بەیەكجاری دارمابوو ، بە تایبەتی دوای كوژرانی مەهدی عولیای خێزانی محەمەد خودابەندە بەدەست قزلباشەكان لەساڵی ١٥٧٩ز ، زیاتر دەسەلاّتی محەمەد خودابەندەیان لاوازكردبوو[2].

سەرەرای ئەو بارودۆخانەش پێویست بوو لەسەر شا عەباسی گەورە چەند هەنگاوێكی گرنگ و پێویست بگرێتە بەر بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ناهەمواری و پەشێوییە ، سەرەتا سەقامگیركردنی بارودۆخی ناوخۆو رێكخستنی سوپاو چاكسازی لایەنی دارایی، دواتریش هەنگاونان بۆ دەرپەراندنی ئەم دوو هێزە دەركییەی ، كە هەرەشەی گەورەبوون لەسەر ئێران ، ئوزبەكەكان لە رۆژهەلاّت و عوسمانییەكانیش كە چەندین ناوچەو مەڵبەندیان لە رۆژئاوا و باكوری رۆژئاوای ئێران داگیر كردبوو[3].

---

[1] عباس پرويز ، تاريخ دوهزارو پانصد ساله ايران ، جلد سوم ، چاپ اول ، شركت سهامى چاپ و انتشارات كتب ايران ، تهران ، ١٣٤٣ ه.ش، ص ٢١.

[2] راجر سيورى ، منبع پيشين ، ص ٧٤.

[3] حسن كريم جاف ، المصدر السابق، ص ٤٠.

**تەوەری سێیەم:**

**شا عەباسی یەکەم و پیادەکردنی سیاسەتی راگواستنی کورد و ئەرمەن**

کۆچپێکردنی کورد بۆ ناو ئێران و دواتر راگواستنیان بۆ هەرێمی خۆراسان بە دیارترین سیما لە سیاسەتەکانی شاهانی سەفەوی دادەنرێت، بەتایبەت شا عەباسی یەکەم،کە سەرچاوە فارسیەکان زیاتر جەخت لەو کارەی دەکەنەوەو وابەستەی دەکەن بە هۆکاری سەربازی[١]، بێگومان هەر لەدوای لێکهەلوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی تەیموری و سەرهەڵدانی دوو هێزی نویێ قەرەقۆینلۆ و ئاق قوینلو لەناوچەکانی باکوری رۆژئاوای ئێران، دیاردەی کۆچ و ئاوارەیی کورد رووی لە هەڵکشان کرد[٢]، پاشان دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران و ململانێیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتاکانی فەرمانراوایەتی شا ئیسماعیلی یەکەم ( ١٥٠١-١٥٢٤)، کوردانی نیشتەجێی نێوان قەلمرەویی ئەو دوو زلهێزە کەوتنە بەر شالاوی دەرگیریەکانی نێوان هەردوو هێز[٣]. بەشێوەیەك ناوچە کوردیەکان لەم هێرشانە بێ بەش نەبوونە ، لەوانە هەردوو شاری دیاربەکر و وان ، هەروەها میرنشینی چمشگزك[٤] ،کەلەلایەن شای ئێران سەرکردەی دیاری قزلباشی بەناوی نور عەلی خەلیفەی

---

[1] یوسف متولی حقیقی، تأملی پیرامون علل چگونگی مهاجرت کردها به خراسان ،فصلنامه تخصصی فقه و تاریخ تمدن، شماره(٢٣)، بهار ١٣٨٩ه.ش، ص ٧٦.

[2] رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٢ه.ش،ص٣٠٢.

[3] یوسف متولی حقیقی، منبع پیشین، ص٧١.

[4] ئەو میرنشینە دەکەوێتە باکوری مەلاتیە ، و ناوچەی دەرسیم لەژێر فەرمانراوایی ئەو میرنشینەدا بوو، ئێستاش (چمشگزك) دەکەوێتە ویلایەتی تونجلی کوردی لە تورکیا . سعدي عثمان هروتی ، المصدر السابق ، ص ٢١ .

راسپارد بەمەبەستی داگیرکردنی، دیارە دوای ئەم رووداوە یەکێك لەسەرانی کوردی چمشگزك بەناوی حاجی رۆستەم بیگ خۆی گەیاندە شا ئیسماعیلی سەفەوی، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی دەسەڵاتیان کەلەناوچەکەی خۆیان لەدەستیانداوە، لەناو ئێران ناوچەیەکیان پیٚ بدات، دوای قبولکردنی داوەکەی لەلایەن شای سەفەوی یەکەمین قۆناغی راگواستنی کوردانی چمشگزك بۆ ناو ئێران دەستی پێکرد[1].

لەماوەی فەرمانراوایەتی شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی گروپێك لەکوردانی قەرامانلو(قەهرەمانلو)، بەشێوەیەکی پەرش وبڵاو راگواستراون بۆ هەرێمی خۆراسان، زیاتر بۆ مەبەستی سەربازی بەکارهێنراون، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرەشەکانی ئۆزبەك لەسنورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران[2]، پیٚ دەچێت قەرامانلویەکان لەسەرەکیترین گروپی کوردان بێت کە راگوێزرابن بۆ هەرێمی خۆراسان و لەناوچەی ئەسفراین نیشتەجیٚ کراون[3].

لەسەردەمی فەرمانراوایەتی شا تەهماسبی یەکەم، گرنگیەکی زۆر دراوە بە هۆزی "سیامەنسوری" بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٥٥٣ پۆستی میری میرانی دا بەیەکێك لەسەرانی هۆزەکە بەناوی خەلیل خان بیگ، کەناوچەیەکی فراوانی لەسوڵتانیەو زنجان و ئەبهەر و زرین کمر و رووبەرێکی زۆریش لەناوچەکانی نێوان ئازەربایجان و عێراقی خستە ژێر دەسەڵاتی، بەڵام بەهۆی بیٚ توانایی ئەو فەرمانرەوایە لە چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی ئاسایش و ئازاردانی خەڵك و رووتاندنەوەی رێبواران لەلایەن چەتەو رێگرەکان کەبەتەواوەتی بەرۆکی ئەو

---

[1] میر شەرەف خانی بدلیسی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٢٥-٢٢٦.

[2] کلیم الله توحدی ، منبع پیشین ، ٢٥.

[3] یوسف متولی حقیقی، منبع پیشین، ص٧٢.

ناوچانەی گرتبۆوە، بووە هۆکارێك کە شا تەهماسب لەبریارێکدا خەلیل خان بیگ وبەشێك لە سیامەنسوریەکان بگوازێتەوە بۆهەرێمی خۆراسان[١].

بێگومان راگواستنی سیامەنسوریەکان بۆ هەرێمی خۆراسان بە دووەمین گروپی راگوێزارو دادەنرێن لەدوای قەرامانلۆکان، کە ئەوانیش لەناوچەی ئەسفراین جێگیر کراون، پاشان ئیمام قولی سوڵتان سیامەنسوری کە یەکێك بووە لەسەرانی ئەو هۆزە وەك فەرمانراوای شارەکە دەستنیشانکراوەو دەسەڵاتەکەی بەردەوام بووە تاکو وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن شا عەباسی یەکەم[٢].

شیاوی باسکردنە هەر لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی شا تەهماسبی یەکەم گروپێکی دیکەی کورد کەناسراون بە کوردانی چگینی کەوتنە بەر شاڵاوی راگواستن و گواسترانەوە بۆ هەرێمی خۆراسان، پاش ئەوەی لە رۆژئاوای ئێران کەوتنە بەر شاڵاوی هێزەکانی سەفەوی، چونکە گەورەترین کێشەو ئاستەنگیان بۆ دەسەڵاتی شا تەهماسب دروست دەکرد، دیارە دوای ئەم رووداوە نزیکەی ٥٠٠ کەس لەگەورە پیاوانی ئەو ئێلە دوورخرانەوە بۆ هیندستان، بەڵام لەهەرێمی خۆراسان قوزاق خان تەکەلو فەرمانراوای هەرات رێگری کرد لەبەردەوام بوونی ئەو کۆچپێکردنە، بۆ ئەم مەبەستە لەناوچەیەك لەنێوان نیشاپور و قۆچان جێگیری کردن[٣]، پاشان کەسێك بەناوی ئۆغلان بوداق چگینی توانی فەرمانراوایەتی هەریەکە لەشارەکانی قوچان و مەشهەد و ئەسفراین بۆخۆی دەستەبەر بکات[٤].

---

[1] میر شەرەف خانی بدلیسی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٩.

[2] كليم الله توحدى ، منبع پيشين ، ٢٥١.

[3] يوسف متولى حقيقى، منبع پيشين، ص٧٤.

[4] میر شەرەف خانی بدلیسی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣.

سەبارەت بە شا عەباسی یەكەم لەكاتی هاتنە سەر دەسەلاّت، تووشی بارودۆخێكی نالەبارو ناهەموار بۆوە، چونكە لەبەری رۆژئاوا و باكوری رۆژئاوا زۆربەی ناوچەو مەڵبەندەكان لەلایەن سوپای عوسمانیەوە كۆنترۆڵ كرابوو، هەرچی بەرەی رۆژهەلاّتیشە نیوەی مەڵبەندی خۆراسان لەلایەن ئۆزبەكەكان تووشی پەلامارو داگیر كردن هاتبوون ، بۆیە شا عەباسی یەكەم گەیشتە ئەو قەناعەتەی كە ناتوانێت بەو هێزەی كە متمانەی پێی نیە لە دوو بەرەدا شەر بكات ، بۆیە سەرەتا بیری لەوە كردەوە كە ئاشتی بكات لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەبەرەی رۆژئاوا، وەك پێویستیەكی حەتمی بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوی ئۆزبەكەكان كە ئەوكات لەبەر خراپی باردۆخی سیاسی ئێران هەرەشەیان لەبەرەی رۆژهەلاّتی ئێران دەكرد[1]، بۆ ئەم مەبەستە شا عەباس هەڵسا بەبەستنی پەیماننانەی ئەستانبول لەساڵی ١٥٩٠ز لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی[2]، دیارە شا عەباسی یەكەم بوونی كوردەكانی لەناوچە سنوریەكان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بە هەرەشە لەسەر دەسەلاّتەكەی دادەنا، بۆیە لەساڵی ١٥٩٦ دەستیكرد بە راگواستنی كوردانی سەر سنور بۆ ناو قولایی خاكی ئێران و نیشتەجێ كردنیان لەناوچەكانی نزیك تەهران و وەرامین[3]، پاشان رۆڵی ئەو كوردانە لەساڵی ١٥٩٧ لەبەرنگاربوونەوەی هەرەشەكانی ئۆزبەك لەناوچەكانی بستام و دامغان و سمنان و كاشان [4]، وایكرد شا عەباسی یەكەم لەساڵی ١٥٩٨بیر لەوە بكاتەوە نزیكەی ٤٠ هەزار

---

(1) Glenn Earl Perry, The Middle East: fourteen Islamic centuries,(UK-1997),P.116.

(2) John H. Lorentz, The A to Z of Iran , (U.S.A – 2010), PP.32-33.

(3) كليم الله توحدى ، منبع پيشين ، ص٢١.

(4) اسكندر بيگ تركمان ، منبع پيشين ، ص٥٣٣.

خانەوادەی كورد بگوازێتەوە بۆ هەرێمی خۆراسان بەمەبەستی پارێزگاریكردن لەسـنورەكانی رۆژهـەلاتی ئێـران لـە هەرەشـەو پەلاماردانـەكانی هێزەكـانی ئۆزبەك[1]، هەرچەندە ئەو راگواستنە بەیەكجار ئەنجام نەدراوە بەڵكو بەشێوەی قۆناغ بەندی بەرێوە چووە[2].

لەسـەردەمی فەرمانراوایـەتی شا عەباسی یەكـەم دوو كێشەی سـەرەكی بـەرۆكی دەوڵـەتی سـەفەوی گرتبـوو، لەوانـە یـاخی بـوونی كوردەكـان لـە سـنورەكانی ولات، ئـەویتریان هەرەشـەو پـەلامارەكانی تەتـەر لەسـنورەكانی رۆژهـەلات، بـۆ ئـەوەی شـا خـۆی لـەو كێـشانە رزگـار بكـات[3]، لـەرێگای فەرمانێكـەوە نزیكـەی ١٥هـەزار خانـەوادەی كـوردی گواسـتەوە بـۆ خۆراسـان، بەمـەش تـوانی هـەژموون و دەسـەلاتی كوردەكـان لەناوچـەكانی خۆیـان كـەم بكاتـەوە، لەهـەمان كاتـدا تـوانی سـوود وەربگرێـت لەئازایـەتی و جـوامێری كوردەكـان بەمەبەسـتی رێگـا گـرتن لـە هەرەشـەی تەتـەرەكان لـە سـنورەكانی رۆژهەلات، هەروەها بۆ هاندانی كوردانی راگوێزراویش فەرمانێكی دەركرد بۆ وەرنەگرتنی باجی دیاریكراو لێیان بۆ ماوەیەك[4].

بێگومـان بـوونی كـورد لـە هـەرێمی خۆراسـان، بـووە هۆكارێـك بـۆ كەمكردنـەوەی هەرەشـەكانی ئۆزبـەك لەسـنوورەكانی رۆژهـەلات، لەبەرامبـەر

---

(1) یوسف متولی حقیقی، منبع پیشین، ص٧٦.

(2) قدرت الله روشنی زعفرانلو، طوایف کرد خراسان، اشراقینامه مجموعه مقالات تاریخی، اجتماعی، ادبی، جغرافیایی، زیر نظر سید محمد دبیر سیاقی، قزوین، ١٣٨١هـ.ش، ص١٨١.

(3) جرج.ن.کرزن، ایران و قضیه ایران، ترجمه: غلامعلی وحید مازندرانی، انتشارات علمی وفرهنگی، تهران، ١٣٧٣هـ.ش،ص١٥١ .

(4) ابوالقاسم لاچینی، احولات و دست خط های عباس میرزا قاجار، انتشارات افشاری، تهران، ١٣٢٦هـ.ش، ص٣٧.

پێشکەشکردنی ئەو خزمەتە گەورەیەی سەربازی بەدەوڵەتی سەفەوی، شا عەباسی یەکەم پۆستی میری میرانی بەخشیە شاعەلی خان چمشگزك و نازناوی شاقولی سوڵتانی پێداو سەرکردایەتی تەواوی هۆزە کوردیەکانی خستە ژێر رکێفی بەدرێژایی هێلی سنوری خوارزم و خۆراسان، پاشانیش لەساڵی ١٦٠٩فەرمانراوایەتی هەریەکە لەشارەکانی ئەبیوەرد و نسا و دەرگزی پێ ڕاسپێردرا، بەم شێوەیە تەواوی باکوری خۆراسان کەوتە ژێر فەرمانراوایەتی کوردە راگوێزراوەکان[١].

سەبارەت بەراگواستنی ئەرمەنەکان بۆ ناو ئێران و نیشتەجێ کردنیان لە شوێنێکی نوێ بە ناوی جلفا[٢] بە دیارترین سیما لە سیاسەتەکانی شا عەباسی یەکەم دادەنرێت[٣]، لەو بارەیەوە خاوەن کتێبی " تاریخ عباسی یا روزنامە ملا جلال" جەخت لەوە دەکاتەوە کە فەرمانێك لەلایەن شا عەباسی یەکەم دەرچوو، بەمەبەستی راگواستنی خەڵکی (( سەعد))[٤] بۆ ئەوەی لە دوای جەنگ روو لە چاکسازی بکەن، دیارە شا عەباسی یەکەم لەرێگای ئەو راگواستنە خوازیار بووە دوو مەبەست بهێنێتەدی، یەکێکیان بریتی بووە لە

---

(1) یوسف متولی حقیقی، منبع پیشین، ص ص ٧٦-٧٧.

(2) جلفا یاخود (جیوانا) لە دووری دوو میل لە شاری ئەسفەهان لەنزیك شارەدێی ( گیرها= زرتشتیان) ، رووباری زایندەروو لە ئەسفەهان جیای دەکاتەوە ، بەشێوەیەکی گشتی درێژیەکەی ٣ میل و پانیەکەی بەنزیکی ٩ میلە، شێوەی دەرەوەی خانووەکانی نارێکن، بەڵام کوچە و کۆڵانەکانی بەشێوەیەکی رێك و پێك و خاوێن دروستکراون جیا لە هەموو کوچەو کۆڵانەکانی ئەسفەهان. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: جملی کارری، سفرنامە، ترجمە: عباس نخجوانی و عبدالعلی کارنگی، ادارە کل فرهنگ و هنر، تبریز،١٣٤٨ه.ش،ص٩٩.

(3) انور خالندی، منبع پیشین ، ص ٨١.

(4) دیارە ئەوکات بە ئیرەوان ووتراوە (سەعد).

دوورخستنەوەی جەور و ستەم و شالاوە بەردەوامەكانیان بۆ سەر دەسەلاتی سەفەوی، ئەویتریان هەوڵدانێكی شا عەباسی یەكەم بووە بۆ پێش گرتن لەسەرۆك و سەردارانیان لە دروست كردنی قەلای نوێ، چونكە بەم سیاسەتە توانی زەبرێكی كوشندە ئاراستەیان بكات لە رێگای خراپ كردنی گوزەرانیان و نەبوونی خۆراكی پێویست[١].

دیارە راگواستنی ئەرمەنەكان بۆ ناو ئێران بەفەرمانی شا عەباسی یەكەم بەسێ قۆناغ جێبەجێ كراوە و دابەش كراون بۆ سێ كۆمەڵە، سەبارەت بەكۆمەلەی یەكەم ناسراون بە ( راگوێزەرانی بێگانە)، هەرچی كۆمەلەی دووەمە ناسراون بە ( راگوێزەرانی دەشتی ئارارات)، بەلام دیارترین كۆمەڵە بریتی بوون لە ( راگوێزەرانی جلفا) كە لە ساڵی ١٦٠٣ لەدوای ئابلوقەدانی قەلای ئیرەوان لەلایەن شا عەباسی یەكەم گواسترانەوە بۆ ناوچەی جلفا لە دووری دوو میل لەشاری ئەسفەهان[٢]، ئەم راگواستنەش راستەوخۆ لەژێر چاودێری شا عەباسی یەكەم ئەنجام دراوە، بێگومان قزڵباشەكان رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەو راگواستنەوە،لەگەڵ بوونی نیەت باشی ئەرمەنەكان كە هۆكار بووە بۆ زاڵ بوونیان بەسەر كێشەو ناخۆشیەكانی رێگا و ئارام گرتنیان تاكو گەیشتنیان بۆ شوێنی مەبەست و جێگیر بوونیان[٣].

هەرچەندە راگواستنی ئەرمەنەكان و وابەستە كردنی بە هۆكاری سەربازی ماوەیەكی كورت خایەن بووە، چونكە دواتر تێروانینی شا عەباسی

---

[1] ملا جلال منجم یزدی، منبع پیشین،ص٢٧.

[2] هاروتون درهوهانیان، تاریخ جلفای اصفهان، ترجمه: لئون میناسیان، م.ع.موسوی فریدونی، جلد اول، انتشارات نقش خورشید، اصفهان،١٣٧٩ه.ش، ص١٨.

[3] هراند قوكاسیان، شاه عباس و ارامنه جلفای اصفهان، مجله هور، شماره (٣٤)، سال سوم،١٣٥٣ه.ش،ص٦٠.

یەکەم لەبەرامبەر ئەرمەنەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەتایبەت پاش ئەوەی شا عەباس هەموو تواناکانی وڵاتی لە فراوانکردنی بازرگانی لاپەسندتر بوو، لەم رووەوە گەیشتە ئەو بروایەی کە ئەرمەنەکان لەکاری بازرگانی پیاوی مەیدانن و دەتوانێت لە رێگای ئەوانەوە هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ گرنگی دان بە بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی بیانی [1].

سەرەتای هاوسۆزی شا عەباسی یەکەم لەگەڵ ئەرمەنەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نادڵنیاییەی کە لەبازرگانیکردنی ئاوریشم لەلایەن بازرگانە ئێرانیەکان ئەنجام دەدرا، بۆیە روویکردە ئەرمەنەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە، دیارە شا عەباسی یەکەم لە دەست نیشانکردنی ئەرمەنەکان بۆ بازرگانی کردنی ئاوریشم چەندین هۆکاری لەبەر چاو گرتبوو، لەوانە جوانی لەش و لاریان، هەروەها کەسانی قانع و کەم تەماح ،لەگەڵ بوونی شارەزایی زۆر لەبەرێوەبردنی کارەکان، جگە لەمانەش هۆکاری مەسیحی بوونیان خالێکی گرنگی ئەو دەست نیشانکردنە بووە، چونکە لەو رێگایەوە لە وڵاتانی مەسیحی دەتوانن بەباشترین شێواز بازرگانی ئەنجام بدەن[2].

---

[1] ژان شاردن، سفرنامە، ترجمە: اقبال یغمایی، جلد چهارم، انتشارات توس، تهران، ١٣٧٤ه.ش،ص١٥٧٢.

[2] ژان پاتیست تاورنیە، سفرنامە، ترجمە: ابوتراب نوری، بە تصحیح: حمید شیرانی، انتشارات کتابخانە سنائی، اصفهان، بی تا، ص ص ٤٠١–٤٠٥.

**تەوەری چوارەم :**

## شا عەباسی یەکەم و دوورخستنەوەی هەرەشە دەرەکییەکان

### أ- شا عەباسی یەکەم و هەرەشەکانی ئۆزبەك

شا عەباسی یەکەم گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانێت بەو هێزەی کە متمانەی پێی نیە لە دوو بەرەدا شەربکات ، بۆیە سەرەتا بیری لەوە کردەوە کە ئاشتی بکات لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەبەرەی رۆژئاوا، وەك پێویستیەکی حەتمی بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوی ئۆزبەکەکان کە ئەوکات لەبەر خراپی باردۆخی سیاسی ئێران هەرەشەیان لەبەرەی رۆژهەلاتی ئێران دەکرد[1]، بۆ ئەم مەبەستە شا عەباسی یەکەم هەڵسا بەبەستنی پەیماننانەی ئەستانبول لەساڵی ١٥٩٠ز لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بە گوێرەی پەیماننامەکە شا عەباس وازی لەتەبریز و قارس و نەخجەوان و شماخی و تەفلیس وبەشێك لە لورستان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هێنا [٢]، هەروەها پەیمانیدا بەقەدەغەکردنی قسەی ناشرین بەهەر سێ خەلیفەی راشیدین لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی و دانانی حەیدەر میرزا وەك بارمتە لەدەرباری عوسمانی و ئازادکردنی دیلەکانی هەردوولا هەر لەپەیماننامەکەدا خرابوونە بەرباس[٣].

هەرچەندە رازی بوون بەو پەیماننامەیە لەهەلومەرجێکی ئەوهادا، ریسواکەرو پر سوکایەتیە کە نیشاندەری جێگەو پێگەی لەرزۆکی شا عەباس

---

[1] Glenn Earl Perry, Op.Cit, P.116.

[2] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین ، ص ٢٧٤

[3] علي محمد الصلابي ،الدولة العثمانية عوامل النهوض والسقوط، ط٤ ، دار المعرفة ، بيروت ، ٢٠٠٦م ، ص ص ٣٢٠-٣٢١ .

بوو لەوکاتەدا [١]، بەڵام لە داهاتودا زیرەکایەتی و توانای شا عەباس زۆر بە زەقی بە دیاردەکەوێت ، کە بەستنی ئەو پەیماننامەیە دەوڵەتی سەفەوی لەروخانێکی حەتمی رزگار کرد.

شا عەباسی یەکەم هەر لەسەرتای حوکمرانی وەك شای ئێران ، کە ئەوکات تەمەنی هەڤدە ساڵان دەبوو ، لەهەوڵی ئەودا بوو متمانە بۆ خۆی دروست بکات لەبەرێوەبردنی کارەکانی حکومەت ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بوو لەسەری لەرێگای بەهانەیەکەوە مورشید قولی خان لەخۆی بەدوور بگرێت و لە ناوی ببات ، هەرچەندە یارمەتیدەری یەکەمی بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات[٢]. بێگومان ئەو هۆکارانەی بوونە بیانوو لەبەر دەست شا عەباس بۆ لەناوبردنی مورشید قولی خان زیاتر دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو دوژمنکارییە توندەی نێوان مورشید قولی خان و عەلی قولی خانی حاکمی هرات ، لەسەر کێشەی چاودێری کردنی شا عەباس شەرو دوژمنکاری لە نێوانیان سەریهەڵدا [٣].

لە سەروبەندی شاهێتی عەباس میرزا ، ئوزبەکەکان هێرش دەکەنە سەر هرات و دوای نۆ مانگ گەمارۆدانی بەهۆی بەرگرییەکانی عەلی قولی خان ناتوانن دەستی بەسەردا بگرن ، دواتر بەهۆی کەم تەرخەمییەکانی مورشید قولی خان لەناردنی کۆمەك و یارمەتی، شاری هرات دەگیرێت و عەلی قولی خانیش دەکوژرێت[٤]، پاشان ئوزبەکەکان لە پێشرەوی بەردەوام بوون و توانیان دەست بەسەر شاری مەشهەد دابگرن ، کە شارێکی پیرۆزە لەلایەن شیعە ئاینزاکانەوە،

---

[1] راجر سیوری، منبع پیشین،ص٧٥.

[2] نصرالله فلسفی،زندکی شاه عباس اول، جلد سوم، مؤسسه انتشارات وچاپ دانشگاه تهران،تهران،١٣٥٣ه.ش،ص١٠٠٤.

[3] اسکندر بیگ ترکمان ، منبع پیشین ، ص ص ٤٠١ – ٤٠٢

[4] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص١٧٢

چونکە گۆری ئیمام عەلی رەزا کوری موسای تێدایە، دوای دەستگرتنیان بەسەر مەشهەد هەڵسان بەدزین و تالانکردنی زێر و زیوی مەزارەکەو کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لەهاولاتیانی شارەکە[١].

سەبارەت بەکەم تەرخەمیەکانی مورشید قولی خان لەناردنی کۆمەکیەکان بۆ گەمارۆدراوەکانی شاری هرات بەهانەیەکی باشی دایە دەست شا عەباس، بۆ سەپاندنی بریاری کوشتنی مورشید قولی خان و گوایە بە ئەنقەست ئەو کارەی ئەنجامداوە، لەئاکامدا لەشاهرود بەدەستوری شا عەباس کوژرا[٢] ، بەمەش شا عەباس رزگاری بوو لەبەهێزترین مەترسی و بەربەست لەبەردەمیدا[٣].

لەلایەکی دیکەوە ئۆزبەکەکان بەردەوام بوون لەپێشرەویەکانیان دوای دست گرتنیان بەسەر شاری مەشهەد، هەریەك لە شارەکانی نیسابوورو سبزوار و ئەسفرایین و تەبس و چەندین شاری دیکە لە هەرێمی خۆراسان کەوتە ژێر دەسەلاتیان[٤]، بۆیە شا عەباسی یەکەم دەستی کرد بەئامادەکردنی هێزێکی گەورە لەساڵی١٥٩٧ز بۆ رووبەروبونەوە لەگەڵ ئۆزبەکەکان ، دوای ئەوەی لەبەرەی رۆژئاوا بەرامبەر بە عوسمانییەکان دڵنیا ببۆوە، دوای مۆرکردنی پەیماننامەی ئەستانبول[٥].

---

(1) حسن کریم جاف ، المصدر السابق، ص ٤٠

(2) اکرم بهرامی شبانکاره، بررسی دوره اول حکومت شاه عباس اول ،مجله تاریخی پژوهی، شماره (١٢-١٣)،مشهد، پایز و زمستان ١٣٨١ه.ش ،ص١١٥.

(3) ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١١٢

(4) عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص١٧٣

(5) ابو تراب سردادور، جنگ و عشق(تاریخ عصر شاه عباس کبیر)،بی نا،بی جا،بی تا، ص١١١.

لەوبارەیەوە شا عەباس هەر زوو هەوڵیدا شاری مەشهەد لەژێر دەسەڵاتی ئوزبەکەکان رزگار بکات، پاشان هەموو ناوچەکانی دیکەی رزگار کرد و توانی پاشەکشەیان پێبکات تاکو ئەوبەر رووبار، پاش ئەوەی لەنزیك تربت جام زەبریکی توندی ئاراستەی هێزەکانی ئوزبەك کرد بەسەرکردایەتی دین محەمەد خان فەرمانراوای ئوزبەکی لەدوای مردنی عەبدولموئمین خان کرابووە فەرمانراوای ئوزبەکەکان لەهرات[1]، ئەم سەرکەوتنانەش پاش ئەوە هات کەشا عەباسی یەکەم هەموو هەوڵەکانی چڕ کردەوە لەهاندانی سەربازانی دژ بەهەرەشەکانی ئۆزبەك لەسنورەکانی رۆژهەلآت[2].

شا عەباس ئەو کات یازدەهەمین ساڵی بوو لە فەرمانراوایی کردنی دەوڵەتی سەفەوی، سەرەرای سەرکەوتنەکانی سوپای ئێران بەسەرکردایەتی شا عەباسی یەکەم بەرامبەر بەئوزبەکەکان توانیان بۆ ماوەیەکی درێژ زێدەرەوی و هەرەشەکانی ئوزبەکی لە ناوچەکە نەهێلن تاکو مردنی شا عەباسی یەکەم دووبارە مەترسیەکانی ئوزبەك لەبەرەی رۆژهەلآت سەریهەلدایەوە[3].

دیارە دوای سەرکەوتنی شا عەباسی یەکەم بەسەر ئوزبەکەکان خۆی یەکلاکردەوە بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش لەناو وولآتەکەی و لەرێگای زالْ بوونی بەسەر هەموو ئەو شۆرش و راپەرینانەی کە لە ناوخۆی ولآت دژ بە دەسەلآتەکەی ئەنجام دەدرا لەلایەن براکانی و کەسە نزیکەکانی و سەرکردە

---

[1] ابو تراب سردادور، منبع پیشین ،ص ١١٢.

[2] حسین داودی ، اسناد خاندان کلانتری سیستان ، مجله بررسیهای تاریخی، شماره (٢٣–٢٤)، نشریه ستاد بزرگ ارتشتاران – کمیته تاریخ نظامی ، تهران ، اذر و اسفند ١٣٤٨ ه.ش ص٢٥. سەبارەت بە فەرمانەکەی شا عەباسی یەکەم بەمەبستی هاندانی سەربازانی دژ بەهەرەشەکانی ئۆزبەك لەسنورەکانی رۆژهەلآت بگەرێوە بۆ پاشکۆی ژمارە(٣).

[3] محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٣٤

قزلباشەکان، دبارترین ئەو شۆرش و راپەرینانەش بریتی بوون لە شۆرشەکەی شاوێردی خان ئەمیری لورستان دژ بەشا عەباسی گەورە[١].

لەلایەکی دیکەوە یاخی بوونی ئەمیر رۆستەم لەخۆراسان و هەوڵدانی بۆ دەستگرتن بەسەر سیستان لە ساڵی ١٥٩٨ز ، هەروەها هۆزەکانی ئەفشار لەکرمان وچەندین یاخی بوون و نارەزایی لەئەسفەهان و گەیلان و تالش و مازندەران روویاندا ، لەو بارودۆخەدا شاعەباسی گەورە توانی هەموو ئەو راپەرین و شۆرش و یاخی بوونانە کپ بکاتەوە بەتوندترین شێوە ، بەم جۆرە باردۆخی ناوخۆیی ولآت جێگیر کردەوە و بەرەی ناوخۆ لەلایەن شا عەباسی گەورە یەکخرا وئارامی باڵی کێشا بەسەر هەموو ناوچەکاندا ، هەر لەبەر ئەوەشە ئێرانیەکان سەردەمی شا عەباس بەسەردەمی زێرین ناوزەد دەکەن[٢].

**ب – ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی**

دوا بەدوای ئەو هەنگاوانەی شا عەباسی یەکەم لەلابردنی مەترسی ئۆزبەکەکان لەبەرەی رۆژهەلآت و بەرقەرارکردنی ئاسایش و رێکخستنی بەرەی ناوخۆ ، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە ئەو پەیماننامە ریسواکەرەی ساڵی١٥٩٠ز بەستبووی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمان هەڵبوەشێنێتەوە ، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بەیەکێك لەزلهێزەکانی ئەوکاتی جیهان ئەژمار دەکرا، بۆیە لەسەر شا عەباسی یەکەم پێویست بوو لەسەرەتادا

---

(1) Daniel Woolf, A Global History of History, cambridge university press –UK ,2011,P213 ; Hafez F. Farmayan,The Beginnings of Modernization in Iran: The Policies and Reforms of Shah Abbas I (1587-1629), Middle East Center, University of Utah, 1969,PP.17-18.

(2) مرتضی راوندی ،تاریخ اجتماعی ایران،جلد دوم، چاپخانەی سپهر، تهران ، ٢٥٣٦ شاهنشاهی،ص٣٩٧ " حسن کریم جاف، المصدر السابق، ص٤١. سەبارەت بە سنووری سیاسیی ئێران لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم بگەرێوە بۆ پاشکۆی ژمارە(٤).

سوپایەکی بەهێز تەیار بکات ، بەباشترین جۆری پێداویستیەکانی جەنگی سەردەمیانەی ئەوکات ، لەم بارەیەوە هەردوو ئەفسەر ئینگلیزی ( ئانتۆنی و رابرت شارلی ) بە هاورییەتی دوانزە کەسی دیکە، کەشارەزای کاروباری تۆپخانە بوون ، رۆڵیان گێرا لەئامادەکردنی سوپا بەتۆپاخانەیەکی بەهێزو ئامادەکراو[1].

هەروەها شا عەباس یەکەم بیری لەوە کردەوە ، چیتر دەوڵەت پشت نەبەستێت بەهێزی قزلباشەکان، بۆ رووبەرووبونەوەی هێرشە دەرەکیەکان، بۆیە بریاری دامەزراندنی هێزێکی نوێی دا بە ناوی ( شاهسون ) بە واتای دۆستدارانی شا[2]، سەبارەت بەو هێزە نوێیە بەشێوەیەك پەیوەست بوون بەشا عەباس لەسەر بناغەی پەیوەندی کەسی، نەوەك لەسەر بنچینەی دەمارگیری هۆزایەتی[3].

ئەم هێزە نوێیە بەباشترین چەکی سەردەم ئامادەکران لەلایەن شا عەباس بەمەبەستی ئامادەکردنیان بەرامبەر بەسوپای عوسمانی کە زۆر لە ناوچەکانی ئێرانیان لەژێر دەست دابوو بە گوێرەی پەیمانانامەی ئەستانبولی ساڵی ١٥٩٠ز[4]،بێگومان شا عەباس بەر لەخۆ ئامادەکردنی بۆ دەرپەراندنی هێزەکانی عوسمانی لەناوچەکانی ژێر رکێفی، هەڵسا بەگواستنەوەی پایتەخت

---

(1) عبدالحسين نوايي ، ايران و جهان،جلد اول، چاپ سوم، مؤسسه نشر هما، تهران، ١٣٦٦هـ.ش.ص ص ٢٠٦،٢١٣.

(2) Elton L. Daniel, the history of Iran, united states of America, 2001, P. 90.

(3) Sussan Babaie, Kathryn Babayan, Slaves of the shah: New Elites of Safavid Iran, London, 2004, PP.6-7.

(4) بهنام محمد پناه ، منبع پيشين ، ص ٧١

لەقەزوین بۆ ئەسفەهان[1]، کەبەیەکێ لەهەنگاوە گرنگەکانی شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٥٩٨ دادەنرێت[٢].

دیارە گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەسفەهان لەلایەن شا عەباسی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکی، یەکێکیان پەیوەندی راستەوخۆی بەبارودۆخی ناوخۆیی ئێران هەبووە لەو سەردەمەدا، بەتایبەت دوای (١٢ساڵ) لە مردنی شا تەهماسبی یەکەم (١٥٢٤-١٥٧٦)، ململانێیە نێوخۆیەکانی ناو بنەماڵەی دەسەلاتداری سەفەوی لەسەر وەرگرتنی پۆست و تەختی شاهێتی، لەلایەك و بالادەست بوونی سەرانی قزلباش بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیەکانیان، لەلایەکی دیکەوە ، بۆیە لەسەرەتای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن شا عەباسی یەکەم ، بەهۆی قووڵبوونەوەی ئەو کێشە سیاسیانە نەیتوانی هیچ هەنگاوێکی چاکسازی بهاوێژیت،بەلام دواتر لەگەڵ جێگیر بوونی پایەکانی دەسەلاتی ، چەند هەنگاوێکی گرنگی جێبەجێ کرد، لەوانە بنیادنانی سوپایەکی نوێ بەناوی ( شاهسون)[٣].

دروستکردنی ئەو پێکهاتە سوپاییە ، زیاتر بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاتی قزلباشەکان بووە، بۆیە "محمد ابراهیم باستانی پاریزی "جەخت لەوە دەکاتەوە بنیادنانی ئەو تەشکیلاتە سەربازیە پێویستی بەشوێنێك هەیە دوور بێت لەدەسەلاتی رەهای قزلباشەکان ، هەر ئەمەش وایکردووە شا عەباسی یەکەم بۆ پارێزگاریکردن لەو سوپایەو هەڵنەوەشاندنەوەی بە پیلانی سەرانی قزلباش پایتەخت بگوازێتەوە بۆ ئەسفەهان، دوای جێگیر بوونی دەسەلاتی

---

(1) Gene R. Garthwaite, Op.Cit, P.175.

(2) حسين يزدى ، انتقال پايتەخت صفويه بە اصفهان: علل و پيامدهاى ان، مجله رشد اموزش تاريخ، شماره(٢٣)، تابستان ١٣٨٥ه.ش، تهران،ص٤٢.

(3) محمد ابراهيم باستانى پاريزى، منبع پيشين،ص٥٢.

دەست بكات بەهەنگاوە چاكسازیەكانی لەرووی سیاسی و ئابوری و سەربازی[١].

هۆكاری گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەسفەهان لەلایەن شا عەباسی یەكەم، لەوانەیە وابەستە بێت بەفاكتەری دەرەكی ، ئەویش راستەوخۆ پەیوەندی بەشوێنی جوگرافی ئەو شارە هەیە، كەلەوبارەیەوە "لارنس لكهارت" دەڵێت" شا عەباسی یەكەم لەهەڵبژاردنی ئەسفەهان وەك پایتەخت، ژیری و لێهاتوویی فراوانی خۆی نیشانداوە،بەشێوەیەك ئەو شارە بەهۆی دووربوونی لەسنوورەكانی ولأت ،تارادەیەك لە هەرەشەو مەترسیە دەرەكییەكان بەدوور بووە"[٢].

" ژان شاردن" بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە، بروای وایە هۆكاری گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەسفەهان پەیوەندی راستەوخۆی بە بیركردنەوەكانی شا عەباسی یەكەم هەیە، ئەویش لە چەند لایەنێكەوە، لەوانە ویستویەتی لەرێگای ئەو گواستنەوەو نۆژەنكردنەوەی ئەو شارە بەجوانترین شێوازی هونەری بیناسازی ناوبانگی خۆی لەهزری تاكی ئێرانی بە زیندوویی بهێڵێتەوە، لەلایەكی دیكەوە بۆ ئەوەی خۆی دووربگرێت لەهەموو ئەو ترس و دڵەراوكێیانەی كە پێشبینی كرابوو لەلایەن ئەستێرە ناسەكان سەبارەت بەمەترسی و خراپی مانەوەی شا عەباسی یەكەم لەشاری قەزوین[٣]، چونكە

---

(1) همان،ص٥٢.

(2) لارنس لكهارت، منبع پیشین،ص٤١٣.

(3) ژان شاردن، سفرنامه، ترجمه: محمد عباسی، جلد سوم، انتشارات امیر كبیر، تهران، ١٣٣٥هـ.ش، ص ص ٤٣-٤٤.

چەند ساڵانێك پێشووتر بەهۆی لافاو نیوەی شاری قەزوین تووشی كاولكاری و وێرانە هاتبوو[1].

هەرچەندە گواستنەوەی پایتەخت بۆ سفەهان زیاتر هۆكاری سەربازی و سیاسی لەپشت بووە، بەڵام ناكرێت هۆكاری ئابووری لەبەرچاو نەگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە شا عەباسی یەكەم لەگرنگیدان بەبواری بازرگانی گەیشتە ئەو بڕوایەی كە شاری ئەسفەهان دەبێتە خاڵی سەرەكی ئەنجامدانی بازرگانی، چونكە ئەو شارە دەكەوێتە سەنتەری ئێران، زۆر بەئاسانی دەتوانێت چالاكی بازرگانییە دەرەكییەكانی ئەنجام بدات، لە كەنداوی فارس و رۆژهەڵات و رۆژئاوا بێ ئەوەی تووشی هیچ بەربەستێك و رێگریەك ببێتەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی[2].

شاری ئەسفەهان لەسەردەمی شا عەباسی یەكەم بەسەنتەرێكی گرنگی بازرگانی هەژمار دەكرا و ناوبانگی جیهانی هەبووە، بەتایبەت بوونی سێ گەرەكی بازرگانی لەو شارە كە بایەخی ئەو شارەی لەرووی بازرگانی فراوانتر كردبوو، لەوانە گەرەكی "تەبرێزیەكان" كە زیاتر بریتی بوون لەو بازرگانە تەبرێزیانەی كە كۆچیان كردبوو بۆ ئەسفەهان، هەروەها گەرەكی جلفای نوێ كە خەڵكەكەی بریتی بوون لە ئەرمەنە راگوێزەرەكانی ئەریوان زیاتر بەبازرگانی كردنی ئاوریشم بۆ دەرەوەی وڵات خەریك بوون، جگە لەمانەش گەرەكێكی دیكەی بازرگانی كە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەپێشكەوتنی شاری ئەسفەهان، ئەویش ناسرابوو بە گەرەكی یەهودیەكانی یەزد و كرمان[3]، دیارە گەشەكردن

[1] محمد ابراهیم باستانی پاریزی، منبع پیشین،ص٥٠.

[2] حسین یزدی، منبع پیشین،ص٤٤.

[3] حكیمه امیری، تجارت خارجی ایران در دوره صفویه، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، شماره (٧،٨)، تابستان و پایز ١٣٨٠ه.ش، تهران، ص١٢٣.

و بوژاندنەوەی بازرگانی لە ئەسفەهان گەیشتۆتە ئەندازەیەك ، كە" پیترو دلاواله" لەوەسفی ئەو شارە دەڵێت" لەرۆژهەڵات جگە لە قوستەنتینیە، هەر بەراستی هیچ شوێنێکی دیکە ناتوانرێت بە ئەسفەهان بەراورد بکرێت"[(١)]، بێگومان ناوبانگی بازرگانی ئەو شارە هۆکار بووە کە خەڵکانێکی زۆر لە نەتەوەو ئاینزا جیاوازەکانی وەك هیندی ، تەتار ، تورك ، ئەرمەن ، گورجی ، ئینگلیز ، هۆڵەندی، فەرەنسی، ئیتالی و ئیسپانی ، رووبکەنە ئەو شارە و تێیدا نیشتەجێ بن، بەمەبەستی ئەنجامدانی کاروباری بازرگانی[(٢)]، بەتایبەتی لە مەیدانی شا و بازاری قەیسەری کە دوو شوێنی دیار بوون لەئەسفەهان بۆ بەدیارخستنی کالا بازرگانیەکان و مامەلە پێکردنیان لەنێوان بازرگانان بەشێوەی راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ[(٣)].

سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی لەو سەردەمەدا بەتایبەت لەسەردەمی محەمەدی سێیەم بەهۆی ئەو جەنگە دوورو درێژانەی لەگەڵ نەمساو چەندین شۆرش و یاخی بوونی ناخۆیی بەسەرکردایەتی قەرەیازیجی رێگای والاّ کرد بۆ شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٦٠٢ز هێرش بکاتە سەر هێزەکانی عوسمانی لەناو خاکی ئێران[(٤)] .

سوپای سەفەوی لەتەشرینی ساڵی ١٦٠٣ز توانی تەورێز لەدەستی سوپای عوسمانی وەربگرێتەوەو بەردەوام بوو لە پێشرەویەکانی ، سەرکەوتن

---

[(1)] پیترو دلاواله، منبع پیشین، ص٢٢٢.

[(2)] ادام اولئاریوس، سفرنامه، ترجمه: احمد بهپور، سازمان انتشاراتی و فرهنگی ابتکار، تهران، ١٣٦٣ه.ش،ص٢٤٢.

[(3)] فرت افاناس یویچ کاتف، سفرنامه، ترجمه: محمد صادق همایون فرد، انتشارات کتبخانەی ملی ایران،تهران، ١٣٥٦ه.ش،ص ص ٦٤-٦٦.

[(4)] علی محمد الصلابی ، المصدر السابق ، ص ٣٢٣.

دوای سەركەوتن بەسەر هێزەكانی عوسمانی بەدەست دەهێنا ، بەشێوەیەك ناوچەكانی ئەریڤان و شێروان و قارسی وەرگرتەوەو دواتر لەشكركێشیەكەی بەرەو بەغدا ئاراستە كرد و لەساڵی ١٦٢٣ز دەستی بەسەردا گرت[١].

سەبارەت بەگرتنی بەغدا لەلایەن سەفەویەكان، بەكر سوباشی رۆڵی سەرەكی دەبینێت لەو رووداوە ، چونكە ئەوكات بەكر سوباشی سەرۆكی پۆلیسی بەغدا بوو ، لە ساڵی ١٦٢١ز بۆ تەمبێ كردنی ئەو جوتیارانەی كە لەفوراتی ناوەراست بریاری نەدانی باج دەدەن بەسپاهیە لەبەغداوە بەرێدەكەوێت ، دووركەوتنەوەی سوباشی لە بەغدا هەلێكی باش بۆ نەیارانی لەسەووی هەمووشیان محەمەد قەنبەر دێتە پێش ، بۆ ئەوەی بەكر سوباشی لەدەسەلاتەكەی دووربخاتەوە[٢]،بە گەیشتنی هەواڵی هەڵگەرانەوەی مەحەمەد قەنبەر و بەرگریە توندەكانی هەریەكە لەمحەمەد ئاغای كوری بەكر سوباشی و عومەر كەهییە ، بەكر سوباشی بریاری گەرانەوەیدا بۆ بەغدا، هەر بەگەرانەوەی بەكر سوباشی بۆ بەغدا لەسەرتادا هەڵسا بەگەمارۆدانی یاخی بووەكان لە قەلایەك ، دوای رووبەرووبونەوەكان والی بەغدا ( یوسف پاشا ) دەكوژرێت و یاخی بووانی ناو قەلاكەش دەست بەسەر دەكرێن و لە سەرووی هەمووشیان محەمەد قەنبەر كە بەتوندترین شێوە مامەلەیان لەگەڵ كراو دواتریش لە كەشتیەك دانران و سوتێندران[٣].

دوای ئەوەی بەكر سوباشی توانی سەربكەوێت بەسەر نەیارەكانی، گەیشتە ئەو باوەرەی كە خۆی گەورەی بەغدایە ، بۆیە داوای لە مستەفای

---

[1] حسن كريم جاف ، المصدر السابق ، ص ٤٢ .

[2] ستيڤن هيمسلي لونگريك ، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث ، ترجمة : جعفر الخياط ، ط٥ ، دار الرافدين ، بيروت ، ٢٠٠٤م ،ص ٧٢.

[3] المصدر نفسه ،ص ٧٣.

یەکەم کرد، کە سوڵتانی عوسمانی بوو لەوکاتدا ، بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێت وەك والی بەغدا، دیارە ئەم داوایە لەلایەن باب ئەلعالی رەتکرایەوەو سلێمان پاشای وەك والی بەغدا دیاریکرد ، ئەم بریارەی سوڵتانی عوسمانی لەلایەن بەکر سوباشی رەتکرایەوە ، بۆیە سوڵتان مستەفا داوای لە حافز پاشای والی دیاربەکر کرد بۆ تەمبیٚ کردنی بەکر سوباشی و لابردنی لە بەغدا[1].

لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی عوسمانی بەسەرکردایەتی والی دیاربەکر بۆ ئەم مەبەستە بەرەو بەغدا رێگایان گرتەبەرو گەمارۆی بەغدایان دا ،بەلاّم نەیانتوانی دەستی بەسەردا بگرن، دوابەدوای بلاّوبونەوەی هەواڵی پێشرەویەکانی هێزەکانی عوسمانی بەسەرکردایەتی والی دیاربەکر ، بەکرسوباشی لەرێگای حسین خانی حاکمی لورستان داوای یارمەتی لەشا عەباسی سەفەوی کرد بۆ رزگارکردنی بەغدا لەهەرەشەکانی حافز پاشای والی دیاربەکر، شا عەباسی یەکەم ئەو داوایەی بەکر سوباشی بە دەرفەتێکی زێرین لە قەلەمدا[2].

دوای ئاشکرا بونی پەیوەندیەکانی بەکر سوباشی لەگەڵ دەرباری سەفەوی ، بووە هۆکارێك کە حافیز پاشا پێشنیاری دانانی بەکر سوباشی وەك والی رەقەو سەنجەقی حیلەش بۆ کورەکەی پێشنیار کرد، ئەم بەڵێن و پێشنیارانە لەلایەن سوباشی رەتکرانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا گەمارۆی سەربەغدا هەر بەردەوام بوو تا گەیشتنی نێردراوی شا عەباس بۆ ئۆردووی حافیز پاشا، لەرێگای پیادە کردنی سیاسەتی تۆقاندن و هەرەشەوە داوای پاشەکشێی و

(1) علی شاکر علی ، تاریخ العراق فی العهد العثمانی ( ١٦٣٨ – ١٧٥٠م ) ، منشورات مکتبە ٣٠تموز ، نینوی، ١٩٨٥م ، ص٣٢.

(2) حسن کریم جاف ، المصدر السابق،ص ص ٤٣-٤٤.

هەڵگرتنی گەمارۆی سەر بەغدایان کرد لەلایەن سوپای عوسمانی، لەهەمان کاتدا شاندەکە بەوالی دیاربەکریان راگەیاند کە بەغدا شارێکی ئێرانیە[1].

گەرانەوەی شاندی دەوڵەتی سەفەوی بە سەرۆکایەتی قرچغی خان ، حافیز پاشا کەوتە خۆی بۆ رازیکردنی بەکر سوباشی، سەرەتا لە رێگای نێردراوێك بۆ لای سوباشی ئامادەیی خۆی نیشاندا بە مانەوەی وەك والی بەغدا ، بەمەرجێك ئێرانییەکان لەو رێگایەوە دەست نەخەنە ناو کاروباری بەغدا[2]، ئەمەش وای لەبەکر سوباشی کرد کە نامەیەك ئاراستەی شا عەباس بکات بۆ گەراندنەوەی هێزەکانی ، چونکە کێشەکە چارەسەرکرا ، بەلاّم کار لە کارترازابوو ، چونکە هێزەکانی ئێران ئەو کات لە نزیك خانەقین بوون ، دیارە داواکەی بەکر سوباشی زیاتر شا عەباسی یەکەمی نارەحەت کرد ، بۆیە بریاری دەست بەسەرداگرتنی بەغدای دا بە سەرکردایەتی خۆی وەك ئەرکێکی پێویست[3].

دوا بەدوای گەیشتنی سوپای سەفەوی بۆ بەغدا ، نزیکەی ماوەی سێ مانگ گەمارۆیاندا بەشێوەیەك بارودۆخی ناو بەغدا لە رووی مرۆییە زۆر ئاڵۆز کردبوو ، هەروەها زۆر لەکەسە نزیکەکانی بەکر سوباشی لەکاتی شەودا خۆیان رادەستی سوپای سەفەوی دەکرد، لەو هەلومەرجەدا ، شا عەباس لەرێگای فریودانێکی زۆر زیرەکانە توانی باوەر بەمحەمەدی کوری بەکر سوباشی بێنێت

---

[1] ستيفن هيمسلي لونگريك ، المصدر السابق، ص ص١٧٥– ١٧٦.

[2] جعفر الخياط ، صور من تاريخ العراق في العصور المظلمة، الجزء الأول ، الطبعة الاولى، بغداد ، ١٩٧١م ، ص ص ٧٣–٧٤

[3] ستيفن هيمسلي لونگريك ، المصدر السابق، ص ١٧٦ ؛ ئەحمەد حەمەدەمين ، دلشاد مەحموود، کاریگەری پەیماننامەی زەهاو لەسەر کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١١ز، ل٣١.

کە لەداهاتوودا دەیکاتە والی بەغدا ، بەمەرجێك یارمەتی پێشکەش بەسوپای سەفەوی بکات لەرێگای والا کردنی دەرگای شورەی بەغدا [1].

پاش ئەنجامدانی کارەکە ، سوپای سەفەوی توانی بچێتە ناو بەغداو یەکەمین قوربانیش بەکر سوباشی بووکە لە ناو کەشتیەك لە رووباری دیجلە سوتێندرا ، بەمەش لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٢٣ز بەغدا کەوتە ژێر رکێفی دەوڵەتی سەفەوی[٢]، مانەوەی بەغدا لە ژێر دەسەڵاتی سەفەوی لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم ، بەردەوام کێشمەکێشی لە سەر بووە لە لایەن عوسمانیەکانەوە ، بە مەبەستی دووبارە گەراندنەوەی بۆ ژێر رکێفی دەوڵەتی عوسمانی، تاوەکو وەرگرتنی دەسەلآت لەلایەن سوڵتان موڕادی چوارەم(١٦٢٣ – ١٦٤٠ز) جارێکی دیکە لەساڵی ١٦٣٨ز عوسمانییەکان توانیان بەغدا لە ژێر دەسەلآتی سەفەوی دەربهێنن و بیخەنەوە ژێر دەسەلآتی خۆیان[٣].

**ج– کەمکردنەوەی هەژموونی پورتوگالەکان لەکەنداوی فارسی**

سەرەرای دەست بەسەرداگرتنی بەغدا ، لەلایەن شا عەباسی یەکەم ، رووداوێکی گرنگی دیکە، کە بریتی بوو لەدەرپەراندنی پورتوگالییەکان لە دورگەکانی کەنداوی فارسی ، ئەویش لەرێگای یارمەتیدانی کەشتیگەلی بەریتانی بۆ هێزەکانی شا عەباسی یەکەم ،چونکە ئەوکات پەیوەندی نێوان بەریتانییەکان و پورتوگالییەکان لەوپەری گرژی و ساردیدا بوو ، کە ئاکامەکەی بەقازانجی شا عەباس تەواو بوو ، کە توانی لە رێگای یارمەتیەکانی بەریتانیەوە بەندەری گمبرون کە دواتر ناسرا بە بەندەر عەباس لەدەست

---

[1] حسن كريم جاف ، المصدر السابق، ص٤٤.

[2] علي ظريف الاعظمی ، تاريخ الدولة الفارسية في العراق، بغداد، ١٩٢٧م،ص١٠٨ ؛ ئەحمەد حەمەدەمین ، دلشاد مەحموود، سەرچاوەی پێشوو،ل٣١.

[3] علی محمد الصلابی ، المصدر السابق ، ص ٣٣٢

پورتوگالەكان دەرباز بكات ،جگە لەمەش لەساڵی ١٦٢٢ز هەریەكە لە دورگەی قشم و هورمز و هەروەها بەحرێن یەكەیەكە لە ژێر دەسەلاَتیان دەرهێنران[١] .

پورتوگالەكان سەرەتا لەساڵی ١٥٠٧ز بە كەڵك وەرگرتن لە پێشكەوتنی خۆیان دوو دڵیان نەنواند ، پەلێك لە هێزی دەریایی بە سەركردایەتی ئالفۆنس ئالبوود كیرك گەیشتە هورمز لەكەنداوی فارس ، هەر بەخێرایی لەگرنگی ناوچەكە گەیشتن ، بۆ باری سەربازی و هەڵسورانی كاری بازرگانی[٢]، دیارە مەبەستەكانی دالبوكرك لەگرتنی دورگەی هورمز زیاتر بریتی بوو لەكۆنترۆڵ كردنی رێگا دەریای و بازرگانییەكانی نێوان ئەوروپاو ئاسیا، هەروەها كۆنرۆڵ كردنی كەنداوی فارس و ئۆقیانوسی هیندی بووە ، بەم شێوەیە بارزرگانی سەرزەمینی ئیسلامی لەرۆژهەلاَت و باشووری ئاسیا تووشی شۆك كرد[٣]، لەلایەكی دیكەوە شاندێكی پورتوگالی بە سەركردایەتی میگل فیرەری ئیرا لە ساڵی ١٥١٣ز – ١٥١٥ز گەیشتنە لای شا ئیسماعیلی سەفەوی بە مەبەستی بەستنی رێكەوتننامەیەك ، كە ئەوكات ئێرانییەكان لە جەنگی چالدێران شكستێكی سەختیان خواردبوو ، لەهەمان كاتدا خاوەن هێزی دەریایی نەبوو ، لەبەر ئەوە بە ناچاری حوكمرانی پورتوگالییەكانی بەسەر هورمزدا قبولكرد[٤] .

---

(1) عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص ص ٦٩٤–٦٩٥ .

(2) محمد رضا وصفی، العلاقات الصفویة مع الدول المسیحیة الكاثولیكیة الغربیة ، مجلة افاق الحضارة الاسلامیة، العدد(١٧)، طهران، صفر–١٤٢٧هـ،ص ص٤٣٣–٤٣٤.

(3) محمدرضا حافظ نیا، خلیج فارس نقش استراتژیك تنگه هرمز، سمت، تهران، ١٣٧١هـ.ش ، ص ٢٢٢.

(4) علی بیگدلی، روابط خارجی ایران عصر صفوی، مجله ماهنامه اندیشه و تاریخ سیاسی ایران معاصر، شماره (٥٠)،تهران،ابان ١٣٨٥هـ.ش،ص١٨.

لە بەرامبەر نەنواندنی هیچ هەڵوێستێك لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوی بەرامبەر بە پورتوگالییەکان ، بە پێیی رێکەوتننامەکە بەڵێنیاندا دورگەی بەحرێن بۆ شا ئیسماعیل بگەرێننەوە کە ئەو کات لەدەست بنەماڵەی جەبرید و هەروەها کۆمەکی یەکتر بکەن دژ بەدەوڵەتی عوسمانی، بەلاّم دوای دەست گرتنیان بەسەر دوورگەکانی بەحرێن پورتوگالییەکان لە رێکەوتنامەکەیان پاشگەز بوونەوەو بۆ خۆیان قۆرخیان کرد[1].

تێکچوونی پەیوەندی بازرگانی و سیاسی لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٦٠٨ز دەگەرێتەوە بۆ ئەو شاندەی ئێران بەسەرکردایەتی دەنگیز رۆملۆ کە لەگەڵ ئەنتۆنیۆ دی گۆیا نادرە لای فلیپ پادشای ئیسپانیا – پورتوگال، لەگەڵ چەندین دیاری گران بەها، سەرەرای ناردنی پەنجا تەلیسی ئاوریشمی کەداهاتی فرۆشتنەکەی بۆ خەزێنەی (شا)ی ئێران بوو، روون و ئاشکرایە ناردنی شاندەکە زیاتر سیاسی بووە، بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان دژ بەدەوڵەتی عوسمانی و لەهەمان کاتدا بۆ پتەو کردنی بازرگانی هەردوولا بوو[2]، لەهەمان کاتدا ئەم شاندە بووە هۆکار بۆ تێکچوونی پەیوەندیەکانیان ، چونکە هەر لەگەڵ گەرانەوەی شاندەکە لە ساڵی ١٦١٣ز دەنگیزخان بەدەستووری شا عەباسی یەکەم دەکوژرێت ، هۆکارەکەشی درکاندنی ناوەرۆکی نامەکەی شا عەباسی یەکەم لەلایەن فەرمانداری کادیس، دواتر پێدانی هەندێك پارە بە بازرگانێك بۆ ئەوەی نامەکە ببات بۆ پاپا ، لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەك لە ئەندامانی شاندەکە بوون بەکریستان و نەگەرانەوە

---

[1] علی بیگدلی ، منبع پیشین ،ص١٨.

[2] محمد باقر وثوقی ، روابط ایران و اسپانیا در دوره شاه عباس صفوی(عصر فیلیپ سوم) ، مجله تاریخ روابط خارجی ، شماره (٢٠)، تهران، پاییز ١٣٨٣ه.ش، ص ص٤٤-٤٥.

ولآت[١]، هەر کەدەنگۆی کوژرانی دەنگیز خان بلاو بۆوە ، ئەوکات ئەنتۆنیۆ دی گۆیا لەشیرازەوە رایکردە هورمز ، هەرچەندە بەر لەگەیشتنی دەستووری گرتنی دی گۆیا لەلایەن شا عەباس ، دی گۆیا لەلایەن ئیمام قولی خان کە ئەوکات حاکمی شیراز بوو دەستگیر کرابوو بۆ ماوەیەك دواتر ئازاد کرا [٢]، ئەمەش بووە هۆکارێك کە لەلایەن شا عەباسی یەکەمەمەوە تووشی لۆمە هات، هەربۆیە ئیمام قولی خان لەبەرامبەر ئەو کارەی کەئەنجامی دابوو ، بۆ ئەوەی سەرەنجی شا بۆ لای خۆی رابکێشێتەوە ، هەڵسا بەداگیرکردنی ناوچەی گمبرون ( بەندەر عەباس ) و هەروەها دوورگەی قشم کە بە دەست پورتوگالییەکانەوە بوو، بە گیرانی ئەو دوورگەیە نیشانەی دەستپێکی کۆتایی هاتنی دەسەلآتی پورتوگالەکان بوو لەکەنداوی فارس[٣].

شا عەباسی یەکەم سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ولآتانی ئەوروپا جەختی کردەوە لە ئاسانکاری و لێبوردەیی ئاینی تایبەت بە ئەوروپاییەکان، چونکە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی لە ڕێگای پشتگیری کردن لە سیاسەتی ئاسانکاری ئاینزای بەتایبەت لەگەڵ گەورە پیاوانی ئاینی مەسیحی ڕێگا خۆش دەکات بۆ خۆشکردن و گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوروپا[٤].

سەبارەت بە ئاسانکاری و لێبوردەیی ئاینی " پیترو دلاوالە" گەریدەی ئیتاڵی دەلێت" تەواوی ئەو کەسانەی کە ئێرانی نەبوون و جیاوازیان هەبووە چ لە رووی نەتەوە یاخود ئایین ، جیاوگەی تایبەتیان هەبووە، ئەم داب و

---

(1) نصرالله فلسفی، تاریخ روابط ایران و اروبا در دوره صفویه، دانشگاه تهران، تهران، ١٣١۶هـ.ش،ص٢٩.

(2) همان، ص٣٠.

(3) علی بیگدلی، منبع پیشین ، ص٢٠.

(4) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص٩٧.

نەریتەش هەر لە كۆنەوە لە ئێران بوونی هەبووە، بەشێوەیەك رێگا دراوە بەشێوەیەكی ئازاد مەراسیمە ئاینیەكانیان جێ بەجێ بكەن وەك ئەوەی لە ولاتی خۆیان بن، بۆ ئەم مەبەستەش هەر نەتەوەیەك بۆ خۆی شوێنێكی تایبەت بە خۆیان هەیە جیاواز لە خەڵكانی دیكە، لەگەل ئەوەش بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكانیان دادوەری تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەهیچ شێوەیەكیش شا دەستی نەخستۆتە ناو كاروباری ئەو دادگایانە"[1].

بێگومان شا عەباسی یەكەم لەرێگای فەرمانێكەوە لە ساڵی ١٥٩٨ز زۆر بە توندی جەخت لەوە دەكاتەوە كە لە هەموو هەرێمەكانی ژێر دەسەلاتی، مامەلەی باش لەگەڵ هەموو ئاینزایەكانی مەسیحی بكرێت و شوێنكەوتووانی ئاینزایە مەسیحیەكان لە تەواوی ئێران تووشی ئەزیەت و نارەحەتی نەبنەوە،سەرەرای ئەوەش هەموو بازرگانە مەسیحیەكان بۆیان هەبوو زۆر ئازادانە مۆلەتی بازرگانی لە سەرتاسەری ولات وەربگرن و بێ ئەوەی هیچ بەربەستێك و هیچ جۆرە باجێك و لەسەریان بسەپێنرێت[2].

لەلایەكی دیكەوە داوای لەپیاوانی ئاینی كرد، بەهیچ شێوەیەك دەست نەخەنە ناو كاروباری ئاینزایەكان و دورستكردنی ئاستەنگ و دڵ رەنجاندنیان، هەر لەو بارەیەوە شا عەباسی یەكەم تیشك دەخاتە سەر ئەوەی

---

(1) پیترو دلاوالە، سفرنامە، ترجمە: محمود بهفروزی، نشر قطرە، تهران، ١٣٨٠ه.ش،ص٤٩٦.

(2) سر ارنولد ویلسون، خلیج فارس، ترجمە: محمد سعیدی، بنگاە ترجمە و نشر كتاب، تهران، ١٣٤٨ه.ش،ص١٤٨. سەبارەت بەدەقی فەرمانەكەی شا عەباسی یەكەم تایبەت بە ئاینزایەكانی مەسیحی بگەرێوە بۆ : عەلی حەرب، پەرەسەندنی مێژووی جولانەوەی سەفەویی لە ئێران، وەرگێرانی: بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی،٢٠١٢ز، ل ل ١٣٣-١٣٤.

هـیچ یاسـا و فـەرمانێکی وڵات لـەبارەی کەسـیەتی و مـاڵ و بازرگـانی ئـەوان ناگرێتـەوە ( ئـاینزا مەسـیحیەکان)، لەهـەمان کاتـدا هـیچ تـاکێکی ئێرانـی مـافی ئەوەی نیە لە بازرگانە مەسیحیەکان بپرسێت بۆ چ مەبەستێك لە ئێران بوونتـان هەیە[١]، هـەر بەمـەش نەوەسـتا، بـەڵکو ئاسـانکاری زۆری کـردووە بـۆ بنیـادنـانی کلێـسا لەشـارە گـەورەکانی ئێـران بەتایبـەت ئەسـفهان[٢]، دیـارە مـوژدەدەرە مەسیحیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەئێران زیاتر لەسەر ئاینزای کاسۆلیك بوون لـە دەسـتەی کرملـی ، ئاگۆسـتین، فرانسیـسکن، دومیـنگن و کاپوسـن، کـە لـە ئیسپانیا(پرتوگال) و فەرەنسا و ئیتالیا و هەندێ جار لـە هۆڵەنـداو بـەریتانیا و مەجەرسـتان روویـان لـە ئێـران کـردووە و زیـاتریش لـە شـارەکانی ئەسـفەهان ، شـــیراز ، بەنـــدەر عـــەباس و تـــەبرێز کارەکانیـــان ئـــەنجام داوە، چ کـــاری بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی یاخود کاری بازرگانی[٣].

تێروانین و نزیـك بوونـەوەی شا عەباسـی یەکـەم لـە مەسیحیەکان ، بووە هۆکارێك بۆ گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی ئێران و ئـەوروپا، کـە ئاکامەکـەی بـە سوود و قازانجی ئێران تەواو بوو، چونکە ئەو نزیك بوونەوەیە رێگای خۆشکرد بـۆ ئەنجامـدانی بازرگـانی بەشـێوەیەکی ئـازاد لـەنێوان هـەردوولا، سـەرەرای ئەوانەش شا عەباسی یەکەم لەرێگای ئەو پەیوەندیـە بازرگانییـە لەگـەڵ رۆژئـاوا دوو مەبەسـتی سـەرەکی پێکـا[٤]،یـەکێك لـەو مەبەسـتانە هەوڵیـداوە بازرگانـە

---

(1) سر ارنولد ویلسون ،منبع پیشین، ص ١٤٩.

(2) محـسن مفحم،اسـناد و مکاتبـات تـاریخی، مجلـە بررسـیهای تـاریخی، شمـارە (٩ – ١٠)، نشریە ستاد بزرگ ارتشتاران – کمیتە تاریخ نظامی ، تهران ، ابان ١٣٤٦ه.ش، ص٢٥.

(3) مریم میر احمدی، دین و مذهب در عصر صفوی، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٣ه.ش، ص١٠٤.

(4) انور خالندی، منبع پیشین ، ص ٨١.

بیانیـەكان بخزێنێتـە نـاو ئێـران و كـالا ناوخۆییـە ئێرانیـەكان بـە گـرانترین نـرخ بفرۆشـێت، ئـەویش لـەرێگای سـوود وەرگـرتن لـە ململانـێ و كێبركێـی بازرگانـە ولأتـە جیاوازەكـانی ئەوروپا،بەمـەش ئێـران هـەنگاو دەنێـت بـەرەو ئابوریـەكی بەهێز و دەوڵەمەند[1]، لەلایەكی دیكەوە شا عەباسی یەكەم زۆر زیرەكانـە تـوانی مەبەسـتێكی دیكـەی دێرینـی بپێكێـت، ئـەویش لـەرێگای سـوود وەرگـرتن لـە دوژمنایەتی سەرانی ولأتانی مەسیحی لە ئەوروپا دژ بە دەوڵـەتی عوسمـانی، هەروەها لەو كۆمەك و یارمەتیانەی ولأتانی رۆژئاوا بۆ ئەوەی بەرنگاری دوژمنە سەرسـەخت و دێرینەكـەی ببێتـەوە كـە دەوڵـەتی عوسمانیـە[2]، لـەرووی سیاسـیەوە قـۆرخكردنی بازرگـانی ئاوریـشمیش لەلایـەن شـا عەباسـی یەكـەم ئالیـەتێكی گونجـاو بـوو لەبەرامبـەر سیاسـەتی بالأدەست بـوونی پورتوگالـەكان لەكەنـداوی فـارس، كـە لـەو رێگایـەوە تـوانی سیاسـەتێكی ژیرانـە پیـادە بكـات لەبەرامبـەر هـەژمـوونی پرتوگالیـەكان لـە ناوچـەكە، هـەروەها دروسـتكردنی كاریگەریـەكان لەسـەر پەیوەندیـە دەرەكییـەكانی ئێـران لەگـەڵ ولأتـانی دیكـەی رۆژئـاوا[3]. بێگومـان لـەرێگای ئـەو پەیوەندیـە دەرەكییانـە شـا عەباسـی یەكـەم توانی هەژمـوونی پورتوگالەكان لەكەنداوی فارسی نەهێڵێت.

لەو بارەیەوە كۆمپانیای هیندی رۆژهەلأتی ئینگلیزی( English East India Company)[4] كەلەسـاڵی ١٦٠٠ز دامـەزرابوو، لەسـەرەتادا دەسـتیانكرد

---

[1] احمد تاج بخش، تاریخ صفویه، انتشارات نوید، شیراز، ١٣٧٢ه.ش، ص ٢٠٧.

[2] همان، ص٢٠٨.

[3] نصرالله فلسفی، نصرالله فلسفی ، تجارت ابریشم در زمان شاه عباس اول ، مجله وحید، شماره (٢،١)، فروردین و اردیبهشت ١٣٥٣ه.ش، ، ص١٤.

[4] دامەزراندنەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٥٩٩/٩/٢٢ز كەلەلایـەن بازرگانـەكانی بـەریتانیا پێشنیاركرا، دواتر لە١٦٠٠/١٢/٣١ز مەرسومی مەلەكی بۆ دەرچوو، تێیدا دەسەلأت درا بەو

بەدامەزراندنی سەنتەرێكی بازرگانی لەسورات لەكەنارەكانی رۆژئاوای هیند، كاری ئەم سەنتەرە بازرگانیە بریتی بوو لە فرۆشتنی پشمی ئینگلیزی و لەبەرامبەریشدا كرینی ئاوریشمی ئێرانی بووە[1]، لە ساڵی ١٦١٥ز كۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی یەكەمین هەوڵی خۆیاندا بۆ خزینە ناو بازارەكانی ئێران بۆ ئەم مەبەستەش هەریەكە لەئێتسیل و كرادێر بەم كارە هەڵسان و توانیان باوەر بەشا عەباسی یەكەم بێنن ، كەوا فەرمانێك دەربكات سەبارەت بە پارێزگاریكردن لە ئینگلیزەكان و هەموو پێداویستیەكی ناوەخۆیان بۆ دابین بكرێت و داكۆكی لە مافیان بكرێت لە ناوچەكانی قەلمرەوی دەسەڵاتی سەفەوی[2].

هۆكاری نواندنی ئەم هەڵوێستە نەرمە لەلایەن شا عەباسی یەكەم بەرامبەر بە كۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی ، زیاتر چاوەروانی یارمەتی ئینگلیزەكان بوو بۆ دەركردنی پورتوگالەكان لە دورگەی هورمز ، چونكە (شا)ی ئێران هەمیشە قەلاكانی پورتوگالی لەدورگەی هورمز بەدەست درێژی بۆ سەر ماف حوكمرانیەتی خۆی دادەنا ، بەڵام لەبەر نەبوونی هێزی دەریایی نەیدەتوانی پورتوگالییەكان لەدورگەی هورمز دەربكات [3]، یارمەتیدانی

كۆمپانیایە كە قۆرخكاریە بازرگانیەكان بكات لەهیند و ناوچەكانی دەوروبەری، لەلایەكی دیكەوە بەریتانیەكان هەوڵیاندا كەنداوی عەرەبی بخەنە ناو ئەو بازنەوە بەمەبەستی پارێزگاریكردن لەدەسەڵاتەكەیان لەهیند: محمد حسن العیدروس ، تاریخ الخلیج العربی الحدیث والمعاصر،الطبعة الثانیة، عین للدراسات والبحوث الانسانیة والاجتماعیة، القاهرة،١٩٩٨م،ص٣٢ .

[1] محمد رضا حافظ نیا ، منبع پیشین ، ص ص ٢٢٣-٢٢٤

[2] راجر سیوری ، منبع پیشین ،ص ١٠٩.

[3] همان، ص ص ١١٠-١١١ .

بەریتانیـەكان بـۆ سـوپای سـەفەوی لـە دەرپەرانـدنی پورتوگالییـەكان توانیـان دەستەندەرۆیی خۆیان لە ئێران بچەسپێنن و دواتـر دورگـەكانی بـەحرێنیان لـە دەسـت ئێـران دەركـرد[١]،دەرچـوونی پورتوگالـەكان لەناوچـەكە، كۆمپانیـای هیندی رۆژهەڵاتی بەرێوەبردنی سەنتەری بازرگانی خۆی لە سورات گواستەوە بەنـدەر عـەباس و لەسـاڵی ١٦٢٥ز هۆڵەندیـەكانیش دەركـەوتن و سـەنتەری بازرگانیان لە بەندەر عەباس دامەزراند، دوای نـەمانی هـەژموونی پورتوگالـەكان لەناوچـەكە تـاكو مردنـی شـا عـەباس ، دوورگـەی هـورمز لـەژێر دەسـەڵاتی سـەفەویەكان مایـەوە، دواتـر هۆڵەندیـەكان توانیـان هـەژموونی خۆیـان بەسـەر كەنـداوی فـارس بـسەپێنن دوای ئـەوەی توانیـان لەئـەوروپا لەسـاڵی ١٦٥٢ز بەسـەر بەریتانیەكانـدا سـەركەون، ئەمـەش رێگـا خۆشـكەربوو بـۆ هۆڵەندیـەكان باڵادەستیان لە ناوچەكە بچەسپێت[٢].

[1] محمود طلوعی ،منبع پیشین ، ص ٣٦ .

[2] محمد رضا حافظ نیا، منبع پیشین ، ص٢٢٥ .

# بەشی چوارەم

# سەردەمی لاوازی و داگیرکاری ئەفغانەکان

## (( ١٦٢٩- ١٧٢٩ ))

**تەوەری یەکەم :**

## باروودۆخی سیاسی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٦٢٩- ١٦٦٦

شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٦٢٩ز کۆچی دوایی دەکات ، دوای ئەو نەوەکەی دێت بەناوی (سام میرزا) کەناسراو بە(شا سەفی) کە حکومرانی ئێران دەکات لە (١٦٢٩ – ١٦٤٢)[1]،شا سەفی کوری سەفی میرزا کوری عەباسی یەکەمە ، لە گەیلان لەدایك بووە ، بەفەرمانی شا عەباس ناوی لێنراوە سام میرزا ، بەلاٌم هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەلاٌت ناوی خۆی گۆری بۆ ( سەفی ) وەك تۆڵەیەك لەباپیری کە هەڵسابوو بەکوشتنی باوکی[2].

سەردەمی ئەم شایە نمونەی زولم و ستەم و زۆرداریە بەشێوەیەك هیچ کەسێك ئەمین نەبو لە ژیان و سامانی خۆی بە درێژی فەرمانراوایەتییەکەی[3] ،لەلایەکی دیکەوە شا سەفی هەڵسا بەکوشتنی شازادەکانی سەفەوی بەتایبەتی نەوەکانی شا عەباسی یەکەم بە کورو کچەوە وەك سوڵتان محەمەد میرزا کوری شا عەباسی یەکەم و ئیمام قولی میرزا برای سوڵتان محەمەد میرزا و نجف قولی میرزا کوری ئیمام قولی میرزا و سوڵتان سلێمان میرزای برای ، کە ئەوانە لەسەردەمی شا عەباسی گەورە لە قەلاٌی ئەلەموت زیندانی کرابوون[4].

سەردەمی شاسەفی نموونەی زوڵم و زۆرداری بووە، چونکە هیچ کەسێك دڵنیا نەبوو لەژیان وسامانی خۆی بە درێژایی

---

[1] Andrew J. Newman, Safavid Iran: Rebirth of a Persian Empire, I.B. Tauris & Co. Ltd, London- 2009, P.73.

[2] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص٢٢٣.

[3] کارل بروکلمان ، المصدر السابق ، ص ٥٠٥ .

[4] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص٢٢٤.

فەرمانڕەوایەتیەکــەی[1]،بەشــێوەیەك لــەماوەی فــەرمانڕەوای شاســەفی زۆر لەکەسایەتیە نزیکەکانی بنەماڵەی سەفەوی توشی چاو دەرهێنان و کوشتن بوونەتەوە،لەوانە چەندین سەرکردەی دیاری سوپای دەوڵەتی سەفەوی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە جەنگەکانی سەفەوی – عوسمانی لەلایەن شاسەفی لەسێدارەدراون لەوانە زنیل خان شاملو لەساڵی ١٦٣٠ز [2]،هەروەها هەریەکە لەعیسا خان و چەراغ خان کە دوو سەرکردەی سەربازی دیاری سوپای سەفەوی بوون لەساڵی ١٦٣٢ز[3]،میرزا طالب ئەردبادی وەزیری گەورەی دەربار لەساڵی ١٦٣٤ز[4].

سەرەرای ئەوانەش هەڵسا بەکوشتنی ئیمام قوڵی خان کەدارێژەری راستەقینە بوو بۆ دەرکردنی پورتوگالەکان لەهورمز ،بەلأم شاسەفی بەشێوەیەك رەفتاری دەکرد دۆست ودوژمنی خۆی لێك جیا نەدەکردەوە[5]، دەربارەی کوشتنی ئیمام قولی خان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی شا عەباسی یەکەم لەماوەی حوکمرانیدا هەڵسا بوو بەبەخشینی یەکێك لەژنەکانی خۆی بەئیمام قولی خان ، دوای ئەوەی ئەو ژنە منداڵێکی دەبێت و ناوی لێنرا سەفی قولی خان ، دواتر شا سەفی لەترسی ئەوەی نەبادا ئیمام قولی خان بەبوونی ئەو کورە سوود

---

(1) كارل بروكلمان ،المصدر السابق، ص ٥٠٥ .

(2) پژوهش در دانشگاه كمبردج، تاريخ ايران، ترجمه : يعقوب اژاند، چاپ دوم،فراين ، تهران ، ١٣٨٤ ه.ش، ص٩٤.

(3) Peter Jackson and Lauraence Lockhart ( eds.), Op. Cit, P.280.

(4) پژوهش در دانشگاه كمبردج، منبع پيشين، ص٩٤.

(5) عبدالعزيز سليمان نوار،المصدر السابق،ص٧٨" سرجان ملكم،منبع پيشين،ص ١٨٧.

وەربگرێت و دەست بەسەر ئەسفەهاندا بگرێت ، چونکە لەناو خەڵکەکە واباوبوو کە سەفی قولی خان کوری شا عەباسی یەکەمە[١].

سەبارەت بەو جەورستەمە و رەفتارەی شا سەفی مێژوونوسان دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو پەروەردە هەلەیەی کە لەدەرباری شاهانە تیای گەورە بووبوو کە تەنها پەوەردەیەکی گۆشە گیرو رق و کینە بەپێچەوانەی ئەو شایانەی پێش شا عەباسی یەکەم کە منداڵەکانیان دەنارده لای سەرۆك هۆزەکان بۆ ئەوەی ببنە خاوەن جەستەیەکی بەهێز و خاوەن عەقلێکی کراوە[٢].

سەردەمی شا (سەفی) بەلاوازترین سەردەمی سەفەوی هەژمار دەکرێت ئەمەش زیاتر دەگەڕیتەوە بۆ ئەو شکستە یەك لەدوا یەکانەی لەسەر ئاستی دەرەوە ، بەتایبەتی لەرووی سەربازیەوە ، چونکە شا سەفی بەشێوەیەکی گشتی کاروباری وڵاتی بەلاوە نابوو[٣] .

لەلایەکی دیکە ئەم رفتارانەی کاردانەوەی نامۆی لەسەر دەوڵەت دروست کردبوو ،رێگا خۆشکەریش بوو بۆ پەلاماردانی دەرەکی لەسەر دەوڵەتەکەی. بەشێوەیەك وەك (هانوی) باس دەکات و دەڵێت "شا زۆر بەکەمی دەپەرژییە سەر کاروباری وڵاتەکەی بەشێوەیەك زۆر بەگرانی ئێرانیەکان تێ دەگەیشتن کە پادشایان هەبێت ، بەڵام لەزۆربەی کاتەکاندا تەنها خەریکی دەرکردنی فەرمانی زۆر قورس بوە ، تەنانەت ماوەی فەرمانرەوایەتیەکەی بەخوێنی بێ تاوانەکان درێژە پێ داوە[٤] .

---

(1) عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص٢٢٥.

(2) حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٤٩.

(3) عباس قدیانی ، منبع پیشین ، ص٧٤.

(4) Jonas Hanway, An Historical Account of the British Trade Over the Caspian Sea with the Revolutions of Persia, Volume.III, London, 1753, PP.19-20.

عوسمانیەکان بارودۆخی ئێرانیان لەو سەردەمە هەڵقۆستەوە لە ساڵی ١٦٣٠ شاری هەمەدانیان داگیر کرد ، هەروەها قەڵای مەریوان کەخودی سوڵتان موڕادی چوارەم بەشداری تێدا کردو دەستی بەسەردا گیرا لەساڵی ١٦٣٥ز [١].

هەر چەندە شا سەفی داوای لە زەنیل خان سوپاسالاری سەفەوی کرد کە سنورێك بۆ زیادرەویەکانی سوپای عوسمانی دابنێت ، بۆئەم مەبەستە زەینل خان هەڵسا بەئامادەکردنی سوپایەکی شەست هەزار سەربازی لەنزیك قەڵای مەریوان رووبەرووی سوپای عوسمانی بۆوە ، بەڵام ئاکامەکەی بەشکستی سوپای سەفەوی کۆتایی هات[٢] .

بەم شێوەیە شکست خواردنی سوپای سەفەوی بەرامبەر بەسوپای عوسمانی بووە هۆکارێك کە سەرکردەی گشتی سوپای سەفەوی (زنیل خان شاملو ) لەلایەن شا سەفی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەربچێت [٣]، پاشانیش روستم خان لەلایەن شا سەفی وەك سوپاسالاری سوپای سەفەوی دەست نیشانکرا[٤].

دیارترین رووداوی سەرەکی سەردەمی شا سەفی کە رویدا گەرانەوەی بەغدا بوو بۆ ژێر رکێفی دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١٦٣٨ز کە بە بەسەرکردایەتی سوڵتان موڕادی چوارەم بەرێوەچوو [٥]،بۆ ئەم مەبەستەش سوڵتانی عوسمانی موڕادی چوارەم ( ١٦٢٣ – ١٦٤٠ز ) خۆی ئامادە کرد بۆ

---

(1) Andrew J. Newman, Op.Cit, PP.73-74.

(2) عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ،ص٢٢٥.

(3) حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٤٩.

(4) عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین ، ص ١٠١.

(5) عبدالعزیز سلیمان نوار ، المصدر السابق ، ص ٧٨.

هێرش كردنە سەر بەغدا ،بەڵام لەبەر هاتنی وەرزی زستان هێرشكردنەكە دواخرا بۆ وەرزی بەهار، لەوەرزی بەهاردا هێرشی بۆ بەغدا كرد، بەڵام سەركەوتنی بەدەست نەهێنا بەهۆی یاخی بوونی ئینكشاریەكان[1] .

سوڵتان مورادی چوارەم دوای ئەو بارودۆخەش هەرسوور بوو لەسەر ئەوەی كە بەغداو هەموو ئەو ناوچانەی لەدەستی چووە هەر لەسەردەمی سوڵتان سلێمان قانونیەوە داگیربكاتەوە، بۆیە لە١٠ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٣٨ز لە رێگای موسڵەوە بەرەو بەغدا لەشكركێشی كردو دوای چل رۆژ لەگەمارۆدان لە كانونی دووەمی هەمان ساڵ بەیارمەتی تۆپخانە ئاگرینەكەی توانی بچێتە ناو بەغداو داگیری بكات، كە نزیكەی پانزدە ساڵ لەدەست ئێرانیەكان بوو[2] .

دوای ئەم روداوەش پەیمانامەی زەهاو بەسترا لەنێوان هەردوولا لەساڵی ١٦٣٩ز [3] ، بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە سنووری دەوڵەتی عوسمانی لەوناوچانە پێك دەهات( جەسار، بەدرە، مەندەلی، دەرنەو دەرەتەنگ) كە گشتیان لەژێر قەلەمرەوی ئەیالەتی بەغدا بوون، هەروەها ئەو سنوورە درێژ دەبۆوە تا دەگاتە ئەو ناوچەیەی كە پێی دەوترێت سەرپیل لە زەوی و زارەكانی دەوروبەریەوە لەگەڵ هەردوو تیرەی زیائەدین و هارونی لەهۆزی جاف ، ئەمانە هەموویان دەكەونە سنووری قەلمرەوی عوسمانیەوە، جگە لەوانەش ئەو دەشتانەی دەكەونە رۆژئاوای قەڵای زنجیر و قەڵای زەڵم لەگەڵ گشت چیاكانی دەوروبەری تا دەگاتە شارەزور و قەڵای قزلجە موڵكی دەوڵەتی عوسمانیە، بۆ دەوڵەتی سەفەوی نیە دەست بخاتە نێو كاروباری ناوخۆیی هیچ كام لەو قەڵاو

---

[1] محمد فريد بگ المحامی ، المصدر السابق ، ص ٢٨٢.

[2] عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین ، ص ١٠٢.

[3] حسن كريم جاف ، المصدر السابق ، ص ٥١.

گونـد و شـاخ و تەپۆلکانـەی کـە دەکەونـە خـاکی ئەخـسخە، قـارس ، وان، شـارەزوور، بەغـدا و بەسـرا، بـەلاّم ئـەوەی تایبەتـداره بەسـنووری دەوڵـەتی سـەفەوی پێـك دێـت لـەو قەلاّیانـەی کەدەکەونـە بەشـی دووەمـەوە لـەنێوان مەندەلیەوە تا دەگاتە دەرەتەنگ لەگەڵ ئەو گوند وباخچە و قەلاّیانەی هەورەمان و مـەریوان، لەگـەڵ هـەردوو تـیرەی بـیره و زەردوویـی لـەهۆزی جـاف بەمـەش بۆدەوڵـەتی عوسمـانی نیـە دەسـت بخاتـە نێـو کاروبـاری نـاوخۆیی ئـەو ناوچانەوە[1].

بێگومـان پەیماننامـەی زەهـاو ( قەسـری شـیرین ) بـووە هۆکارێـك بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەو ناکۆکیـەکانی هـەردوو ولاّت لەسـەر ئـەو ناوچـانەی کەچەندین ساڵ جێگای مشتومری و ناکۆکی بوو لەنێوانیاندا ، هەروەها ئەو پەیماننامەیـە ئـارامی لـەنێوان هـەردوو دەوڵـەت بەرقـەرارکرد تـاکو کۆتـایی سـەردەمی فـەرمانراوایی دەوڵـەتی سـەفەوی[2]، سـەرەرای ئـەوەش لەبـەری رۆژهەلاّت پەلامارەکانی ئۆزبەك بەردەوام بوو بۆ خۆراسان بەلاّم شا سەفی توانی رووبەروویان ببێتەوە و لە ولاّت دەریان بکات [3].

لەسـەردەمی شـا سـەفی چـەندین شـۆرش و راپـەرین روویانـدا لەوانـە شۆرشی غەریب شا لە گەیلان ، کە خودی غەریب شا لـە خانەدانـەکانی کۆنی گـەیلان بـوو ، لـەکاتی راگەیانـدنی شۆرشـەکەی دژ بـە سـەفی میرزا نزیکـەی چـوارهەزار کەسـی لەگەڵـدا بـووە[4]،هۆکـاری شـۆرش کردنەکەشـی زیـاتر دەگەرێتـەوە بـۆ بێزاربـوونی خـەڵك لـە جەوروسـتەمەکانی شـا سـەفی ، هـەر

[1] ئەحمەد حەمەدەمین ، دلشاد مەحموود، سەرچاوەی پێشوو،ل ل ٣٨-٣٩.
[2] عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین ، ص١٠٢ .
[3] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٥١.
[4] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ،ص٢٣١.

بەزانینی ئەو هەواڵە ، شا سەفی داوای لەهەریەكە لە ساروخان حاكمی ئاستارا و ئەمیر خان حاكمی ئەستەرئاباد و حەیدەر سوڵتان حاكمی تنكابن كرد كە سنورێك بۆ یاخی بوونەكەی غەریب شا دابنێن و لەناوی بەرن[1].

سوپای راسپێردراوی شا سەفی لە نێوان رشت و گسكر رووبەرووی هێزەكانی غەریب شا بوونەوە ، بەڵام سەركەوتن بۆ هێزەكەی غەریب شا بوو ، دواتر لەخۆبایی بوونی هەندێك لەسەركردەكانی غەریب شا دوای سەركەوتنەكەیان و جێهێشتنی غەریب شا بەتەنیایی، هەلێكی زێرین كەوتە دەست كاربەدەستانی سەفەوی كە لەباغێك لەنزیك فومن دەست بەسەری بكەن[2]، دوای دەستگیركردنی غەریب شا رەوانەی ئەسفەهان كرا ، پاش ئەشكەنجەدانێكی زۆر شا سەفی رایگەیاند ئەوەی منی خۆش دەوێت تیرێك لەو ناپاكە بگرێت[3].

لەلایەكی دیكەوە لەگەڵ وەرگرتنی تەخت و دەسەڵاتی سەفەوی لەلایەن شا سەفی، ئەمیری جاسك خۆبەستنەوەی بە ئێران و هەروەها باجی ساڵانەی رەتكردەوە بیدات بەدەوڵەتی سەفەوی ،بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمیری جاسك گەیشتە ئەو بروایەی كە شا سەفی كەم تەرخەمە لە كاروباری وڵات، ئەو بارودۆخەش هەروا مایەوە تاكو هاتنی شا عەباسی دووەم ، هەرچەندە لەسەردەمی شا عەباسی یەكەم كە دەستی گرت بەسەر هورمز بریاریدا هەریەكە لە دەماغەو جاسك بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی ، بەڵام بەرگرییەكانی ئەمیری

[1] همان،ص٢٣١.

[2] مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص٨٦ .

[3] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ،ص٢٣١.

جاسك وای لەشا عەباس كرد كە رازی بێت تەنها بەوەی جاسك بەشێك بێت لەدەسەلاتی ئێران و ساڵانەش باج بدەن بەدەوڵەتی سەفەوی[١].

بەشێوەیەكی گشتی دەوڵەتی سەفەوی هێواش هێواش رووی لە كزبوون و لاوازی دەكرد بەتایبەتی دوای هاتنی ژمارەیەك لەشای لاواز لە پاش شا عەباسی یەكەم كەزۆربەیان كاروباری ولاتیان بەلاوەنابوو هەروەك چۆن شا سەفی كە لەپێشتردا باسمان كردووە،لەدوای ئەو شا عەباسی دووەم دێت،كەماوەیەكی كورت لەحكومرانیەكەی جۆرە پێشكەوتنێكی پێوەدیاربووە،چونكە لەسەردەمی ئەودا توانی قەندەهار بگەرێنێتەوە[٢] و زاڵبێت بەسەر شۆرشەكەی تەهومورس خان لەساڵی ١٦٥٩ز لە كرج ،سەرەرای پیادەكردنی جۆرە دادپەروەریەك لەمامەلەكردن لەگەل خەڵك بێ گوێ دانە بیروباوەریان[٣].

بەشێوەیەك ولات لەماوەی حوكمرانیدا كە بیست و پێنج ساڵی خایاند جۆرە هێمنی وجێگیربونێكی رێژەیی بەخۆیەوە بینیوە ، بەلام ناكرێت رووداوەكانی ئەمیر جاسك پشت گوێ بخرێت ، چونكە شا عەباسی دووەم لەگەڵ هاتنە سەر دەسەلات لەدەرباری سەفەوی ئەمیری جاسك ئامادەنەبوو هیچ كەسێك بنێرێت بۆ پیرۆزبایی لەشا عەباسی دووەم ، بەشێوەیەك بریاری جوداخوازی كرد لەدەوڵەتی سەفەوی ، چونكە گەیشتە ئەوبروایەی كە شا عەباسی دووەم كەم تەمەنە لەلایەك و خراپی رێگاوبانەكانی ناوچەی جاسك رێگرە لەبەردەم هەرەشەكانی دەوڵەتی سەفەوی[٤].

---

[1] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ص ٢٣٢-٢٣٣.

[2] عەلی حەرب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٢٧-٢٢٨.

[3] كارل بروكلمان ، المصدر السابق ، ص ٥٠٥ .

[4] عبالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ،ص٢٤٣.

سەبارەت بە هەڵوێستەكانی ئەمیری جاسك ، شا عەباسی دووەم داوای لەهەریەك لە فەرمانرەواكانی لار و كرمان و شیراز كرد بۆ هێرشكردنە سەر ئەمیری جاسك ، توانیان بەسەریدا زال بن و دەست بەسەری بكەن ، لەبەرامبەردا شا عەباسی دووەم ناوبراوی رادەستی حاكمی هورمزی كرد، چونكە ئەمیری جاسك دووبرای ئەو فەرمانرەوایەی كوشتبوو ، بۆیە ئەویش لەتۆڵەی براكانی لەناوی برد، دوابەدوای ئەو رووداوەش داود بیگ كوری تەهمورس خان یاخی بوونی خۆی لەدژی شا عەباسی دووەم راگەیاند، لەرووبەرووبونەوەیەك لەگەڵ والی گورجستان كەئەوكات رۆستم خان بوو دەكوژرێت و شۆرشەكەش دامركایەوە[1].

لەلایەكی دیكە چەندین رووداوی سیاسی گرنگ لەسەردەمی شا عەباسی دووەم هاتنە ئاراوە ، لەوانە ئاوارەبووی چەندین خانەوادەی ئۆزبەكی بۆ ئێران بەهۆی شەروشۆرو نائارامی لەناوچەكانی ئەوبەررووبار، مۆلەتدانیان لەلایەن شا عەباسی دووەم بۆ مانەوەو نیشتەجێ بوونیان لە ئێران [2].

هەروەها لەكۆتاییەكانی فەرمانراوایی شا عەباسی دووەم رووسەكان چەندین جار هێرشیان كردۆتە سەر سنورەكانی باكوری ئێران ، بەتایبەتی لەساڵی ١٦٥٣ز هێرشیان كردە سەر قەڵاكانی دەربەند و شێروان ، بەڵام دواتر لەرێگای رێكەوتننامەوە ئاشتیان كردووە[3].

لەدوای مردنی شاعەباسی دووەم ١٦٦٦ز ،لەسەر راسپاردەی (ئاغا موبارەك) كەكەسێكی خاوەن دەسەڵات بوو لەدەرباری سەفەوی بریاری دا بەدانانی شا سلێمان ناسراو بە(سەفی میرزا) لەسەرتەختی پاشایەتی دەوڵەتی

---

(1) همان، ص ص ٢٤٣-٢٤٤.

(2) مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص٩٠.

(3) مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص٩٠؛ سرجان ملكم،منبع پیشین،ص١٩٤.

سەفەوی[1]، وڵات لەسەردەمی شا سلێمان تووشی نالەباری وبارودۆخی خراپ بۆتەوە ، چونكە شا سلێمان كەسێكی لاوازبووەو دەسەلاّتی ناوەندی جارێكی تر بەرەولاوازی رۆیشت بەهۆی دەست خستنە ناوكاروباری دەوڵەت لەلایەن سەركردەكان وپیاوماقولان[2]، بەشێوەیەك لەكاروباری وولاّت دووركەوتبووە تەنانەت دەستگرتنی هۆلندیەكان بەسەردوورگەی قشم ،سەرەرای هێرشی ئوزبەكەكان بۆخۆراسان ،هەروەها فشارەكانی كەشتیگەلی یەعاربە لەلەنگەری بەندەرعەباس هیچ كاردانەوەیەكی نەبووە لەسەر ئەو رووداوانە[3].

لەلایەكی یكەوە تەنانەت شاسلێمان لەلایەن داروەدستەكەی ئاگادار كرایەوە لەمەترسی عوسمانیەكان لەدوای تەواوبونی جەنگیان لە ئەوروپا وهێرشكردنیان بۆسەر ئێران ، لەبەرامبەردا ناوبراو تەنها وەلاّمێكی ساردی هەبوو كە بریتی بوو لەوەی ((تەنها مانەوەی ئەسفەهان بەسە بۆ ئێمە))[4].

دوای مردنی شا سلێمان لە ساڵی ١٦٩٣ز بەشێوەیەكی راستەوخۆ جێنشینی لەدوای خۆی دەستنیشان نەكرد،بەلاّم دەڵێن لەكاتی سەرەمەرگیدا داوای لەداروەدستەكەی كردووە، بە تایبەتی لە پووری بەناوی (خانم مریم بێگم) ئەگەردەتانەوێت ئاشتی وئارامی لەووڵاتدا بەرقەراربێت ئەوە (سوڵتان حوسێن)ی تەمەن بیست و شەش ساڵە لەجێگای من بكەن بەشای ئێران ،ئەگەر گەرانەوەی شكۆ وهێزو دەسەلاّت بۆئیمپراتۆریەتی سەفەوی بگەرێتەوە ئەوا سوڵتان عەباس میرزای تەمەن بیست و سێ ساڵە بكەن بەجێنشین، دیارە خانم

---

[1] عباس قدیانی ، منبع پیشین ، ص٧٧-٧٨.

[2] حسن كریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٥١ .

[3] عبدالعزیز سلیمان نوار ، المصدر السابق ، ص ٧٨.

[4] ادوارد براون ،منبع پیشین، ص ١٢١.

مریم بگ زیاتر لایەنگری سوڵتان حوسێن بووە، هەربۆیەش لەساڵی ١٦٩٤ز تاج گوزاری کرا بۆ سوڵتان حوسێن[١].

بەراستی کرداری هاتنە سەرتەختی شا حوسێن لاوازی دەسەڵاتەکەی دەرخست ،چونکە لەلایەن پیاوماقولانی سەفەوی هاتە سەرتەخت ، زیاتر مەبەستی پیاوە ماقولانیش پارێزگاری کرد بوو لەدەسەڵات و پلەوپایە بەرزەکانیان لە دەسەڵات [٢]، هەروەها تارادەیەکی زۆریش کاروباری وڵات لە سەردەمی ئەو (شا)یە لەدەست پیاوانی ئاینی بووە[٣] لەسەرووی هەمووشیان باقر مەجلیسی[٤] یەکێك بوو لەگەورە زاناکانی ئاینزای شیعەی دوانزە ئیمامی کە کاروباری ئاینی ودنیایی لەدەوڵەتی سەفەوی هەڵدەسوراند[٥].

شا حوسێن خاوەن کەسایەتیەکی لاواز وترسنۆك بووە ،زۆر باوەڕی بەشتە ئەفسانەکان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پەیوەست بووە بە ئاینزای شیعەگەرایی وکاریگەری لەسەریدا هەبووە،بۆیە پیاوانی ئاینی شیعە

---

(1) پژوهش در دانشگاه کمبردج ، منبع پیشین ، ص ص١٢٢ – ١٢٣ .

(2) مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص٩١.

(3) Elton L. Daniel, Op. Cit, P. 93.

(4) مەلا محمد باقر مجلسی کوڕی مەلا محمد تەقی مەجلیسی یە، یەکێك بوو لە گەورە زاناکانی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی، لە ساڵی ( ١٦٢٥-١٧٠٠ز/١٠٣٣-١١١١ك )، کۆچی دوایی کردووە، لە سەردەمی شا سوڵتان حسێن ژیاوەو ڕێزێکی زۆری لای شا حسێن هەبووە و دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە،لەگەڵ خەڵکانی (سوننە مەزهەب) توونـد بووە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: محمد هاشم اصف، رستم التواریخ ، تحقیق: محمد مشیری، انتشارات کتاب نمونە، تهران، ١٩٧٨م، ص٩٣ ؛ منصور صفت گل، ساختار نهاد و اندیشە دینی در ایران عصر صفوی، چاپ اول، مؤسسە خدمات فرهنگی رسا،تهران، ١٣٨١ ه.ش، ص ص٢٢٠-٢٢٥.

(5) عباس پرویز،منبع پیشین، ص ٣٢.

توانیویانــە لــەرێگای ئــەو وابەســتەیەی بــەئاینزای شــیعەگەرایی ســوودی لێ وەربگرن وبەشێوەیەكی راستەوخۆ كاریگەری لەسەر دروست بكەن، تەنانەت شا حوسێن بە (مەلا حوسێن) یاخو(زاهید حوسێن) ناوبانگی دەركردبوو[1].

سـەردەمی شـا حوسـێن بەسـەردەمی توندرەوەی شـیعەگەری ناوزەنـد دەكرێت كە تیایدا بە توندترین شێوە رەفتار لەگەل سوننە مەزهەب و كەمە ئاینزاكان ( مەسیحی، یەهودی ، زەردەشتی) كراوە، بەشێوەیەك داپلۆسینی سونە ئاینزاكان گەیشتە رادەیەكی زۆر كە بووبە فاكتەرێك بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەفەوی دووچاری سەرهەڵدانی چەندین راپەرین و شۆرش ببێتەوە لەناوچە كوردییـەكان ، جگـە لەمـەش ژمارەیـەكی زۆر لـە( مەسـیحی و زەردەشـتیەكان) كۆچـیانكرد بـۆ هەرێمـە دوور دەسـتەكان، لەبەرئـەنجامی ئـەو سیاسـەتە توندرەوەیـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی دووچاری هێرشـی دەرەكـی بۆوە لـە لایـەن ئەفغانەكان[2].

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ،منبع پیشین،ص٢٥٣"

Krusinski. The History of the Late Revolutions of Persia, Londone, 1733, Volume.I, P.71.

[2] سعد بشیر اسكندر ، المصدر السابق ، ص ٥٥ " كارل بروكلمان ، المصدر السابق ، ص ص ٥٠٥ – ٥٠٦ .

**تەوەری دووەم:**

**كورتەیەكی مێژوویی دەربارەی دەسەلأتی سەفەوی بەسەر هۆزە ئەفغانەكان**

لە ئەفغانستان چەندین هۆزی ناودار بوونیان هەبووە، لەوانە هۆزی ئەبدالی وهۆزی غلیزای كە دەكەونە بەشی باشوورو باشوری رۆژئاوای ئەفغانستان[1]هۆزی غلیزای كە بەهێزترین هۆزە لە قەندەهار، هەرچی ناوچەرگەی ئەفغانستانیشە چەند هۆزێكی مەغۆلی تێدا نیشتەجێن وەك (هزارە، تیمانی و چهارئیماخ) لەرووی ئاینەوە موسڵمانن زۆربەی هۆزەكانیش لەسەر ئاینزای سوننەن تەنها هۆزی (هزارە) نەبێت كە شیعە ئاینزان، لەراستیدا سەدەی شانزدە و، حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدە بەسەدە تاریكەكان لەمێژووی ئەفغانستان هەژمار دەكرێت، چونكە ئەفغانەكان لەو سەردەمانەدا گیرۆدەی ژیانێكی تال و پر لەململانێ و شەڕو تاڵان كردنەوە بوونەتەوە، بەتایبەت لەبەرامبەر دوژمنەكانیان، ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هیندی لەباشوور، هەروەها دەوڵەتی سەفەوی لەرۆژئاوا[2].

ئیمپراتۆریەتی مەغۆل لەهیند چەندین بار دەستیان گرتووە بەسەر قەندەهار بەلأم دوای ئەوەی محمد همایون لەسەر دەسەلأتی دلهیدا، ناكۆكی دەكەوێتە نێوانی لەگەڵ شیرشا روو دەكاتە دەرباری سەفەوی لەسەردەمی شاتەهماسبی یەكەم، داوای یارمەتی و كۆمەكی لە شای ئێران دەكات، بۆ گەڕانەوەی دەسەلأتەكەی[3]، بەلأم شا تەهماسب بۆ رازی بوون بەو داوایە ، قەندەهاری وەك مەرج دانا، كە ببێتە بەشێك لە قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی[4].

دوای ئەوەی هەمایۆن بەیارمەتی سوپای سەفەوی توانی دەسەلأتی بگەڕێنێتەوە سەر دلهی ، بە دەسەلأتی سەفەوی لەسەر قەندەهار رازی بوو ،

---

[1] عباس قدیانی ، تاریخ فرهنگ وتمدن ایران،چ١ ،انتشارات فرهنگ مكتوب، تهران ، ١٣٨٣ ه.ش ، ص ٨٢.

[2] حسن كريم جاف ، المصدر السابق، ص ص ٥٤–٥٥.

[3] مریم میر احمد، منبع پیشین ، ص٦٣.

[4] بهنام محمد پناه ، منبع پیشین ، ص ص ٦٩–٧٠.

بەڵام دواتر قەندەهار دەخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی[1]،لەلایەکی دیکەوە ئەو بارودۆخە بۆ هەمایون تا کۆتایی نەچووە سەر، چونکە جارێکی دیکە لەسەردەمی شا عەباسی گەورە بەهیچ شێوەیەك دانی بە فەرمانڕەوای همایون دانەنا لەسەر قەندەهار بۆیە لەرێگای جەنگەوە توانی داگیری بکات و بیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی[2]، هەروەها لەسەردەمی شا عەباسی دووەمیش لەساڵی ١٦٣٨ توانی قەندەهار لەژێر دەسەڵاتی شا جهانی پادشای مەغۆلی لە هیند بێنێتەدەر[3].

جێگای ئاماژەپێکردنە کە ئەفغانستان لەژێر فەرمانڕەوای دەوڵەتی سەفەوی تووشی چەوسانەوەی ئاینزای بوونەتەوە، بەزۆر داوایان لێکراوە ئاینزایان لە سوننەوە بگۆڕن بۆ ئاینزای شیعە، بەڵام دەوڵەتی سەفەوی لەم سیاسەتە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە توندەش هۆزە ئەفغانەکان لە هەلێکی زێڕین دەگەڕان بۆ دەرچوون لەژێر شکۆی دەوڵەتی سەفەوی و دواتر تۆڵەسەندنەوە لێیان[4]، هەرچەندە ئەفغانستان لەسەردەمی سوڵتان حوسێن لەژێر رکێفی دەوڵەتی سەفەوی بوو بەڵام فەرمانڕەوای ناوچەکەیان دابوو، بەئەمیرێکی جۆرجی بەناوی (گۆرگین) کە پیادەی سیاسەتێکی توندی دەکرد لە قەندەهار بەتایبەتی بەرامبەر بەسەرۆك هۆزەکان[5].

---

[1] امیر محمود خواندامیر ، منبع پیشین ، ص ص ٢٥٧-٢٥٨.

[2] عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٧٠٤.

[3] عباس قدیانی ، منبع پیشین ، ص٨١.

[4] مریم میر احمد ، منبع پیشین،ص ٩٢.

[5] احمد پناهی سمنانی ،نادر شاه بازتاب حماسه و فاجعه ملی ،چ٨ ، انتشارات کتاب نمونه ، تهران ، ١٣٧٢ هـ.ش ،ص٥٥.

چەندین جار سەران و پیاوماقولانی ئەفغانی سکالایان لەگورگین خان کردووە لەدەرباری سەفەوی ، بەلاّم لەلایەن شا حوسێن گویٚ بەسکالاکان نەدراوە، چونکە گورگین خان لەلایەن شا حوسێن زۆر باوەرپێکراوبووە[1]، ئەمەش وایکرد گورگین خان هەلسێت بەسزادانی هەموو ئەو کەسانەی سکالایان دەبردە دەرباری سەفەوی، هەندێکیان لەسێدارەدەدران و هەندێکی دیکە تێهەلدانی چاکی دەخواردو دواتر دەخرانە زیندان[2].

میر وەیس یەکێك لە دیارترین سەرۆك هۆزی غلیزایی ئەفغانی بوو، کە لەناو ئەفغانەکان شایەنی رێزو پلە بوو هەر بۆیە زوو لەلایەن گۆرگین خانی جۆرجی دەستگیر دەکرێت و رەوانەی ئەسفەهان دەکرێت[3]،هۆکاری دەستگیر کردنی میر وەیس لەلایەن گۆرکین خان، زیاتر دەگەرێتەوە بۆ گەیشتنی بەو بڕوایەی کە میر وەیس لەرێگای بازرگانی بۆ هیندستان لەلایەن کاربەدەستانی هیندەوە پێشنیاری شۆڕشیان لێکردووە لەدژی دەوڵەتی سەفەوی[4]، هەرچەندە میر وەیس لە رواڵەت وا خۆی نیشانداوە کە گوێڕایەڵی فەرمانراواییەکەیەتی بەلاّم لەناوەوە لە هەوڵی داڕشتنی پلانێکە بۆ رزگاربوونیان لەژێر دەسەلاّتی سەفەوی[5].

سەبارەت بەگۆرگین خان کە ناسراو بە شا نوازخان ، کەسایەتیەکی نەسرانی جۆرجیاییە، چەندین راپەرین و شۆرشی دژ بەدەسەلاّتی سەفەوی لە جۆرجیا ئەنجام داوە، کە نائارامی بۆ دەسەلاّتی سەفەوی لە ناوچەکە دروست

---

[1] عباس قدیانی، منبع پیشین ، ص٨٣.

[2] عباس پرویز ، منبع پیشین، ص٣٤.

[3] احمد پناهی سمنانی ، منبع پیشین ، ص٥٤.

[4] عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین، ص ١٣٣.

[5] عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٧٣٣.

کردبوو، بەڵام شا حوسێنی سەفەوی لە ڕێگای حاکمی گەنجە توانی بەسەریدا زال ببێت و دەستگیری بکات و دواتر ڕەوانەی دەرباری سەفەوی کرد لەئەسفەهان [1]، دوای ئەوەی لەبەرامبەر شا حوسێن موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، فەرمانی لێخۆش بوونی بۆ دەرکرا لەلایەن شای ئێران و ڕەوانەی قەندەهار کرا وەك فەرمانرەواو دەسەڵاتداری سەفەوی لەناوچەکەدا[2].

هەرچەندە میر وەیس وەك یاخیبویەك لەدەسەڵاتی سەفەوی لەلایەن کورگین خان ڕەوانەی ئەسفەهان کرا[3]، کەچی ئەو ماوەی لەئەسفەهان بوو، توانی خۆی لە شا حوسێن نزیك بکاتەوەو باوەڕیشی پێبێنێ کە ئەو کارانەی خراونەتە پاڵی دوورن لە ڕاستی و هەمووی قسەی هەڵبەستراون[4] ، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لە پیاوانی دەربار لەبەر بوونی ناکۆکیان لەگەڵ گورگین خان پاڵپشتیان بۆ بێ تاوان بوونی میر وەیس دەربری[5].

سەرەرای ئەوەش میر وەیس لەدەرباری سەفەوی بوو بە پیاوە باشترینەکەی شا حوسێن و دواتر توانی مۆڵەت لەشا وەربگرێت بەمەبەستی حەج کردن لەحیجاز[6] ،لەوێشەوە توانی فەتوایەکی بەهێز لەزانایانی سوننە ئاینزا وەربگرێت ، کەشەڕکردن لەگەڵ شیعە ئاینزا کارێکی جیهادیەو

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ۲٦۰.

[2] احمد پناهی سمنانی ، منبع پیشین ، ص٥٤.

[3] مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص۹۲ .

[4] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین ، ص۲۹۰.

[5] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین ، ص۲٦۱.

[6] عباس پرویز ،منبع پیشین ،ص۳٤ "

Elton L. Daniel, Op. Cit, P. 93.

دەگونجێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی[1]، چونكە دەسەڵاتداریەتی سەفەوی مەترسیەكی گەورەیە لەسەر جیهانی ئیسلامی ،بۆیە پێویستە بەرگری لەبەرامبەردا بكرێت[2].

دوای گەڕانەوەی میر وەیس لە حیجاز بۆ ئەسفەهان و هاتنی شاندی رووسیای تەزار بەسەرۆكایەتی (ئیسرائیل ئاوری) دەنگۆیەكی زۆری دروست كرد بەتایبەتی دەنگۆی ئەوە هاتە ئاراوە كە گوایە (ئیسرائیل ئاوری) یەكێكە لە دوانەوەكانی پادشای كۆنی ئەرمەنستان، رایگەیاندووە كە دەیەوێ خاكی باوك و باپیرانی وەربگرێتەوە ، لەو بارەیەوە بێگانەكانی دانیشتوانی ئێران ئەم كێشەیان زۆر گەورەكرد بەتایبەتی شاندی كاتۆلیك، كە پێیان وابوو كاری ئەم شاندە زیاتر بۆ دەركردنی ئەوانەو رێگا خۆشكردنێكە بۆ بازرگانی كردنی روسیا لەگەڵ ئێران و پەراوێز خستنی ئەوان لە ئایندەدا ، بەزیانی ئەوان دەشكێتەوە[3].

لەو نێوەندەدا میر وەیس توانی سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت و توانی باوەر بە شا حوسێن بێنێت ، كە پترۆسی گەورە لە هەوڵی ئەودایە گورجستان و ئەرمەنستان بخاتە ژێر ركێفی خۆی[4]، لەلایەكی دیكەوە میر وەیس رایگەیاند پترۆسی گەورە لەوهەوڵەشیدا سوود لەیارمەتی و كۆمەكیەكانی گۆرگین خان و چەكدارانی وەردەگرێت ، لەم رێگایەوە میروەیس توانی گومان لەسەر گورگین خان لەلایەن شا حوسێنەوە دروست بكات، هەروەها توانی رەزامەندی شای

---

(1) عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین ، ص ١٣٤

(2) عبدالحسین نوائی، اسنادو مكاتبات سیاسی ایران ،مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، تهران ، ١٣٦٣هـ.ش ،ص١٠.

(3) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ص ٢٤٣-٢٤٤.

(4) عباس پرویز ،منبع پیشین ،ص٣٥.

ئێران وەربگرێت ، بۆ چاودێریكردنی رفتارەكانی گورگین خان[1]،دوای ئەوەی میر وەیس وەك چاودێر لەسەر گۆرگین خانی جۆرجی لەلایەن شاحوسێن دانرا و گەڕایەوە قەندەهار، دەستی كرد بە كۆكردنەوەی سەرانی ئێلەكەیو لاوازی دەوڵەتی سەفەوی بۆ روونكردنەوەو هانیدان بۆیەكگرتن و شۆڕش[٢].

سەبارەت بە كوژرانی گورگین خان ، دوای ئەوەی میر وەیس گەرایەوە قەندەهار گورگین خان لەرێگای سیخورەكانیەوە زۆر بەووردی چاودێری دەكرد،دواتر هەوڵیدا خۆی لەمیر وەیس نزیك بكاتەوە، بەڵكو لەم رێگایەوە بتوانێت گوێرایەڵ بوونی میروەیس بۆخۆی مسۆگەر بكات، سەرەتا هەڵسا بەداواكاریكردنی كچی میر وەیس[٣].

دوای ئەوەی میر وەیس گەیشتە ئەو باوەرەی كە گورگین خان تێروانینی بەرامبەری گۆراوە، هەڵسا بەجێبەجێ كردنی پلانەكەی بۆ لەناوبردنی گۆرگین خان و دەستگرتنی بەسەر قەندەهار،بۆیە بریاریدا داوەتیان بكات لەدەرەوەی شار[٤]، كۆمەلێك لەچەكدارانی ئەفغانی كەپێشتر لەلایەن میروەیس بۆ ئەم كارە راسپاردرابوون هەلیانكوتایە سەریان و توانیان گۆرگین خان و ژمارەیەك لە

---

[1] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد، منبع پیشین ، ص٢٦٣.

[2] میرزا محمد خلیل مرعشی صفوی ، مجمع التواریخ (در تاریخ انقراض صفویه و وقایع بعد تا سال ١٢٠٧ هجری قمری ) ، تصحیح و اهتمام : عباس اقبال اشتیانی ، چاپخانه احمدی ، تهران ،١٣٦٢هـ.ش، ص٥ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

[3] عباس قدیانی ، منبع پیشین ، ص ٨٥.

[4] عباس قدیانی ، منبع پیشین ، ص ٨٥.

گورجیەکان بکوژن و قەندەهاریش کەوتە ژێر دەسەڵاتی میر وەیسی سەرکردەی غلیزای[1].

لەو بارەیەوە شا حوسێن ئامادە نەبوو هێز بنێرێتە قەندەهار دژ بەمیر وەیس بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدابوو لەڕێگای ڕێکەوتنێك لەگەڵ میر وەس کۆتایی بەناکۆکیەکان بێنن، بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە دەرباریانی سەفەوی بە ناوی محممەد حاجی خان وەك نوێنەری شا حوسێن چوو بۆ قەندەهار بەمەبەستی گەیاندنی پێشنیارەکانی شا حوسێن[2].

سەبارەت بەگرنگترین پێشنیارەکانی شا حوسێنی سەفەوی بۆ میر وەیسی ئەفغانی بریتی بوو لەگوێرایەل بوونی بۆ دەوڵەتی سەفەوی[3]،بەڵام میر وەیس دوای ئەوەی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هێزەکانی دەتوانێ بەرپەرچی هێزی سەفەوی بداتەوە، بۆیە ئەم دەست پێشخەریەی ڕەتکردەوە، چونکە شارەزای لاوازی وخراپی بارودۆخی دەوڵەتی سەفەوی بوو[4].

دانپێدانانی دەوڵەتی هیندی بە حکومەتەکەی قەندەهار و بەستنی پەیوەندی سیاسی ، بووە هۆکارێك کە شا حوسێن پەلە بکات لە ناردنی شاندێك بە سەرکردایەتی میر مرتضی خفاف بۆ هیند و ناردنی چەندین دیاری گران بەهاو بەنرخ بۆ دەرباری (بهادر شا)ی فەرمانڕەوای هیند، بەڵام لەبەر خراپ بوونی ئاوهەوا ، بووە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی شاندەکە، نزیکەی دووساڵی خایەند،کە ئەوکات گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی هیند هاتبووە ئاراوە،

---

[1] حبیب الله شاملوئی ، تاریخ ایران از ماد تا پهلوی ، چاپ اول ،انتشارات صفیعلیشا ، تهران ، ١٣٤٧ه.ش ، ص ٦٦٤

[2] عباس پرویز ،منبع پیشین ،ص٣٦ .

[3] عباس قدیانی ، منبع پیشین ، ص٨٦.

[4] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص٥٥.

فــرخ ســیر لــە جێگــای بهادرخــان دەســەلاّتی وەرگــرت، دوای گەیانــدنی راسپاردەکانی شا حوسێن ، بەلاّم دەسەلاّتداری تازەی هیند هیچ هەڵوێستێکی نەنوانـد، لەبەرامبـەر رووداوەکـانی قەنـدەهار، بۆیـە شـاندەکە بەدەسـت بـەتاڵی گەراوە[1].

دوای رازی نـەبوونی مـیر وەیـس بـە دەسـت پێـشخەرییەکانی دەوڵـەتی سـەفەوی بـووە هۆکارێـك کـە شاحوسێن داوا لـە خـسرۆ خـان حـاکمی جۆرجیا بکات بۆ گەراندنەوەی قەندەهارو و دەرپەراندنی میر وەیس[2]، دوای دەرچوونی دەستووری شا حوسێن ، بۆ گەراندنەوەی قەندەهار،خسرۆ خان بە لەشکرێکی زەبـەلاحی سـیٚ هـەزار کەسـی تـوانی بگاتـە قەنـدەهار و گـەمارۆی بـدات و لەسەرکەوتنی بەسەر میر وەیس نزیك ببـۆوەو بەشێوەیەك توانی وا لـە هێـزی ئەفغانەکان بکات ئامادەی خۆبەدەستەوەدان بن[3]، بەلاّم هەڵەیەکی مێـژووی کـە خسرۆ خان ئەنجامیدا، هاوکێشەکەی لەسەرکەوتنێکی حەتمی بۆ دۆرانـدنێکی چاوەروانەکراو گـۆری، ئـەو هەڵەیـەش بریتـی بـوو لەنـەدانی هـیچ زەمانـەتێك بەخەڵکەکـە ئەگـەر خۆیـان رادەسـتی هێـزی سـەفەوی بکـەن، ، هـەروەها لـەو ماوەیـەدا مـیر وەیـس تـوانی پەیوەنـدی لەگـەڵ بلوچـەکان بکـات و یارمـەتی وکۆمەکیان لیٚ وەربگرێت[4].

ئەفغانەکان، بەتایبەتی دوای دڵنیا بوونیـان لـە نـەبوونی هـیچ زەمانـەتێك ئەفغانـەکان بەتونـدترین شـێوە بـەرگریان لەشـارەکە کـرد و لەبـەرگریکار بـوون بەهێرشـبەر توانیـان شکـست بـە سـوپای سـەفەوی بهێـنن لـە سـاڵی ١٧١١ز و

---

[1] عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، منبع پیشین ، ص ١٣٤.

[2] میرزا محمد خلیل مرعشی صفوی، منبع پیشین، ص٨.

[3] راجر سیوری ، منبع پیشین ، ٢٤٣.

[4] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین ، ص ٢٩١.

خسرۆ خانی سەرکردەی سوپای سەفەوی لەم شەرەدا کوژرا[١] ،دووساڵ دواتر هێرشێکی دیکە بەسەرکردایەتی رۆستەم خان بۆ سەر قەندەهار کرا ،بەڵام چارەنووسی ئەم هێزەش شکان و لەناوچوون بوو[٢]،دەرئەنجام لەکۆتاییدا میر وەیس بوو بەمیرێکی سەربەخۆ ، دوور لە دەسەلأت و هەژموونی دەوڵەتی سەفەوی تاکو مردنی لەساڵی ١٧١٥ز[٣].

لەدوای مردنی میر وەیس لەساڵی ١٧١٥ز، عەبدوڵڵای برای توانی فەرمانڕەوای هۆزی غیلزای بۆ خۆی قورخ بکات دوای دوور خستەوەی محمود کوڕە گەورەی میر وەیسی جێنشنی راستەقینە، کەئەو کات تەمنی ١٢ ساڵان بوو[٤]، هەروەها هەڵسا بەپەیڕەو کردنی سیاسەتێکی نەرم ونیان لەگەڵ سەفەویەکان یەتایبەت لەساڵی ١٧١٦ز رازی بوو بەئەنجامدانی ئاشتی و مانەوەی لەژێر رکێفی دەسەلأتی سەفەوی[٥].

عەبدوڵلا بۆ مانەوەی لەژێر دەسەلأتی سەفەوی چەند مەرجێکی دانا لەوانە هیچ باج نەدات و هەروەها لەلایەن سەفەوییەکان هێرش نەکرێتە سەر قەندەهار و فەرمانڕەوایش لەقەندەهار بەشێوەی پشتاوپشتی بێت بۆ بنەماڵەکەی[٦]،ئەمەش بووە هۆکاری نانەوەی ناڕەزای لەلایەن پیاوماقولان و سەرکردە ئەفغانەکان بە هەموو شێوەیەك ئەو داوایانەیان رەتکردنەوە، کە لەئاکامدا بەهاندانی ئەوان میر محمود توانی مامی بکوژێت

---

[1] حسن كريم جاف ، المصدر السابق ص ٥٦.

[2] ادوارد براون، منبع پيشين، ص ١٣٢.

[3] احمد پناهی سمنانی ، منبع پيشين ، ص ٥٧.

[4] حسن كريم جاف، المصدر السابق ، ص٥٦.

[5] راجر سيوری ، منبع پيشين ، ص٢٤٤.

[6] حسن كريم جاف ،المصدر السابق ، ص٥٦.

ببێتە رابەری هۆزی غیلزای[1]، لەوانەیە کوشتنی عەبدوڵلاّ لەلایەن میر مەحمود ولایەنگرانی زیاتر زەوتکردنی مافی جێنشینی میر محمود بووە بۆ رابەرایەتی هۆزی غیلزای و هەروەها نیشاندانی ملکەچی بۆ ئێرانیەکان کە دوژمنی تەقلیدی ئەفغانەکان بوون[٢].

لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنی هۆزی غیلزای جێگیر بوونیان لەقەندەهار و هەروەها دەرخستنەکانی لاوازی دەربارەی سەفەوی و هێزەکەی بوونە هۆکارێك کە شۆڕش و راپەڕین لەچەند ناوچەیکی دیکەش روویدات، لەوانە هۆزی ئەبدالی بەسەرکردایەتی ئەسەدوڵلاّ خان توانی هرات داگیر بکات[٣].

دیارە هێزی سەفەوی بەسەرکردایەتی سەفی قلی خان ناسراو بەدێوانە دوای سەرکەوتنی بەسەر شیرغازی خانی ئۆزبەکی لە خۆراسان ، دواتر خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ کردن دژ بەئەفغانەکان وتوانی تاڕادەیەك رووبەڕووی شۆڕشگێرانی ئەبدالی بوەستێتەوە[٤]،بەلاّم بێهێزی سوپاو نەمانی متمانە و کارکردن لەسەربنەمای بەرژەوەندیەکان، ئاکامەکەی بە دۆراندنی سوپای سەفەوی تەواو بوو، پاش ئەوەی لەشەرێکدا لەدەوروبەری قەلاّی کافر کە تێیدا سەفی قلی خان لەلایەن ئەبدالیەکان کوژرا[٥].

ململانێی نێوان هۆزی غلزایی بەسەرکردایەتی میر محمود لەگەڵ هۆزی ئەبدالی بەسەرکردایەتی ئەسەدوڵلاّ خان ،جارێکی دیکە چانسی بەدەوڵەتی سەفەوی دایەوە ،کە قەندەهار بگەرێنێتەوە ژێر شکۆی دەوڵەتی سەفەوی و بە

---

(1) احمد پناهی سمنانی، منبع پیشین ، ص٥٨.

(2) بهنام محمد پناه ، منبع پیشین ، ص ١٨٤.

(3) ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١٣٣.

(4) عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ص٢٦٦-٢٦٧.

(5) ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١٣٣.

ئاسانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە ، كە هۆزە ئەفغانەكان بەگژیەكدا دەچوون، بەڵام ئەم دەرفەتە لەلایەن شاحوسێن بە هەند وەرنەگیراو پشتگوێی خست، لەجیاتی دانانی ڕێوشوێنی تایبەت بەچارەسەركردنی كێشەكان بڕیاری چونە دەرەوەی دا لەئەسفەهان بۆ بەسەربردنی كات لەو كاتەدا میر محمود لەساڵی ١٧١٨ز توانی زاڵ بێت بەسەر ئەبدالیەكان و دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ئەفغانستان داگرت[1].

سەبارەت بەدەست پێكردنی ململانێ لە نێوان هۆزی ئەبدالی و هۆزی غلزایی، زیاتر دەگەرێتەوە بۆ لە خۆبایی بوونی ئەسەدوڵڵا خانی ئەبدالی لەدوای سەركەوتنەكانی، پلانی دارشت دەست بەسەر قەڵای (فراه )دا بگرێت، كە سەر بە هرات بوو، بەڵام بەدەست هێزەكانی غلزایی بوو و هێرشی كردە سەر قەڵاكەو پاسەوان و ئەو هێزەی كە تێدا بوو كوشتنی، بیستنی ئەم هەواڵە لەلایەن میر محمودی غلزایی، زۆر نارەحەتی كرد، بۆیە بریاری گەراندنەوەی قەڵاكەی دا ، لە هەمان كاتدا تۆڵەش لە ئەنجامدەرانی ئەم كارە بكاتەوە، بۆیە هێزەكانی غلزایی بەسەركردایەتی میر مەحمود پێشرەویان كرد، بەمەبەستی گرتنەوەی قەڵاكە ، بەڵام ئەسەدوڵڵا خانی ئەبدالی لە ناوچەی دلارام رووبەرووی هێزەكانی غلزایی دەبێتەوە، دوای شەرێكی توند ئەبدالیەكان شكستیان خواردو ئەسەدوڵڵا خانی ئەبدالییش كوژرا [2].

لەم رووەوە میر مەحمودی ئەفغانی توانی زۆر زیرەكانە سوود لەو بارۆخە وەربگرێت ، بەتایبەت لاوازی و سیستی دەسەڵاتی سیاسی سەفەوی لەلایەك و سەركەوتنەكانی و چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر تەواوی

---

[1] عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص ٧٣٤.

[2] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ٢٦٧.

ئەفغانستان لەلایەكی دیكەوە كەهەردووكیان بەیەكەوە ڕێگا خۆشكەربوون بۆ میر مەحمودی ئەفغانی بیر لە هێرش كردن بكاتەوە بۆ سەر ئێران و بكەوێتە پەلە قاژە بۆ بەدەستهێنانی تەخت و تاجی ئێران[1].

[1] محمد جواد مشكور ، منبع پیشین ، ص ٢٩١.

**تەوەری سێیەم:**

**داگیركردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەكان**

**أ- ڕەوت و پەرەسەندەكانی داگیركردنی ئەسفەهان:**

لاوازی و سیستی دەسەلاتی سەفەوی،سەركەوتنەكانی میر مەحمودی ئەفغانی هەردووكیان بەیەكەوە ڕێگا خۆشكەربوون بۆ میر مەحمودی ئەفغانی بیر لە هێرش كردن بكاتەوە بۆسەر ئێران وبكەوێتە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی تەخت و تاجی ئێران[1].

دوا بەدوای سەركەوتنەكانی میر مەحمود و جێگیربوونی دەسەلاتی بەسەر تەواوی ئەفغانستان، دەوڵەتی سەفەوی لە هەموو بوارەكاندا بەقۆناغی لاوازیدا دەرۆیشت،هەروەها ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هیندیش هەمان چارەنووسی تووش هاتبوو بەتایبەتی دوای مردنی ئەورەنگ زیب لەساڵی ١٧١٧ ز خوازیارانی تاج و تەختی پادشایەتی كەوتبوونە ململانێی شەڕو شۆڕ،ئەمەش ڕێگا خۆشكەر بوو بۆ میر مەحمود ئەگەر پەلاماری نێوخۆی ئێران بدات دڵنیا دەبێت لەوەی كە لەلایەن هێزەكانی مەغۆلی هێرشی ناكرێتە سەر[2].

میر مەحمود بەهێزێكی یازدە هەزار سەربازیەوە لەكۆتاییەكانی ساڵی ١٧٢٠ز لەڕێگای سیستان ڕێگای گرتەبەر بەرەو ناوەوەی ئێران و هێرشی كردە سەر كرمان بەبێ بەرگری توانی ئەم شارە داگیر بكات[3]،چەند مانگێك لەكرمان مایەوە، بەلاّم دواتر بەهۆی بلاّوبوونەوەی دەنگۆی سەرهەڵدانی شۆڕش لەقەندەهار، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ ئەفغانستان[4].

هەر لەو ساڵەشدا عومانیەكان توانیان دورگەی قشم و چەند دورگەیەكی دیكە لەكەنداو[5] لەچەنگی سەفەویەكان دەربهێنن[1]،هەرچەندە شا حوسێنی

---

[1] محمد جواد مشكور ، منبع پیشین ، ص ٢٩١.

[2] راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ص ٢٤٥-٢٤٦.

[3] P. SYKES, A HISTORY OF PERSIA, Volume. II, London, 1915, p.312.

[4] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ٢٧٠ .

[5] ناوی كەنداو لە چەرخە كۆنەكاندا بەتایبەت لەمیلە هەلكەندراوە ئەكادیەكان بە دەریایی نزم یاخود دەریای تاڵ هاتووە، بۆیەكەمین جاریش لەسەردەمی ئەسكەندەری مەقدۆنی ئەم

**سـەفەوی چـەندین جـار لـەرێگای نێردراوەکـانی نامـەی ئاراسـتەی لویـسی چواردەهەم کرد بەمەبەستی هەماهەنگی هاوکاریکردنی نێوان هەردوولا دژ بە**

---

**کەنداوە بەکەنداوی فارس ناوی بردووە، هەروەها کەنداوی فارسی زیاتر باو بووە لەلایەن ئەوروپییەکان و جیهانی ئیسلامی، چونکە بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بەستووە بەوەرگێردراوی جوگرافیای بەتلیمۆس کەئەویش بەکەنداوی فارس ناوی بردووە، دواتر ئەم ناوە بەردەوام بووە،لەلایەکی دیکەوە لەسەدەی یەکەمی زاینی مێژوونوسی رۆمانی پلینی (٦٢ -١١٣م) ناوی کەنداوەکەی بەکەنداوی عەرەبی هێناوە، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ناوەکەیان گۆڕی بۆ کەنداوی بەسرە، لەلایەکی دیکەوە دانیشتوانانی ئەحسا بەکەنداوی قەتیف ناویان هێناوە، تاکو ئێستا سەبارەت بەناوی کەنداو مشتومڕی زۆری لەسەرەو یەکلایی نەکراوەتەوە،چونکە سروشتێکی سیاسی وەرگرتووە، لەلایەن ئێرانییەکان بەکەنداوی فارس دادەنرێت بەڵام وڵاتانی عەرەبی کەنداو بە کەنداوی عەرەبی دادەنێت، سەبارەت بەجوگرافیای ناوچەکە ، کەنداو دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، دەکەوێتە سەر هێلی پانی ٢٤-٣٠ پلە باکور ، هەروەها هێلی درێژی ٤٨-٥٠ پلە ڕۆژهەڵات، شاری بەسرە دەکەوێتە باکوری و وڵاتی کوێت لەباکوری ڕۆژئاوای ،هەریەکە لەبەحرێن و قەتەرو ناوچەی ئەحسای عەرەبستانی سعودیە لەڕۆژئاوا، هەروەها باشوورو باشووری ڕۆژئاوا دەوڵەتی ئیمارات و تەنگەبەری هورمزو کەنداوی عومان، ئێرانیش دەکەوێتە ڕۆژهەڵات وباکوری ڕۆژهەڵاتی: قدری قلعجی ،الخليج العربي، الطبعة الثالثة، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ١٩٩٥م،ص ص٧-٨ ؛ صبري فارس الهيتي،الخليج العربي دراسة في الجغرافية السياسية، دار الرشيد، بغداد،١٩٧٨م، ص ص٧-٨؛ مصطفى عبدالقادر النجار و اخرون، تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر،الطبعة الأولى، مطبعة جامعة بصرة، بصرة،١٩٨٤م،ص ص٧-٨.**

(1) **عبدالاميرمحمد امين،اضواء جديدة على تاريخ الخليج العربي الحديث، المجلة التاريخية، تصدرها الجمعية العراقية للتاريخ والاثار، العدد(١)، السنة الاولى ، مطبعة اسعد، بغداد ، اب ١٩٧٠م ،ص٨٨.**

فەرمانرەوایانی مەسقەت[١]، هەروەها راپەرینەکانی لورستان و کوردستان دژ بەدەسەڵاتی سەفەوی وڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن مەلیك مەحمود سیستانی[٢] فەرمانڕەوای مەشهەد[٣].

سەرەڕای ئەوانەش بوونی پیلان و ڕکابەری لەناو دەرباری سەفەوی بەتایبەت لەنێوان فتح عەلی خانی داغستانی وەزیری ئەعزەم[٤] و مەلاباشی[٥]، کۆمەلێك بەڵگەی ئاشکران کەلاوازی دەوڵەتی سەفەوی دەردەخەن وئەو

---

(1) خانبابا بیانی، گوشەای از تاریخ دیبلماسی ایران، مجلە بررسیهای تاریخی، شمارە (٥،٦)، نشریە ستاد بزرگ ارتشتاران – کمیتە تاریخ نظامی ، تهران ،اسفند ١٣٤٥ه.ش، ص ص ٥٦-٥٧. سەبارەت بە فەرمانێکی شا حوسێن کە ئاراستەی کاربەدەستانی ئێرانی کراوە لەبەندەرەکان بەمەبەستی گەیاندنی بە پادشای فەرنسا لویسی ١٤ بەمەبەستی پەیوەندی و هاوکاریەکانیان دژ بە فەرمانرەوایانی مەسقەت بگەڕێوە بۆ پاشکۆی ژمارە (٥).

(2) لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی شا حوسێن وەك فەرمانڕەوای سیستان دەستنیشانکرابوو، خۆشی دەگەڕاندەوە بۆ زنجیرەی بنەماڵەی سەفاریەکان، لەگەڵ هێرشی ئەفغانەکان بۆ سەر ئێران ،سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، پاشان هەڵسا بەلێدانی پارەو خوێندنەوەی وتاری هەینی بەناوی خۆی. مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران درقرن( ١٢ و ١٣ و ١٤ هجری)، جلد چهارم،چاپ دوم، انتشارات زوار،تهران،١٣٥٧ه.ش،ص ص١٥٤-١٥٥.

(3) لکهارت، نادر شا، ترجمە اقتباس: مشفق همدانی، چاپخانەی شرق، تهران، ١٣٣١ه.ش، ص ص١٥-١٦.

(4) وەزیری ئەعزەم بەرامبەر پۆستی سەدر ئەعزەمە لە دەوڵەتی عوسمانی ، لەدوای شا دووەمین پۆستی گەورەی دەوڵەتە.

(5) گەورەترین پۆستی ئاینیە لەناو دەوڵەتی سەفەی و هاوتایە لەگەڵ پۆستی شەیخولئیسلام لە دەوڵەتی عوسمانی.

بۆچونانەش ڕەتدەکەنەوە کەگوایە میر مەحمود لەئەنجامی شکست خواردنی بەرامبەر بەسوپای سەفەوی لەکرمان پاشەکشەی کردبێت[۱].

لەساڵی ۱۷۲۰ز فتح علی خان داغستانی لە هەوڵی زۆر دابوو بۆ گەڕاندنەوەی هەرات و قەندەهار بۆ ژێر رکێفی دەوڵەتی سەفەوی ،بەلاّم بوونی مەلا باشی وەك رکابەرێکی توند لەدەرباری سەفەوی دژ بە فەتح عەلی خانی وەزیر ئەم بیرۆکەیە سەری نەگرت[۲]، چونکە توانی باوەڕ بەشاحوسێن بهێنێت کە فەتح عەلی خان داغستانی بەنیازە سەری بخاتە گۆمەوە، بەلاّم لەراستیدا ئەم پیلانەی دەربار لەسەرووی هەمووشیانەوە مەلا باشی دژ بە بیرۆکەی فەتح عەلی خان داغستانی بەسەرەتای کۆتایی دەوڵەتی سەفەوی دادەنرێت[۳].

هۆکاری ئەو دووبەرەکیە لە نێوان محەمەد حوسێن مەلاباشی و فتح عەلی خان داغستانی دەگەڕێتەوە بۆ پلەو پایەی فتح عەلی خان داغستانی کەببووە جێگای باوەڕی شاحوسێن سەرەڕای ئەوەی سوننە ئاینزا بووە هەروەها ئەم وەزیرە ئاینزا سوننەیە توانی داوا لە لوتف عەلی خانی برازای

---

[1] دەربارەی گەڕانەوەی میر مەحمود بۆ قەندەهار لەلایەن هەندێك لەمێژوونوسان راڤەی جیاوازی بۆ کراوە ، پێیانوایە هۆکاری گەڕانەوەکەی سەرهەڵدانی شۆرش نەبووە لەقەندەهار بەڵکو شکست خواردنی میر مەحمود بوو لەبەرامبەر سوپای سەفەوی و ناچار کرا کە پاشەکشە بکات بەرەو قەندەهار. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە :علی اکبر بینا، تاریخ سیاسی دبلوماسی ایران،جلد اول،چاپ سوم، تهران، ۱۳٤۳هـ.ش،ص ۱٦ ؛ علی مظهر، تاریخ افغانستان ، قاهره ، ۱۹۵۰م ، ص٦۳ .

[2] ادوارد براون ،منبع پیشین ، ص ۱۳۳ .

[3] عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ۷۳٦.

بكات كە فەرمانڕەوای فارس بوو سوپاكەی ئامادە بكات وبەرەو خۆراسان جولە بكات بەمەبەستی گەڕاندنەوەی هەرات و قەندەهار[1].

ئەم كارەی وەزیری ئەعزەم لەلایەن گەورە بەرپرسانی دەربار بووە جێگای ئیرەیی، سەرەڕای سوننە بوونی و یەكێك بووە لە خانەدانەكانی لزگی[2]، بۆیە دەسەڵاتدارانی دەربار، توانیان باوەڕ بەشاحوسێن بكەن كە فتح عەلی خان دەستی هەیە لەیارمەتیدانی شۆڕشگێرانی لزگی وتۆمەتباریان كرد بەخیانەت كردن بەرامبەر بە دەوڵەت [3].

لەهاوینی ساڵی ١٧٢١ز میر مەحمودی ئەفغانی پاش زاڵ بوونی بەسەر شۆڕشگێڕان و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ قەندەهار دووبارە لەدەشتی لووتەوە ڕوویكردە ناو خاكی ئێران بەئاراستەی كرمان [4]،بەڵام بەرەنگاربوونەوەكانی (ڕۆستەم محمدی سعدلوو)ی فەرمانڕەوای كرمان داگیركردنەكەی دواخست تائەو كاتەی ڕۆستەم محەمەد دەمرێت وجێنشینەكەی شاری كرمان ڕادەستی میر مەحمودی ئەفغانی دەكات[5].

---

[1] ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١٣٣.

[2] ن.و.بیكولوسكایا و دیگران ، منبع پیشین،ص٥٨١.

[3] لارنس لاكهارت، انقراچ سلسله... ،ص١٠٣؛ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ململانێی و ركابەریەكانی دەربارلە سەرووی هەمووشیان مەلاباشی و چارەنوسی فتح عەلی خان بڕوانە: حاج میرزا حسن حسینی فسائی ، فارسنامەی ناصری ، تصحیح: منصور رستگار فسایی، جلداول،چاپ دوم، انتشاراتی امیر كبیر، تهران، ١٣٧٨ه.ش،، ص٤٩٦ ؛ مرتضی راوندی، تاریخ اجتماعی ایران،جلد٤، پخش اول، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٢ه.ش، ص ص٣٧٩-٣٨٠.

[4] حاج میرزا حسن حسینی فسائی ،منبع پیشین ، ص٤٩٧.

[5] عبدالحسین نوایی ، عباسقلی غفاری فرد ، منبع پیشین ، ص ٢٧٠.

میر مەحمودی ئەفغانی دوای دەست گرتنی بەسەر شاری کرمان بەرەو یەزد بەڕێکەوت، بەڵام بەهۆی بوونی لافاو نەیتوانی دەستی بەسەر دابگرێت و بەناچاری ڕووی لە ئەسفەهان کرد،لەڕێگادا چاوی کەوت بەشاندی دەوڵەتی سەفەوی داوایان لێکرد ئامادەن سێ هەزار لیرەی پێ بدەن لەبەرامبەر ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی بۆ قەندەهار ،[1]بەڵام میر مەحمود پێشنیارەکەی ڕەتکردەوەو زیاتر سووربوو لەسەر پێشڕەویەکانی بەرەو ئەسفەهان،چونکە گەیشتە ئەو بڕوایەی کەئەو پێشنیارە بەڵگەیە بۆ لاوازی و نەمانی توانای دەوڵەتی سەفەوی[٢].

پاش ئەوەی میر مەحمود پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە ڕێگای گرتەبەر بەرەو ئەسفەهان لەنزیك گلناباد بەدووری چوار فەرسەخ (١٢میل) لەرۆژهەلأتی ئەسفەهانەوە سوپاکەی وەستاند[٣]، هەرچەندە سوپای ئەفغانی بەهۆی ئەو بەرگریە زۆرانەی کە لەشارەکانی کرمان و یزد بەرامبەریان کرابوو بارودۆخەکەی زۆر دڵخۆشکەر نەبوو کەبتوانێ لەو جەنگە سەرکەوێت[٤].

خراپی بارودۆخی سیاسی لەناوخۆیی ئێران لەبەرژەوەندی ئەفغانەکان بوو، تەنانەت سروشتیش یارمەتی ئەفغانەکانیدا ،بەشێوەیەك بوومەلەرزە چەند ناوچەیەکی گرتەوەوە زەرەرو زیانی پێگەیاندن کە خەڵکەکە هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە هێرشەکانی ئەفغانی و بومەلەرزە تۆڵەسەندنەویەکی خودایە لەسەریان[٥].

---

[1] P. SYKES, Op. Cit, p.314.

[2] عباس پرویز ،منبع پیشین ،ص٣٩ .

[3] عباس اقبال اشتیانی،منبع پیشین،ص٧٠٥.

[4] حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص ٥٧ .

[5] ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١٣٣ .

**شاحوسێن گەیشتە ئەو بڕوایەی کە شەڕکردن لەگەڵ ئەفغانەکان بۆتە کارێکی حەتمی، بۆیە داوای لەفەرمانڕەوایانی دەربار کرد بەچ جۆرێك ڕووبەڕووی هێرشبەرانی ئەفغانی بێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سەردارانی سەفەوی بوونە دوو دەستە، هەندێکیان پێیانوابوو لەناو شاری ئەسفەهان بمێننەوەو بەرگری لێبکەن، لەلایەکی دیکەوە دەستەیەکی تر بە ڕابەرایەتی والی خۆزستان ( شێخ محمد عەلی حەزین ) پێیانوابوو کەلەدەرەوەی شار لەگەڵ ئەفغانەکان بجەنگن[1] ،دواتر هەر ئەو بۆچوونەش سەری گرت کەناوبراو دایرشتبوو،بۆیە پاش یەکلاکردنەوەی بابەتەکە سوپای سەفەوی بەرەو ناوچەی گلناباد بەڕێکەوت [2].**

**لە ٨ی ئازاری ساڵی ١٧٢٢ز هەردوو سوپا لە گلناباد ڕووبەڕووی یەك بوونەوە، هەرچەندە لە ڕووی تەکنیکی سوپاوە هێزی سەفەوی زۆر پێشکەوتووتر بوو[3]، بەلاّم بوونی ناکۆکی لەنێوان سەردارانی هاوبەشی سەفەوی واتە وەزیر و فەرمانڕەوای خوزستان لەلایەك و لێهاتووی ئەمانوڵلاّ خان فەرمانـدەی هێزی ئەفغانی، ئەگەری بەزینی سوپای ئەفغانی بۆ سەرکەوتن گۆڕی[4]،وئەفغانەکان توانیان دەست بگرن بەسەر (فرح ئاباد)ی**

---

[1] **مەحمودی طلوعی ،منبع پیشین ، ص ٥٢.**

[2] **عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٧٣٧ .**

[3] Michael Axworthy, ((The Army of Nader Shah)), Iranian Studies, Institute of Arab and Islamic Studies at the University of Exeter, volume. 40, number 5, London, December 2007, P.637.

[4] **راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ٢٤٨ ؛ منوچهر پارسا دوست ، زمینەهای تاریخی اختلافات ایران وعراق، شرکت سهامی انتشار،تهران ، ١٣٦٤هـ.ش،ص٤٧.**

بارەگای هاوینی شا حوسێن [١]،هەر لەهەمان ڕۆژدا دەیانتوانی دەست بەسەر ئەسفەهان دابگرن،بەڵام مەترسی ئەفغانەکان لەوەدابوو نەوەك هێزێکی یەدەگی سەفەوی لەئەسفەهان لەئامادەباشی دابن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان، بۆیە لەدەوروبەری ئەسفەهان بڕیاری گەمارۆدانی شارەکەیاندا[٢].

دوای شکست خواردنی سوپای سەفەوی ، میر مەحمود ئەفغانی چەند پێشنیارێکی وەك مەرج بۆ ئاشتی کردن خستە بەردەم شا حوسێن ،لەوانە دەست بەرداری قەندەهارو سیستان وخۆراسان بێت بۆی هەروەها بڕی پەنجا هەزار تومان وەك قەرەبووی جەنگ بدات، دواتریش کچی خۆی پێبدات،بەڵام ئەم داوایانە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی سەفەوی ڕەتکرایەوە ، هەربۆیە گەمارۆدانی شاری ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکانەوە توندتر کرا[٣].

ئابلوقەدانی شاری ئەسفەهان نزیکەی نۆ مانگی خایاند،بەشێوەك قاتوقڕی لەناو پایتەختدا بڵاوبۆوە کاریگەری توندی خستەسەر خەڵکە گەمارۆدراوەکە، بەشێوەیەك خەڵك ئامادەبوو پەنابەرێتە بەر خواردنی سەگ و پشیلە تەنانەت سەربڕینی منداڵیش کارێکی ئاسایی بووە[٤].

---

[1] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین ، ص٢٩٢ . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگی گلنباد ، بڕوانە: حاج میرزا حسن حسینی فسائی منبع پیشین، ص٤٩٨.

[2] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین، ص ٢٩٢.

[3] ن.و.بیکولوسکایا و دیگران ، منبع پیشین ، ص ٥٨٢ .

[4] دەربارەی بارودۆخی خەڵکی ئەسفەهان لەکاتی گەمارۆی ئەفغانەکان بڕوانە :احمد پناهی سمنانی،منبع پیشین ،ص ص٦١-٦٢ ؛ محمد کاظم مروی وزیر مرو، عالم ارای نادری، تصحیح و توضیحات: محمد امین ریاحی، جلد اول، چاپ دوم، نشر علم، تهران،١٣٦٩ه.ش، ،ص ص٢٨-٢٩ ؛ میرزا عبدالنبی شیخ الاسلام بهبهانی،بدایع الاخبار( وقائع بهبهان در زمان

خراپی بارودۆخی مرۆیی لەناو شاری ئەسفەهان وای لەشا حوسێن کرد کە هەنگاوێك هەڵبنێت بۆ رزگارکردنی خەڵك لەو نەهامەتیە،بۆیە لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٢٢ز لەژێر فشاری خەڵك بڕیاری خۆبەدەستەوەدانیدا، لەگەڵ کۆمەڵێك لە کەسایەتی وکاربەدەستانی دەوڵەتی سەفەوی[١] .

جێگای ئاماژە پێکردنە لەساڵی ١٧٢٢ز مەلیك مەحمود سیستانی کە فەرمانراوایی سیستانی دەکرد بەسوپایەکی (١٠) هەزار سەربازی ڕوویکردە ئەسفەهان بەمەبەستی یارمەتیدانی گەمارۆدراوانی شاری ئەسفەهان، بەڵام بەر لەگەیشتنی بۆ ئەسفەهان میر مەحمودی ئەفغانی توانی لەڕێگای پێدانی دیاری و هەروەها بەڵێنی پێدا کە فەرمانراواییەتی خۆراسانی پێ ببەخشێت ، بۆیە مەلیك مەحمود پاشگەزبۆوەو گەڕایەوە سیستان[٢].

دوای ئەوەی شا حوسێن بێ هیوا بوو لەگەیشتنی یارمەتیەکانی تەهماسب میرزا(١٧٠٤-١٧٤٠ز) لەقەزوین، کە سێ مانگ بەر لەداگیرکردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکانەوە وەك جێنشین دیاریکرابوو، توانی لەکاتی گەمارۆیەکەدا ئەسفەهان جێ بهێڵێت و بڕوات بەرەو قەزوین بەمەبەستی

---

حمله محمود افغانی ) ، مقدمه و تصحیح و توضیحات : سید سعید میر محمد صادق ، مرکز پژوهشی میراث مکتوب ، تهران ، ١٣٨٩هـ.ش ، ص ص٢٢-٢٤.

[1] مریم میراحمدی ، منبع پیشین ، ص ٩٦ ؛ تاد یوز یودا کروسینسکی، عبرت نامه، ترجمه: عبدالرزاق دنبلی،چاپخانه شفق، تبریز،١٣٦٣هـ.ش، ص٥٦.

[2] مهری ادریسی اریمی،فتحلی خان قاجار از شاه سلطان حسین تا نادر شاه، فصلنامه کنجینه اسناد، شماره ١٥، تهران،پاییز ١٣٧٣هـ.ش ،ص٢٣.

کۆکردنەوەی هێز بۆ رزگارکردنی پایتەخت، بەلاّم لەهەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو[١] .

لەهەمان کاتدا خراپ بوونی بارودۆخی ناو شاری ئەسفەهان بەهۆی گەمارۆدانە توندەکەی میر مەحمودی ئەفغانی، شا حوسێنی سەفەوی ناچار کرد رووبکاتە فەرح ئاباد لەوێش بەدەستی خۆی تاجی (شا)یەتی لەسەر هێنایە خوارەوەو کردیە سەر میر مەحمودی ئەفغانی [٢]، پاشان داوای لێکرد کە بەئاشتی و ئارامی فەرمانراوایی بکات، بەلاّم میر محمود لەوەڵامدا پێی راگەیاند کە خوداوەند دەسەلاّت دەگوزارێتەوە بۆ هەرکەسێك ئەگەر بیەوێت بەلاّم من پەیمان بەتۆ دەدەم بەچاوی باوکانە سەیرت بکەم و هیچ کارێك بەبێ رێنمایەکانی تۆ ئەنجام نەدەم، رۆژێك دوای ئەم رووداوە میر محمود پێی خستە ناو ئەسفەهان و رۆیشتە سەرتەختی دەسەلاّت[٣].

دەکرێت بلێین دەوڵەتی سەفەوی پتر لە دوو سەدە لەبنیادنانی بنەماکانی سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە پێشکەوتندابوو کەچی لەکاتی سەرنخونی ئەو دەوڵەتە بەدەستی نەرمە زەبرێکی بیست هەزار کەسی ئەفغانی رۆشنایی ئەو دەوڵەتە بەرەو نەمان چوو.

**ب- میر مەحمودی ئەفغانی و هەرەشەکانی عوسمانی و روسیای تەزاری**

میر مەحمود لەسەرەتای فەرمانراوایەتی هەڵسابە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم ومام ناوەند بەرامبەر بە خەڵکی ئێران[٤] وەك سزدان هەموو

---

[1] مهری ادریسی اریمی ،ص٢٤" میرزا عبدالنبی شیخ الاسلام بهبهانی ، منبع پیشین ، ص ص٢٢-٢٤.

[2] محمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ٥٥.

[3] Jonas Hanway, Op.Cit,P145.

[4] حسن کریم جاف ، المصدر السابق، ص ٥٨.

ئەو کەسانەی ناپاکیان بەرامبەر بە شا حوسێن کرد بوو لەبەرامبەردا لەوانە هەموو خۆش بوو کەبەرگریان لەشا حوسێن کرد بوو[1]، هەروەها پەنای بردە بەر هێشتنەوەی هەموو خاوەن پایەکان و کارمەندانی دەوڵەت،لەگەڵ دانانی کەسێکی ئەفغانی وەك چاودێر لەدام ودەزگاکان،چونکە ئەفغانەکان شارەزایان نەبوو لەبەڕێوەبردنی وڵاتێکی گەورەی وەك ئێران [2].

سەرەڕای ئەوەش میر مەحمود زوو ئەو بارودۆخەی گۆڕی کەئەسفەهان لەکاتی گەمارۆدانەکە تووشی هاتبوو بەتایبەتی زۆر لەوانەی ڕایانکردبوو گەڕانەوە شارو دەستیان بەکارەکانیان کردەوە،(میر مەحمود) یش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ئاینزای لە ئەسفەهان، سەد هەزار کەسی سونە ئاینزا لە هەمەدانەوە گواستەوە بۆ ئەسفەهان[3]، هەرچەندە پێدەچێت ئەو ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدا بێت،چونکە ئەگەر توانرابێت لەهەمەدانەوە سەد هەزار کەس کۆچ پێبکات بۆ ئەسفەهان ،ئایا لەوکاتەدا دەبێت ژمارەی دانیشتوانانی ئەسفەهان چەند بووبێت.

سەبارەت بە تەهماسب میرزا ناسراو بە تەهماسبی دووەم ، پاش ئەوەی هەواڵی پێدانی تاجی (شا)یەتی لەلایەن باوکی بۆ میر مەحمودی پێ گەیشت خۆی لە قەزوین وەك(شا)ی ئێران ناوزەدکرد[4]، بەڵام سوپای ئەفغانی دوای

---

[1] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین ، ص ٢٩٢؛ لارنس لاکهارت، انقراض سلسله...، ص١٧٠.

[2] فریدون اسلام نیا، منبع پیشین ، ص ١٨٤ ؛ سرجان ملکم،جلد دوم ،منبع پیشین،ص٢.

[3] مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص ٩٥ .

[4] حاج میرزا حسن حسینی فسائی ،منبع پیشین، ص٥٠١؛ میرزا مهدی خان استرابادی ، دره نادره تاریخ عصر نادر شاه،باهتمام جعفر شهیدی،تهران،١٣٤١ه.ش، ص٧٢٤" لکهارت ، نادر شا ، ص١٩.

دەستگرتنیان بەسەر ئەسفەهان، بەسەرکردایەتی ئەمانوڵلا خان توانیان هەریەکە لەشارەکانی قوم و کاشان دواتریش قزوین داگیر بکەن و شا تەهماسبی دووەم لەقەزوین بەرەو تەبرێز پاشەکشەی پێ بکەن [1].

دەکرێت بڵێین هەرچەندە میر مەحمود دەستی بەسەر تەختی ئێران داگرت، بەلاّم هەموو ئێران نەکەوتە ژێر دەسەلاّتی و نەیتوانی سەروەری خۆی بەسەر تەواوی ولاّتدا بسەپێنێت،هەرچەندە توانیان تەهماسبی دووەم لە قەزوین دەربکەن و بەرەو تەبرێز پاشەکشەی پێ بکەن، بەلاّم پاش ئەوە خەڵکی قەزوین لە ڕاپەرینێکدا توانیان ئەفغانەکان لەشار دەربکەن[2]،سەرەڕای ئەوەش چەندین ڕاپەڕین دژ بە ئەفغانەکان لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران وەك کاشان، یزد و خوانسارو شیرازو بەندەر عەباس سەریهەڵدا[3] ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کەئێرانیەکان سەرەڕای زەبروزەنگی (شا)یەکانی سەفەوی،بەلاّم ئامادە نەبوون لەژێر سایەی دەسەلاّتێکی بێگانە ژیان بگوزەرێنن.

---

[1] مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص ٩٥ . سەبارەت بە ئەمانوللاّ دوای داگیرکردنی شارەکانی قوم وکاشان و قەزوین ، لەسەر دەسکەوتەکان لەگەڵ مەحمود ئەفغانی کەوتە ململانێ و ڕایگەیاند کە سەر بە پادشای هیندستانە، لەسەرەتادا مەحمود ئەفغانی زۆر گوێی پێنەدا، بەلاّم کاتێك هەستی کرد کە ئەمانوللاّ خەریکە پەیوەندی دەکات بە تەهماسب میرزا ، لەڕێگای هەندێك بەڵێنی بریقەدار توانی پەشیمانی بکاتەوە لەکارەکەی و بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەسفەهان، لەوێش دەست بەسەری کرد. میرزا عبدالنبی شیخ الاسلام بهبهانی، منبع پیشین ، ص ص٢٤-٢٥.

[2] ن.و.بیکولوسکایا و دیگران ، منبع پیشین ، ص٥٨٤.

[3] عبدالحسین نوائی ، اسنادو مکاتبات ...، ص ١٤.

لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای چەندین ڕاپەڕین دژ بە ئەفغانەکان لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران ، هەروەها هەرەشەکانی هەریەکە لەروسیای تەزاری و دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك و مەترسیەکانی تەهماسبی دووەم کە تاکە جێنشینی شەرعی دەوڵەتی سەفەویە لەلایەکی دیکەوە، لەو بارودۆخەدا میر مەحمودی ئەفغانی گەیشتە ئەو بروایەی ناتوانێ کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکات، بۆیە داوای هێزی زیاتری کرد لە ئەفغانستان، ئەو هەموو شتانەش لەسەریەکەوە بووە هۆکار کە میر مەحمود پەیڕەوی سیاسەتێکی توند بکات لە فەرمانڕاوایی کردنی ئێراندا[١] .

لەو کاتەی ئێران ڕووبەڕووی هێرشەکانی ئەفغانی دەبۆوە ، پەترۆسی گەورە( ١٦٨٢ – ١٧٢٥ ز ) لەرێگای پەیماننامەی ئاشتی نیشتاد لەساڵی ١٧٢١ز کۆتایی بەجەنگ هێنا لەگەڵ سوید[٢] بەمەش دەستی والآ بوو بۆ دەست خستنە ناو کاروباری ئێران،بەتایبەت دوای گەمارۆدانی شاری ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان و گەیاندنی هەواڵەکان بە پەترۆسی گەورە باشترین هەل بوو بۆ تەزاری ڕوسیا پلانەکەی تایبەت بەهێرشکردنە سەر ئێران بخاتە بواری جێبەجێ کردن[٣] .

---

[1] عبدالحسین نوائی ، اسنادو مکاتبات ...، ص ١٤ " ادوارد براون ، منبع پیشین ، ص ١٣٨

[2] علی شعب ، بطرس الاکبر( قیصر روسیا ) ،دار الفکر العربی، بیروت ، ١٩٩٢م ،ص٥٣.

[3] لەوبارەیەوە لوکهارت پێیوایە دوو هۆکار هەیە بۆ هێرشکردنی ڕوسەکان بۆ سەرئێران،لەوانە ئاشتی کردن لەگەڵ سوید،هەروەها هێرش کردنی لزگیەکان بەسەرکردایەتی مودەرس حاجی داود وئەحمەد خان ئەوسمی بۆ شماخ ،کەتێیدا کوشتن و تالآنکردنی چەند دوکانێکی ڕوسی لەو ناوچەیە ئەنجام دا. لارنس لاکهارت، انقراض سلسله...، ص١٥٨.

پەترۆسی گەورە بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری ئامادەکردنی سوپایەکی گەورەیدا لەژێر سەرکردایەتی خۆی و لەڕێگای ڕووباری ڤۆلگا بەکەنارەکانی دەریای خەزەر ڕوویکردە ناو خاکی ئێران،هەروەها لەرێگای وشکانیەوەش نزیکەی (١٠) هەزار سەرباز(قۆزاق ) بەسەرکردایەتی ژەنرال وترانی لەسێپتەمبەری ساڵی ١٧٢٢ز توانیان بەشێکی زۆری ناوچەکانی داغستان ودەربەند داگیر بکەن[1].

پێشڕەویەکانی هێزی ئەفغان لە ئەسفەهانەوە بەئاراستەی قەزوین و رشت ،دەبێتە هۆکارێك کەفەرمانڕەوای گەیلان، داوا لەڕوسیای تەزاری بکات بۆ ڕێگا گرتن لە ئەفغانەکان[2]، ئەمەش دەرفەتێکی زیڕین بوو بۆ تەزاری ڕوسیا گەیلان بخاتە ژێر رکێفی خۆی ،زیاتر ئەوهەنگاوانەی ڕوسیای تەزاری بۆ ڕێگا گرتن بوو لەدەست گرتنی عوسمانیەکان بەسەر ویلایەتەکانی قەفقاز وناوچەکانی کەناری دەریای خەزەر ، کەمەترسی لەسەر ڕوسیا دروست دەکات لەڕووی سەربازی و بازرگانیەوە[3].

پاش داگیر کردنی ناوچەکانی باکوری ئێران لەلایەن ڕوسیای تەزاری لەلایەك و ئەو پشێویانەی باڵی کێشابوو بەسەر ئێران لەئەنجامی داگیرکاری ئەفغانی لەلایەکی دیکە بوونە هۆکار بۆ زەق بوونەوەی دڵەراوکێ و مەترسیەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ناردنی سوپا بەمەبەستی داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی گرنگ لەئێران[4].

---

[1] عبالرضا هوشنگ مهدوی، منبع پیشین، ص ١٤٠ " منوچهر پارسا دوست، منبع پیشین، ص٤٨.

[2] مەحمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص ص ١٠١ – ١٠٢.

[3] ن.و.بیکولوسکایا و دیگران، منبع پیشین ، ص ٥٨٧.

[4] کمال مظهر ، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد ، ١٩٨٥م ، ص١٩ .

لەو هەڵومەرجەدا حەسەن پاشا والی بەغدا ( ١٧٠٤ – ١٧٢٣ )،پاش ئەوەی والی شارەزوور عەبدولرەحمان پاشا بەیاوەری هۆزە کوردیەکان لەگەڵ هەندێك لەسەربازگەکانی ئینکشاری[١] پەیوەندیان پێوە کرد[٢]،بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی لە رێگای خانەقین بەرەو کرماشان بەڕێکەوتن،لەگەڵ نزیك بوونەوەی سوپای عوسمانی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٢٣ز عەبدولباقی خان فەرمانڕەوا بەیاوەری کەسایەتیە دیارەکانی کرماشان ملکەچ بوونی خۆیان بۆ سوپای عوسمانی ڕاگەیاند[٣].

لەلایەکی دیکەوە هێزێکی دیکە بەسەرکردایەتی خانە پاشا بابان (١٧٢١ – ١٧٢٨ن) بەڕێکەوت بەمەبەستی داگیرکردنی ئەردەلان و نزیك بوونەوەی ئەو هێزە لە سنە بووە هۆکارێك کەعەلی قولی خان فەرمانڕەوا مل کەچی خۆی بۆ دەسەلاّتداریەتی عوسمانی ڕابگەیەنێت[٤].

دواتر هێزێکی دیکەی عوسمانی بەسەرکردایەتی عەبدولرەحمان پاشای والی شارەزوور توانی دەست بەسەر لورستان دابگرێت ،بەتایبەت دوای ئەوەی عەلی مەردان خان فەرمانڕەوای ناوچەکە شکۆی عوسمانی ڕەتکردەوەو

---

[1] ئینکشاری یاخود یەنی چەری بەواتای سوپای نوێ دێت ، بەلاّم لەلای ئەوروپیەکان بە(Janissaries) هاتووە،هەروەها لەنوسینی تورکی کۆنەوە بە یکی شار هاتووە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئینکشاری بڕوانە: هاملتون جیب و هارولد بوین، المصدر السابق،ص ص١٠٣-١١٥.

[2] ستيفن هيمسلى لونكريك ، المصدر السابق ، ص ١٦٣.

[3] الشيخ رسول الكركوكلى،دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء،ترجمة:موسى كاظم نورس، الكتاب العربى، بيروت، ١٩٦٤م ، ص١٧ .

[4] ستيفن هيمسلى لونكريك، المصدر السابق،ص١٦٣.

پاڵپشتی خۆی ڕاگەیاند بۆ تەهماسب میرزای كوری شاحوسێنی سەفەوی[1]،لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٢٣ز ،والی بەغدا توانی خورەم ئاباد داگیر بكات و دەسەڵاتی عوسمانی بەسەردا بسەپێنێت[2].

لەدوای مردنی حەسەن پاشا كوڕەكەی بەناوی ئەحمەد پاشا لە ٣١ی ئابی ١٧٢٤ توانی هەمەدان داگیر بكات،دوای شەڕێكی توند كە سێ ڕۆژی خایاند،پاشان لەڕێگای ئاگربەستەوە شەڕەكە كۆتایی پێهات بەمەرجێك هەمەدان لەژێر شكۆی دەوڵەتی عوسمانی دابێت[3].

دوای ئەو بارودۆخە میر مەحمودی ئەفغانی لەساڵی ١٧٢٤ز لەئەسفەهان هەڵسا بەكوشتنی نزیكەی سێ سەد كەس لە نەجیب زادەكانی ئەسفەهان و نزیكەی سێ هەزار لەسەربازانی لەچەك داماڵراوی پەیوەست بەشا حوسێن[4]،هەروەها میر مەحمود لەساڵی ١٧٢٥ز كە ئەو كاتە تەمەنی تەنها ٢٧ ساڵ بوو، هەڵسا بەكوشتنی كەسە نزیكەكانی بنەماڵەی سەفەوی و تەنانەت دوو منداڵی بچوكی (شا حوسێن) ی سەفەوی لەو هەڵمەتە بەدەر نەبوون[5].

جێگای ئاماژەپێكردنە تەهماسبی دووەم كە ئەوكات لەباكووری ئێران بوو وەك (شا)ی ئێران خۆی ناوزەدكردبوو، بەناچاریەوە داوای لەهەریەكە لەڕوسیای تەزاری و دەوڵەتی عوسمانی كرد بۆ دەركردنی ئەفغانەكان

---

[1] روبرت دبليو.اولسن، حصار الموصل والعلاقات العثمانيه الفارسية، ترجمة: عبدالرحمن بن الحاج امين بك الجليلي،دار العلوم، الرياض، ١٩٨٣م،ص١٠٩.

[2] عباس العزاوي ، تاريخ العراق بين احتلالين ، العهد العثماني الثاني ( ١٠٤٩ه / ١٦٣٩م – ١١٦٣ه / ١٧٥٠م )، الجزء الخامس ، بغداد ، ١٩٥٣م ، ص٢٠٧ .

[3] حسن كريم جاف ، المصدر السابق ، ص ص ٦٠ – ٦١ .

[4] ادوارد براون ، منبع پيشين ، ص١٣٨ .

[5] عبدالحسين نوائى ، اسنادو مكاتبات ...، ص ١٤.

لەولاتـدا، بـەلام وەڵـامی عوسمانیـەکان بـۆ داواکاریەکـە مـەرجی زۆر قورسـی لەخۆگرتبوو، وەك داواکردنی تەواوی ئەو ناوچەو مەڵبەندانەی کەبەئارەزووی خۆیان داوای دەکەن،پێویستە تەهماسبی دووەم پێیـان بدات،ئەوکات یارمـەتی دەدەن لەگەڕانـەوەی دەسـەلاتەکەی، هـەروەها هـەوڵیش دەدەن بـۆ دەرکردنـی ئەفغانەکان لەئێران، ئەو مەرجانەش ڕێك وەك مەرجەکانی تەزاری ڕوسیا بوو[١].

بالاْ دەستی ڕوسیا لەکەنارەکانی دەریای خەزەر زەنگێکی مەترسیداربوو بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی، ئەگـەری هەڵگیرسـانی شـەڕی لێدەکەوتـەوە بـەلام هەوڵەکانی باڵیۆزی فەرەنسا (مارکیز دویوناك) لـە ئیستانبول توانی کێشەکە یـەکلایی بکاتـەوە[٢]، دوای هێـور کردنـەوەی بارودۆخەکـە لەلایـەن بـاڵوێزی فەرەنـسا هـەردوو ولات گەیـشتنە ڕێکەوتننامەیـەك لـە٢٤ ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٧٢٤ز،کەسـەدری ئـەعزەم دامـاد ئیبراهیم پاشا لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمـانی و بـاڵوێزی ڕوسـیا لـە ئیـستانبول(نیبلوییـف) ریکەوتننامەکـەیان واژوو کـرد، دواتریش باڵوێزی فەرەنسا لە ٢ی تەمموزی هەمان ساڵ وەك لایـەنی ناوبژیکـەر واژووی لەسەر ڕێکەوتنەکە کرد[٣].

نـاوەرۆکی ڕێکەوتنەکـە زیـاتر بـۆ دابەشـکردنی ناوچـەکانی بـاکورو ڕۆژئـاوای ئێرانـە لـەنێوان ڕوسـیاو دەوڵـەتی عوسمـانی، بـەگوێرەی ئـەو پەیماننامەیـە عوسمانیـەکان بالادەسـتی ڕووسـەکانیان لەکـەنارەکانی دەریـای

---

(1) راجر سیوری ، منبع پیشین ، ص ٢٥١.

(2) اصـغر جعفـر ولـدانی، بررسـی تـاریخی اختلافـات مـرزی ایـران و عـراق، دفـتر مطالعـات سیاسـی وبـین المللـی وابـسته بـه وزارت امـور خارجـه جمهـوری اسـلامی ایـران، تهران،١٣٦٧هـ.ش،ص ص١٦-١٧.

(3) علاء موسى كاظم نورس، العراق في العهد العثماني دراسة في العلاقات السياسية(١٧٠٠ – ١٨٠٠)، بغداد ، ١٩٧٩م ، ص١٠٩ .

خەزەر قبوڵکرد، لەبەرامبەردا شاری تەبرێز و ئەردەبیل و هەمەدان و هەموو ناوچەکانی نێوان ئەو شارانە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن ڕوسیاوە قبوڵ کرا[١].

هەردوو لایەن سەبارەت بە تەهماسب میرزا، جەختیان کردەوە لەوەی ئەگەر تەهماسب میرزا رازی بێت بەبەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەوە وەك (شا)ی ئێران دانی پێدادەنێن و یارمەتی پێویستیشی پێشکەش دەکەن بۆ دەرکردنی ئەفغانەکان، لەبەرامبەریشدا ئەگەر نارەزایی دەربڕێت ئەوە هەردوو وڵات ڕێوشوێنی هاوبەش دەگرنە بەر بۆ داگیرکردنی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی تەهماسب و کەسێکی گونجاو دادەنێن بۆ فەرمانڕەوایکردنی ناوچەکە[٢].

دیارە هەردوو دەوڵەت تاکۆتایی ساڵی ١٧٢٥ز توانیان ئەو شوێنانەی بەگوێرەی پەیماننامەکە دیاری کرابوو بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، تەنها شاری تەبرێز نەبێت کە عوسمانیەکان لەساڵی ١٧٢٤ز هێرشیان کردە سەر کەچی نەیانتوانی داگیری بکەن، لەبەربوونی بەرگریەکی بەهێز لەلایەن خەڵکەکەوە، بەڵام لە هێرشی دووەم لەساڵی ١٧٢٥ز داگیر کرا[٣].

---

(1) رابرت ماسی ، بطر کبیر ، ترجمه : ذبیح الله منصوری ، جلد دوم ، انتشارات زرین ، تهران ، ١٣٨٠ ه.ش، ص١٢٦٨ ؛ منوچهر پارسا دوست ، منبع پیشین ، ص٤٩ ؛
J.C. Hurewitz, Diplomacy in the near and Middle East (A Documentary Record 1535-1914), Volume.1, New York, 1956, PP.42-45.

(2) شاکر صابر الضابط ،العلاقات الدولیة ومعاهدات الحدود بین العراق وایران ، دار منشورات البصري، بغداد ، ١٩٦٦ ، ص ص ٣٨ – ٣٩ ؛ ن.و.بیکولوسکایا و دیگران، منبع پیشین ، ص٥٩٠.

(3) مریم میر احمدی ، منبع پیشین ، ص ١٨٧.

سـەبارەت بـە مـیر مـەحمودی ئـەفغانی دوای ئەنجامـدانی ئـەو كارانـەو هەستكردنی بە تاوان بەرامبەر بەو كوشتارەی كە ئەنجامیدا بوو، لەگەڵ خراپـی ئەوبارودۆخەی كە لـە نـاوەوە بـەرۆكی گرتبـوو وەك ڕاپـەرین و دژایـەتی كردنـی خـەڵكی ئێـران بەرامبـەر فەرمانڕەوایەتیەكەی،لەسـەرووی هەموشـیان تەهماسـب میرزا،سـەرەڕای هەڕەشـە ومەترسـیەكانی دەرەوە لەلایـەن ڕوسـیای تـەزاری ودەوڵـەتی عوسمانی،لەئاكامـدا بـەهۆی بەرگەنـەگرتن و هـەرس نـەكردنی ئـەو بارودۆخە،تووشی شێتی هات[1]،لەو كاتەدا ئەشرەف خان ئامۆزای میر لەلایـەن هـەوادارانی لەزینـدان رزگـار كـراو لەكودەتایەكدا لـە ٢٦ نیسانی١٧٢٥ز تـوانی میرمەحمود بكوژێت و فەرمانراوایی ئێران  بگرێتە دەست[٢].

---

[1] عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص٧٣٨.

[2] فریدون اسلام نیا ، منبع پیشین ، ص ١٨٥ " میرزا عبدالنبی شیخ الاسلام بهبهانی، منبع پیشین،ص ص٦٣-٦٤. هۆكاری زینـدانی كردنـی ئەشـرەف ئـەفغانی لەلایـەن مـیر مـەحمود پەیوەستە بەراكردنی تەهماسب میرزا لـەو قۆڵـەی كە ئەشـرەف شا ئەركی چاودێری كردنـی پیّ ڕاسپێردرابوو. لارنس لاكهارت، انقراض سلسله...، ص١٤٢.

تەوەری چوارەم :

## کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەفغانەکان لە ئێران

### أ- ململانێییەکانی ئەشرەف شا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی

ئەشرەف خان دوای کوژرانی میر مەحمود دەسەلاّتی وەرگرت و یەکێکە لەمیرە بەهێزەکانی ئەفغانی،پاش وەرگرتنی دەسەلاّت نازناوی (شا)ی وەرگرت،لەسەرەتای هەڵمەت و هەوڵەکانیدا ویستی ڕووبەڕووی تەهماسبی دووەم ببێتەوە بۆ ئەم مەبەستە ڕووی لەتەهران کرد، توانی بەسەر تەهماسبی دووەم زاڵ بێت و ناچاری بکات ڕووبکاتە (مازەندەران)[1] و لەلایەن فتح عەلی خانی سەرکردەی قاجار داڵدەدرا[2].

لەلایەکی دیکەوە رەخنەی توندی ئاراستەی ڕێکەوتننامەی ١٧٢٤ز کرد، دەستیکرد بەجەنگ کردن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان ساڵانی ( ١٧٢٦ – ١٧٢٧ز ) لەچەند ناوچەیەکی جیاواز سەرکەوتنی بەدەست هێنا[3]، هەروەها هەوڵیدا سنورێك بۆ پێشڕەویەکانی دەوڵەتی عوسمانی دابنێت لەناو خاکی ئێراندا بیانگەڕێتەوە سەر سنووری راستەقینەی پێشوویان، چونکە لەساڵی ١٧٢٣ز سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی حەسەن پاشا توانی کرمانشا داگیر بکات، لەساڵی داهاتووش دوای مردنی حەسەن پاشا کوڕەکەی بەناوی ئەحمەد پاشا توانی هەمەدان داگیر بکات پاش شەڕێکی توند کە سێ ڕۆژی

(1) هەرێمێکە دەکەوێتە باکوری ئێران و نزیکە لە سنورەکانی ڕوسیا .

(2) عبدالحسين زرين كوب ، منبع پيشين ، ص ٧٤٠.

(3) دەربارەی شەرەکانی ئەشرەف ئەفغانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بڕوانە: رضا شعبانی، تاريخ اجتماعی ايران درعصر افشاری،جلداول، چاپ اول، نشر قومس،تهران، ١٣٧٣هـ.ش ، ص ٢٤ ؛ سليمان فائف بك،حروب الايرانيين في العراق، ترجمة:محمد خلوصی بن محمد سعيد الناصری التكريتی،منشور ضمن مقالة: عبدالجبار العمر، كتاب حروب الايرانيين فی العراق، مجلة ( افاق العربية)، العدد (٣-٤)،بغداد، كانون الثانی (١٩٨٠) ،ص ص١٠٩-١١٠.

خایاند دواتر لەرێگای ئاگربەستەوە شەڕەکە کۆتایی هات بەمەرجێك هەمەدان ویلایەتێك بێت سەر بەدەوڵەتی عوسمانی[١].

سەبارەت بەهەژموونی عوسمانیەکان لە ئێران، ئەشرەف شا یاداشتێکی نارەزایی ئاراستەی سوڵتانی عوسمانی کرد، لەسەر ئەو رێکەوتننامەی کە عوسمانیەکان لەساڵی ١٧٢٤ز مۆریان کردبوو لەگەڵ رووسیای تەزاری دژ بەهێزێکی موسڵمان(ئەفغانەکان) بەمەبەستی دابەشکردنی وڵاتی فارس، ئەمەش مەیلی زۆربەی ئەوانەی کە لە ئەستەمبۆل بوون بۆ ئەفغانەکان رادەکێشا، بەڵام نەبوونی شارەزاییەکی زۆر لە شێوازی نەرمی دبلۆماسیەت ، وایکرد بوو کە شێوازی دەربرینی نارەزاییەکان لەلایەن ئەفغانەکانەوە ناریکی و توندی پێوە دیاربێت[٢].

ئەشرەف شا لە ناوەرۆکی نامەکەیدا کە واژووی نۆزدە گەورە زانای ئەفغانی لەسەر بووە، تێیدا خۆیان بەراستر دەزانی لەگرتنە دەستی دەسەڵات لەئێران، هەروەها جەختیان لەوە کردبۆوە کە ئەوان لە پێشترن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بۆیە ناکرێت گوێرایەلیان بن و بەدوایان بکەون، چونکە ئەوان ( عوسمانیەکان) لەسەر حەق نین،جگە لەمانەش ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دەکەن کە دەفەرموێت(خەلافەت لەدوای من سی ساڵە دواتر دەبێت بە پاشایەتی)[٣].

نامەکەی ئەشرەف شا گومانی خستبووە سەر راستی خەلافەتی عوسمانی، بێگومان ئەمەش کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە لەلایەن عوسمانیەکان، بەڵام ئەوەی زیاتر کێشەکەی قولتر کردەوە بریتی بوو لەو

---

(1) حسن كريم جاف ،المصدر السابق، ص ص ٦٠ – ٦١

(2) عبدالعزيز سليمان نوار،المصدر السابق،ص ص ١٠٥-١٠٦.

(3) عباس العزاوي ، المصدر السابق ، ص ٢١٨ .

نێردراوە ئەفغانیە کە بەراشکاوانە لۆمەی عوسمانیەکانی دەکرد بەوەی کەکار لەسەر لابردنی فەرمانڕەوایەکی موسلمان دەکەن، کە ئەو بەرەوا تر دەبینرێ بۆ فەرمانڕەوایەتی کردنی وڵاتی فارس لەتەهماسب میرزای سەفەوی، کە دەوڵەتی عوسمانی مۆری بەکافربوونی بۆ لێداوە و بڕیاری جەنگی لەدژی ڕاگەیاندووە[1]،هەروەها بەتوندی جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە دەوڵەتی عوسمانی دانبنێت بە ئەشرەف شا وەك حاکمی وڵاتی فارس ، وە دووپاتی مافی ئەفغانەکان بکرێتەوە لەسەر سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەو هەرێمانەی کە عوسمانیەکان و ڕووسەکان داگیریان کردووە[٢].

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و موفتی وقازی و لەگەڵ ژمارەیەك لەگەورە زانایان بەتوندی وەڵامی ئەفغانەکانیان داوە، بەشێوەیەك نارەوایی کارەکانی ئەشرەف شایان خستە ڕوو، بەپشت بەستن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرموێ ( ئەگەر بەیعەت و پشتگیری درا بەدوو جێنشین، ئەوە دووەمی بکوژن)[٣]، لەبەر ڕۆشنایی ئەم فەرموودەیە فتوایەکیان دەرکرد، کەتێیدا جەخت کرایەوە لەسەر ئەوەی کە ناشێت و دروست نیە دوو پێشەوا بۆ موسلمانان هەبێت، مەگەر بەربەستێکی سروشتی زۆر گەورە نێوان هەردوو وڵات لێك جیا بکاتەوە، ئەگەر نا ئەوەی دووەم بەستەم کار هەژمار دەکرێت و جەنگ لەدژی دەبێتە ئەرك، بۆیە پێویستە ئەشرەف شا ملکەچ بێت و واز لەداواکارییەکانی بهێنێت[٤].

---

[1] علاء موسى كاظم نورس، المصدر السابق، ص١٢٤.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا ، چاپەمەنی خاك ، سلێمانی ، ١٩٩٨ز، ل ٦٠.

[3] علاء موسى كاظم نورس، المصدر السابق ، ص١٢٥.

[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، میرایەتی بابان لەنێوان....، ل٦٠.

دوا بەدوای دەرچوونی فەتوا و ناساندنی ئەشرەف شا وەك کەسێکی ستەم کار و یاخی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، بریاری جەنگ لەدژی ئەفغانەکان راگەیاندرا، بۆیە هێزەکانی عوسمانی لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٧٢٦ز بەهێزێکی گەورە بەسەرکردایەتی ئەحمەد پاشا والی بەغدا بەرەو ئەسفەهان پێشڕەویان کرد،بەڵام ئەشرف شا لەنێوان ئەسفەهان و قەزوین لەناوچەی ئینجەدان توانی رێگا لەسوپای عوسمانی بگرێت و شەڕێك روویدا،هەرچەندە لەسەرەتادا دەوڵەتی عوسمانی توانی سەربکەوێت[1]، بەڵام دواتر لەرێگای پیادەکردنی سیاسەتێکی زیرەکانە لەلایەن ئەشرەف شا توانی هەندێك لە هێزە کوردیەکانی باڵی راستی لەشکری عوسمانی بۆ لای خۆی رابکێشێت دوای کشانەوەی ئەم هێزە عوسمانیەکان دووچاری شکان هاتن و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە بەناچاری بەرەو هەمەدان پاشەکشەیان کرد[2].

مێژوونوسان لەسەر نواندنی ئەو هەڵوێستەی کوردەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، مێژوونوس رسول حاوی کەرکوکلی لەو باوەرەدایە کە جادووی ئەفغانەکان کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر عوسمانیەکان[3] کەچی هەندێکی دیکە پێیانوایە ئەفغانەکان بەرتیلیان داوەتە سەرکردە کوردەکان، بەشێوەیەك ئەشرەف خان بەنهێنی چەند دیارییەکی بۆ سەرکردە کوردەکان ناردووە وە پێشیانی گووتوە کەوا ئەگەر عوسمانیەکان شاری ئەسفەهان داگیر

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، کورد و ....، ل ل ٥٤٩ – ٥٥٠ " علاء موسی کاظم نورس، المصدر السابق، ص١٢٨.

[2] محمد امین زکی، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان من اقدم العصور التاریخیة ، نقله الی العربیة وعلق علیه : محمد علی عونی،شرکة نوابغ الفکر ، القاهرة ، ٢٠٠٩م،ص٢٠٨.

[3] الشیخ رسول الکرکوکلی، المصدر السابق ، ص٢٣.

بكەن و سەربكەون ئێوەی كوردیش وەك خەڵكی ئاسایی سەیر دەكرێن،بەڵام ئەگەر ئێوە یارمەتی من بدەن لەبەرامبەردا شاری هەمەدان دەدەمە خانە بەگ و هەمووسەركردەكانیش پلەی خانیان دەدەمێ و هەریەكش دەسەڵاتی شاری خۆی بگرێتە دەست[1].

لەلایەكی دیكەوە هەندێ لەمێژوونوسە كوردەكان رای تریان هەیە ، وەك ئەوەی كەوا خانە پاشا بەم كارەی ویستویەتی تۆڵەی مامی (بەكر بەگ) بكاتەوە كە بەر لە ١٠ساڵ لە بەغدا كوژرابوو[2]، بەڵام هەندێكی دیكە لەمێژوونوسان هۆكاری هەلگەرانەوەی كوردەكان دەگەرێنەوە بۆ ئەوەی كە سەركردەكانی كورد هەوڵیانداوە هێزەكانی عوسمانی تێكبشكێنن تاكو هاوسەنگی هێز لەنێوان ئێران و عوسمانیەكان هەبێت چونكە سەركەوتنی هەر هێزێك بەسەر ئەوی تر كاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوخۆی كورد دەبێت[3].

ووردبوونەوە لەم رووداوانە دەردەكەوێت كە زۆربەی ئەو لێكدانەوانە دورن لەراستی لەگەڵ مەنیق یەكناگرنەوە،چونكە سەركردەكانی كورد هەموویان خاوەن لێپرسراویەتی بوونە لە دەوڵەتی عوسمانی وە ژێر دەستە نەبوونە تاكو كارێكی وا ئەنجام بدەن، ئەوەی پەیوەندی بەكوشتنی بەكر بەگ و تولەكردنەوەی هەیە ئەوە تەنها مەسەلەیەكی تاكە كەسیە ئەی چی دەگوترێت بەرامبەر بەسەركردەكانی تر[4]. بۆیە دەكرێت بلێین ئەگەر پەیوەندی

---

[1] علاء موسی كاظم نورس، المصدر السابق، ص١٢٩.

[2] محەمەد ئەمین زەكی، تاریخی ولاتی سلێمانی، بەغدا، ١٩٣٩ز، ل ٦٤ ؛ سالح قەفتان، مێژووی گەلی كورد لەكۆنەوە تا ئەمرۆ، بەغدا، ١٩٦٩ز، ل٣٠٩ .

[3] كاوس قەفتان، چەند لێكۆلینەوەیەك لەمێژووی بابان سۆران بۆتان، بەغدا، ١٩٨٥ز، ل١٣.

[4] سعدی عثمان حسین،كوردستان الجنوبیة في القرنین السابع عشر والثامن عشر،منشورات مكتبة سوران،اربیل ، ٢٠٠٦م ،ص ص ٢٩٨-٢٩٩.

بەتۆڵەسەندنەوەی خانە بەگ هەبووایە  لە سوپای عوسمانی ئەی بۆچی خانە بەگ لەگەمارۆی شاری هەمەدان و گرتنی میرنشینی ئەردەلان بەشداری كردووە لەگەڵ سوپای عوسمانی ئەوەش دەرخەری ئەو راستییە كە ئەم كارە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە تۆڵەسەندنەوە نەبووە.

لەراستیدا لایەنی مەزهەبی رۆلێكی گرنگی هەبووە لەلای كوردەكان چونكە كورد لەسەر مەزهەبی سووننەیە وە جیاوازی لەگەڵ ئێران كە شیعە مەزهەبن ، بەڵام حەزیان نەكردووە لەگەڵ ئەفغانە سوونەكان جەنگ بكەن، بەتایبەت لەوكاتەی ئەفغانەكان باسی مەسەلەی مەزهەبیان دەكرد، ئەمەش كاریگەری كردە سەر كوردەكان بەتایبەت كاتێك ئەشرەف خان هەستی كرد هێزەكەی لاوازە بەرامبەر عوسمانیەكان هەستا بە پرۆپاگەندەو جەنگی دەروونی تاكو عوسمانیەكان لاواز بكات ئەمەش كاریگەری زۆری كردە سەر دەروونی سەربازانی كورد[1].

سەبارەت بە سیاسەتەكەی ئەشرەف شا كە بریتی بوو لە رووخانی ورەی هێزی عوسمانی لەرێگای پڕو پاگەندەی رێكخراو، هەروەها پێدانی پەیمان و ناردنی دیاری بۆ چەند سەركردەیەكی كورد لەناو سوپای عوسمانی[2]، هەروەها ناردنی چوار لەزانایانی ئاینی ئەفغانی بۆ لای ئەحمەد پاشا، كە پێیان راگەیاند چۆن دەبێت دوو لەشكری سوننە ئاینزا شەڕ بكەن، لەكاتێكدا ئەوان

---

[1] محەمەد ئەمین زەكی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ ؛ سعدی عثمان حسین ، امارة بابان في النصف الاول من القرن الثامن عشر( دراسة في علاقاتها السیاسیة مع السلطات العثمانیة )، مؤسسة موكریانی للطباعة والنشر،اربیل،٢٠٠٠م ، ص ٣٠.

[2] حسن كریم جاف، المصدر السابق ، ص٦١.

(ئەفغانەکان) گوێڕایەڵی شەریعەتی ئیسلامن بۆ شەڕکردن دژ بەدەرچوان لەدین (شیعە مەزهەب)[1].

لێرەدا دەکرێت بلێین ، دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانەکانی هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامیان دەکرد، زۆرجاریش بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتی سەفەویان بە دەرچوو لە ئاین ناوزەد دەکرد، بەشێوەیەك وایان لە قەلەمدەدا چۆن دەبێت ولاتێکی موسڵمان پشت بە دەوڵەتێکی مەسیحی ببەستێت و هاوکاری بکات دژ بەدەوڵەتێکی ئیسلامی دیکە ،کەچی زۆر بەروونی بەدیاردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی ئاینی وەك پەردەپۆشیەك بۆ مەرامە سیاسیەکانی بەکارهێناوە ، چونکە هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە ئەفغانەکان کە سوننە مەزهەب بوونە زۆر بەروونی دەردەکەوێت دوای ئەوەی ئەفغانەکان توانیان دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب بروخێنن ، کەچی دەوڵەتی عوسمانی ئامادەبوو دەست بخاتە ناو دەستی رووسیای تەزار بەرامبەر بە حکومەتێکی سوننە مەزهەب( ئەفغانەکان) لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە لە نامەیەکدا داوای گەرانەوەی شا حوسێنی سەفەوی دەکەن بۆ سەر دەسەلاتی ئێران ، جێی سەرسورمانە پتر لەدووسەدە لەماوەی دەسەلاتی سەفەویدا، شەروشۆر بەبەردەوامی و بەهەدەردانی خوێنی هەزارا کەس بەخۆرایی بۆ چ مەبەستێك.

دوای سەرکەوتنی ئەشرەف شا بەسەر سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی ئەحمەد پاشا بووە مایەی نارەزایی لەدەرباری عوسمانی، چونکە زۆرێك لەسەربازان و خەڵك لەدەوڵەتی عوسمانی حەزیان بەو شەڕە نەدەکرد و دواتر گەیشتە ئەو رایەی چۆن دەبێت دوو لەشکری سونە مەزهەب

[1] رضا شعبانی ، تاريخ اجتماعی .. .، جلد٢ ، ص ٢٤.

لەگـەڵ یەکـدا بجـەنگن، ئاکامەکـەی دووبـارە گەرانـەوەی بنەماڵەیـەکی شـیعە مەزهـەب کـە فـەرمانراوایی ئێـران بکـات ، سـەرەنجام لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـەدا دەوڵەتی عوسمانی و ئەشرەف شا ئەفغانی لە هەمەدان رێکەوتننامەی ئاشتیان مۆرکرد، کە ناسراوە بەرێکەوتننامەی ئەشرەف[١].

بەپێی ئەم رێکەوتننامەیە ئەفغانەکان دانیان نا بە سوڵتانی عوسمانی کە سوڵتانی ئیسلامەو بەرامبەر بەمەش دەوڵـەتی عوسمـانی دانـی نـا بەدەسـەڵاتی ئەفغانـەکان بەسـەر ئێرانـدا و هەنـدێ ناوچـەش لـەباکووری رۆژئـاوا لەلایـەن ئەفغانەکان دەستی لـێ هـەڵگیرا بـۆ عوسمانیـەکان و هـەروەها دووپـاتی ئـەوەش کـراوە کــە دەســت نەخەنــە نــاو کاروبــاری یــەکتر[٢]، دیــارە لــەدوای ئــەو رێکەوتننامەیــە پەیوەنــدی هــەردوو لا بــەرەو باشــی دەروات ، بەشــێوەیەك ئــالوگۆری نامــەو نــاردنی دیــاری راســتی پتــەوبوونی ئــەو پەیوەندیــە دەسەلمێنن[٣].

---

(1) ادوارد براون ،منبع پیشین ، ص ١٣٩.

(2) عبدالحسین زریـن کـوب ، منبـع پیـشین ، ص ٧٣٩؛ ڕیکەوتنامـەی ئەشـرەف بریتـی بـوو لە (١٢) بەند ، بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: روبرت دبلیو.اولسن، المصدر السابق،ص ١١٦.

(3) محمد رضا نصیری،چند نامە از اشرف افغان ( نامـە اشرف افغان بـە سلطان احمد خان عثمانی)، مجلە بررسیهای تاریخی، شمارە (٧٥)، نشریە ستاد بـزرگ ارتشتاران – کمیتـە تـاریخ نظـامی ، تهـران ،فـروردین و اردیبهـشت ١٣٥٧ھ.ش ،ص ص ١٠٣–١٠٥. سـەبارەت بـە نامەیـەکی ئەشـرەف شـا ئـەفغان بـۆ سـولتان ئەحمـەد خـانی عوسمـانی کەتێیـدا بـاس لەگـەورەیی سـولتان و پتـەوکردنی پەیوەنـدی و رێکەوتننامـەی ئاشـتی نێوانیـان دەکـات بگەرێوە بۆ پاشکۆی ژمارە ( ٦).

لەلایەكی دیكەوە بەهەمان شێوە پاش ماوەیەكی كەم لەگەڵ رووسەكانیش گەیشتە رێككەوتن[١]، بەم شێوەیە ئەشرەف شا توانی لەو ماوەیەدا لەلایەن هەردوو زلێهزی ناوچەكە بەفەرمی وەك فەرمانڕەوای ئێران بناسرێت، هەرچەندە ماوەی حوكمڕانی ئەشرەف شا تەنها چوار ساڵ و نیوی خایاند كە تێدا لە هەموو ناوچەكاندا ئاژەوەو جوڵانەوە دژ بە دەسەڵاتی بەدی دەكرا[٢].

دەكرێت بڵێین ئەشرەف شا لەرێگای رێكەوتنەكانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیای تەزاری نەیتوانی كۆتایی بە كێشەكانی بهێنێت، چونكە بوونی تەهماسب لە باكوری رۆژهەلاتی ئێران مەترسیەكی گەورە بوو بۆ دەسەلاتەكەی بەتایبەت دوای ئەوەی لەلایەن فتح علی خانی قاجار دالدەدرا ولایەنگرانی زۆر لە دەوروبەری كۆبونەوە، لەلایەكی دیكەوە ئەوەی زیاتر دەسەلاتی میرزا تەهماسبی بەهێزكرد، دەركەوتنی نادر خان بوو لەسەر شانۆی ڕووداوەكان لە ئێران و بەتایبەت دوای ئەوەی دەبێتە بەشێك لەدەسەلاتی .

**ب- نادر خان و رۆلی لەكۆتایی هێنان بەداگیركاری ئەفغانەكان لەئێران**

دوا بەدوای سەركەوتنەكانی نادرخان و تەهماسبی دووەم قۆناغێكی نوێی ململانێی لەنێوان ناوبراوان و ئەفغانەكان دەستی پێكرد بەتایبەتی دوای ئەوەی خۆراسان كەوتە ژێر دەستیان، خەڵكی ناوچەكەش پشتگیری تەهماسب دووەم و نادر خانیان دەكرد بەجۆرێك پێیان وابوو كە تەهماسبی دووەم خاوەن

---

[1] سەبارەت بەرێكەوتننامەی ئەشرەف شاهی ئەفغانی و ڕوسیای تەزاری بڕوانە: منوچهر پارسا دوست ، منبع پیشین ، ص ٥٠.

[2] محمد جواد مشكور ، منبع پیشین ، ص ٢٩٦ .

حوكمی شەرعیە لەئێران و ،لەئەنجامی ئەم بارودۆخەدا ئەشرەف شا كەوتە بیركردنەو دانانی بەرنامە بۆ چالاكییەكانی نادرخان و تەهماسبی دووەم[1].

نادر قولی) لەدەرگزی[2] خۆراسان لە شوێنێك بەناوی (مولودخانە) لەنێوان بەرزاییەكانی ئەڵلأوئەكبەر وناوچەی ئەبیوەرد لەساڵی١٦٨٨ز لەدایك بووە، هەروەها رەچەڵەكی نادر قولی دەگەڕێتەوە بۆ تیرەی (كركلو) سەر بەهۆزی (ئەفشار یاخود ئەوشاری) توركمانی،كەلەئەنجامی هێرشی مەغۆلەكان توركستانیان جێ هێشتووەو ڕوویان لەئازەربایجان كردووە، دواتر لەماوەی حوكمڕانی شا ئیسماعیل گواستراونەتەوە خۆراسان لەناوچەی ئەبیوەرد نیشتەجێ بوونە[3].

نادر قولی لەبنەماڵەیكی هەژارو سادە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، بۆ ئەم مەبەستە زۆربەی سەرچاوەكان جەخت لە سادەیی ئیمام قولی باوكی نادر

---

[1] حسن كريم جاف، المصدر السابق ، ص ص ٨٢-٨٣.

[2] دەرگز لەكۆندا بە داراگز، نیسیا، نسا ( كە یەكەمین پایتەختی ئەشكانیەكان ) بووە، هەروەها بەناوی ئاپاوارتاكن و خاواران واتك ، ئەبیوەرد نسا ناوبانگی دەركردووە، سەبارەت بە جوگرافیای ئەو ناوچە ئوزبەكستان و توركمانستان و ڕوسیا دەكەونە باكوری ، كلات دەكەویتە ڕۆژهەلاتی ، لەباشووریدا قوچان و مەشهەدە، لە ڕۆژئاوای توركمانستان و ڕوسیایە، هەروەها ٤٥٠ مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریایە: سيد على ميرنيا، ايلات وطوايف درگز، جلد دوم ، چاپخانەی خراسان ، مشهد ، ١٣٦٢ه.ش ، ص١٣.

[3] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران لەسەردەمی نادرشا ئەفشاری (١٧٣٦-١٧٤٧ز)،خانەی موكریانی بۆ چاپ و بلاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤ز، ل ل ٦١-٦٢ . دیاردەی كۆچپێكردن زیاتر لەسەردەمی شا عەباسی گەورە جێبەجێ كراوە، چونكە (شا)یەكانی پێشووتر لەبەر هۆكاری ناوخۆیی و دەرەكی نەیانتوانی بەشێوەیەكی فرەوان ئەم كارە ئەنجام بدەن. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : رضا شعبانى، منبع پيشين،جلداول، ص ص ٤٢ – ٤٣ ؛ سيد على ميرنيا، منبع پيشين ، ص ص١٩-٢٠.

دەکەنـەوە، کەلەژیانیـدا خـەریکی کـاری پێـستە خۆشـکەری وبـەخێوکردنی مـەروماڵات بـووە[(١)]، هـەروەها ژان ئوتـەر[(٢)] لەگەشـت نامەکەیـدا بەپێـچەوانەی هـەموو بۆچونەکان جەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە نـادرقولی لەبنەماڵەیـەکی خـاوەن پایەو دەسـەڵات چاوی بـەدنیا هـەڵهێناوەو بـاوکی فـەرمانڕەوای کـەلات بـووە لـە خۆراسان[(٣)].

هـــەروەها هەنـــدێك لەسەرچـــاوە هیندیـــەکان و نووســـەرە ئێرانیـــە دوورخراوەکـانی هیندسـتان بـاس لـەوە دەکـەن کـە نادرخـان کـوری یـەکێ لەسەرکردە سەربازیەکانی فـەرمانڕەوای ئـەبیوەرد بـووە[(٤)]،کەچـی میرزا مەهـدی خان ئەسترئابادی جەخت لەسەر سادەیی ڕەچەڵەکی ئـەو بنەماڵەیـە دەکاتـەوە، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا هەوڵـدەدات رۆڵی ڕەچـەڵەك لەدەرکـەوتنی سـەرکردە کـەم

---

(1) George Ripley and Chrles A. Dana, The New American Cyclopaedia: art."Nadir shah", Volume. XII, New York, 1863, P.84.

(2) ژان ئوتەر نێردراوی تایبەتی پاشا لویسی پانزدەهەمی فەڕەنسا بووە، کە لەساڵی ١٧٣٤ تا ١٧٤٣ز بۆماوەی نۆ ساڵ لەڕۆژهەلاّت ژیاوەو لـەزۆر ناوچە جیاجیاکانی ئێران گـەڕاوە. فریـدون شایـسته ، ایـران عـصر نـادر شـا در سـفرنامه ژان اوتر،مجلـه کتـاب مـاه تـاریخ و جغرافیا، شماره (٧٧-٧٨)،اسفند١٣٨٢ و فروردین١٣٨٣هـ.ش، ص٦٢.

(3) ژان اوتر ، سفرنامه ژان اوتر ، ترجمه : علی اقبالی ، چاپ دوم ، ناشـر جاویـدان ، تهـران، ١٣٦٦هـ.ش ،ص١٢٠. لەوبارەیـەوە ( عـەلی ئـەقبالی) وەرگێـڕی گەشـتنامەکە لەپێـشەکیەکەیدا هاوڕایـە لەگـەڵ بۆچونەکەی ژان ئوتـەر ، کـەپاشماوەی سـەفەویەکان و بنەماڵـەی قاجارەکـان تاوانبـار دەکـات بـە لەکـەدارکردن و کـەم کردنـەوەی رەچەڵەکی بنەماڵـەی نـادر قـولی پێیوایـە پاشمـــاوەی ســـەفەویەکان و بنەماڵـــەی قاجارەکـــان ئـــەو کارەیـــان ئـــەنجام داوە وەك تۆڵەکردنەوەیـەك چـونکە نادرشـا لەلایـەك تـوانی کۆتـایی بەبنەماڵـەی سـەفەی بهێنێـت و لەلایـەکی دیکـەوە لـەڕێگای پیلانێکـەوە کۆتـایی بـە فـەتح عـەلی خـانی قاجـار هێنـا . فریـدون شایسته ، منبع پیشین ، ص٦٣.

(4) Peter Avery and Others, Op.Cit, P.5.

بکاتـەوە دەلێـت (( خـودا تیـژ بـڕی داوە بەگەوهـەر نـەك بەئاسـن،نازی گەوهـەر بەرەنگ وئاوی خۆیەتی نەك بەناواخنی مەعدەن)) [1].

سـەبارەت بەسـەرەتاکانی ژیـانی نـادر قـولی ، چ لەسەرچاوە ئەوروپیـەکان یاخود سەرچاوە فارسیەکان زانیاری ئەوتۆی لەسەر نیـە، تـەنها ئـەوەی زانـراوە کەلــەژیانێکی ســەخت و دژوار ژیــاوەو یارمــەتی دەری بــاوکی بــووە لــە فەراهەمکردنی کاری رۆژانەیان[2].

لەساڵی ١٧٠٤ز کە ئەوکات نادر قولی تەمەنی لەدەوروبەری حەڤدە ساڵی دەبـوو، ئوزبەکـەکان هێرشـیان کـردە سـەر ناوچـەی خۆراسـان و خـەڵکانێکی زۆریـان بـەدیل گرت،لـە نێویـشیاندا نـادرقولی و دایکـی وەك کویلـە دەبردێنـە خیوە[3]،دوای ماوەی چوارساڵ مانەوەیان لەخیوە،دایکی بەکۆیلایەتی دەمرێت ونادرقولی لەدەرفەتێکدا دەتوانێت خۆی دەرباز بکات وبگەڕێتەوە خۆراسان[4].

پاش گەڕانەوەی بۆ خۆراسان،نادر قولی پەیوەندی کردەوە بەهۆزەکـەی و بەشـداری چالاکانەی نوانـد لـە ململانێـی هۆزەکـەی لەگـەڵ هۆزەکـانی دیکـەی ناوچەکە لەتورکمان و کوردو ئوزبـەك و تـەتار، هـەروەها نـادر قولی لەتەمـەنی بیـست و پێـنج سـاڵیدا چـۆتە ریـزی سـەربازی لـەژێر فـەرمانڕەوای بابـا عـەلی فەرمانڕەوای ناوچەی (ئەبیوەرد)،لەبەر بەهێزی وئازایەتی بەتایبـەت لەبەرامبـەر

---

[1] میرزا مهدی خان استرابادی ، جهانگشای نادری ، تصحیح:سید عبدالله انوار ، انجمن اثار ملی، تهران، ١٣٤١ هـ.ش ، ص٢٦.

[2] حسن کریم جاف، المصدر السابق ، ص٨١.

[3] Jonas Hanway,The Revolutions of Persia containing History of the celebrated usurper Nadir Kouli, from his Birth in 1687,till his Death in 1747,And Some particulars of the unfortunate reign of his Successor Adel Shah, Volume.IV, London,1753, P.4.

[4] P. SYKES, Op. Cit, p.340.

ئوزبەکەکان نادرقولی بۆتە خاوەن ڕێزێکی تایبەت لەلایەن بابە عەلی تادەگاتە ئەو رادەیەی نازدار خانمی کچی لێ مارەدەکات[١].

نادر قولی دەیزانی چۆن ئارەزووەکانی بشارێتەوەو لەهەمان کاتیشدا لەهەوڵدانی بەردەوامدا بووە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانی، یەکەمین هەنگاویشی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەرامەی بریتی بوو لەدەستگیرکردنی فەرمانڕەوای کەلات[٢] لەساڵی ١٧١٩ز ،ئەم ڕووداوە دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە لەهەموو خۆراسان وتورکستان[٣]،بۆیە سێ تیرە لەهۆزی جەلایری بەسەرکردایەتی هەریەکە لە تەهماسب قولی جەلایری و محمد عەلی بێگ و ترخان بێگ، هەروەها دووتیرە لەهۆزی ئەفشاری لەژێر سەرکردایەتی هەریەکە لەئەمیرلۆ و کۆندوزلۆ هاتنە ژێر ئالای نادرقولی[٤].

لەلایەکی دیکەوە بەمردنی بابا عەلی فەرمانڕەوای ئەبیوەرد لەساڵی ١٧٢٣ز،ئارەزووەکانی نادرقولی هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشتر دەچێت، چونکە دەبێتە فەرمانڕەوای ئەبیوەرد[٥]،ئەوکاتیش تەواوی خۆراسان بە ئەبیوەردەوە

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٦٤.

[2] کەلات چەند ساڵ پێش بەشێك بووە لە دەرگز،بەلأم ئێستا بەشێکە لەشاری مەشهەد. سید علی میرنیا، منبع پیشین ،ص١٣.

[3] محمد حسین میمندی نژاد ، زندگی پرماجرای نادر شا، جاویدانی علمی ،بی جایی چاپ ، ١٣٤٥ه.ش ، ص٣٤.

[4] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٦٥.

[5] عبدالحسین زرین کوب ، منبع پیشین ، ص ٧٤٢. دەربارەی مردنی باباعەلی فەرمانڕەوای ئەبیوەرد، محمد فرید بگ پێوایە نادرقولی لەڕێگای ژەهراوی کردن کوشتویەتی.محمد فرید بگ المحامی، المصدر السابق، ص١١٤.بەلأم هەریەکە لە لوکهارت وفسائی تێوەگلانی نادرقولی بەمردنی بابا عەلی ڕەتدەکەنەوە، پێیانوایە بابا عەلی لەساڵی ١٧٢٣ز مردووەو

لــەژێر فــەرمانڕەوای مــەلیك مــەحمود سیــستانی بــوو[١]، ئــەوەی زانراویــشە ســەبارەت بــەنادرقوڵی ئارەزووەکــانی تــەنها بــە فــەرمانڕەوایکردن لەئــەبیوەرد پڕنەدەبۆوە، بەڵکو خوازیاری فەرمانڕەوایکردنی تەواوی خۆراسانی لەهزریدا گەلاڵە کردبوو[٢].

لـەماوەی فـەرمانراوایی نـادر خـان لـە ئـەبیوەرد ئـەو کاتـە مـەلیك محمـود فـەرمانڕەوای تـەواوی خۆراسـانی دەکرد،بەشـێوەیەك ئـەبیوەرد بەشـێك بـوو لـە ناوچـــەکانی ژێردەســـەڵاتی مـــەلیك مـــەحمود ،ئـــەرکی رووبەڕووبوونـــەوی ئۆزبەکـەکانی بـەنادرخان راسـپارد ،بـەڵام نـادر خـان لـە فەرمانـەکانی مـەلیك مـــەحمود سەرکەشـــی کـــرد، لـــەو کاتەشـــەوە لەمازەندەرانـــەوە بەفـــەرمانی تەهەماسـبی دووەم سـوپایەك بەسـەرکردایەتی رەزا عـەلی خـان بـەرێکرا بـۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی مەلیك محمودی سیستانی، کە داوای تەخت و دەسەڵاتی تەواوی ئێرانی دەکرد[٣].

لەوبارەیەوە تەهماسبی دووەم داوای لە نادر خان کرد بۆ یارمەتیدانی دژ بەمەلیك مەحمود، ،دیارە دوای رازی بوونی نادرخان، هێرشکرایە سەر مەلیك مەحمود، بەڵام لەدوو هێرشدا نەیانتوانی دەست بەسەر مەشهەدان بگرن[٤]، دواتـر نـادر خـان بەکۆکردنـەوەی هێـزی زیـاترو یـەکگرتنی لەگـەڵ هێزەکـانی

---

موڵکـەکانی بـۆ نـادر جێهێـشتووە. لکهـارت ، نادرشـا ، ص٣٢؛ حـاج مـیرزا حـسن حـسینی فسائی، منبع پیشین، ص٥٠٧.

[1] عبـدالعظیم رضـایی،تـاریخ ده هـزار سـاله ایـران ،جلـد چهارم، انتـشارات اقبـال ، تهـران، ١٣٨١ ه.ش، ص١٦.

[2] حسن کریم الجاف ، المصدر السابق ، ص٨٢.

[3] عبدالعظیم رضایی ، منبع پیشین ، ص ١٦ .

[4] عبدالعظیم رضایی ، منبع پیشین ، ص ١٦ .

تەهماسبی دووەم توانیان لەساڵی ١٧٢٧ز پاش گەمارۆیەکی دوو مانگ و نیوی، پاش ئەوەی یەکێك لە فەرماندەکانی مەلیك محمودی سیستانی بەناوی (پیر مەحمەد بەگ ) دەروازەی شاری مەشهەدیان بۆ واڵاکردن و توانیان شارەکە داگیر بکەن ودوای چەند رۆژێك مەلیك محمودی سیستانی و برایەکانی بەفەرمانی نادرشا کوژران[1].

گرنگترین سیاسەت لەداگیرکردنی نیسابور و مەشهەد کە نادر خان گرتیەبەر بریتی بوو لەوەی کە ئەو هەوڵدەدات بۆ گەڕانەوی دەسەڵات بۆ بنەماڵی سەفەوی، هەر بۆیەش رایگەیاند کە خۆی یەکێکە لەپیاوەکانی تەهەماسب دووەم کە شای شەرعی ئێرانە، ئەم جۆرە بیرکردنەویەش کاریگەری زۆری دروست کرد لەسەر پلەو پایەو هەروەها پشتگیری کردنی خەڵکی ناوەچەکە لێی[2].

بەر لە کۆتایی هێنانی بەدەسەڵاتی محمودی سیستانی لەماوەی گەمارۆی شاری مەشهەدا نادرخان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە فەتح عەلی خانی قاجار کە ئەو کات پلەی (نائب سەلتەنەت) هەبوو دەیەوێت دەسەڵاتی لەرێگای ئەو پایەوە بەسەر تەهماسبی دووەم بسەپێنێ ئەمەش دەبێتە رێگر لەبەردەم حەزو ئارەزووەکانی نادر خان، بۆیە کەوتە بیری خۆ رزگارکردنی لە فەتح عەلی خان[3].

لەسەرەتادا نادرخان نەیویست ململانێی راستەوخۆی لەگەڵ ئەنجام بدات بۆ ئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێت، بەلاّم پاش ئەوەی بەتۆمەتی خیانەت کردن و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ مەلیك مەحمود سیستانی تاوانبار

[1] احمد پناهی سمنانی، منبع پیشین ،ص ص٨١-٨٢.

[2] حسن کریم جاف، المصدر السابق، ص٨٢.

[3] احمد پناهی سمنانی، منبع پیشین ،ص٧٦.

كــراو بەشــێوەیەكی نادیــار بــە فــەرمانی تەهماســبی دووەم تــوانی لــەناوی ببات[1]،لەراستیدا پێدانی ناسناوی (تەهماسب قولی) لەلایەن تەهماسبی دووەم، بەنادر خان ئەو پایە بە ئەندازەی پایەی وەكیلی دەوڵەت بـوو ، ئەمـەش لەلایـەن فەتح عەلی قاجار مایەی قبوڵكردن نەبوو[2].

لەلایـەكی دیكـە پێدانی ئـەو پایەیـە بـەنادرخان ، هۆكارێك بـوو، كـە فتح عـەلی خـانی قاجـار بـیر لەپەیوەنـدی بكاتـەوە لەگـەڵ مـیر مـەحمود و بـۆ ئـەم مەبەستەش پێویست بوو لەرێگای بەهانەیەكەوە خۆی بدزێتـەوە لـە هێزەكـانی تەهماسـبی دووەم بگەڕێتـەو بـۆ ئەسـتەرئاباد، بـەڵام ئاشـكرا بـوونی پلانەكـەی وپەیوەندیە نهێنیەكانی لەگـەڵ محمـود سیسـتانی بوونـە هۆكـار كـە تەهماسـبی دووەم فەرمانی كوشتنی بدات[3].

دوای ئەوەی تەواوی خۆراسان كەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی تەهماسـب مـیرزا و تەهماسب قولی ،زەنگێكی مەترسیدار بوو لەسەر دەسەڵاتی ئەشـرەف شـا، بۆیـە لەئەسـفەهانەوە بـەهێزێكی سـی هـەزار سـەربازیەوە لەئـەیلولی ١٧٢٩ بـەرەو خۆراسان بەرێكەوت، بەمەبەستی لەناوبردنی دەسەڵاتی تەهماسب میرزاو نـادر خان[4]، بەر لە ڕووبەڕووبونەوەیان لەگـەڵ ئەشـرەف (شـا)ی ئـەفغانی، نـادر خـان تـوانی لەگـەڵ تەهماسـب مـیرزا بگاتـە ڕێكـەوتنێك ، ئـەویش پێـدانی هەریەكـە

---

[1] رضا شعبانی ، منبع پیشین،جلد اول ، ص ٣٤.

[2] ادوارد براون ،منبع پیشین ، ص ١٣٩ ؛ عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص ٧٤١.

[3] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل ل ٧٢-٧٣.

[4] عبالرضا هوشنگ مهدوی، منبع پیشین، ص١٤٨؛ ابراهیم خلیل احمد، خلیل علی مراد، المصدر السابق، ص٤٩ ؛عبدالله رازی ، تاریخ كامل ایران از تأسیس سلسله ماد تا انقراض قاجاریە، چاپ شانزدهم، انتشارات اقبال، تهران،١٣٧٩ ه.ش، ص٤٣٩.

لەویلایەتەکانی خۆراسان و مازندەران و گورگان بە نادر خان دوای ئازادکردنی ئەسفەهان[(١)].

هەردوو هێز لەهەمان ساڵ لەنزیك دامغان لەکەنارەکانی ڕووباری مهماندوست ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، کە تێیدا سوپای ئەشرەف شا تووشی شکست هات و بەرەو وەرامین نزیك تهران پاشەکشەی کرد،بەڵام نادر خان بەردەوام نەبوو لەراوەدوونانی، بەڵکو هەڵسا بەدووبارە ڕێکخستنەوەی سوپاکەی[(٢)].

دەکرێت بڵێین جەنگی دامغان جەنگێکی یەکلاکەرەوە بوو،چونکە ئەشرەف شا هەر بەوسوپایە چوارساڵ پێشووتر توانی بووی بەسەر سوپای عوسمانی سەرکەوێت، کەچی بەرامبەر بەنادر خان نەیتوانی خۆی رابگرێت، هەروەها ئەم جەنگە بەسەرەتای کۆتایی ئەشرەف شا وئەفغانەکان لەئێران هەژماردەکرێت،چونکە ئەشرەف شا نەیتوانی دوای ئەم جەنگە هیچ سەرکەوتنێك بەرامبەر بەسوپای نادر خان تۆماربکات.

دوای شکست خواردنی ئەشرەف شا لەمهماندوست لە٢٩ی ئەیلولی ١٧٢٩ز[(٣)]،جارێکی دیکە لەوەرامین هێزەکەی کۆکردەوە پاش ئەوەی داوای لە ئیسلام خان فەرمانڕەوای ئەفغانی لەتهران کرد، هێزی یەدەگی بۆ ڕەوانە

---

(1) لکهارت ، نادرشا ، ص ص٥١-٥٢.

(2) عباس اقبال اشتیانی، باقر عاقلی، تاریخ ایران پس از اسلام ، نشر نامك ، تهران ، ١٣٨٠هـ.ش، ، ص٦١٤ ؛ م.ر. ارنوا– ك.ز.اشرافیان، دولت نادر شاه افشار، ترجمه: حمید مؤمنی،چاپ دوم، انتشارات شبگیر، تهران،دی ما ٢٥٣٦ ،ص٦٣.

(3) Peter Avery and Others, Op.Cit, P.28.

بکات[1]،بەڵام دووبارە سوپای ئەفغانی تووشی شکست هات و ئەشرەف شا بەناچاری ڕوویکردەوە ئەسفەهان،کەچی نادر خان ئەمجارە بەپێچەوانەی جەنگی مهماندوست،سیاسەتی بەردەوام بوون لەراوەدونانی سوپای ئەفغانی گرتەبەر، چونکە ستراتیژیەتی شەڕەکە وای دەخواست کە گرنگی بەبەردەوام بوون بدات[٢].

دوای شکست خواردنی ئەشرەف شا لەوەرامین، ئیسلام خانی ئەفغانی تەهرانی چۆڵکرد بەبێ شەڕکردن، پاشان نادر خان دەستی بەسەرداگرت و داوای لەتەهماسب میرزا کرد،لەتەهران بمێنێتەوە بەبیانووی پاراستنی ژیانی، بەڵام لەراستیدا نادر خان دەیویست ئازادکردنی ئەسفەهان بەناوی ئەو تۆماربکرێت وببێتە رزگارکەری ئێران[٣].

سەبارەت بەپێشڕەویەکانی نادر خان بەئاراستەی ئەسفەهان، خەڵکێکی زۆر چوونە پاڵی وپەیوەندیان پێوەکرد،ئەمەش مەترسی زۆری خستە سەرئەفغانەکان، بەتایبەت دوای ئەوەی نادر خان توانی کاشان داگیربکات، بۆیە ئەشرەف شا بڕیاری جەنگێکی چارەنوسازیدا لەدەرەوەی شوراکانی ئەسفەهان[٤].

---

[1] ئیسلام خان نزیکەی (٥٠٠٠) سەربازی لەتەهرانەوە بەڕێکرد بەمەبەستی یارمەتیدانی ئەشرەف شا:محمد جواد مشكور ، منبع پيشين ، ص٢٩٨؛ میرزا مهدی خان استرابادی ، جهانگشا...، ص١٠٠.

[2] مجيد دوامی، گوگی:گوشەای از تاريخ جذاب و پرماجرای نادر شا،انتشارات راستی نوە، تهران ، ١٣٨٢ه.ش، ص(خ) ؛ میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشا...،ص١٠١.

[3] لكهارت ، نادرشا.... ،ص٥٤.

[4] میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشا...،ص١٠٢.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەشرەف شا بەسوپایەكی سی هەزار كەسیەوە كە پێكهاتبوون لە غلزائی و هازارین و فارس و هەندێك لەسەربازانی عوسمانی كەنزیكەی پێنچ هەزار سەرباز دەبوون لەسەر راسپاردەی ئەشرەف شا لەلایەن والی بەغدا ئەحمەدپاشا ناردرابوون[1] ڕوویانكردە مورچەخورت [2]،هۆكاری یارمەتیدانی عوسمانیەكان بۆ ئەشرەف شا دەگەڕێتەوە بۆ دڵەراوكیٚ ومەترسیەكانی دەوڵەتی عوسمانی لەدەركەوتن و ئایندەی نادر خان [3].

دوابەدوای ڕووبەڕووبونەوەی هەردوو هێز لەمورچەخورت، تەهماسب قولی توانی سەركەوێت بەسەر ئەشرەفی ئەفغانی وناچاری بكات ڕووبكاتەوە ئەسفەهان ،پاش ئەوەی نزیكەی حەوت هەزار كوژراوی لەدوای خۆی جێهێشت،لەگەڵ هەندێك دیل كەلەناویاندا سەربازی عوسمانی بەدی دەكرا،هەروەها دوای ئەم جەنگە شاری ئەسفەهان لەلایەن سوپای نادر خان لەهەموو لایەكەوە گەمارۆدرا[4].

بێگومان شكستخواردنی ئەشرەف شا لەمورچەخورت وكاریگەریە دەروونیەكان لەسەری،هۆكار بوون بۆ ئەنجامدانی رەشەكوژیەكی ترسناك لەناوئەسفەهان،وەك وەلاٚمدانەوەیەك بۆشكستەكەی بەرامبەر بەنادر خان،هەڵسا بەكوشتنی شا حوسێن وهاوكارە دڵسۆزەكانی،بەشێوەیەك لاشەی شاحوسێن بەسەربڕاوی لەیەكێك لەكۆلاٚنەكانی ئەسفەهان فڕێدرا،دوای ئەنجامدانی ئەو

---

[1] محمد حسین میمندی نژاد، منبع پیشین،ص١٩٨.

[2] حسن مجید الدجیلی ، ایران والعراق خلال خمسة قرون ، دارالاضواء ، بیروت، ١٩٩٩م، ص٥٩؛ حاج میرزا حسن حسینی فسائی منبع پیشین، ص٥١٢؛

Fraser. J. the History of Nadir Shah, formerly Called Thames Kuli Khan, London, 1971, pp.97-98.

[3] منوچهر پارسا دوست ، منبع پیشین،ص٥٢.

[4] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل ل ٨٤–٨٥.

كوشتارگەیە ئەشرەف شا توانی خۆی دەرباز بكات ولەشاری ئەسفەهان دەربچێت[١].

لە١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٢٩ز یەكەمین دەستەی سوپای نادر خان توانیان بچنە ناوئەسفەهان،هەروەها لەلایەن خودی نادر خان لەرێگەی نێردەیەكی تایبەتی هەواڵی ئازادكردنی ئەسفەهان گەیاندرایە تەهماسب میرزا وداوای لێكرد بگەڕێتەوە ئەسفەهان بۆ ئەوەی تەختی (شا)یەتی وەربگرێتەوە،دەرئەنجام تەهماسب میرزا لە ٩ی كانونی یەكەمی ١٧٢٩ز گەیشتە ئەسفەهان،نادر خان كەسەركردەی گشتی سوپا بوو لەدوای ئازادكردنی ئەسفەهان لەلایەن تەهماسب میرزا مافی كۆكردنەوەی باجی لەوڵات پێبەخشرا، بەمەش نادر خان دەسەڵاتی سەربازی و توانا داراییەكانی وڵاتی كەوتە دەست، ئەمەش هەنگاوێكی دیكە بوو بۆ نزیك بوونەوەی لە تەختی فارس[٢].

سەبارەت بەچارەنووسی ئەشرەف شا، نادر خان لەسەر راسپاردەی شا تەهماسبی دووەم ، بەهێزێكی گەورە بەرەو شیراز بەڕێكەوت، لەناوچەی زارەغان[٣] لەگەڵ پاشماوەی هێزی ئەشرەف شا ڕووبەڕووی یەكتر بوونەوە، ئەمجارەیان سوپای ئەفغانی بەتەواوەتی تێكشكا[٤]، هەرچەندە ئەشرەفی ئەفغانی هەوڵیدا ئاشتی نامەی ئابروپارێز لەگەڵ نادر ببەستێت ،بەلاَم

---

(1) مەحمود طلوعی ، منبع پیشین ، ص٥٧؛ عبدالعظیم رضائی ، منبع پیشین ، ص١٩.

(2) مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل٨٥.

(3) ئەم ناوچەیە دەكەوێتە دووری ٣٢كم لەشیراز.

(4) ذبیح الله صفا،تاریخ ادبیات ایران،تلخیص: محمد ترابی، جلد چهارم، چاپ چهارم، انتشارات فردوس،تهران،١٣٨٤ ه.ش، ص٣١.

ئەنجامەكـــەی بـــێ هـــودە بـــوو، چـــونكە لەلایـــەن نـــادر خـــان ڕەتكرایەوە[١].

پـــاش ســـەرنەگرتنی هەوڵەكان،ئەشـــرەف شـــا لەشـــیرازەوە بـــەرەو لار بەڕێكەوت،بەڵام بەرپرسانی شاری لار ڕێگر بوون لەچوونی بۆناوشارەكە، بۆیـە بەناچاری ڕوویكـردە نرمانـشیرو سیـستان، لەوێـشەوە بـەرەو قەنـدەهار، بـەڵام دوژمنكاری نێـوان ئەشـرەف شـا لەگـەڵ حوسێن سوڵتانی كوری میر مـەحمود بـووە هۆكارێـك ڕوو لـە هیرمنـد بكـات، لـەوێش لەدەوروبـەری گەرمـسیران لەناوچەی گرشك ڕووبەڕووی یەكتربوونەوە،پاش ئـەو شـەڕە زۆربـەی سـوپاكەی لێـی جیابوونـەوە، بۆیـە لەناوچـەی بلوچـستان لەلایـەن كۆمـەڵێكی بلوچـی لـەكانونی دووەمـی ١٧٣٠ز دەسـتگیردەكرێت ،پاشـان دەكوژرێـت وسـەرە بڕاوەكـەی بـۆ شـا تەهماسـبی دووەم دەهێننـەوە ئەسـفەهان، بەمـەش كۆتـایی بەحوكمرانی حەوت ساڵەی ئەفغانەكان لەئێران هات[٢].

---

[1] عبدالحسین زرین كوب ، منبع پیشین ، ص٧٤٣ . ئەشرەف شا ئامادەبوو بەگەڕاندنەوەی هـەموو ئەوكەلوپەلانـەی دەربـاری سـەفەوی كەدەسـتی بەسـەردا گرتبـوو، لەگـەڵ ئـازادكردنی هەموو ئەوئافرەتانەی كەپەیوەست بوون بەبنەماڵەی سەفەوی ، تـەنها ئەگـەر تەهماسب قولی ڕازی بێت بەدانوستاندنەكە: Fraser J., Op.Cit, P.101.

[2] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل٨٦.

# بەشی پێنجەم

# نادر خان و کۆتایی هێنان بە فەرمانراوایەتی سەفەوی

**تەوەری یەكەم :**

**نادر خان و دورخستنەوەی شا تەهماسبی دووەم لەدەسەڵات**

**أ – بەرەنگاربوونەوەی نادر خان لەگەڵ سوپای عوسمانی**

دوابەدوای كۆتایی هێنان بە فەرمانراوایەتی ئەفغانەكان لەئێران، بەتایبەت دوای كوژرانی (ئەشرەف شا)ی ئەفغانی، نادر خان و تەهماسبی دووەمی سەفەوی لەیەكەمین هەنگاویاندا هەڵسان بەڕەتكردنەوەی ڕێكەوتننامەی ساڵی ١٧٢٧ز نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەشرەف شا ، چونكە ناوبراوان ئەو ڕێكەوتننامەیان بەشەرمەزاری بۆ مێژووی ئێران هەژماركرد، لەهەمان كاتدا كەوتنە خۆئامادەكردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای عوسمانی لەهەمەدان كەبەگوێرەی ڕێكەوتننامەی ساڵی ١٧٢٧ز دەستیان بەسەر داگرتبوو[١].

لەلایەكی دیكەوە شا تەهماسبی دووەم بەهاندانی نادر خان هەڵسا بەناردنی شاندێك بەسەرۆكایەتی ڕەزا قولی خان شاملو بۆ دەرباری عوسمانی بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ناوچە داگیركراوەكان بۆ ژێر دەسەڵاتی شاهی ئێران، لەكاتێكیشدا دەوڵەتی عوسمانی داواكاریەكە ڕەتبكاتەوە، ئەوە ئێران ناچاردەبێت بەهێز ناوچە داگیركراوەكان وەربگرێتەوە، لەوبارودۆخەدا نادر خان چاوەروانی هەوڵە دیبلۆماسیەكان نەبوو،لەشیرازەوە ڕوویكردە دیزەفول و لەوێشەوە بەرەو نەهاوەند كە حامیەكی عوسمانی تێدابوو وێرانی كرد[٢].

لەكاتی لەشكركێشیەكەی نادر خان بەئاراستەی هەمەدان، هەریەك لەتەیمورپاشای فەرمانڕەوای وان وخانەپاشا فەرمانڕەوای سنە لەشاری مەلایر

---

[1] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل٨٧.

[2] حسن مجید الدجیلی، المصدر السابق، ص٦١ ؛ ابراهیم خلیل احمد، خلیل علی مراد، المصدر السابق ، ص٥٠.

بەرەنگاری بوونەوە، دوای شەڕێکی سەخت شکستیانخوارد وبەرەو هەمەدان پاشەکشەیان کرد،هەردوو شاری مەلایر وسنە کەوتە ژێر دەسەلاّتی نادر خان،هەروەها سوپای شکست خواردوو لەمەلایر،جارێکی دیکە لەهەمەدان خۆیان ڕێکخستەوە بەسەرکردایەتی عوسمان پاشا بەیاوەری تەیمورپاشا، ڕووبەڕووی سوپای نادر خان بوونەوە، بەلاّم سەرکەوتن یاوەریان نەبوو، دەرئەنجام هەردوو سەرکردەی عوسمانی کوژران وشاری هەمەدان کەوتە ژێر دەسەلاّتی نادر خان، لەگەڵ دەستگرتنیان بەسەر ژمارەیەکی زۆری کەلوپەلی سەربازی[١].

سوپا تێکشکاوەکەی عوسمانی لەهەمەدانەوە پاشەکشەیان کرد بەرەو کرماشان ، بەلاّم لەوێش نەیانتوانی ببنە بەربەست لەبەردەم سوپای نادر خان، بۆیە بەناچاری شارەکەیان لەدەستداو گەڕانەوە سەر سنوی کۆن ( زەهاب و خانەقین)، ئەم شکستخواردنە سەخت و نالەبارەی سوپای عوسمانی جارێکی دیکە ڕێگای خۆشکرد بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ لەنێوان هەردوو ولاّت[٢].

له ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٧٣٠ز نادر خان ڕوویکردە ئازەربایجان، دوای ئازادکردنی هەریەکە لەشارەکانی ساوجبلاغ و مەراغە، نادر خان هەڵسا بەکۆچپێکردنی نزیکەی سێ هەزار کەس لەئەفشاریە کرکلویەکانی دەوروبەری مەراغە بۆ خۆراسان[٣]، دواتر لە١٢ئابی هەمان ساڵ لەدوای شەڕێکی سەخت

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٨٨. بۆزیاتر زانیاری دەربارەی ڕەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگەکە بڕوانە: میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشا..،ص ص١١٨ – ١٢٢.

[2] محمد امین زکی، المصدر السابق ، ص٢١٠.

[3] احمد کاویان پور ، تاریخ عمومی اذربایجان، مؤسسە انتشارات اسیا ،بی جایی چاپ، ١٣٤٦ه.ش، ص١٨٣ ؛ رضا زادە شفق، المصدر السابق،ص١٠٠.

لەدووری دوانزە كیلۆمەتر لەشاری تەبرێز،نادر خان توانی شكست بەسوپای عوسمانی بدات و دەست بەسەر شارەكەدا بگرێت[1].

دوابەدوای دەستگرتنی بەسەر تەبرێز، نادر خان سوپایەكی نارد بۆ داگیركردنی ئەردەبیل، بەلاّم بەر لەگەیشتنی سوپای نادر خان، عوسمانیەكان شارەكەیان چۆڵكردبوو، چونكە هەواڵی نزیك بوونەوەی سوپای (تەهماسب قولی)یان پێگەیشتبوو[2]،دواتر نادر خان ڕوویكردە یەریڤان، بەمەبەستی رزگاركردنی، هەرچەندە لەلایەن نادر خان شارەكە گەمارۆدرا، بەلاّم هەڵگەڕانەوەی ئەبدالیەكان لەهەرات و ئابلوقەدانیان بۆ شاری مەشهەد، بووە هۆكارێك كەنادر خان هێرشەكەی بۆ سەر یەریڤان بەنیوەچڵی جێبهێڵێت و ڕووبكاتەوە خۆراسان[3].

بەر لەرۆیشتنیشی بۆمەشهەد، بەمەبەستی سەركوتكردنی ئەبدالیەكان لەهەرات و لابردنی گەمارۆی سەرمەشهەد، هەڵسا بەدەست نیشانكردنی بێستون بیگ ئەفشار وەك فەرمانڕەوای تەبرێز[4]،بێگومان ئەم سەركەوتنانەی نادر خان بەسەر سوپای عوسمانی كاریگەری گەورەی دروست كرد لەسەر پێگەو ناوبانگیەكەی لەناو ئێران وهەروەها بووە پاڵنەرێكی سەرەكیش بۆ

---

(1) محمد جواد مشكور ، منبع پیشین ، ص٢٩٩.

(2) مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل٨٩.

(3) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، میرایەتی بابان لە نێوان .... ، ص٦٧؛ محمد احمد ریاحی، تاریخ خوی، انتشارات توس، بی جایی چاپ، ١٣٧٢ه.ش،ص١٤٥.

(4) ایرج افشار سیستانی ، نگاهی به اذربایجان غربی، جلد اول ، مؤسسه انتشاراتی اموزش نسل دانش، تهران،١٣٦٩ه.ش،ص١٨٤ " عباس پرویز ، منبع پیشین ، ص١٠٥.

خودی نادر خان بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەتر بهاوێژێت بۆ نزیك بوونەوە لەدەسەلاّتی ڕەها[١].

سوپای عوسمانی لەئەنجامی ئەو شكستانەی كە لەبەرامبەر نادر خان تووشی هاتبوون بەناچاری داوای ئاگربەستیان كرد[٢]، لەوكاتەشدا دەنگۆی هەڵگەڕانەوەی ئەبدالیەكان لەهەرات و مەترسیەكانیان لەسەر مەشهەد،وای لەنادر خان كرد بەداواكاریەكەی دەوڵەتی عوسمانی رازی بێت[٣].

سەبارەت بەبارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی، دوای سەركەوتنەكانی نادر خان لەبەرەكانی جەنگدا، بەدڵەراوكێوە هەواڵەكان دەگوازرانەوە بۆ دەرباری عوسمانی كە ئاڵۆزی و پشێویەكی زۆری بۆ كاربەدەستانی عوسمانی دروستكردبوو، بەتایبەت دوای پێشكەشكردنی یارمەتیەكانی ڕوسیای تەزاری بۆ نادر خان[٤].

لەئەنجامی شكستخواردنی سوپای عوسمانی لەبەرەكانی جەنگ بەرامبەر بەنادر خان و تێكچوونی بارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەتی عوسمانی ڕێگا خۆشكەربوون بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەرین لەئیستانبوڵ لە٢٨ی ئەیلولی ١٧٣٠ز بەسەركردایەتی پاترۆنا خەلیل ئەلبانی وەك دەربڕین ونارەزایی ڕای گشتی لەسەر لاوازی سیاسەتی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم(١٧٠٣-١٧٣٠) و داماد ئیبراهیم پاشای سەدری ئەعزەم، هەروەها ئەم ڕاپەرینە كاردانەوەی

---

(1) مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل٨٩.

(2) الامیر شكیب ارسلان،المصدر السابق،ص٢٤٤.

(3) الكسندر اداموف، ولاية البصرة في ماضيها وحاضرها، ترجمة: هاشم صالح التكريتى ، الجزء الثاني ، مطبعة التعليم العالى ، البصرة ، ١٩٨٩م ، ص ص٩٩ – ١٠٠.

(4) حسن مجيد الدجيلى ، المصدر السابق ، ص٦٢.

گـشتگیری هـەبووە لەسـەرلادانی سـوڵتان و دانـانی مـەحمودی یەکـەم کـوری سوڵتان مستەفای سێیەم (١٧٣٠-١٧٥٤)[١].

یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەرینەکەی پاترۆنا خەلیل و دوورخـستنەوەی سـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەم لەدەسـەلات، بریتـی بـوو لـە واژووکردنـی پەیماننامـە لەلایـەن سـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەم لەگـەڵ شـا تەهماسـبی دووەم، کـەبووە هـۆی وروژانـدنی ڕای گـشتی لـەناو دەوڵـەتی عوسمـانی بەشـێوەیەك سـوڵتانی عوسمـانی بـەلاواز وەسـفکرا، دەرئـەنجام ئینکیـشاریەکان دەسـتیان بەهەڵگەڕانـەوە کـرد وسـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەمیان لەدەسـەلات دوورخـستەوە و مـەحمودی یەکـەمی برازایـان کـرد بەسـوڵتانی عوسمانی[٢].

**ب – هەڵگەڕانەوەی ئەبدالیەکان لە هەرات**

سـەبارەت بەهەڵگەڕانـەوەی ئەبدالیـەکان و گـەمارۆدانیان بـۆ مەشـهەد[٣]، نادر خان لەئابی١٧٣٠ز لە تەبرێزەوە بەرەو مەشهەد بەڕێکەوت، هـەر لـەڕێگادا هەواڵی پاشەکشەی ئەبدالیەکانی پێگەیشت لە دەوروبەری شاری مەشهەد، کە بۆماوەی یەك مانگ ئەو گەمارۆیە بەردەوام بوو[٤].

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٩٠.

[2] دونالد ولبر، المصدر السابق ص ٩٧ . بۆزیاتر زانیاری دەربارەی بارودۆخی دەوڵـەتی عوسمـانی لـەڕووی ئـابووری و کۆمەلایـەتی و سیاسـی کاریگەریـەکان و دەرئەنجامـەکانی لەسـەر ڕاپەرینەکـەی پاترۆنـا خـەلیل ئـەلبانی بڕوانـە: روبـرت دبلیـو.اولـسن، المـصدر السابق،ص ص١٣١-١٥٥؛ محمد فرید بگ المحامي، المصدر السابق ،ص٣١٨.

[3] محمد کاظم مروی وزیر مرو، منبع پیشین،ص١٥٢.

[4] میرزا مهدی خان استرابادی ، دره نادره... ، ص٧٣٠ ؛ لکهارت ، نادرشا ،ص٧٣.

پاش گەیشتنی نادر خان بۆ مەشهەد ومانەوەی نزیکەی چوار مانگ لەوشارە، توانی لەوماوەیەدا خۆی ئامادە بکات بۆ هێرشکردنە سەرهەرات ،لەوهەڵومەرجەدا، زولفەقار سەرکردەی ئەبدالی و فەرمانڕەوای فراە داوای لەفەرمانڕەوای قەندەهار کرد،بەمەبەستی یارمەتیدانی لەبەرامبەر هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی نادر خان،لەبەرامبەردا فەرمانڕەوای قەندەهار هەڵسا بەڕەوانەکردنی نزیکەی( ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠) جەنگاوەر بەسەرکردایەتی محەمەد سیدال خانی غەلزائی[1].

نادر خان لە ٢٤ی ئازاری ١٧٣١ز بەرەو هەرات لەشکرەکەی بەڕێکردو لەناوچەی( نەقرە ) سوپاکەی جێگیر کرد، کەنزیکەی حەوت میل لە هەرات دوورە، دوای ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ هێزی ئەبدالی توانی شکستیان پێبدات و پاشەکشەیان پێ بکات بەرەو هەرات[2]،سەرکەوتنی نادر خان لەناوچەی (نەقرە) ، بەتایبەت لە ئایاری١٧٣١ز بڕیاری هێرشێکی بەرفراوانی دا بەمەبەستی گەمارۆدانی هەرات لەهەموولایەکەوە، بۆیە لەسەرەتادا توانی کۆنترۆڵی ڕووباری هاری رود وپردەکەی بکات لەناوچەی مالان[3] .

---

[1] لکهارت ، نادرشا ، ص٧٤ "
The New Encyclopaedia Britannica, 1973-1974, Volume.1, P.174.

[2] نورالله لارودی، منبع پیشین، ص٥٧.

[3] ئەم ڕووبارە ئێستا سنووری هەریەکە لەئێران وئەفغانستان لەلایەك و ئێران و کۆماری تورکمانستان لەلایەکی دیکەوە لێك جیا دەکاتەوە،سەرچاوەی ئەم ڕووبارە دەکەوێتە شاخی بابا لە ناوچەی باختری ئەفغانسان و باشووری تورکمانستان، درێژیەکەی لەسەرچاوە تاکو دەرچوونی لەخاکی تورکمنستان نزیکەی ١١٢٠کم دەبێت، هەروەها سەبارەت بەناوی ڕووبارەکەش بەهۆی ڕەت بوونی لەباکوری هەرات، ئەوناوەی هەڵگرتووە. عباس جعفری،گیتاشناسی ایران (رودهاو رودنامە ایران)، جلد دوم، مؤسسە جغرافیایی وکارتوگرافی گیتاشناسی، تهران،١٣٧٦ه.ش،ص٤٧٨.

هەرچەندە سوپای ئێران لەژێر تۆپبارنی توندی ئەفغانەکان بوو، بەڵام نەبووە بەربەست لەبەردەم لەشکرکێشیەکەی نادر خان بەرەو هەرات، توانی گوندەکانی( دەنو، ناگهان ، کیان ) داگیر بکات، دواتر هەڵسا بەناردنی بەشێکی سوپاکەی بۆ داگیرکردنی گرشك و زمینداور ، هەروەها بەشێکی دیکە لەسوپاکەی بەمەبەستی داگیرکردنی فراه ،بەڵام سەرکەوتن یاوەریان نەبوو، لەوهەڵومەرجەشدا نادر خان توانی هەرات گەمارۆ بدات[1].

سیدال خانی فەرمانڕەوای فراه لەگەڵ هێزەکانی غەلزائی و ئەبدالی هەوڵیدا گەمارۆکەی سەر هەرات بشکێنێت، پاش ئەوەی لەشار دەرچوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای نادر خان، بەڵام تووشی شکستی سەخت هات و گەڕایەوە ناوهەرات، ئەم کارەی سیدال خان بووە هۆی ئەوەی کە گەمارۆی سەرشارەکە لەلایەن نادر خان توندتر بکرێت [2].

زولفەقار سەرکردەی ئەبدالی بەیاوەری هێزێکی ئەبدالی لە تەمموزی ١٧٣١ز لەشار دەرچوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی نادر خان، لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەیان لەسەر پردی هاری رود شکستیان خوارد، لەوکاتەدا سیدال خان لەهەرات پاشەکشەی کرد بەرەو فراه ، بۆیە ئەبدالیەکان بەناچاری داوای دانوستاندنیان کرد بەمەبەستی خۆبەدەستەوەدانیان[3].

جێگای ئاماژەپێکردنە ئەبدالیەکان دوای ١٠ مانگ لەگەمارۆدانی شارەکەیان ،دەرئەنجام لە شوباتی ١٧٣٢ز فەرمانڕەوای هەرات ئەڵڵاهیار خان خۆبەدەستەوەدانی خۆی ڕاگەیاند،پاشان نادر خان بەیاوەری سوپاکەی

---

(1) میرزا مهدی خان استرابادی، دره نادره... ،ص٧٣٢ ؛ لکهارت ، نادرشا ،ص ص٧٤-٧٥.

(2) نورالله لارودی، منبع پیشین، ص٥٧.

(3) میرزا مهدی خان استرابادی ،دره نادره... ،ص٧٣٢ ؛ لکهارت ، نادرشا،ص٧٦.

چـــوونە نـــاو هـــەرات[١]، یەكـــەمین كاردانـــەوەی نـــادر خـــان لەهـــەرات دوای خۆبەدەســـتەوەدانی خـــەڵكی شارەكە،هەڵـــسا بەئاهـــەنگ گێـــڕان، دواتـــر بـــۆ چاوترساندنی خەڵكەكە سەری زیاتر لە سێ سەد جەنگاوەری كوژراوی ئەبدالی بەســەری رمــەكانی جــەنگاوەرەكانی ســوپای نــادر خــان هەڵواســران، هــەروەها ئـەڵلاهیارخان ودارودەسـتەكەی دوورخـستەوە بـۆ مۆلتـان و زیـاتر لـە شەسـت هــەزار ئەبـدالی كـۆچ پێكـران بـۆ مەشـهەد و نیـسابورو دامغـان[٢]،لـە شـوێنی كۆچـكەرە ئەبدالیـەكان ژمارەیـەك لەخانـەوادەی فارسـی لەشـوێنیان نیـشتەجێ كرد،مەبەسـت لـەم كارەشـی كەمكردنـەوەی پەیوەنـدی هۆزایـەتی بـوو لـەنێوان دانیشتوانانی هەرات[٣].

دوا بەدوای ئەو ڕووداوانە دەنگۆی شكستەكانی شا تەهماسبی دووەم بەرامبـەر بـە عوسمانیـەكانی پێگەیشت، بۆیـە بڕیـاری گەڕانەوەیـدا بـۆ مەشـهەد بەمەبەســـتی خۆئامـــادەكردن بـــۆ بەرەنگاربوونەوەیـــەكی نـــوێ لەگـــەڵ عوسمانیەكان[٤].

---

(1) Krusinski, the History of the Late Revolutions of Persia, Volume. II ,P.214 ؛

میرزا مهدی خان استرابادی، دره نادره...،ص٧٣٢.

(2) میرزا مهدی خان استرابادی ،جهانگشا...،ص ص١٦٦-١٦٧ ؛لكهارت، نادرشا، ص٧٧.

(3) Fraser. J, Op. Cit, P.103.

(4) لكهارت ، نادرشا ،ص٨٥.

**ج – دورخستنەوەی شا تەهماسبی دووەم لەدەسەلاَت**

پاش دەست بەكاربوونی مەحمودی یەكەم وەك سوڵتانی عوسمانی ،هەڵسا بەدەركردنی فەرمانێك بۆ هێرشكردنە سەر ئێران بەسەركردایەتی ئەحمەدپاشای والی بەغدا ،مەبەستیش لەدەركردنی ئەو فەرمانە ڕواندنەوەی ئەو گرژی و ئاڵۆزیانە بوو كەباڵی كێشابوو بەسەر دەوڵەتی عوسمانی[1].

لەلایەكی دیكەوە سەرقاڵ بوونی نادر خان بەسەركوتكردنی ئەبدالیەكان لەهەرات، ڕێگای خۆشكرد بۆ شا تەهماسب میرزا كە ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە،بەسەركردایەتیكردنی سوپایەك لەئەسفەهانەوە ڕوویكردە تەبریزو لەوێشەوە بیستون بیگ ئەفشار فەرمانڕەوای شارەكەی لەپۆستەكەی دوورخستەوە ومحەمەد قولی خان وەك فەرمانڕەوای نوێی تەبریز دەست نیشانكرد[2]، پاشان بەسوپایەكی زەبەلاحی هەژدە هەزار سەربازی ڕوویكردە نەخچەوان و یەریڤان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی سوپای عوسمانی[3].

دوا بەدوای لەشكركێشیەكەی تەهماسب میرزا بەرەو یەریڤان توانی بۆماوەی هەژدە ڕۆژ گەمارۆی شارەكە بدات، بەمەبەستی داگیركردنی، بەلاَم بەهۆی كەم بوونی ئازوقە بۆ سوپاكەی دەستی لەئابلوقەدانەكە هەڵگرت وبەرەو

---

[1] علی شاكر علی ، المصدر السابق، ص١٨٢.

[2] رضا شعبانی، تاریخ تحولات سیاسی – اجتماعی ایران در دورەهای افشاریه و زندیه، چاپ چهارم، سازمانی مطالعه و تدوین كتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، تهران، ١٣٨١ه.ش، ص٢٧.

[3] رضا شعبانی ، تاریخ اجتماعی .. ، جلد اول ، ص٦٠ .سەبارەت بەهۆكارەكانی هاوێشتنی ئەو هەنگاوە لەلایەن شا تەهماسب میرزا، دەگەڕێتەوە بۆ نیشاندانی تواناو لێهاتووی خودی تەهماسب میرزا لەلایەك و ئیرەیی و مەترسیەكانی دەوروبەرانی شا تەهماسب لە سەركەوتن و ناوبانگیەكانی تەهماسب قولی، كەبەردەوام تەهماسب میرزایان ئاگادر دەكردەوە لەمەترسیەكانی تەهماسب قولی لەسەر دەسەلاَتەكەی. روبرت دبلیو.اولسن، المصدر السابق،ص ١٦٦.

سـوڵتانیە گەڕایـەوە کەدەکەوێتـە دووری پێـنچ فەرسـەخ لەشـاری هەمـەدان [1]،لەبەرامبەریـشدا سـوپای عوسمـانی هـەر لـەدوای دەرچـوونی فەرمانەکـەی مـەحمودی یەکـەم لەتـەموزی ١٧٣١ز توانیـان کرماشـان داگیربکـەن و هـەروەها میرنشینی ئەردەلانیش خرایەوە ژێر قەڵـەمڕەوی دەوڵـەتی عوسمـانی دوای ئـەو هێرشـەی کەلەلایـەن خالیـد پاشـای مـیری بابـان ئـەنجام درا[2]،دوابـەدوای بڵاوبونـەوەی هەواڵـەکانی لەشکرکێـشی سـوپای عوسمـانی بـەرەو هەمـەدان ، تەهماسـب مـیرزا لەگونـدێك بـەناوی کردخـان[3] لـە ١٦ی ئـەیلول ١٧٣١ز ڕووبـەڕووی سـوپای عوسمـانی بـۆوە بەسـەرکردایەتی ئەحمـەد پاشـا والی بەغدا[4].

پـاش بەرەنگاربوونـەوەی هـەردوو سـوپا لەکردخان،تەهماسـب مـیرزا وسوپاکەی شکستیان خوارد، بۆیە تەهماسب میرزا بەناچاری پاشەکشەی کرد بەئاراسـتەی ئەسفەهان،لەراسـتیدا ئـەو شـوێنانەی کـە نـادر خـان بـەگرانی بەدەسـتی هێنـابوو، لـەماوەی یـەك مانگـدا لەلایـەن تەهماسـب مـیرزا لەدەسـت درا[5]، ئەحمـەد پاشـای والی بەغـدا دوای ئـەوەی تـوانی زەبرێکـی کوشـندە

---

[1] احمد پناهی سمنانی ، منبع پیشین ، ص ص١١٥-١١٦ ؛

Krusinski, Volume.II, Op.Cit, P.212.

[2] سعدی عثمان حسین،کوردستان الجنوبیة ....، ص٣٠٢.

[3] ئـەم نـاوە لەلایـەن ابـراهیم بـگ حلـیم بـە کوریجـان هـاتووە. ابـراهیم بـگ حلـیم ، التحفـة الحلیمیــة في تــاریخ الدولــة العلیــة ، الطبعــة الاولى،مؤســسة الکتــب الثقافیــة، بــیروت ،١٩٨٨م،ص١٦٦.

[4] على الوردی ،المصدر السابق، ص١١٢ ؛ محمد کاظم مروی وزیر مرو، منبع پیشین،ص ص٢٢٠-٢٢١.

[5] عبالرضـا هوشـنگ مهـدوی، منبـع پیـشین، ص١٥٠ ؛ شـاهین مکاریوس،تـاریخ ایـران، مصر،١٨٩٨م ،ص١٩٩.

لەسوپای ئێران بدات لەکردخان ، هەریەکە لەشارەکانی هەمەدان و کرماشانی داگیر کرد،هەروەها عەلی پاشا فەرمانده‌ی سوپای عوسمانی لەسنووری یەریڤان توانی شاری مەراغەو تەبرێز داگیربکات[١].

لەلایەکی دیکەوە دوای تێکچوونی بارودۆخی سوپای ئێران و نزیک بونەوەی عوسمانییەکان لەئەسفەهان، کەترس و دڵەراوکێی زۆری هێنابووە ئاراوە، تەهماسب میرزا بەناچاری لەقوم ڕوویکردە تەهران ولەگەڵ راوێژکارانی کۆبونەوەی ئەنجامدا، دوای گۆڕینەوەی بۆچوونەکان، بڕیاردرا داوای ئاشتی بکەن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەم مەبەستە داواکاریەکەی ئێران لەلایەن محەمەد باقر خان و محەمەد ڕەزا قولی خان گەیاندرانە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی[٢].

دوای رازی بوونی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر داواکاریەکەی ئێران ، ئامادەکاری پێویست کرا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەنێوان هەردوو وڵات،کەبەسەرپەرشتی هەریەکە لەئەحمەد پاشا والی بەغدا وەك نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی و محەمەد ڕەزا قولی خان ڕێگەپێدراوی ئێرانی ئەنجامدرا، دواتر لەساڵی ١٧٣١ز ڕێککەوتن لەسەر پەیماننامەیەك کە ناسراوە بەپەیماننامەی ئەحمەد پاشا[٣]،کەگرنکترین بەندەکانی بریتی بوو لەوەی کە

---

(1) محمد جواد مشكور،منبع پيشين، ص ٣٠٠ ؛ ايرج افشار سيستانى، منبع پيشين ، ص ص١٨٤-١٨٥؛ حسن كريم جاف ، المصدر السابق ، ص٨٥.

(2) مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٩٥.

(3) شاكر صابر الضابط ،المصدر السابق،ص٤٣ .دەربارەی هۆکارەکانی رازی بوونی دەوڵەتی عوسمانی بە داواکاریەکەی تەهماسب میرزا بگەڕێوە بۆ: ستیڤن هیمسلی لونگریك ،المصدر السابق، ص١٦٩.

ڕووباری ئاراس[(١)] لە ئازەربایجان ودەرنەو دەرتەنگ لەرۆژهەلاتی بەغدا دەبنە بناغەیەك بۆ سنووری هەردوو دەوڵەت[(٢)]، هەروەها گەنجە وتەفلیس و روان وهەموو ناوچەکانی شێروان وشەماخی وداغستان بەهەموو پاشکۆکانیەوە دەدرێت بەدەوڵەتی عوسمانی، لەبەرامبەریشدا تەبریز و ئەردەلان و کرماشان وهەمەدان وحەویزە ولورستان بۆ ئێران دەمێنێتەوە[(٣)].

نادر خان پاش ئەوەی هەواڵی شکستەکانی شا تەهماسبی دووەم و بەستنی پەیماننامەی ئاشتی بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی پێگەیشت، لەهەراتەوە گەڕایەوە مەشهەد[(٤)]، هەر لەوێشەوە نامەی ئاراستەی فەرمانڕەوای

---

[(1)] ئەم ڕووبارە بریتیە لە سنورێکی سروشتی لەنێوان ئێران و کۆماری ئازەربیجان و ئەرمەنستان، سەرچاوەی ئەم ڕووبارە دەکەوێتە شاخی بینگولْ داغ، لەکۆتایدا دەڕژێتە دەریای خەزەر،درێژیەکەی نزیکەی ٩١٠کم دەبێت.بۆ پتر زانیاری بڕوانە: عباس جعفری،... (رودهاو رودنامە ایران)، جلد دوم، منبع پیشین،ص١٠٤.

[(2)] Jonas Hanway, Op.Cit, P.64.

[(3)] شاکر صابر الضابط ،المصدر السابق ، ص٤٣ .سەبارەت بەبەندەکانی پەیماننامەی ئەحمەد پاشا،(حسن مجید الدجیل)ی باس لەگەڕاندنەوەی کەرەستەی جەنگی دەست بەسەرداگیراو هەروەها پێشکەشکردنی یارمەتی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بۆ زیارەتکەرانی ئێرانی بۆ شوێنە پیرۆزەکان و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی دەکات لەگەڵ ئازادکردنی دیلەکانی هەردوولا : حسن مجید الدجیلی، المصدر السابق ، ص ص٧٨-٧٩ . لەهەمان کاتدا زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەپەیماننامەکەدا باس لە ئالوگۆڕکردنی دیلەکان نەکراوە : عباس اقبال اشتیانی، باقر عاقلی، منبع پیشین، ص٦١٧ ؛ حسن کریم جاف ، المصدر السابق ، ص٨٦ . لەلایەکی دیکەوە پرسی باس نەکردنی ئالوگۆڕکردنی دیلەکان بەهانەیەکی باش بوو بۆ تەهماسب قولی بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەو خاڵەوە کەچارەنوسی دیلەکان وەلانراون هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی : روبرت دبلیو.اولسن، المصدر السابق،ص١٧١ ؛

P. SYKES, Op. Cit, P.343.

[(4)] رضا شعبانی، تاریخ تحولات...،ص٢٦.

هەرێمــەكان كــردو پەیماننامــەی ئاشــتی بــۆ ڕوونكردنــەوەو داوای لێكــردن پێویستە ئەو پەیماننامەیە هەڵبوەشێتەوە،چونكە بەزیانی ئێران تەواو دەبێت و تەهماسب میرزای بەناپاك لەقەڵەمدا[1]،هەروەها نێردەی تایبەتی خۆی ناردە دەرباری عوسمانی بۆ ئەوەی پەیامی نادر خان بگەیەنێتە سوڵتانی عوسمانی كەسەردارانی سوپای ئێران بەو پەیماننامەیە هەرگیز رازی نابن ولەسەر دەوڵەتی عوسمانی پێویستە هەموو ناوچە داگیركراوەكان چۆڵ بكات، لەكاتێكیشدا داواكەی ڕەتبكرێتەوە پێویستەسوڵتان وحكومەتەكەی خۆیان ئامادە بكەن بۆ جەنگ[2].

لەو هەڵومەرجەدا پەیوەندیەكانی ڕوسیا وئێران پێشوەچونێكی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕوسیا یارمەتی سەربازی پێشكەش بەئێران كرد لەجەنگەكانی دژ بەدەوڵەتی عوسمانی لەبەرەی قەوقاز، لەهەنگاوێكی دیكەدا بۆ نزیك بونەوە لەئێران،ڕوسیای تەزاری ئامادەی خۆی نیشاندا لەسەر گرێدانی پەیماننامەی ئاشتی كەلەسەرەتای شوباتی ١٧٣٢ز لەشاری رشت لەنێوان هەردوولا مۆركرا،دواتر ئەم پەیماننامەیە ناسرا بەپەیماننامەی رشت [3]،كەگرنكترین بەند تێیدا بۆ ئێرانیەكان بریتی بوو

---

[1] عبالرضا هوشنگ مهدوی، منبع پیشین، ص١٥٠ ؛ ج.ج. لوریمر، دلیل الخلیج، القسم التاریخی، الجزء الاول، ترجمة: قسم الترجمة بمكتب امیر دولة قطر، الدوحة، بدون تاریخ، ص١٣٩.

[2] محمد حسین میمندی نژاد،منبع پیشین، ص ص٣٠٤-٣٠٥ ؛ اصغر جعفر ولدانی ، منبع پیشین ، ص ١٨ ؛عبدالله رازی ، منبع پیشین ، ص٤٤٠.

[3] كمال مظهر احمد ، المصدر السابق، ص٢١" عباس اقبال اشتیاني وحسن بیرینا،تاریخ ایران بعد الاسلام من بدایة الدولة الطاهریه وحتی نهایة الدولة القاجاریة ٢٥٠هـ/٨٢٠م-

لەگەڕاندنـەوەی شـارەكانی گـەیلان ومازنـدەران وئەسـتەرئاباد، كەبـەگوێرەی پەیماننامـەی پترۆسـبۆرگ درابـوون بەڕوسـیا، هـەروەها پابەنـد بـوونی ڕوسـیا بەپاشەكشە پێكردنی سوپاكەی لەوشارانە بۆ دواوەی ڕووباری كورا كەخاڵی جیاكەرەوەیە لەنێوان موڵكەكانی هەردوو دەوڵەت[1].

پاش یەكلاكردنەوەی كێشەكانی لەگەڵ ڕوسیا، نادر خان بەسوپایەكی نزیكـەی ٦٠هـەزار سـەربازیەوە لەمەشهەدەوە ڕوویكـردە تەهران،هەرلەوێشەوە حەسـەن عـەلی بیـگ مـوعیر ئەلمـەمالیك و میرزا كـافی خولـەفا ومـەلا عـەلی ئـەكبر مەلاباشـی ومـیرزا ئەبولقاسـم كاشـانی ڕەوانـەی ئەسـفەهان كرد،بەمەبەسـتی گەیاندنی پەیامی نارەزایی نادر خان بۆ شا تەهماسب میرزا [2].

لەپەیامەكەیـدا نـادر خـان داوایكردبـوو پێویـستە شـا تەهماسـب مـیرزا پەیماننامەكـەی لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمـانی هەڵبوەشـێنێتەوە، چـونكە بـەهیچ شێوەیەك بەو پەیماننامەیـە رازی نابێـت و ڕەتیدەكاتەوە،هـەروەها داوای لەشا تەهماسـب مـیرزا كردبـوو ڕووبكاتـە تـەهران یـاخود قـوم بەمەبەسـتی شـەڕكردن لەگـەڵ سـوپای عوسمـانی[3]،كەچـی داواكاریەكـەی نـادر خـان لەلایـەن شـا تەهماسب میرزا ڕەتكرایەوەو داوای لێكرد بگەڕێتەوە ئەسفەهان[4].

---

١٣٤٣هـ / ١٩٢٥م ،ترجمة :محمد علاء الدين منصور ، راجحة : السباعی محمد السباعی ، دار الثقافة للنشر والتوزیع ،القاهرة ،١٩٩٠م ، ص ص٧٠٠-٧٠١.

(1) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی پەیماننامەكە بگەڕێوە بۆ:
J.C. Hurewitz, Op.Cit, PP.45-47.

(2) رضا شعبانی، تاریخ تحولات...،ص٢٩.

(3) عبدالحسین صنعتی زادە كرمانی ، نادر فاتح دلهی ، چاپ اول ، دنیای كتاب،تهران، ١٣٨٦هـ.ش، ص٢٨ ؛ رضا زادە شفق، المصدر السابق،ص١٠٤.

(4) مهدی بامداد ، منبع پیشین ،ص٢٠٥.

نادر خان داواکەی شا تەهماسب میرزای قبوڵکرد و ڕێگای ئەسفەهانی گرتەبەر، بەلاَم لەدەوروبەری ئەسفهان لە باغی هەزار جریب سوپاکەی جێگیر کرد،دواتر هەڵسا بەئەنجامدانی کۆبونەوەیەك لەگەڵ گەورە فەرماندارەکانی سوپا، بۆی ڕوونکردنەوە کەمەرامی شا تەهماسب لەو ئاشتیەی کە ئەنجامی داوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی هێنانە بەسوپاو هەڵوەشاندنەوەی، هەروەها جەختی کردەوە لەوەی ئەگەر بتانەوێ خۆتان لەو کێشەیە رزگاربکەن پێویستە شا تەهماسب دووربخرێتەوە لەدەسەلاَت و کوڕە هەشت مانگیەکەی لەجێگای بکرێتە شا، ئەوکاتەش ڕێگا خۆش دەبێت بۆ بڕینی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی ئەحمەد پاشا، ئەم بۆچوونەش لەلایەن فەرماندارەکانەوە قبوڵکرا[(1)].

دوابەدوای ئەو هەنگاوانە،نادر خان لە ٤ی ئەیلولی ١٧٣٢ز شا تەهماسب میرزای لەدەسەلاَت دوورخستەوەو (عەباسی سێیەم )ی کوڕە هەشت مانگیەکەی شا تەهماسبی وەك (شا)ی ئێران داناو خۆشی وەك جێنشین[(2)] ، دواتر هەڵسا بەلێدانی سکە(پارە) وخوێندنەوەی وتار بەناوی (شا)ی نوێ، پاشان تەهماسب میرزای دورخستەوە بۆخۆراسان[(3)].

---

[(1)] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٩٨.

[(2)] عەلی حەرب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢ ، نەوشیروان مستەفا ئەمین ، میرایەتی بابان لەنێوان ....،ل٦٨.

[(3)] سەبارەت بەچۆنیەتی کرداری دورخستنەوەی تەهماسب میرزا لەدەسەلاَت بڕوانە : میرزا مهدی خان استرابادی ،جهانگشا... ، ص ص٢٤٦-٢٤٨ ؛ احمد پناهی سمنانی ، منبع پیشین ، ص ص١١٧-١٢١؛ السید عبدالله بن السید نورالدین بن السید نعمت الله الجزائری، منبع پیشین،ص١١٥ ؛

Peter Avery and Others, Op.Cit, P.31.

لەیەکەم هەنگاویدا دوای ئەوەی کەوەك جێنشین دەست بەکاربوو،هەڵسا بەدەست نیشانکردنی ژمارەیەك لەلایەنگرە دڵسۆزەکانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، بەتایبەت گۆڕینی فەرمانڕەوای هەرێمەکان بەکەسانی نزیك و دڵسۆز لەخۆی، لێرەدا تەنها هەنگاوێك دەمێنێت بۆ گەیشتنی بەبەرزترین پایەی دەسەلآت،ئەمەش هەرکاتێك خۆی خوازیار بێت دەتوانێت دەستەبەری بکات،چونکە هیچ بەربەستێکی لەبەردەم نەماوە ڕێگری لێبکات [١].

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل٩٩.

**تەوەری دووەم :**

## لەشکرکێشیەکانی نادر خان بەئاراستەی عێراق

### أ- هەڵمەتەکانی نادر خان بەئاراستەی عێراق(١٧٣٢ - ١٧٣٣ز)

ڕێکەوتننامەکەی شا تەهماسبی دووەم بیانوێکی باشی دایە نادر خان بۆ ئەوەی لەدەسەلاَت دووری بخاتەوەو خۆشی وەك جێنشینی شا کاروباری ولاَت بگرێتە دەست،پاشان هەڵسا بەهاندانی سەرکردە ئێرانیەکان بۆ گەڕاندنەوەی موڵکەکانیان کەلەلایەن دەوڵەتی عوسمانی داگیرکرابوون، پاش ئەنجامدانی ئەو کارانەشی هەنگاوەکانی لەشکرکێشی بەئاراستەی بەغدا خستە بواری جێبەجێ کردن[1]،لەسەرەتادا نادر خان نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی ئاراستەی (ئەحمەد پاشا)ی والی بەغدا کرد و تێیدا بەڵێنی پێدا لەشکرکێشی بەرەو بەغدا دەکات بەمەبەستی ئازادکردنی[2].

نادر خان لەیەکەمین هەنگاویدا لەساڵی ١٧٣٢ز شارە گرنگەکانی ئێران وەك هەمەدان و کرماشان و ئەردەلان لەژێر چنگی دەوڵەتی عوسمانی دەرهێنا، بەشێوەیەك ئەم سەرکەوتنانە هانی نادر خان دا سیاسەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر بەعێراق لەبەرچاو بگرێت وبەهێزیکی(١٠٠) هەزارسەربازیەوە ڕێگا بگرێتەبەر بەمەبەستی داگیرکردنی شاری بەغدا[3].

لە ٢٨ی تشرینی دووەم ١٧٣٢ نادر خان توانی دەست بەسەر زەهاب دابگرێت،پاش ئەوەی دەستی بەتالاَن و کاوڵکاری کرد لەناوچەکە ، هەڵسا بەگواستنەوەی ئەحمەد بگ فەرمانڕەوای شارەکە بۆ خۆراسان،دواتر بەرەو بەغدا هەنگاوی هەڵهێنا ولەڕێگادا دەستی گرت بەسەر کفری و دوزخورماتوو،

[1] شوکرالله بابان، مێژووی کوردوکوردستان ، چاپخانەی شڤان ،سلیمانی، ٢٠٠٤ز ، ل١٩٢ ؛ ستیڤن هیمسلی لونگریك، المصدر السابق ، ص١٦٩.

[2] جعفر الخیاط ، المصدر السابق، ص١٣١؛ سەبارەت بەناوەرۆکی نامەکە بگەڕێوە هەمان سەرچاوە، ص١٣١.

[3] عماد عبدالسلام ، صمود البصرة اثناء حصار نادر شا سنتة ١٧٤٣، مجلة( المورد) ، مجلد(١٤) ، العدد(٣) ،(١٩٨٥م)، ص٢١. هەندێك لەسەرچاوە فارسیەکان پێیانوایە ژمارەی سوپای تەهماسب میرزا (٦٥هەزار) سەباز بوونە: محمد حسین قدوسی ، منبع پیشین ، ص ٢٢٩؛ نورالله لارودی، منبع پیشین ، ص٧٩.

ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی کۆچپێکرد بەرەو خۆراسان بەتایبەت خێڵی بەیات[1].

لەلایەکی دیکەوە نادر خان لە دوزخورماتوو بەشێك لەسوپاکەی نارد بۆ داگیرکردنی کەرکوك و موسڵ بەمەبەستی بڕینی ڕێگاکانی پەیوەندی لەبەغدا، لەگەڵ گەیشتنی سوپای نادر خان بۆ کەرکوك وهەوڵدانی زۆریان بۆ گرتنی شارەکە،بەلاّم بێهودە بوو، چونکە بەرگریەکانی خەڵکی شارەکە بەربەست بوون لەبەردەم داگیرکاری شارەکە لەلایەن سوپای ئێرانی، بۆیە ئەم سوپایە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان کوشت و دەوروبەری شارەکەیان وێرانکرد، زیانی گەورەشیان بەبەروبومی کشتوکالی ناوچەکە گەیاند[2].

جەنگ لەکەرکوك نزیکەی دە ڕۆژ بەردەوام بوو،بەلاّم سوپاکەی نادر خان دوای بەرەنگاربوونەوەیان لەلایەن خەڵکی شارەکە بەناچاری پاشەکشەیان کرد بەرەو دوزخورماتوو، بەمەبەستی پەیوەندیکردن بەسوپای سەرەکی

---

[1] نرسيس صائغيان ، صفحة منسية من تاريخ نادر شا ، مجلة ( لغة العرب) ،الجزء الخامس،السنة السابعة ، العدد(٧١)، ايار ١٩٢٩م ، ص٣٨٠ ؛ حسين حزنى موكريانى، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٢. لەوبارەیەوە محمد حسين ميمندی نژاد پێیوایە خەڵکەکە خۆیان داوایان لەتەهماسب قولی کردووە بیانگوازێتەوە بۆ خۆراسان : محمد حسين ميمندی نژاد ، منبع پيشين ، ص٣٦٥.

[2] ستيڤن هيمسلى لونگريك، المصدر السابق ، ص١٧٠؛ سعدى عثمان حسين ، كوردستان الجنوبيه.... ، ص ص٣٠٤-٣٠٥ ؛ عماد عبدالسلام، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث، مطبعة الثقافة ، اربيل، ٢٠٠٨م،ص٨٠-٨١. بۆزیاتر زانیاری دەربارەی هێرشەکەی سوپای ئێران بۆ سەر کەرکوك بڕوانە: سهيل قاشا، حملات نادر شا على العراق في الوثائق السريانية، مجلة ( كاروان) ،القسم الاول، العدد(٧٤)، اربيل ،نيسان(١٩٨٩م)،ص١٥٦؛ بطرس حداد ، حملة نادرشا على العراق سنة ١١٤٥هـ في وثيقة السريانية، مجلة ( بين النهرين) ، العدد(٣٣)، بغداد، ١٩٨١م،ص ص٩١-٩٩.

کەلەخۆئامادەکردن دابوون بەسەرکردایەتی نادر خان بۆ داگیرکردنی شاری بەغدا،هەروەها ئەو هێزەی بەرێکەوتبوو بەمەبەستی داگیرکردنی شاری موسڵ، توانیان پەلاماری قەڵای هەولێر بدەن، هەرچەندە لۆنگریك باس لەو ڕووداوە ناکات، بەڵام شتێکی سروشتیە،چونکە هەولێر دەکەوێتە سەر ڕێگای موسڵ[1].

سوپای ئێران بەسەرکردایەتی نەرگز خان لە ٣١ی ئازاری ١٧٣٣ز گەیشتنە گردەلۆکەکانی غەزلانی لەباشوری موسڵ، پاش تێکدان و کرداری کاوڵکاری چەندین دێهات لەسەر ڕێگایان بەتایبەت دێر مارئیلیا لەدووری پێنج کیلۆمەتر لەباشوری موسڵ[2]،پاشان لەدەوروبەری کۆشکی ( عەلی قدوم)[3] سوپاکەی جێگیر کرد[4]، دوابەدوای بەگژیەکداچوونی هەردوو هێز،سوپای ئێرانی بەهۆی بەرگری وبەرپەچدانەوەی توندی خەڵکی موسڵ بەسەرکردایەتی حسین پاشا جەلیلی والی موسڵ، تووشی شکست هاتن وپاشەکشەیان

---

(1) مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل١٠١.

(2) روبرت دبليو.اولسن، المصدر السابق،ص ١٧٦.

(3) ئەم کۆشکە لەساڵی ١٠٩٨ لەلایەن والی عەلی قدوم دروستکراوە، ئەم کەسایەتیە دووجار وەك والی موسڵ دەستنیشانکراوە، وەلەلایەن باب ئەلعالی بە ( عەرەب عەلی پاشا) ناسراوە، سەبارەت بەکۆشکی عەلی قدوم زیاتر بە ئیوان ناوبانگی دەرکردووە کەدەکەوێتە ناوچەی غەزلانی لەبەرەی باشووری شاری موسڵ. سيار الجميل، حصار الموصل الصراع الاقليمي واندحار نادرشاه(صفحة لامعة في تكوين العراق الحديث)،الطبعة الاولى،بيت الموصل، الموصل،١٩٩٠م،ص١٢٧.

(4) سهيل قاشا، الموصل فى العهد الجليلى،الطبعة الاولى،التنوير،بيروت،٢٠١٠م،ص٥٦؛ سليمان صائغ، تاريخ الموصل، الجزء الأول،المطبعة السلفية، مصر، ١٩٢٣م،ص ص٢٧٥-٢٧٦.

کرد،بەتایبەت دوای کوژرانی نەرگز خانی سەرکردەی هێزەکە[1]،پاشان جەنگاوەرانی موسڵ سەری نەرگزخانیان بەسەری رمێکەوە هەڵواسی وەك دەبڕینێکی خۆشی بۆسەرکەوتنەکەیان[2].

نادر خان بەیاوەری سوپاکەی لەدوزخورماتوو بەئاراستەی بەغدا هەڵمەتەکەی دەستپێکرد، دوای تێپەربوونیان لەشاخی حەمرین لەنزیك شەهرەبان بەرەنگاری هێزێکی دە هەزار سەربازی عوسمانی بوونەوە توانیان بەسەریاندا زاڵ بن وشکستیان پێ بدەن[3]،دوای ئەوسەرکەوتنە بەسەر سوپای عوسمانی، نادر خان لە بەهروز توانی ڕووباری سیروان ببڕێت و نزیك بێتەوە لەبەغدا، هەرچەندە ئەحمەد پاشای میری کۆیەو هەریر هەوڵیدا لەنزیك کەرکوك سوپای هێرشبەر تێکبشکێنێ، بەلاّم نەك هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو لەشەڕەکەدا گیانی لەدەستداو ژمارەیەکی زۆریش لەسەربازانی بەدیل گیران[4].

سەبارەت بەهەڵوێستی میرنشینی بابانیش لەهەڵمەتی یەکەمی نادر خان بۆ بەغدا، بریتی بوو لەهەڵوێستی بێ لایەنی، چونکەخالید پاشای میری بابان بەرژەوەندی میرنشینەکەی لەسەرووی هەموو شتێکی دیکە دانابوو، هەرچەندە

---

[1] سليمان صائغ، المصدر السابق،ص٢٧٧.

[2] سعيد الديوەچي، صمود الموصل امام غزو نادر شا سنە ١١٥٦هـ، ( المورد) ، مجلد(١٥)، العدد(٣) ، (١٩٨٦م)، ص ص٤٤-٤٥؛ عماد عبدالسلام رؤوف ، الموصل في العهد العثماني فترة الحكم المحلي، مطبعة اداب، النجف،١٩٧٥م،ص١٠٠.

[3] نوراللە لارودی، منبع پيشين،ص٨٩؛ لكهارت ، نادرشا،ص٩٥.

[4] محمد امين زكي، المصدر السابق ، ص٢١١.

بۆچوونی دیكەش هەیە كەگوایە میری بابان سەرەڕای هەڵوێستی بێ لایەنی هەرزوو هەوڵیداوە هەڵوێستی بگۆڕێت وڕووبكاتە نادر خان [1].

لەناوەڕاستی كانونی دووەمی ساڵی ١٧٣٣ز سوپای ئێران گەیشتە بەری رۆژهەلأتی بەغدا، دوای شەڕێكی خوێناوی لەگەڵ هێزی بەغدا نادر خان توانی سوپاكەی بگوازێتەوە بۆ بەری رۆژئاوا،پاش ئەوەی سەركەوتووبوون لەدروستكردنی پردێك لەباكوری بەغدا لەسەر ڕووباری دیجلە،دواتر توانیان خۆیان بگەیەنن بەشوراكانی بەغدا وگەمارۆی بدەن لەهەموو لایەكەوە [2].

بەگەمارۆدانی بەغدا لەلایەن سوپای نادر خان، بارودۆخی خەڵكی لەناو شارەكەدا ناهەموارو دژوار كرد، بەتایبەت دوای ئەوەی نادر خان گەیشتە ئەو بڕوایەی كە بەهێرشی راستەخۆ ناتوانێت بەغدا داگیر بكات، هەڵسا

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی میرنشینی بابان لەهەلمەتەكانی تەهماسب قولی بۆ بەغدا بڕوانە: سعدی عثمان حسین ، امارة بابان ....،ص ص٤٥-٤٦.

[2] میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشا...، ص ص١٩٦-١٩٨؛ سعدی عثمان حسین ، كوردستان الجنوبیە.... ،ص٣٠٦-٣٠٧؛ محمد كاظم مروی وزیر مرو، منبع پیشین،ص ص٢٦٥-٢٦٦. ئەندازیارێكی ئەوروپی یاوەری تەهماسب قولی لەهەلمەتەكەی بۆ سەر بەغدا، سەركەوتوانە توانی پردێك دروست بكات بۆ پەرینەوەی سوپای ئێران: ریجارد كوك،بغداد مدینة السلام،ترجمة :مصطفى جواد، فؤاد جمیل،الجزء الثاني،بغداد،١٩٦٧م،ص٧٢ ؛ علاء موسى كاظم نورس (الصراع العثماني – الفارسي واثره في العراق حتى اواخر القرن الثامن عشر ) في، نزار عبدالطیف الحدیثي و اخرون، الحدود الشرقیة للوطن العربي،دار الحریة للطباعة، بغداد ، ١٩٨١م ،ص٥٦؛ عبدالهادی حائری،نخستین رویارویيهای اندیشەگران ایران،چاپ دوم،مؤسسة انتشارات امیر كبیر،تهران،١٣٧٢ ه.ش،ص ص١٩٢-١٩٣. دەربارەی هەنگاوەكانی تەهماسب قولی لەگەمارۆدانی بەغدا بڕوانە: محمد حسین میمندی نژاد ، منبع پیشین، ص ص٣٦٩-٣٧٠.

بەپەیرەوکردنی گەمارۆدانی درێژخایەن،لەراستیدا لەو ڕێگایەوە توانی تارادەیەك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت[1].

کاریگەری گەمارۆدانەکە،کاردانەوەیەکی زۆری کردبووە سەر خەڵکی بەغدا، هەروەها نەگەیشتنی یارمەتی سەربازی لە ئیستانبوڵەوە کەمێکی مابوو بەرگریەکانی بەغدا تووشی داڕمان بێت، بەلاّم رۆلی ئەحمەد پاشا لەپەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ژیرانە لەو ماوەیەدا توانی تارادەیەك ورەی خەڵك لەبەغدا بەرزبکاتەوەو دوژمنەکەشی چەواشەبکات،هەروەها لەکاتێکدا دانیشتوانانی بەغدا دەیانناڵاند بەدەست برسیەتی و قاتووقڕی، سەربازانی ئێرانی لەخۆشگوزەرانیدا بوون،چونکە ڕێگەی بەدەست هێنانی خواردەمەنی لەهەموو ناوچەکانی عێراق بۆیان ئاوالاّ بوو، لەگەڵ ئەوەش بازاری سەربازگەکەیان پڕبوو لەکالاّی هەرزان وجۆراو جۆر[2].

لەسەرەتای حوزەیرانی ١٧٣٣ز یارمەتیە سەربازیەکانی عوسمانی گەیشتە شاری موسڵ بەسەرکردایەتی توبال عوسمان پاشا[3]،کەبریتی بوو

---

[1] علی الوردی ،المصدر السابق،ص١١٤ . سەبارەت بەبارودۆخی خەڵکی بەغدا لەکاتی گەمارۆدانەکەی تەهماسب قولی بڕوانە: علاء موسی کاظم نورس، العراق في العهد العثماني...،ص١٥٩؛ بطرس حداد، المصدر السابق،ص٩٧.

[2] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل ل ١٠٣-١٠٤.

[3] یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەساڵی ١٦٢٩ز لە مورە لەدایك بووە، خوێندنی لەقوتابخانەی سرایلی خوێندووە لە ئەستانە ،لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا گەیشتە پلەی بەگلەربەگی، چەندین پایەی وەرگرتووە لە بۆسنەوە و رۆم ئیلی، لەساڵی ١٧٣١م گەیشتە پایەی سەدری ئەعزەم، دوای ساڵێك لەکارەکەی دوورخرایەوەو کرایە والی تەرابزۆن و تەفلیس ، دواتر خانەنشین کرا، لەساڵی ١٧٣٢زلەلایەن دەوڵەتی عوسمانی راسپێردرا بۆ سەرکردایەتی سوپای عوسمانی دژ بەتەهماسب قولی: علی شاکر علی، المصدر السابق،ص١٨٧.

لەهێزێکی هەشتا هەزار سەربازی[1] لەوێشەوە ڕوویکردە شاری کەرکوك و نامەیەکی ئاراستەی ئەحمەد پاشا کرد،تێیدا دڵنیای کردەوە لەگەیشتنی سوپای عوسمانی بۆ یارمەتی دانیان لەلابردنی گەمارۆی سەر شارەکەیان[2].

بۆ ئەم مەبەستەش سوپای عوسمانی پێشرەوی کرد بەرەو بەغدا، لەوماوەیەدا چەندین نامەی هەڕەشە ئامێز لەلایەن نادر خان ئاراستەی توبال عوسمان پاشا کرا، تێیدا جەختی لەوە دەکردەوە کەزۆر ئارەزوومەند دەبێت گەشتەکەی توبال پاشا کەمێك خێرا بێت بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنێت[3]،هەروەها لەکاتی نزیك بونەوەی توبال عوسمان پاشا لەسامەڕا نامەیەکی دیکەی نادر خان پێگەیشت، داوای لێکرد ئامادەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەهەر سات و شوێنێك کە خودی توبال عوسمان پاشا ئارەزووی دەکات[4].

لە ١٩ی تەمموزی ١٧٣٣ز هەردوو هێز لەنزیك سامەڕا بەرەنگاری یەکتربوونەوە، لەمیانەی جەنگەکەدا سوپای ئێران تووشی شکستێکی سەخت بۆوە، کەزیانەکانیان بە سی هەزار کوژراو سێ هەزار دیل مەزندە کراوە،لەگەڵ لەدەستدانی چەندین تۆپی قورس وکەلوپەلی جەنگی، دەرئەنجام نادر خان لەگەڵ هێزە شکست خواردووەکەی لەڕێگای بەهروز پاشەکشەی کرد بۆ ناو خاکی ئێران[5].

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل١٠٤.

[2] ستیڤن هیمسلی لونگریك، المصدر السابق ،ص١٧٤.

[3] سیار الجمیل، المصدر السابق،ص١١٠.

[4] جعفر الخیاط، المصدر السابق ،ص١٣٥.

[5] نورالله لاوردی ، منبع پیشین، ص٨٠؛ سعدی عثمان حسین ، کوردستان الجنوبیە.... ، ص ص٣٠٧– ٣٠٨؛ عبدالجبار محمود السامرائی،انماط من الحصار علی العراق( ١١٥٦ه –

هەر لەهەمان رۆژدا والی بەغدا هێرشی كردە سەر ئەو هێزە ئێرانییەی گەمارۆی شاری بەغدایان دابوو، لەشەڕێكی سەختدا توانی شكستیان پێ بدات وناچاریان بكات بەپاشەكشەكردن بەرەو خاكی ئێران،ژمارەی ئەو هێزە ئێرانیە نزیكەی دوانزە هەزار سەرباز دەبوو،كەبەبڕیاری نادر خان بەر لەرۆیشتنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای عوسمانی لەوێ جێگیری كردبوون بۆ بەردەوامیدان بەگەمارۆدانی شاری بەغدا[1].

هەرچەندە نادر خان دوای شكست خواردنی لە ١٩ی تەمموزی ١٧٣٣ز بەرامبەر بەتوبال عوسمان پاشا وسەرنەكەوتنی هەوڵەكانی بۆ داگیركردنی بەغدا،پاش گەمارۆدانی بۆماوەی حەوت مانگ،بەڵام ملكەچی ئەو دۆراندنە نەبوو، هەر دوای سێ مانگ لەخۆڕێكخستنەوە دووبارە هەڵمەتەكانی دەست پێكردەوە بەمەبەستی داگیركردنی شاری بەغدا،بەتایبەت لە ١٢ی تشرینی یەكەمی ١٧٣٣ز لەهەمەدانەوە بەسەركردایەتی هێزێكی چل هەزار سەربازیەوە ڕوویكردە كەركوك بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توبال عوسمان پاشا كەئەوكات لەدەوروبەری ئەوشارە بوو بەمەبەستی گەڕانەوەی بۆ ئیستانبوڵ، چونكە نادر خان پێی وابوو تاكو بەسەر توبال عوسمان پاشا سەرنەكەوێت داگیركردنی بەغدا بەئەنجام ناگات[2].

نادر خان لەمیانەی لەشكركێشیەكەی ڕوویكردە سورداش لەوێشەوە بەشێك لەسوپاكەی بەئاراستەی ئاق دەربەند بەڕێكرد، وەك هەوڵدانێك بۆ

---

١٧٤٣م)،مجلة (المورد)، العدد (٩٠)، (١٣٧٤ه.ش/١٩٩٦م)، ص٢٣. سەبارەت بەهۆكارەكانی شكستی تەهماسب قولی بڕوانە:محمد جواد مشكور، منبع پیشین،ص٣٥١.

(1) الكسندر اداموف، المصدر السابق ،ص١٠١؛محمد امین زكی، المصدر السابق ، ص٢١١؛ Jonas Hanway, Op.Cit, P.88.

(2) مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل١٠٥.

راکێشانی توبال عوسمان پاشاو دەرهێنانی لەکەرکوك، لەهەمان کاتدا بەشێکی سوپاکەی بەسەرکردایەتی محەمەد خان قاجار بەئاراستەی بەغدا ڕەوانە کرد بەمەبەستی گەمارۆدانی[1]،لەوهەلومەرجەدا سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی ممش پاشا لەدەربەندی ئاق دەربەند ڕووبەڕووی سوپای ئێران بۆوە ، پاش شەڕێکی توند سوپای عوسمانی کەنزیکەی بیست هەزار سەرباز دەبوون،شکستیان خوارد بەرامبەر بەسوپای ئێران[2].

شیاوی باسکردنە میرنشینە کوردیەکان ( سۆران ،بادینان ، بابان ) یارمەتی سەربازیان نارد بۆ لەشکری عوسمانی، بەڵام بێ سوود بوو، جارێکی دیکە کوردستان بووە گۆرەپانی جەنگ لەنێوان هەردوو دەوڵەت، بەتایبەت دوای ئەوەی نادر خان توانی بەسەر ئەو هێزەدا سەرکەوێت لەزەهاب کە بەربەست بوو لەبەردەم هەڵمەتەکەی بەرەو کەرکوك، دواتریش دەستگرتنی بەسەر سورداش کەمەڵبەندێکی دەوڵەمەندە بەخۆراك و داهات ، نادر خان سوودی زۆری لەوناوچە بینی بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ سوپاکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بەتوندترین شێوە کەوتە گیانی هۆزە کوردیەکان و سەرکوتکردنیان بەتایبەت هۆزی بلباس[3].

جەنگی یەکلاکەرەوە لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٣٣ز ڕوویدا لەنێوان هەردوو هێز لەدەشتی لەیلانی باشوری رۆژهەلاتی کەرکوك، سەرەڕای کەمی سوپای عوسمانی لەچاو سوپای ئێران، لەسەرەتادا چەند سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنا، بەڵام دواتر هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە،

---

[1] میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشا...، ص ص٢١٩-٢٢٠.

[2] سعدی عثمان حسین، کوردستان الجنوبیە....،ص ص٣٠٩-٣١٠؛ عباس اقبال اشتیانی، باقر عاقلی، منبع پیشین، ص٦١٩.

[3] سعدی عثمان حسین ، کوردستان الجنوبیە....،ص٣٠٩.

دوای ئـەوەی خەیالـەی ئێرانـی تـوانی ناوەراسـتی سـوپای عوسمـانی ببڕێـت ،لەئەنجامدا سوپای عوسمـانی تووشـی شكستێكی توند بۆوە پاش كوژرانی توبال عوسمـان پاشا،بەمەش جەنگی لـەیلان لەبەرژەوەندی نادر خـان كۆتـایی پێهات، سـەرەڕای زیـانی گیـانی لەهـەردوولا كەمەزنـدە دەكرێـت لایـەنی ئێرانـی نزیكەی (١٠) هـەزار كوژراوی هـەبێت و لایـەنی عوسمـانی نزیكـەی (٢٠) هـەزار كـوژراو بـەدیل گیرانـی ژمارەیـەكی زۆری سـەربازانی عوسمانی،سـەرەڕای لەدەسـتدانی نـۆ سـەركردەی سـەربازی یـاوەر لەگـەڵ توبـال عوسمـان پاشـا و تـەواوی كەلوپـەلی جـەنگی عوسمـانی، پـاش ئـەم سـەركەوتنەش نـادر خـان لـە لـەیلان درێـژەی بەهەڵمەتەكەیدا لـەڕێگای خـاڵس بەئاراسـتەی بەغدا، هـەروەها لەناوچـەی قەرەتەپـە بەشـێكی سـوپاكەی بەسـەركردایەتی باباخـان شـاملو راسپارد بۆ كۆنترۆلكردنی حلە ونەجەف وكەربەلا بەمەبەستی بڕینـی ڕێگاكـانی گەیانـدنی كۆمـەكی ویارمەتیـەكان بـۆ شـاری بەغدا،لەوبارودۆخەشـدا دانیـشتوانانی بەغدا،لەبـەر كـەمی خواردەمـەنی وكـەمی هێـزی بەرگریكاریـەوە دەیانناڵاند،سەرەڕای زیادبوونی ترس و دڵـەراوكێ دوای بڵاوبونـەوەی دەنگۆی كوژرانی  توبال عوسمـان پاشا ونزیك بوونـەوەی نادر خان لەبەغدا، بۆیـە والی بەغدا لەوهەڵومەرجەدا بڕیاریـدا ئـەوەی ناتوانێت لەشار بمێنێتـەوە بۆی هەیـە شارجێبهێڵێت، بەمەش خەڵكێكی زۆر شاری بەغدایان جێهێشت[1].

سـوپای ئێـران بەسـەركردایەتی نـادر خـان لـە ١٥ی تـشرینی دووەمـی ١٧٣٣ز دەستیكرد بەگەمارۆدانی شاری بەغدا، هـەروەها زۆر بەتونـدی جـەختی دەكـردەوە لەسـەر داگیركردنی،بـەڵام هەڵگەڕانـەوەی  محەمـەد خـان بلـوج[2]،كـە

---

[1] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل ل ١٠٦-١٠٧.

[2] لەسـەردەمی فـەرمانڕەوای ئەفغانـەكان لـەئێران نوێنـەری ئەفغانـەكان بـوو لەدەوڵـەتی عوسمانی، لەساڵی ١٧٢٩ز دوای روخانی دەسەڵاتی ئەفغانەكان ،لە ئیستانبۆل دەگەرێتـەوە،

نەخشە سەربازییەكەی نادر خانی تێكدا، بووە هۆكارێك بۆ ئەوەی ڕێكەوتن لەگەڵ والی بەغدا بكات[1]،گرنگترین مەرج بۆ ڕێكەوتنی ئاشتی كەنادر خان پێشنیاری كرد بۆ والی بەغدا بریتی بوو لەگەڕاندنەوەی هەموو تۆپە ئاگرینەكانی سوپای ئێران كەلەلایەن دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەردا گیرابوو لەهەمەدان[2].

دوا بەدوای رازی بوونی والی بەغدا بەپێشنیارەكەی نادر خان، دانوستاندن دەستیپێكرد،كە بۆماوەی حەوت رۆژ بەردەوام بوو، دواتر لە ١٩ی كانونی یەكەم ١٧٣٣ز گەیشتنە بەستنی ڕێكەوتننامەی ئاشتی،لەگرنگترین خالەكانی جەخت كرایەوە لەسەر سنووری هەردوو دەوڵەت، هەروەها دەست بەرداربوونی دەوڵەتی عوسمانی لەهەموو ناوچەكانی كەدەستی بەسەرداگرتبوو، لەگەڵ پرسی ئاڵوگۆكردنی دیلەكان و پێشكەشكردنی ئاسانكاری پێویست لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بۆ زیارەتكەرانی ئێرانی بۆ مەزارگە پیرۆزەكان[3].

---

یەكەمین كاری كەئەنجامیدا پێشكەشكردنی هەموو دیاریەكانی سوڵتانی عوسمانی بەتەهماسب قولی كە وەك دیاری ناردرابوون بۆ ئەشرەف شا، لەوكاتەوە لەلایەن تەهماسب قولی كرایە فەرمانڕەوای كوهگیلویە، هەروەها لەهەڵمەتی یەكەمی تەهماسب قولی بۆ بەغدا بەشداریكرد ، بەلاّم لەهەڵمەتی دووەمدا بەهاوكاری حاكمی شوشتەر هەڵگەڕانەوەی خۆیان ڕاگەیاند: سید مصطفی تقوی مقدم، تاریخ سیاسی كهگیلویە،چاپ اول، مؤسسە مطالعات تاریخ معاصر ایران، تهران، ١٣٧٧هـ.ش،ص ص٧٥-٧٦.

[1] محمد كاظم مروی وزیر مرو، منبع پیشین،ص٣٣٧ ؛ عباس اقبال اشتیانی وحسن بیرینا، المصدر السابق،ص٧٠٦؛ محمد امین زكی، المصدر السابق ، ص٢١٢.

[2] شاكر صابر الضابط، المصدر السابق،ص٤٤.

[3] رضا شعبانی ، تاریخ اجتماعی..جلد اول، ص٦٤؛ ستیڤن هیمسلی لونگریك، المصدر السابق،ص١٨٠.

پاش ڕێکەوتننامەی ئاشتی، نادر خان لەبەغدا دەستیکرد بەپاشەکشە کردن کەبۆ ماوەی بیست ڕۆژ لەژێر ئابلوقەو گەمارۆی سوپای ئێراندا بوو ،پاشان ڕوویکردە کازمیەو کەربەلاو نەجەف بەمەبەستی سەردانی مەزراگە پیرۆزەکان[1] ، لە ٢٢ی کانونی یەکەمی١٧٣٣ز نادر خان لەڕێگای کرماشان چووە ناو تەبرێز،چەندین گۆڕانکاری کارگێری وسەربازی ئەنجامدا،لەوانە دەست نیشانکردنی پروبگ ئەفشار وەك سەرکردەی هێزی سەربازی ئازەربایجان،هەروەها عاشور خان پاپاڵوی ئەفشار وەك فەرمانڕەوای ئورمیە دەستنیشانکرد[2]،دواتر داوای لەعاشور خان پاپاڵوی ئەفشار کرد، ئامادەکاری تەواو بکات بۆ گەراندنەوەی نزیکەی سێ هەزار خانەوادەی ئەفشاری لەوناوچەیە بۆ ناوچەی ئەبیوەرد،مەبەستی نادرشا لەوکارە زیاتر قایمکردنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو[3]، هەروەها خۆشی دوای جێبەجێ کردنی ئەو کارانە ڕوویکردە خوزستان،بەمەبەستی سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەکەی محەمەد خان بلوج[4].

## ب- ڕەوت و پەرەسەندنەکانی ساڵانی ١٧٣٣ز – ١٧٣٥ز

نادر خان دوای گەڕانەوەی لەبەغدا ،ڕوویکردە خوزستان و توانی بەسەر هەڵگەڕانەوەکەی محەمەد خان بلوج زاڵ بێت ودەستگیری بکات،پاشان

---

[1] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل١٠٨.

[2] ایرج افشار سیستانی ، منبع پیشین، ص١٨٥.

[3] علی کریمیان ، بازخوانی چند فرمان نادرشاه افشار،گنجینه اسناد(فصلنامه تحقیقات تاریخی) ،چاپ سهند،شماره(٢٥،٢٦)، تهران ،بهار و تابستان١٣٧٦ه.ش، ص١٣.

[4] عباس اقبال اشتیانی، باقر عاقلی، منبع پیشین، ص٦١٩.

بەفەرمانی نادر خان کوێر دەکرێت ودەکوژرێت[١] وهەردوو شاری شوشتەر و شیراز دەخاتەوە ژێر دەسەلاتی[٢].

دواتر تەهماسب خان جەلایری بەفەرمانی نادر خان پاش لەنێوبردنی هەڵگەڕانەوەکەی خان بلوج،هەڵمەتێکی دەست پێکرد بۆ سەر ئەو هۆزە عەرەبیانەی کەیارمەتیدەری محەمەد خان بلوج بوون، ژمارەیەکی زۆریانی لێ دەستگیر کرد ورەوانەی خۆراسان وئەسترئابادی کردن، هەروەها هەندێك لەسەرۆك هۆزەکانیش ناچار کران بەدانی بڕی (١٠) هەزار تومان وەك سزایەك بەرامبەر بەپاڵپشتی کردنیان لەمحەمەد خان بلوج [٣].

دوای هێورکردنەوەی بارودۆخی شیراز لە نیسانی ١٧٣٤ز نادر خان ڕوویکردەوە ئەسفەهان[٤] ،لەکاتی مانەوەی لەوشارەدا لە ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٧٣٤ز ئیمپراتۆر ئان[٥] لەڕێگای گۆلتزن[١]نامەیەکی بۆ ڕەوانە کرد،تێیدا ڕازی

---

[1] سید مصطفی تقوی مقدم، منبع پیشین،ص٧٧. دەربارەی هۆکار و دەرئەنجامەکانی هەڵگەڕانەوەی محەمەد خان بلوچ بڕوانە:حمید حاجیان پور،علی کامران مقدم، شورش محمد خان بلوچ در سالهای ١١٤٢ه.ق تا ١١٤٦ه.ق:علل و پیامدها، فصلنامه پژوهش های تاریخی ( دانشگاه اصفهان)، شماره(٥)، اصفهان ، بهار(١٣٨٩ه.ش)،ص ص٣٤-٤٤.

[2] شوکراللە بابان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

[3] محمد حسین میمندی نژاد ، منبع پیشین ، ص٣٦٨ ؛ السید عبدالله بن السید نورالدین بن السید نعمت الله الجزائری، منبع پیشین، ص ص١١٩-١٢٠.

[4] محمد حسین قدوسی،منبع پیشین، ص٢٤٢.

[5] لەساڵی (١٧٣٠-١٧٤٠) دەسەلاتی ڕوسیای گرتە دەست، کچی برای پەترۆسی گەورەیە، لەماوەی حوکمرانی ئەو ئیمپراتۆرە،حکومەتێکی ئۆتۆکراتی ولاتی بەڕێوەدەبرد،، کەچەند ڕاوێژکارێك وەك یوهان بیرن و دوق کورلاند،ڕۆڵی سەرەکیان تێدا بینیوە. توانیان لەڕێگای دەستوورێکی نوسراو دەسەلاتی ئیمپڕاتۆر ئانا کەم بکەنەوە.ماتیو اندرسون، تاریخ القرن الثامن عشر في اوروبة،ترجمة: نورالدین حاطوم، دارالفکر، دمشق،١٩٩٦م،ص٢٥٤.

بوونی ڕوسیای تـەزاری دەرخست بوو بەگەڕاندنـەوەی شارە فارسیەکانی ژێر دەسـەڵاتی ڕوسـیا، بەمـەرجێك ئێـران واز لەوشـارانە نـەهێنێت بـۆ دەوڵـەتی عوسمانی، هەروەها پێویستە لەسەر نادر خان دوژمنی ڕوسیا بەدوژمنی خـۆی بزانێـت[٢]،نـادر خـان ڕەزامەنـدی نیـشاندا لەسـەر پێـشنیارەکەی ئیمپراتـۆری ڕوسیا کەئاکامەکەی بەبەستنی پەیماننامەی گەنجە کەلەساڵی ١٧٣٥ز بەسترا کۆتـایی هـات، تێیـدا ڕوسـیا بـاکۆ و دەربەنـدی گەڕانـدەوە بـۆ ئێـران، لەبەرامبەریـشدا پێوسـت کـرا لەسـەر ئێـران هاوپـەیمانی بـەردەوامی ڕوسـیا بێت[٣].

سـەبارەت بەڕێکەوتننامـەی بەغـدا ( ١٩ی کـانونی یەکـەم ١٧٣٣ز) ،سـوڵتانی عوسمـانی ڕەزامەنـدی تـەواوی نیـشان نـەدا لەسـەر خاڵـەکانی ڕێکەوتننامەکە،چونکە تەهامسب قـولی لەیـەکێك لەمەرجـەکانی بـۆ ئاشـتەوایی داوای گەڕاندنـەوەی ناوچـەکانی لای راسـتی کـەناراوەکانی ڕووبـاری ئاراسـی دەکرد، بەڵام میر سەرخای خانی شێروان بەو مەرجە رازی نەبوو، پێی باش بوو سـەر بەدەوڵـەتی عوسمـانی بێـت، هـەروەها ئـەو ناوچـەیە لەلایـەن دەوڵـەتی

---

(1) شارەزاو دیبلۆماسیەکی ڕوسی بووە، وەك باڵوێزی ڕوسیا کاری کردووە لە ئیسپانیاو بڕوسیا، دواتر وەك سەرۆکی شاندی ڕوسیا ڕەوانەی ئەسفەهان کراوە بۆ چاودێری کردنی بارودۆخی ئێران و هاندانی تەهماسب قولی لەکۆتایی هێنان بەئاگربەست لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی. لکهارت ، نادرشا ،ص١١٦.

(2) لکهارت ، نادرشا،ص ص١١٦-١١٧. چەندین هۆکار هەبوون کە وای لەڕوسیا کرد پابەند بێـت بەدانـەوەی شـارەکان بـەئێران و خـۆ نزیـك کردنـەوەیان لەتەهماسـب قـولی لەوانـە هەڕەشەکانی تەهماسب قولی لەبەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دژ بەڕوسیا : علی اکبر بینا،منبع پیشین، ص٢٦.

(3) لکهارت ، نادرشا ،ص١٢٢؛ سەبارەت بەبەندەکانی ڕێکەوتننامەی گەنجە بڕوانە :
J.C. Hurewitz, Op.Cit, P.46.

عوسمانیـەوە لـەڕێگای جەنگـەوە دەسـتی بەسـەرداگیرابوو،بۆیە جـارێكی دیكـە جەنگێكی مەترسیدار لەنێوان هەردوو وڵات هەڵگیرساوە[1].

سوپای عوسمانی بەسەركردایەتی عەبدوڵلاّ كوپرلو لـە ١٨ی حوزەیرانی ١٧٣٥ز لەناوچـەی بەغاوەنـد لـەنزیك قـارس ڕووبـەڕووی سـوپای نـادر خـان بوونـەوە، هەرچـەندە سـوپای عوسمـانی لـەڕووی ژمـارەو چەكەوە باشـتر بـوون لەسـوپای ئێـران، بـەلاّم تووشـی شكست هـاتن وهەریەكـە لەعەبـدوڵلاّ كوپرلـوی سەركردەی سوپاو مستەفا سارو والی دیاربەكر كوژران،بەم سـەركەوتنە سـوپای ئێـران تـوانی هەریەكـە لەشـارەكانی تـەفلیس و یـەریڤان و گەنجـە بخاتـەوە ژێـر دەسـەلاّتی،دوای ئـەو ڕووداوە سـوڵتانی عوسمـانی ڕەزامەنـدی تـەوای نیشاندا لەسـەر ڕێكەوتننامـەی بەغدا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەسـەلاّتی تـەواو درا بـەوالی بەغــدا بــۆ دەســتپێكردنەوەی گفتوگــۆ، كەچــەند مــانگێكی خایانــد، بــەلاّم ئەنجامێكی یەكلاكەرەوەی نەبوو[2].

دەكرێـت بڵـێین دوای ئـەو سـەركەوتنانەی نـادر خـان بەدەسـتی هێنـا، هەرچەندە وەك جێنشینی شا بوو، بەلاّم ئامانجەكانی بۆ گەیشتن بەدەسەلاّتی راسـتەقینە لـەناخی نـادر خـان هـەر بـە زینـدوویی مـابۆوە، بـەڵكو لـەكارە سـەرەكیەكانی بـوو كەچـەندین سالّ كـاری بـۆ كردبـوو، بـۆ بەجێگەیانـدنی ئـەو خەونە تەنها قوناغێك لەبەردەمی مابوو ئەویش لـەڕێگای گردبوونـەوەی موغـان توانی ئەو بەربەستە ببرێت و خەونەكانی بەدی بهێنێت .

[1] حسن مجید الجیلی، المصدر السابق، ص٨٠ .

[2] مستەفا محەمەد كەریم ، پەیوەندیە دەرەكییەكانی ئێران.... ، ل١١١.

**تەوەری سێیەم :**

## کۆنگرەی موغان[1] و کۆتایهێنان بەفەرمانراوایەتی بنەماڵەی سەفەوی

نادر خان دوای سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەکانی داغستان[2] بەتایبەت گیلان گرای سەرکردەی لەزگی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوای کریمە،ڕوویکردە دەشتی موغان لەنزیك ئەردەبیل ،داوای لەسەرکردەو پیاو ماقولان و پیاوانی ئاینی کرد بۆ گرێدانی کۆبونەوەیەك بەمەبەستی هەڵبژاردنی (شا)یەکی نوێ بۆ وڵات[3].

---

[1] موغان بریتیە لەو دەشتەی کەدەکەوێتە ئەو پەری باکوری ڕۆژئاوای دەریای مازندەران و باکوری ڕۆژهەلاتی ئازەربیجان، ڕووباری ئاراس ئەم دەشتەی کردۆتە دووبەش،ئەوبەشەی کەناسراوە بەمیل موغان دەکەوێتە ڕوسیا و بەشەکەی تر لەناوخاکی ئێرانە، هەروەها ڕووبەری گشتی ئەو دەشتە نزیکەی (٣٠٠ تا ٣٥٠) هەزار هکتار دەبێت. رحیم هویدا، موقع جغرافیائی دشت مغان و چند رویداد تاریخی در ان، فصلنامە دانشکدە ادبیات و علوم انسانی تبریز، شمارە( ٩٧ تا ١٠٠)، تبریز، ١٣٥٠ه.ش، ،ص٧٩.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵگەڕانەوەکانی داغستان بگەڕێوە بۆ : میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشای.. ، ص ص٢٦١-٢٦٥.

[3] محمد جواد مشکور ، منبع پیشین ،ص٣٣٥؛ محمد امین ریاحی ، منبع پیشین، ص١٤٦ ؛ شاهین مکاریوس، المصدر السابق ،ص٢٠٢ . سەبارەت بەدیاریکردنی ژمارەی ئامادەبووان لەکۆنگرەی موغان لەنێوان مێژوونوساندا جیاوازی بەدیدەکرێت،لەوانە سرجان ملکم و محمد حسین میمندی هاوڕان لەگەڵ میرزا مهدی خان کەژمارەکەیان بەسەد هەزارکەس داناوە، لەبەرامبەردا هانوی ژمارەی ئامادەبوانی بەدە هەزار کەس داناوە، کەچی فریزەر تەنها شەش هەزار کەسی داناوە، سرجان مالکم پێوایە ئەو ژمارەیە بریتیە لە ژمارەی سوپای نادرو ئەوکەسایاتیانەی بانگهێشت کراون: میرزا مهدی خان استرابادی، جهانگشای.. ،ص٢٦٨ ؛ سرجان ملکم ،جلد دوم،منبع پیشین،ص٢٣ ؛محمد حسین میمندی نژاد، منبع پیشین،ص ٤٧٤ ؛

Fraser. J، Op. Cit, P114 ؛ Jonas Hanway, Op.Cit, P.124.

هەر لەدەشتی موغان نادر خان لەوتارێکدا جەختی لەسەر کارەکانی سالآنی ڕابردووی کردەوە وەك هەوڵدان بۆ ڕێکەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و وەرگرتنەوەی شارەکان لەڕوسیای تەزاری و گەڕاندنەوەی قەندەهار بۆ ژێر رکێفی ئێران[1]، هەروەها داوای لەئامادەبوان کرد (شا)یەك بۆ ولآت دابنێن، لەهەمان کاتدا پێشنیاری کرد بەگەڕانەوەی تەهماسب میرزا بۆ دەسەلآت ئەگەر ئەوان پێیان باش بێت، یاخود دانانی هەرکەسێکی دیکە کە خاوەن تواناو لێهاتوو بێت[2].

---

[1] Michael axworthy, Op.Cit, P.637.
[2] P. SYKES, Op. Cit, P.343 ؛
میرزا مهدی خان استرابادی،جهانگشای.. ،ص٢٦٨.

لەمیانـەی كۆبوونەوەكـە نـادر خـان مـاوەی سـێ ڕۆژی دیـاری كـرد بـۆ وەڵامدانەوەی داواكـەی، لەهـەمان كاتـدا زۆر بـە وردی چاودێری بارودۆخەكـەی دەكــرد لــەڕێگای لایەنگرانیــەوە، پــاش گفتوگــۆی بــەردەوام لەوماوەیــەدا ئامادەبووان گەیشتنە بڕیاری كۆتایی جگە لەنادر خان هیچ كەسێكی دیكە وەك شـا قبـوڵ ناكـەن، هەرچـەندە یەكسەر نـادر خـان بەداواكـەی ئامـادەبووان ڕازی نـەبوو، بـەڵكو دوای یـەك مـانگ هـەر سـوربوونی خـۆی ڕاگەیانـد لەسـەر قبـوڵ نەكردنی داواكاریەكە، بەڵام دواتر ڕازی دەبێت بەچەند مـەرجێك كـەبووە مایـەی سەرسورمانی ئامادەبووان[1].

گـرنگترین ئـەو مەرجانــەی كەخـستیەبەردەم ئامـادەبووان بریتــی بــوون لەفـەرمانڕەوایكردنی پشتاوپـشتی بـۆ بنەماڵەكـەی، هـەروەها خـۆ دوورگـرتن لەگەڕانـەوەی بنەماڵـەی سـەفەوی بـۆ دەسـەڵات و لەهـەمان كاتـدا هـیچ پەناگـەو شوێن نەدرێت بەئەندامانی بنەماڵەی سـەفەوی لەكاتێكدا بیـەوێت دەسـەڵات بـۆ خـۆی قـۆرخ بكـات، لەگـەڵ دووركەوتنـەوەی پەیرەوكـەرانی ئـاینزای شـیعە لەنـەفرەتكردنی هەرسـێ خەلیفـەی موسـڵمانان ئەبوبـەكری سـدیق و عومـەری كوری خەتاب و عوسمانی كوری عەففان(ر.خ)[2].

لەلایەكی دیكەوە پێشنیاری دانانی ئاینزایێكی نوێی بۆ كردن كە ئاینزای جەعفەریە، لەجیاتی ئاینزای دوانزە ئیمامی[3]، هەروەها بەتوندی ڕەخنـەی لـەو ئاینزایـە گـرت كـە لەلایـەن شـا ئیـسماعیلی سـەفەوی بەسـەر گـەلانی ئێرانـدا

---

[1] Fraser. J, Op. Cit, PP.115-116 ؛
حسن كريم جاف، المصدر السابق،ص٩١-٩٢؛ على الوردى ،المصدر السابق،ص١٢٢.

[2] الـسيد عبـدالله بـن الـسيد نورالـدين بـن الـسيد نعمـت الله الجزائـرى، منبـع پيـشين، ص ص ١٢٠-١٢١.

[3] ميرزا مهدى خان استرابادى،جهانگشاى.. ،ص ٢٧٠.

سەپێندرابوو،کەبۆتە هۆی ئەوەی ئێران تووشی شەڕ و کاوڵکاری بکات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، سەرەڕای ئەوەش بۆتە هۆکار بۆ دروست بوونی ئاڵۆزی و پشێوی و ململانێ لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێران[1].

هەرچەندە گۆڕینی ئاینزا لەلایەن مەلاباشی عەبدول حوسێن گەورە مەرجەعی شیعە لەئێران بەتوندی ڕەتکرایەوە، بەشێوەیەك پێی وابوو کە ئەم کارە مافی نادر خان نیەو واباشترە خۆی لەکاروباری ئاینی هەڵنەقورتێنێت، ئەم کارەی مەلاباشی بووە هۆی ئەوەی کەبەفەرمانی نادر خان لەناوببردرێت بۆ ئەوەی نەتوانێت کاریگەری لەسەر خەڵکانی دیکە دروست بکات و دژی ئەو مەرجە بوەستنەوە[2].

شیاوی باسکردنە جگە لە مەلاباشی عەبدول حوسێن گەورە مەرجەعی شیعە لەئێران، کەسێکی دیکە بەناوی ئوغزلو خان قاجار سەرکردەی قزلباش و فەرمانڕەوای قەرەباغ بەئاشکرا نارەزایەتی خۆی ڕاگەیاند و داوای کرد کەپێویستە دەست نیشانکردنی (شا)ی ئێران لەبنەماڵەی سەفەوی بێت،هەرچەندە ئوغزلو خان کەوتە بەر تورەیی نادرشا،بەڵام چارەنوسی وەك گەورە مەرجەعی شیعە نەبوو، بەڵکو تەنها سێ بەشی موڵکەکانی لەدەستداو لەلایەن نادر شا دەستی بەسەردا گیرا[3].

لەنێو مێژوونوساندا هۆکارو پاڵنەرەکانی گۆڕینی ئاینزای دوانزە ئیمامی و دانانی ئاینزای جەعفەری لەلایەن نادرشا، چەندین ڕاڤەی جیاوازی بۆ کراوە، هەندێك پێیانوایە گۆڕینی ئاینزا زیاتر بۆ یەکگرتنی جیهانی

---

[1] حسن کریم جاف، المصدر السابق،ص٩٢.

[2] Fraser. J, Op. Cit, P118 ؛P. SYKES, Op. Cit, P.347 ؛ علی الوردی ،المصدر السابق ،ص١٢٢ .

[3] مستەفا محەمەد کەریم ، پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئێران.... ، ل١١٤.

ئیسلامیە لەژێر فەرمانراوایەتی خودی نادرشا،یاخود لەڕێگای ئەو ئاینزاەوە بەهانەیەکی باشی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هیندی ببێتەوە[1]،هەروەها لەو ڕێگایەوە دەتوانێت شوێنەوارو دیاردەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەبیرو هزری خەڵکی بسڕێتەوە[2]،لەگەڵ ئەوەش نادرشا پێیوابوو لەڕێگای ئەو ئاینزاوە دەتوانێت ڕیزەکانی سوپای یەکبخات کەلەتورکمان و کوردو ئەفغانی پێك دەهات وجۆرە هاوسەنگیەك دروست بکات لەگەڵ ڕەگەزی شیعە کەمەیلیان زیاتر دەشکایەوە بەلای بنەماڵەی سەفەوی [3].

